


Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

# کچم،
# عیشق قەدەغەیە!

Scanned with CamScanner

براوەی خەڵاتی پەروین اعتیصامی
براوەی خەڵاتی کتێبی وەرز

شەهلا ئابنوس

# کچم، عیشق قەدەغەیە!

رۆمانی ئێرانی

وەرگێڕانی لەفارسیەوە
زریان مەحمود

Scanned with CamScanner

## پێناسی کتێب

ناوی کتێب: کچم عیشق قەدەغەیە

نوسینی: شەهلا ئابنوس

وەرگێڕانی لەفارسیەوە: زریان مەحمود

بابەت: رۆمان

تایپ: وەرگێڕ

دیزاین: هەرێم عوسمان

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٥٠٠٠) دینار

ساڵی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠١٦

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

بڵاوکردنەوە: گۆڵدن بووک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (     )ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە.


Scanned with CamScanner

هەرکات ئیحساست کرد هەموو دەرفەتەکانت لە دەستچووەو سەقفی ئاسمان ئەوەندە لەزەوی نزیک بۆتەوە کە هەناسەدانت بۆ سەخت بووە، بۆ پەناگای خوای-دڵت-بگەڕێوە تا لەپەنجەرەیەکی بچوکەوە ئەو دۆستەی خۆت ببینیت کە تامەزرۆیانە چاوەڕوانی تۆیە.

Scanned with CamScanner

بەناوی دۆست کە لەخۆم نزیکتر بە من، ئەوە ئەمڕۆ کە دەمەوێت چیرۆکەکەم دەستپێبکەم لەوانەیە هەندێک لە پێرسۆناژەکانی ئەم داستانە ڕاستەقینەیە لە ژیاندا نەبن یان تەنانەت دەرفەتیان نەبوو بێت چیرۆکی ژیانی خۆیان بخوێننەوە یان نەتوانن بەرگرییەک لەخۆیان بکەن. چیرۆکی شادییەکان، خەمەکان و چارەنوسێک کە ئێستا ئیتر پەیوەندی بەئەوانەوە نی یە بەڵکو بە زۆرێک لەتاکەکانی کۆمەڵگاوە پەیوەندی هەیە. لەمنی نوسەرەوە هەتا تۆی خوێنەریش.

Scanned with CamScanner

## بەشی یەکەم
## وەرزی یەکەم

فەرزانە وێران ببوو ئەسڵەن بیری نەدەکردەوە کە کار بەوە بگات. هەستێکی باشی نەبوو. هەستێکی وەکو شکانەوە، بێ بایەخی ئازاری دەدا. بیری نەدەکردەوە ڕۆژێک لەڕۆژان فەرهاد ئازایی و بوێری ئەوەی هەبێت بەم شێوەیە هاواری بەسەردا بکات.

لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵیدا هەتا زووە بابەتەکە ببڕێنێتەوەو مەسەلەکە بەجۆرێک بەپایان بگەیەنێت چونکە لەوانەبوو دایەو منداڵەکان بگەڕێنەوە بۆ ماڵ. لەکاتێکدا کە بەشێوەیەکی ڕواڵەتی خۆی ئارام نیشان دەدا، بەدەم زەردەخەنەیەکی تاڵەوە وتی:

-ڕاستت بوێت من ئەسڵەن بیرم نەدەکردەوە کە تۆ ئەوەندە ترسنۆک و بێ عەقڵ بیت. فەرهاد ئەمجارەیان کە لەسەرەتا توڕەتر بوو وتی:

-ببورە، دەکرێ بڵێیت کام قسەیەی من وەکو قسەی کەسانی بێ عەقڵ و ترسنۆک بوو؟ ئەوەی کە دەڵێم من لەم ماڵەدا نانم خواردووەو نمەکم کردوون؟ ئەوەی کە دەڵێم دەبێت ڕێزی بگرم یان ئەوەی کە...

ئیتر فەرزانە ببووە گلۆڵەی ئاگر.

-بەسیکە ئیتر! نان و نمەک چی یە! مەگەر من چیم وت؟ کوڕی لادێیی خۆپەرست! تەنها یەک وشەم پرسی ڕات دەربارەی خۆمان چی یە؟ کوفرم کرد؟ ئیهانەتم کرد؟ باشە هەڵەم کرد چون بەڕاستی نەمدەزانی تۆ ئەوەندە بێ سەبریت کە تەحەمولی پرسیارێکی لۆژیکی دۆستانەت نەبێت. بەشێوەیەک کە تەنها خۆی بیستی وتی:

«قوڕ بەسەرت فەرزانە»

-هاهاخانم دەفەرمون یەک وشەم پرسی، لێگەڕێ کچە مامی ئەزیز! پێم وایە لەبیرت چووە تۆش لە هەمان ئەو لادێیە لەدایک بویت و پێویستە هەرماوەو جارێکیش بەبیر خۆتی بهێنیتەوە کە دەورانی منداڵی هەردوکمان لە لادێ بووە!

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو پەنجەی شایەتی بەنیشانەی سوێند بەرز کردەوەو بەردەوام بوو:

-سوێند بەخوا ئەگەر لەبەر ڕێزی سفرەی باوکت نەبوایە...

فەرزانە شێت ببوو. ئیتر تەحەمولی ئەوەی نەبوو هەڕەشەی بەسەردا بکرێت. قسەکەی بەفەرهاد بڕی و کەمەری ئەوی گرتو وتی:

- ئێستا خۆ هیچ کەس لەماڵ نی یە، ئەوانەی کە دەڵێیت لەبەر ڕێزی سفرەو نان و نمەکیان...باشە بڵێ بۆ نمونە چ هەڵەیەکت دەکرد؟

فەرهاد سەری داخست و چەند چرکەیەک بەبێدەنگی تێپەڕی هەر بەو شێوەیەی کە چاوی بڕیبووە گوڵی فەرشەکە زۆر بەئارامی وتی:

-هیچ هەڵەیەکم نەدەکردو لەدڵی خۆیدا بەردەوام بوو(نا نەمدەتوانی هیچ هەڵەیەک بکەم ئەی جوانترین کچە مامی دنیا...) ئاهێکی هەڵکێشا:

- دەڕۆمە دەرەوە، ئەگەر مامە یان ئامۆژن پرسییان بڵێ شەو نایەمەوە لەوانەیە بڕۆم بۆ بەشەناوخۆیی بۆ لای هاوڕێکانم، لەوانەشە...



Scanned with CamScanner

درێژەی نەدا بەقسەکانی، بەبێ ئەوەی تەنانەت یەک چرکەش سەیری ئەو بکات، بەبێ خواحافیزی ڕۆشت، دەرگای حەوشەکە کە لەدوایەوە داخرا، هەستی شکست ماڵی دڵی فەرزانەی وێران کرد.

کۆڵان پڕ بوبو لەجریوە جریوی مەستانەی ئەو چۆلەکانەی کە لەم عەسرە بەهارییەدا درەختە چنارەکانی کۆڵانیان قۆرخ کردبوو. بەڵام فەرزانە لەئاگری عیشقی یەک لایەنەدا دەسوتاو دڵی شکاوی لە دۆزەخێکدا کە بەدەستەکانی خۆی سوتەمەنی پێدەدا، بڵێسەی سەندبوو.

بەهار بوو باڵندەکان گۆرانی عاشقانەیان بەگوێی یەکتریدا دەچرپاند، فەرزانە بیری لەخۆی دەکردەوە. کچێک کە لەجوانیدا ببووە هۆی حەسرەتی هەموو کچانی کۆلێژ، قوتابیەکی نمونەیی بەشی هونەری ئەندازیاری کە زەمی هەموو کوڕانی بەشەکەی خۆی تەنانەت فەرهادیش کردبوو. کەسێک کە هیچکامێک لەکوڕانی بەشەکە تەنانەت بوێری دەربڕینی عیشقیان بۆ ئەو نەبوو، ئێستا تەنهاو غەمگین بیر لەعیشقێک دەکاتەوە کەخەونی شیرینی بەهارو هاوینەکانی بوو. فەرهاد تەنها کەسێک بوو کە لەناو چوارچێوەی دڵی پاکی ئەودا نەخشی بەستبوو. هەستی بەخنکان دەکرد.

وەک ئەوەی ئیتر وێنەی فەرهاد بۆ دڵی ئەو گەورە بووە یان دڵی ئەو بۆ جێکردنەوەی وێنەی فەرهاد بچوک بوبێتەوە. پەنجەرەکەی کردەوە. لەو ساتەدا پێی خۆشبوو بیتوانیایە ئەوەندە دەستی درێژ بکردایە تا یەکی چۆلەکەکان بگرێت و بیانخنکێنێت. نەسیمی فێنکی بەهاری دای لەڕوخساری گەرمی. پەنجەرەکەی داخست و لەسەر قەنەفەکە پاڵکەوت و دایە پرمەی گریان. کەمێک دڵی خاڵی بویەوە. سوپاسی خوای کرد کە هیچ کەس لەماڵ نەبوو، پێی خۆش نەبوو هیچ کەس ئەو لەم بارودۆخەدا ببینێت. بەسوچی لەچکەکەی فرمێسکەکانی پاککردەوەو ڕۆشت بۆ



Scanned with CamScanner

ژورەکەی خۆی، دەرگاکەی داخست. بێزاربوو دووبارە پەنجەرەکەی کردەوە بەڵام هیچ هەواڵێک لەچۆلەکەکان نەبوو. دڵی داگیرا. نەسیمی بەهاری ئەمجار لەگەڵ دڵۆپی گەورەی باراندا دای لەڕوخساری و لەگەڵ فرمێسکە وشکبووەکانیدا تێکەڵ بوو. ئارامتر بویەوە. بارانەکە توندو توندتر بوو. پەنجەرەکەی داخستەوە. ڕاستی باڵندەکان بۆ کوێ ڕۆشتبوون؟ لەم بارانەدا ئایا هێلانەیەکیان بۆ ماوەتەوە؟ چیبیان بەسەردا هاتبوو؟ نیگەران بوو، خۆیشی نەیزانی نیگەرانی باڵندەکانە یان نیگەرانی ئایندەی خۆی، لەوانەشە نیگەرانی فەرهادبوو کەلەوانەیە لەژێر بارانەکەدا دەخوسێت و...

دەنگی دایکی لە نهۆمی خوارەوە بیست، ڕۆشتە بەردەم ئاوێنەکە تابانگی فەرزانە خانمی دەرس خوێن، خۆشەویستی خێزان و گوڵی سەرتۆپی خانەوادە بکات. زەردەخەنەیەکی ڕواڵەتی دا بەخۆی، دەنگی خۆی صاف کردو ئەوەندەش بەرز کەدایکی ببیستێت وتی:

-سڵاو دایە من لەژورەکەی خۆمدام. سەعی دەکەم.

## وەرزی دووەم

فەرهاد بەخێرایی لـەژورەکـە ڕۆشتە دەرەوە. بـەدوو هەنگاو لەپلیکانەکانی هەیوانەکەوە هاتە خوارەوە. هەر بەو شێوەیە کەبەرەو حەوشەکە دەڕۆشت پێی وابوو حەوشە بچوکەکە، گەورەو دورودرێژ بووە. بەپەلە خۆی گەیاندە دەرگای حەوشەکە. لەدوای خۆیەوە ئەوەندە دەرگاکەی بە توندی داخست کە تەنانەت خۆشی ڕاچڵەکی. وەک ئەوەی بیەوێت هەموو ڕقەکەی دڵی بەسەر دەرگا داماوەکەدا هەڵبڕێژێت.

بەخێرایی بەکۆڵانەکەدا دەڕۆشت بەڕێگاداو لەبەرخۆیەوە بیری لەو قسانە دەکردەوە کە بەنێوان ئەوو فەرزانەدا ڕۆشتن، لەناکاودا خۆی کێشا بەسەبەتەکەی ئامۆژنیداو هەموو شتەکانی ناو سەبەتەکەی ڕژانە سەر زەوی.

- وای! سڵاو ئامۆژن ببورە، ئەسڵەن ئاگام لێ نەبوو.

- سڵاو. کێشە نی یە کوڕم. ئێستا بۆ کوێ بەم پەلە پەلە؟ میوانەکەی فەرزانە هات؟

هەر بەو شێوەیە کەپەلەپەل پەتاتەو پیازەکانی کۆدەکردنەوە، وتی:

- میوان؟ نازانم من لە ژورەکـەی خۆمدا بوم، لەگەڵ یەکێک لەهاوڕێکانمدا دیدارم هەیە. شەرمەزارم، تۆ بڕۆرە ماڵەوە من کۆیان دەکەمەوەو دەیانهێنمەوە.

- نا کوڕم تۆ بڕۆ با دوانەکەویت. بەهارە، لەوانەیە هەر ئێستا باران دابکات. کوڕەکان لە فوتباڵ گەڕانەوە. هاوڕێکەشت بهێنەرەوە بۆ ماڵ.

- سوپاس ئامۆژن. لەبەشە ناوخۆیی دیدارم لەگەڵیدا هەیە. سەبەتەکەی ئامۆژنی کەتەماتەو کاهوو پەتاتەو پیازەکان لەگەڵ یەکتریدا تێکەڵ بوبون، هەتا لای دەرگاکە لەگەڵ ئامۆژنیدا هێناو ئەمجارەیان ئارام ئارام بە کۆڵانەکەدا کەوتەوە ڕێ. باران نم نم دەباری، ئامۆژنی دووبارە بانگی کردەوە:

- فەرهاد گیان وەرە جلێک شتێ بکەرە بەرت، باران خەریکە دادەکات.

لە دوورەوە دەستێکی بۆ ئامۆژنی ڕاوەشاندو بەزەردەخەنەیەکی زۆرەکییەوە وتی:

- سوپاس ئامۆژن نیگەران مەبە بارانی بەهارە زوو خۆش دەکات. خواحافیز.

هێشتا نەگەشتبووە سەری کۆڵانەکە وەک ئەوەی ئاسمان دەیویست بێت بۆ زەوی، بارانێکی وا دایکرد تەنانەت ویستیشی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. لەژێر سەرمیچی بەقاڵیەکەی ئەکبەر ئاغادا کزی کردبوو. لەناکاوێکدا ئارەزوی خواست خۆزگە لەلادێ دەبوم و ئێستا دایکم پیاڵەیەک چای گەرمی دەهێناو خەمەکان لەدڵم دەڕۆشتن، ئەوەندەش سەربار نەدەبوم بەسەر مامم و ئەوانەوەو ئیتر فەرزانەش نەیدەتوانی دەربارەی من بەم شێوەیە بیربکاتەوە.

فرمێسکەکانی تێکەڵی دڵۆپە بارانەکان بوبون کاتێک لەدواوە دەستێک دای بە شانیداو ئەوی بەخۆیدا هێنایەوە.

- بەه بەه ئاغا فەرهادا! ئەندازیار تۆ بەتەواوی تەڕ بویت بۆچی

نایەیتە ناو دوکانەکە؟

- سڵاو ئەکبەر ئاغا، سوپاس چاوەڕوانم بارانەکە خۆش بکات، بڕیارە بڕۆم لەگەڵ هاوڕێکانمدا سەعی لەوانەکانماندا بکەین، مەمنونم هەر تێرە باشە، بەشێوەیەک ڕوخسارو چاوەکانیی پاککردەوە کە وەک ئەوەی خەریکە ئاوی بارانەکە لەسەر ڕوخساری لادەبات.

-ئای بابە، کوڕی باش هاوڕێکەشت دەزانێت بارانەو درەنگتر دەگەیت، وەرە ژورەوە دەخوسێیت، وەرە کارم پێت هەیە.

ئەکبەر ئاغا هەر بەم شێوەیە کە دەستیی گرتبوو دەیبردە ناو دوکانەکە، کەمێک چاوەکانی کز کردوو پرسیی:

- وا دیارە لەشتێک نارەحەتی؟ وایە؟

- نا ئەکبەر ئاغا لەچی نارەحەت ببم! سوپاس بۆ خوا ئەم کۆرسە خوێندنەکەم تەواو دەبێت و خوا یاربێت دەڕۆم بۆ خوێندنی ماجستێر، لەوانەشە بڕۆم بۆ بەرەکانی جەنگ، هەرچی خوا بیەوێت.

ئەکبەر ئاغا تەپڵەکێکی هێنایە پێش و وتی:

- وەرە لەسەر ئەم تەپڵەکە دانیشە، قوربانی مرۆڤی تێگەشتووبم! نیشانەکەت پێکاو دەردی دڵمت تازە کردەوە!

هەر بەم شێوەیە کە بەردەوام قسەی دەکرد، ڕۆشتە پشت دەخیلەکەو دوو چای تێکرد، فەرهاد سوپاسی کرد.

- بخۆ کوڕم نۆشی گیانت، لەکاتی باراندا چا خۆشە، مرۆڤ دە کوڕی وەکو تۆی هەبێت و یەکێکی وەکو مهرانی منی نەبێت.

دەردی دڵی کرابویەوە وەک ئەوەی لەو بارانەدا کەکۆڵانەکەی چۆڵ کردبوو بەدوای کەسێکدا گەڕاوە بۆ ئەوەی بەبێ ڕوودەربایسی قسەی دڵی بۆ بکات، فەرهاد کە چایە گەرمەکەی لەنێوان دوو دەستیدا گرتبوو



Scanned with CamScanner

وتی:

- ئەڵبەتە ئەگەر لەراستی لانەدەین ئاغا مهرانی ئێوەش کوڕێکی باشە...

- ئای بابە باشە! کوێی باشە؟ نە لەبیری خوێندندایە، نە لەبیری ئایندەیدایەو نە لەبیری من و دایکیدایە. لەدنیای خۆیدا دەسوڕێتەوەو کەسێک نی یە پێی بڵێ ئاخر کوڕی گەنج من چیم بۆ نەکردی، چ کارێکم کرد کە تۆ بویت بە وەجاغی من؟ لە ناخی دڵەوە ئاهێکی کێشا:

-لێگەڕێ ڕوبەڕوشت بڵێم. لەپاشە ملەت بە مهرانم وت»سەیری ئەم ئاغا فەرهادە بکە چەند بە ئیرادەیە، باوکی جوتیارێکە کەچەند منالێکی وردو درشتی هەیەو بەم حاڵەشەوە کوڕە گەنجەکەیی ناردۆتە ماڵی مامی...نارەحەت نەبی ها کە لەژێر منەتی ژنی مامدایت. کە سبەی ناوێکی لەناو ناواندا هەبێت. بەڵام تۆ چی؟ هەرچیت ویست بۆمان فەراهەم کردیت. لەدڵی نەگریت کوڕم، ئەمە جلەکانی تۆو ئەوەش ئەو پێڵاوو جلەی کە ئەو هەیەتی، ئاخەر یەکێک نی یە بڵێت بەدبەخت ئەگەر نەخوێنیت سبەی تۆش دەبیتە یەکێکی وەکو من. ناشکور نیم خوا ڕزق و ڕۆزی داوە بەڵام هەرچیشم هەبێت، دیسانەوە تەنها مرۆڤێکی نەخوێندەوارم.»

فەرهاد زۆربەی قسەکانی ئەکبەر ئاغای نەبیست. کە بێدەنگیەکەی درێژەی کێشا، لەناکاودا ئەکبەر ئاغا ڕویکردە ئەوو وتی:

- دیارە نارەحەتم کردی، مەبەستم شتێکی تر بوو بەخوا! تۆ لەدڵی نەگری ئەندازیار.

فەرهاد نیگای لە پیاڵە چایەکە هەڵگرت و چاوی بڕییە ڕوخساری ئەکبەر ئاغاو ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا:



Scanned with CamScanner

- ڕاست دەکەیت. بەڵام خەتای ئێوەشی تێدایە کە هەرچیی ویستووە بەئاسانی خستوتانەتە بەردەستی. ئەمە سیفەتی مرۆڤە، ئەو شتانەی کە بەئاسانی بەدەستیان دەهێنێت ڕێزیان ناگرێت و بە ئاسانی لەدەستیان دەدات. دوبارە چاوی بڕییەوە پیاڵە چایەکەو بێدەنگ بوو.

- دەڵێم ئاغا فەرهاد دەکرێت لەگەڵ مهرانی ئێمەدا قسە بکەیت؟ لەوانەیە کاریگەری هەبێت و خوا ڕەحم بکات و ئێمە بەئارەزومان بگەین و...

بارانەکە وەستابویەوە بەڵام دەردە دڵەکانی ئەکبەر ئاغا تەواوبونیان نەبوو. فەرهاد بەڵێنیدا لەنزیکترین دەرفەتدا لەگەڵ مهراندا قسە بکات و خواحافیزی کردو ڕۆشت.

لەکەناری شەقامەکەداو لەوێستگەی ئوتوبوسدا چـاوەڕوان بوو کەیەکەمین ئوتوبوس گەشت سەرکەوت و ڕۆشت بەرەو بەشە ناوخۆیی.

بەپێچەوانەی هەمووکاتەوە ئوتوبوسەکە خاڵی بوو. لەسەر یەکەمین کورسی خاڵی کەناری پەنجەرەکەدا دانیشت و سەیری دەرەوەی کرد وەک ئەوەی کەبارانەکە زەویی نوێکردبویەوە پاک و جوان بوبو. سەیرێکی گۆشەی ئاسمانی کرد.

پەلکەزێڕینەیەکی جوان زەردەخەنەیەکی بۆ کرد، دڵی پڕ بوو لەشادی. زۆری پێنەچوو کە بیری کەوتەوە چی ڕویداوەو خەریکە بەرەو بەشەناوخۆیی دەڕوات. لەدڵی خۆیدا چەند جارێک دوبارەی کردەوە ئەی خۆزگە...ئەی خۆزگە... بەڵام تەواوی نەکرد. ئەم کۆتا ساڵە ئەوەندە «ئەی خۆزگە»ی دووبارە کردبویەوە کە پێی وابوو خوا هەموو قسەکانیی لەبەرکردووەو دەزانێت دواتر دەیەوێت چی بڵێت. پێی خۆش نەبوو بگەڕێت بەناو ئارەزووەکانیدا کەدورتر لەدەست پێڕاگەشتنی خۆی

دەیبینین. دەموچاوی دا بەیەکدا، پەلکەزێڕینەکە کە ئەوی غەمگین بینی، وەک ئەوەی توانایی بینینی خەمی ئەوی نەبێت هەرزو بارگەو بنەی خۆی لە ئاسماندا پێچایەوە.



Scanned with CamScanner

## وەرزی سێ یەم

نزیکی کاتژمێر نۆی شەو بوو کە گەشتە بەشە ناوخۆیی، سەیرێکی گڵۆپە کزەکەی سەردەرگای کرد. بەگومانەوە لەزەنگی دەرگاکەی دا.

-کێ یە بەم کاتی شەوە؟

-مامە ڕەجەب منم فەرهاد دەرگاکە بکەنەوە.

هەتا مامە ڕەجەب حەوشەکەی تێپەڕاند، لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە چی بەکوڕەکان بڵێم. لەناکاودا بیری کەوتەوە کەچەند ڕۆژێک لەوەو پێش مەسعود داوای لێکردبوو بێت بۆ بەشە ناوخۆیی و لەشیکارکردنی پرسیارەکاندا یارمەتیی بدات، هەر لەم بیرکردنەوەیەدا بوو کەدەرگاکە کرایەوە.

- بەە بەە ئاغا فەرهاد! بەخێرهاتی کوڕم.

- سڵاو مامە ڕەجەب! ببورە بەم شەوە درەنگە بێزارم کردن. مەسعود داوای لێم کردبوو بێم و وردە وردە تاقیکردنەوەکانی نیوەی وەرزو... لەبەرئەوەیە کە...

- ئای بابە لەچی ببورم، خۆ ماڵی باوکم نی یە. بەخێرهاتی.

- شەرمەزارم، ئێمە هەر دەبێت زەحمەتی ئێوە بدەین.

هەر بەو شێوەیەی کە لەگەڵ مامە ڕەجەبدا قسەی دەکرد گەشتنە ناو ڕێڕەوەکە. دەنگە دەنگی کوڕەکان ڕێڕەوەکەی پڕ کردبوو. کەس گوێی لەکەس نەبوو. دوو سێ جار مامە ڕەجەب بەدەنگی بەرز وتی:



Scanned with CamScanner

- کوڕینە سەیرکەن بزانن کێ هاتووە؟

بەڵام هیچ کەس نەهات بۆ پێشوازی، لەڕاستیدا دەنگی پاسەوانی پیرو میهرەبان هەتا دوو هەنگاو دورتر لەخۆی نەڕۆشت. هەر کەگەشتە نیوەی هۆڵی نهۆمی یەکەم کەقوتابیانی کۆتا قۆناغی تێدا بوو، دەنگە دەنگەکە زیاتر بوو کوڕەکان بۆ پێشوازیکردن لەئەو لەژورەکەیان هاتنە دەرەوە.

- بەه بەه ئاغا فەرهاد! چەند سەیرە کەدڵت هات ماڵی مامە گیان بەجێ بهێڵیت و بێیتە لای ئێمەی غەریب و بێ کەس! ئەویش ئەمەندە درەنگ. کاتژمێر نۆی شەو! مەسعود بوو ئەمەی وت.

فەرهاد کە خەریکی تەوقەکردن بوو لەگەڵ مەهدی و سوهەیل و کوڕەکانی تردا، زەردەخەنەیەکی کردوو وتی:

- براکەم ئەگەر پێت وایە درەنگەو مێشکی ئێوە هیچ وەرناگرێت بڕۆم؟

کورش کەپەرداخێک چای بەدەستەوە بوو هاتە پێشەوەو وتی:

- ئێوەش چەند گێژن، ئەگەر ئێوەش کچە مامێکی وەکو خاتوو موجتەباییتان هەبوایە کەقوتابی یەکەمی بەشی هونەری ئەندازیاری بوایەو مامە گیانیش بەم شێوەیە ڕێزی لێ بگرتنایە، هەرگیز نەدەهاتنە بەشە ناوخۆیی. هەندێک لەکوڕەکان دایانە قاقای پێکەنین. بەڵام فەرهاد نەک تەنها بەم قسەیە توڕە بوو بەڵکو ڕەفتارێکی نواند کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا هیچ کەس لەوی نەبینیبوو. ئەو بەهەردو دەستی جلەکانی کورشی گرت و بە توندی کێشای بەدیوارەکەداو پەرداخە چایەکەی دەستی کەوتە خوارەوە:

- بێدەنگ دەبیت یان دەمت پڕ بکەم لەخوێن؟ قسەی گەورەتر

لەدەمت دەکەیت. پەرداخە چایەکە کە کەوتە سەر زەوی کوڕەکانی تر ناوبژیوانییان کردوو کورشیان بردەوە بۆ ژورەکەی خۆی. مەسعودو مەهدی و کوڕەکانی تری ژورەکەشیان فەرهادیان برد بۆ ژورەکەی خۆیان.

مەهدی وتی:

- کوڕە ئەمە لەتۆ دورە، ئەم ڕەفتارانە چین؟ ئەو بەدبەختە خۆ هیچی نەکرد. مەگەر خۆت هەمیشە پۆز لێ نادەیت کەکچە مامەکەم قوتابی یەکەمی بەشەکەیە؟ ئیتر بۆچی بەمشێوەیە ناڕەحەت بویت؟

- مەهدی گیان تۆ نازانیت ئەو بەماناوە وتی، پێی وایە بێ عەقڵم و تێناگەم بۆچی هەر بەدەوری کچە مامەکەمدا دەخولێتەوە؟ بەڵام خەیاڵی خاوە ئەم پارووە بۆ ئەو گەورەیە، دەیخنکێنێت.

- بوەستە ئەوەندەش مەڕۆ! داوەری عەجولانە مەکە! هەموان دەزانن تۆ کچە مامەکەتت خۆش دەوێت. هیچ کەس ناوێرێت بیەوێت ئەو هەڵەیە بکات کە...

- نا مەسەلەکە خۆشەویستی نی یە مەسەلە شکاندنەوەیە من خۆم لەکۆتاییدا کورش دەشکێنم بۆ ئەوەی قسەی گەورەتر لەدەمی نەکات. سەرباری ئەوەش ئەو ئێستا وەکو خوشکی منە. هەتا ئەو کاتەی کە لەسەر سفرەیانم نامەوێت هیچ کەس بیرێکی تر بکاتەوە.

مەسعود پەرداخێک ئاوی هێنا.

- بخۆ براکەم ئارام دەبیتەوە. چ هەڵەیەکم کرد من. ئێمەی بێچارەش ببینە دڵمان بەکێ خۆش کردو وتمان هاتویت پرسیارەکانمان دەکەین و...

پەرداخە ئاوەکەی بەیەک نەفەس خواردەوەو کەمێک بێدەنگ بوو چاوەکانیی بۆ ماوەی چەند چرکەیەک نوقاندو هەوڵیدا خۆی ئارام نیشان



Scanned with CamScanner

بدات. دوای وەستانێکی کورت چاوەکانیی کردەوەو وتی:

- من لە خزمەتتاندام بەڵام ئەم کورشە وردە وردە خەریکە تووڕەم دەکات، پێویستە لەجێگەی خۆیدا داینیشێنم.

مەهدی وتی:

- ئەم قسانە چی یە؟ خۆ هیچ شتێک ڕوینەداوە! مەگەر ئێمە هەمیشە پێمان نەدەوتی زاوای مامەو تۆش زۆرت پێخۆش دەبوو؟ تێناگەم ئێستا چی ڕویداوە کە شمشێرت لەڕوماندا ڕاکێشاوە؟ تکایە ئیتر بەسیکە فەرهاد!

مەهدی لەخۆیەوە نەیدەوت. هەموو کوڕەکان دەیانزانی ئەو کچە مامەکەی خۆش دەوێت. هەرچەند کە فەرزانە ساڵێک دوای ئەو هاتبوە بەشەکە بەڵام هەر لەهەمان کۆرسی یەکەم هەموانی تێگەیاندبوو کەهیچ کەس مافی ئەوەی نیە بەچاوێکی خراپەوە سەیری کچە مامەکەی بکات. هەرکاتێکیش کەسێک بیویستایە لەفەرزانە نزیک بێتەوە، لەبابەتەکە تێی دەگەیاند.

دڵی خەریک بوو ئاگری دەگرت. دەردێک لەدڵیدا بوو کەنەیدەتوانی بەکەسی بڵێت. نیو کاتژمێر دواتر بارودۆخەکە ئاسایی بویەوە. کوڕەکان کورشیشیان هێنا بۆ ژورەکەیان و دیسانەوە فەرهاد بویەوە بەچرای مەجلیس و هەرکەسەو پرسیارێکی دەکردو ئەویش لەسەرخۆیانە وەڵامی هەموانی دەدایەوە.

# وەرزی چوارەم

- فەرزانە گیان وەرە خوارەوە کچم چێشتەکە تامی نامێنێت. سارد دەبێتەوە.

دەنگی دایکی بوو کە لەخوارەوەی پلیکانەکاندا ئەوی بۆ نانی ئێوارە بانگ دەکرد. چارەیەکی جگە لە ڕۆشتن نەبوو. مناڵەکان هەمویان لەسەر سفرە بوون. خوڕەوشتی بابە وابوو هەتا هەموان ئامادە نەبونایە نانی نەدەخوارد. بەناچارییەوە ڕۆشتە خوارەوە. لەکەناری باوکیدا دانیشت. بەهاتنی ئەو هەموان دەستیانکرد بەنان خواردن. دایە ڕویکردە فەرزانەو وتی:

- ڕاستی فەرهاد نەیوت کەی دێتەوە؟ بە منی وت لەگەڵ هاوڕێکەیدا دیداری هەیە. حەزی لەمریشک بە ترشە ئەگەر بمزانیایە ئێوارە لێرە نی یە، بۆ ئەمشەو لێم نەدەنا.

فەرزانە کە هەوڵی دەدا تەنانەت ناویشی نەهێنێت بەساردییەوە وتی:

- عەسر کەدەڕۆشتە دەرەوە وتی دەڕواتە بەشە ناوخۆیی. لەوانەشە شەو بمێنێتەوە.

باوکی کەخەریکی خواردنی دوەم پاروی بوو ڕووی کردە ژنەکەی و وتی:

- باشە کێشە نی یە بەشەکەی هەڵگرە. سبەی کەهاتەوە دەیخوات. وەک ئەوەی کە شتێک قوڕگی فەرزانەی بەستبێت، هەرچەند واخۆی

دەردەخست کە خەریکی خواردنە.

باوکی پرسیی:

- چی یە کچم؟ بۆچی یاری بەخواردنەکە دەکەیت؟ نانەکەت بخۆ ئیتر. بەنیگایەکی پڕماناوە بۆ دایکی فەرزانە بەردەوام بوو:

- بخۆ کچم سبەی ڕۆژ کەڕۆشتیتە ماڵی مێرد ئیتر خواردنەکانی دایکت دەست ناکەون. لەزانکۆش مریشک بە ترش و شلەی پاقلەو ترشیاتی تەڕەو تەپسی بەقیمەت فێر ناکەن کە بخۆی کچم...

دایکی زەردەخەنەیەکی کرد. مناڵەکان چاویان بڕیبووە دەمی باوکیان بەزەردەخەنەکەی دایکیان هەمویان دایانە قاقای پێکەنین. تەنها فەرزانە نەبێت کەنەیدەزانی مەسەلە چی یە بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەوانی تری کرد. دایکیشی پارووەکەی قوتداو وتی:

- نا ئیتر پیاوەکە، کچ نادەم بەشوو مەگەر قسەکانمان نەکردن؟

مناڵەکان سەیرێکی فەرزانەیان کردو دوبارە دایانە قاقای پێکەنین. تەنها فەرزانە بوو کە ئەم قسەیە شۆکی کردبوو.

باوکی لەوەڵامی دایکیداو ئەڵبەت ڕوو بەفەرزانە وتی:

- ئێمەش وتمان ئێستا کچەکەمان نادەین بەشوو. کاتێک خوێندنی تەواو کرد. کاتێک بوو بە پزیشک، کاتێک فێربوو بەباشی تەپسی بەقیمەو مریشک بەترش دروست بکات ئێستا...

سەری لەقسەکانی ئەوان دەرنەدەچوو. لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە لەوانەیە کەسێک لە بابەتەکەی عەسر تێگەشتبێت. بەڵام خۆ هیچ کەس لەماڵ نەبوو... بەهەرچۆنێک بێت خۆی گرت و سفرەکەی کۆکردەوەو قاپەکانی شت. سەرئێشەی کردە بیانوو زوو ڕۆشتە ژورەکەی. ژورێک کە لەعەسرەوە لەوانەیە سەدجار درێژی و پانی پێوابێت و تەنها نیو کاتژمێر

توانیبوی بۆ شیکارکردنی پرسیارە حسابیەکان یارمەتی فەرزاد بدات. دوای نانی ئێوارەش پەروانە هەرچەند داوای لێکرد کەمێک یارمەتیی بدات بۆ نوسینی دارِشتن بەڵام نەیتوانی. هەرزو رۆشتە سەر تەختی نوستن.

دڵتەنگی، ئیحساسی شکست و خەم و خەفەت دڵی هێنابویە ئازار. لەبەر خۆیەوە زۆر بیری دەکردەوە کوێی قسەکانی هەڵەبوو کەفەرهاد بەمشێوە رووداوانە لەگەڵ ئەودا رەفتاری کردو پەشیمان لەوەی کەخۆزگە ئەسڵەن خۆشەویستیەکەی بە ئەو نەوتایە. پەروانە کە خەریکبوو جەدوەلی سبەی جیادەکردەوە بەئارامی رۆشتە کەناری جێگە نوستنەکەی فەرزانە:

- دادە گیان، من نارەحەت نیم کە تۆ لەنوسینی دارِشتنەکەدا یارمەتیت نەدام بەڵام نازانم تۆ لەچی نارەحەتیت. دەزانم نەنوستوی بۆچی خۆت وا نیشان دەدەیت کەنوستووی؟

فەرزانە بیریشی لێ نەکردبویەوە کە لەنارەحەتیەکەی تێگەشتبێت، بەسەرسورِمانەوە وتی:

- نا، پەری گیان ئەمرۆ کارو دەرسم زۆر بوو، ماندووم. هۆکارێک نی یە کەنارەحەت بم.

پەروانە بەزۆرزانیەکی کچانەوە، خۆی گەیاندە کەناری جێگە نوستنەکەی خوشکەکەی کەمێک دەنگی نزمکردەوەو وتی:

- دەزانیت چیم بیست؟ ئەگەر دەزانیت نیوەرِۆ کاتێک لەزانکۆ بوی کێ هاتبوو؟

فەرزانە بەبێتاقەتییەوە وەڵامی دایەوە:

- باشە من چی بزانم؟ هەرکەس هاتووە بە من چی. خەوم دێت پێویستە سبەی زوو برِۆم بۆ زانکۆ.

پەروانە زیاتر خۆی نزیک کردو وتی:

- هەر بیریشت لێ نەکردۆتەوە. پورە مەرزییە هاوڕێی دایە.

- باشە، خۆ ئەو هەموو ڕۆژێک دێت. چ ڕوداوێکی سەیر بووە کە تۆ ناهێڵیت من بنوم؟

- بوەستە تا بۆت باس بکەم. باسی خوازبێنی و ئەو شتانە بوو. دەیوت ئەو برایەی کە لەشارستانەوە بۆ کارکردن هاتووە بۆ تاران و لەژورەکەی نهۆمی سەرەوەی ئەوان دەژی، چەند جارێک تۆی بینیوەو بەکورتی پیرۆزە پیرۆزە...

تازە لەمانای ئەو قسانە تێگەشت کەباوکی لەسەر سفرەکە کردنی. خەریکبوو بیری دەکـردەوەو شتە بیستراوەکان و قسەکانی دەخستە کەناری یەکتری بۆ ئەوەی تێبگات مەسەلە چی یە. کاتێک پەروانە پرسیی:

- دادە خۆشحاڵ نیت کەدەبیتە بوک؟

- نەخێر مەگەر بون بەبوک خۆشحاڵی دەوێت؟ تۆش بڕۆ بنوو.

چەند خولەکێک بەبێدەنگی تێپەڕی. خەریکبوو لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە. لەکۆتاییدا خۆی نەگرت، پرسیی:

- پەری گیان نەنوستویت؟ پرسیارێکم هەیە.

پەری کە بەخراپی دڵی شکابوو بەساردییەوە وتی:

- بپرسە.

- دەڵێم براکەی پورە مەرزیە کێ یەو چ کارەیەو لەکوێ منی بینیوە؟

- براکەی پورە مەرزیە کاک سیاوەش یەک ساڵە لەشارستانەوە هاتۆتە لای ئەوان. لەژورەکەی سەرەوەیان دەژی و هەر لێرەش کار دەکات. لەفەرمانگەیەکی حکومی ژمێریارە. دایە بە بابەی وت: کەسێکی باشە بەڵام بابە وتی: کچەکەم دەبێت خوێندنەکەی تەواو بکات. ئاخر بابە پێی وایە بڕیارە تۆ ببیتە پزیشک و دوای پێکەنینێکی ئارام و لەژێر لێوەوە



Scanned with CamScanner

وتی:

- دواتریش وتی کچ دور ناخەمەوە.

فەرزانە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە کە پێویستە کارێک بکات لەوانەیە ئەمە باشترین دەرفەت بێت کە لوتی فەرهاد بشکێنێت. مەگەر ئەو چی وتبوو؟ جگە لەوەی کەئیحساسی خۆی دەربڕیبوو کە پێی وابوو فەرهادیش هەمان ئەو ئیحساسەی لەبەرامبەر ئەودا هەیە. پێویستە بیشکێنێت. لەدڵی خۆیدا بەگاڵتە پێکردنەوە وتی:»نەکا پێی وابێت لەبەرئەوەی کە جەنگە، ئەزمەی پیاوەو منیش خەریکم... نا ئامۆزا بەمجۆرەش نی یە...»

هەر بەوجۆرەی کە لەدڵی خۆیدا لۆمەی ئەوی دەکرد لەناکاودا بڕیاردا کە بەبراکەی پورە مەرزیە وەڵامی بەڵێ بدات بەڵام کەس لەوی نەپرسیبوو خوازبێنیکارت هاتووە ڕازیت یان نا؟

لەکاتژمێر یانزەی شەو تێپەڕیبوو. هێشتا فەرهاد نەگەڕابویەوە. لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشەو گوڕەشانەی کە لەوی کردبوو، نەیتوانی دڵتەنگی و بێتاقەتیەکەی کۆنترۆڵ بکات.

- دادە فەرزانە خەیاڵت لەکوێیە؟ مەگەر لەگەڵ تۆم نی یە؟

پەروانە بوو کە دوای سێ جار کە لەخوشکەکەی پرسیبو گڵۆپەکە بکوژێنێتەوە یان نا ئیتر توڕە بوبوو ئارامی نەمابوو.

- ها؟ گیان؟ نازانم ڕاستیەکەی دەبێت بیری لێ بکەمەوە بزانم چی دەبێت.

پەروانە دەستیکرد بەپێکەنین:

- دادە گیان خۆ من نەمپرسی شودەکەیت یان نا، دەڵێم گڵۆپەکە بکوژێنمەوە؟ لەکۆتاییدا ڕێگە دەدەیت بنوین یان نا؟ خوا ڕەحمی کرد



Scanned with CamScanner

ئێستا بۆی گرنگ نەبوو شو بکات و ئەگەر نا...

فەرزانە لەو وەڵامدانەوە خێراییەی شەرمەزار بوو، بەشێوەیەک دەمی بەسترابوو کەنەیتوانی وەڵامی خوشکەکەی بداتەوە. لەکۆتاییدا گڵۆپەکە کوژایەوە. بەڵام هەتا بەشێکی نیوەی تێپەڕی هەر خەریکبوو بیری دەکردەوە لەخوازبێنیی براکەی پورە مەرزیەو لەو عیشقەی کە تەواوی وجودیی پڕکردبوو لەدڵتەنگیەکانی و... لەو ئیحساسی بێ عەقڵیەی کە دوای قسە کردنی لەگەڵ فەرهاددا ئەوی داگیرکردبوو.

خۆزگە زوتر ڕۆژ دەبویەوەو دەڕۆشت بۆ کۆلێژەکەی و هەواڵێکی ئەوی دەزانی.

## وەرزی پێنجەم

فەرزانە تەمەنی شەش ساڵان بوو کە باوکی بڕیاریدا زێدی باوو باپیرانی خۆی لەباکور بەجێ بهێڵێت و لەپێناو خۆشبەختی و ئایندەی منداڵەکانیدا بێت بۆ تاران. ئێستا فەرزانە تەنها شتێک کە لەمناڵی خۆی و باکور کە لەبیری مابوو ساتەکانی یاریکردن بوو لەگەڵ کوڕو کچی خزم و دراوسێکاندا.

لەهەمووان بچوکتر بوو، لەبەرئەوەی کە فەرهاد سێ ساڵ لەو گەورەتر بوو هەمیشە پشتیوانی بو. براکەی فەرزاد زۆر لەو بچوکتر بوو. هەمیشە تەنها بەرگریکاریی فەرهاد بوو بەس.

جارێکیان کە چاوشارکێیان دەکرد، نۆرەی فەرزانە بوو کەچاوەکانی بگرێت؟ دوای ئەوەی کە هەتا دەی ژمارد بـەدوای هەمواندا گەڕا یەکێکی لە پشتی کولانەی مریشک و کەڵەشێرەکان... کچە مامەکەی لە ژێر پلیکانەی هەیوانەکەدا، لەیلای هاوڕێی لەپشتی دەرگای ژورەکە... هەموانی دۆزییەوە بەڵام فەرهاد دیار نەبوو، هەمووان گەڕان بەدوایدا بەڵام نەیاندۆزییەوە. فەرزانە توڕە بوبو،دوای ماوەیەکی زۆر فەرهاد لەناو گەوڕی مەڕەکاندا هاتە دەرەوەو بەدەنگی بەرز وتی:

- من لێرەم بردمەوە... دەستیکرد بەچەپڵەلێدان بۆ خۆی. هیچ کەس ئەم کارەی ئەوی پێخۆش نەبوو. تەنها فەرزانە بوو کە بەزمانێکی شیرینەوە وتی:

- ئافەرین فەرهاد، ئەگەر هەتا بەیانیش خۆت نەهاتیتایە هیچ کەس نەیدەتوانی بتدۆزێتەوە. تۆ بردتەوە.

یاریی کەناری دەریاری هەرگیز لەبیر نەکردبوو. هەریەکە لەمناڵەکان ئەو شتەیان لەسەر زیخەکان دروستدەکرد کە حەزیان لێی بوو. وێنەی ئۆتۆمبێلیان دروستدەکرد. وێنەی ئەسپ و ئاژەڵەکانی تریان دروستدەکرد. فەرهاد وێنەی ماڵێکی گەورەی دروستکرد، هەمووان نارەزاییان دەربڕی کە بۆچی ماڵەکەی ئەوەندە گەورە دروستکردووەو هەموو کەنارەکەی بۆخۆی داگیر کردووەو جێگەی ئەوانی تر کەم بووەتەوە. فەرزانە نەک بە نارەزایەتییەوە بەڵکو بەخۆشحاڵی و سەرسوڕمانەوە پرسیی:

-فەرهاد ماڵەکەت چەند گەورەیە!

ئەو وتبووی:

- بۆ ئـەوەی کە من و تۆ تیایدا جێگەمان ببێتەوەو جێگەی میوانەکانیشمان ببێتەوە...

دەربارەی ماڵەکەو ژوری میوان و ژورەکەی خۆیان قسەیان دەکرد کەشەپۆلی ئاوەکە هات و ماڵەکەیانی تێکدا. فەرزانە دەستیکرد بەگریان. فەرهاد بەڵێنیدا ماڵێکی ڕاستەقینەی لەناو جەنگەڵدا بۆ دروست بکات کە ئیتر شەپۆلی ئاو نەتوانێت تێکی بدات.

لەبیری بوو نیوەی هاوین بوو کەڕۆژێکیان بە مستی بەستراو هاتە لای ئەو و پرسیی:

- دەزانیت چی لەناو مستمدایە؟

فەرزانە بەزمانی شیرین وتی:

- بنێشت؟

- نەخێر. باش بیربکەرەوە.

- باشە تورک.

- دیسانەوە نەتزانی.

- توخوا چی یە دڵم تەقی.

فەرهاد بە لەخۆڕازیبونەوە مستی کردەوەو جوتێک گێلاسی سوری نیشان داو بە هەیەجانەوە وتی:

- گوارە!

دواتر بەوردی کردیە گوێی ئەو و سەیری کردن. ئەو ڕۆژە فەرزانە پۆزی زۆری کردبوو بەسەر کچەکانی تردا.

ئەمە تەنها یادەوەرییەکی بەچێژ بوو کە لەدەورانی منالّیی لەباکور لەبیریدا مابوو.

ئەو ڕۆژەی هەرگیز لەبیر نەدەکرد کە کەلوپەلەکانی ماڵەکەیان هێنا بۆ تاران بەئۆتۆمبێلی بارەکەی باوکی. نزیکی نیوەڕۆ بوو کە گەشتن. نەیدەزانی تاران چ شوێنێکە. بابە وتبووی لەتاران زیاتر کار دەستدەکەوێت و بەڵێنی دابوو بەدایە کە لەو کاتەدا دوگیانیش بوو، باشترین ژیانی بۆ فەراهەم بکات. وتبوی کە زەحمەتەکانی باکور تەواو بوون. خۆشبەختی و ئایندەی گەش لەچاوەڕوانی ئەواندایە.

کە کەلوپەلەکانیان داگرت، پەروین خانم ژنی خاوەن ماڵەکە نانی نیوەڕۆو چای بۆ هێنان. دایکی کە وەک ئەوەی خۆشی لە تاران نەهاتبوو، باوکیی بردە گۆشەیەک و وتی:

- کەریم ئاغا ئێرە تارانە؟ یانی دەبێت بەسێ منالّەوە لەم ژورە

بچوکەدا بژین؟! یانی بەبیرکردنەوەی خۆت ئێمەت هێنایە ئێرە خۆشبەختمان بکەیت؟

باوکی لەوەڵامدا وتی:

- ئێرەماڵی کەریمە! ئەم ژورەم بۆ ماوەیەکی کاتی گرتووە بەکرێ هەتا جێگایەکی باشترتان بۆ بدۆزمەوە. ژنەکە ناشکور مەبە، من هەرکارێک دەکەم لەبەرخاتری ئایندەی تۆو منالەکانە. ئەگەرنا خۆ شێت نیم زەوی و ژیانم بەجێ بهێڵم و بێم و کرێکاری ئەمو ئەو بکەم؟

دایە وتبوی:

- ئاخر منت ئـاوارەی شاری غوربەرت کردو لەخوشک و دایک و دۆست و ئاشنا جیات کردمەوەو دەشڵێیت لەبەرخاتری منە؟ بەخوا لادێکەی خۆمان زۆر لەم ژورە تەنگ و تاریکە باشتر بوو.

بابەش بەڵێنی دابوو بەزویی کێشەکان چارەسەر دەبن، هەموانیش خۆشبەخت دەکات. بەڕۆژدا بەئۆتۆمبێلە بارەکە کاری دەکردو شەوانیش لەکارگەیەک پاسەوانی دەکرد. بەو خوێندەواریە کەمەی کەهەیبوو ئەو ڕاستگۆیی و دەستپاکیەی کە لەویان بینی دوای چەند مانگێک کردیانە ئەنبارداری کارگەکە. بارودۆخەکە کەمێک باشتر بوبو. بابە هەمیشە دەیوت پێی پەروانە بەخێرە چون دوای هاتنە دنیای پەروانە بوو کەماڵێکی سەربەخۆی بەکرێ گرتوو ماڵمان گواستەوە بۆ یەکێک لەناوچەکانی باشوری تاران.

هێشتا دوو ساڵ تێنەپەڕیبوو، کە ماڵەکانی باکوریان فرۆشت و بەپارەکەیان لەیەکێک لە گەڕەکەکانی تاران خانویەکی سێ نهۆمی شەست مەترییان بەحەوشەیەکی بچوکەوە کڕی. بابە زۆر هەوڵی دەدا هۆکاری ئاسایش و ئارامی بۆ ئێمە فەراهەم بکات.



Scanned with CamScanner

لەم ساڵانەدا توانیبوی تاکسییەک بکڕێت بۆ ئەوەی یارمەتی مەسروفی ماڵ بکات. ئیتر هەرکەس بیویستایە نمونە بۆ سەرکەوتن و چاونەترسی لەکاردا بهێنێتەوە باوکمی دەکرد بە نمونە. من و فەرزاد دەڕۆشتینە قوتابخانە. دایکیشم هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی کە ئێمە بەباشی گەورە ببین. وردە وردە پەروانەش دەڕۆشتە قوتابخانە. کاری دایەش سەختتر بوبو. پێڕاگەشتن بەخوێندنی مناڵەکان و خزمەتکردنی میوانانی شارستان کە دەهاتن، ئەویان زۆر ماندوو کردبوو. ئەو زۆر لەسەرخۆیانە هەموو کاروبارەکانی ماڵی ڕادەپەڕاند. کاتێک بەهرام هاتە دنیاوە ئیتر من و پەروانەش یارمەتیی دایکمان دەدا بەڵام ئەو لێنەدەگەڕا ئەم یارمەتیدانە ئێمە لەخوێندن دوور بخاتەوە.

کۆتا ساڵی دواناوەندی بووم ڕۆژێکی هاوین مامە ڕەحیم لەگەڵ فەرزاد هات بۆ ماڵمان. مامم بەخۆشحاڵی و دەستی پڕەوە هاتبوو. فەرهاد تازە لەسەربازییەوە گەڕابویەوەو لەبەشی ئەندازیاری فیزیکی زانکۆ وەرگیرابوو. مامم بەهەزار ئومێدەوە ئەوی هێنابو تابیسپێرێت بەدەستی براکەی.

باوکم بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لەبرازاکەی کرد. ژورە تاکەکەی سەرەوەی ماڵەکەمان کە ژوری فەرزاد بوو درا بە ئەوو فەرزادیان هێنایە ژورێکی نهۆمی دووەم لەکەناری ژورەکەی من کەژوری میوان بوو. فەرهاد زۆربەی کات یان لەزانکۆ بوو یان لەژورەکەی خۆی سەرقاڵی سەعیکردنی خۆی بوو جاروباریش دەڕۆشت بۆ بەشە ناوخۆیی. زۆر هەوڵی دەدا بۆ خێزانەکەی ئێمە کێشەو دەردەسەر دروستنەکات. هەرچەند کە دایکم ئەویشی وەکو یەکێک لەمناڵەکانی خۆی سەیر دەکردو جیاوازی لەنێوان ئەوو فەرزاددا نەدەکرد.



Scanned with CamScanner

منیش ساڵی دواتر لەکۆنکۆری سەرتاسەری بەپلەی زۆرباش لەبەشی ئەندازیاری فیزیک لەزانکۆی تاران وەرگیرام.

دایک و باوکم وەرگیرانی منیان بە ئەنجامی ئەو خزمەتە دەبینی کە بەفەرهادیان کردبو کە لەوێ غەریب بوو.

من و فەرهاد زۆربـەی کات بەیەکەوە دەڕۆشتین بۆ زانکۆو دەگەڕاینەوە.»موجتەبایی« بوبووە ناوێکی ئاشنا بۆ ئوستادانی کۆلێژەکە. هەرچەند من توانیم پلەی یەکەمی زانستی بەدەست بهێنم، بەڵام ئەمە لەخۆشەویستی فەرهادی لەنێو قوتابیانی کۆلێژ کەم نەکردەوە.

هەرکات قوتابیەکان کێشەیەکیان بهاتایەتە ڕێ، فەرهادیان بانگێشت دەکرد بۆ بەشە ناوخۆیی و ئەویش زۆر لەسەرخۆیانە زانستەکەی خۆیی دەخستە خزمەتی هاوڕێکانی.

## وەرزی شەشەم

فەرزانە بەبێ ئەوەی نانی بەیانی بخوات لەماڵ ڕۆشتە دەرەوە، دڵی وەکو سیرو سرکە دەکوڵا. زۆر پەلەی بوو بگاتە زانکۆ. ئوتوبوسەکە زۆر قەرەباڵغ بوو بەڵام ئەو هەستی بەقەرەباڵغی نەکرد، وەک ئەوەی لەبۆشایی نێوان زەوی و ئاسماندا هەڵواسرابێت. تەنها بیری لەوە دەکردەوە کاتێک لەگەڵ فەرهاد ڕووبەڕوو دەبێتەوە بە چ شێوەیەک ڕەفتار بکات. هێشتا دەنگی بەرزی فەرهاد لەگوێیدا بوو.«..............سوێند بەخوا ئەگەر لەبەر ڕێزی سفرەی باوکت نەبوایە..........» خۆزگە ڕێگەی دەدا قسەکەی تەواو بکردایە. یانی دەیویست چی بڵێت؟

ئەوەندە نوغرۆی بیرکردنەوەکانی خۆی بوو کەگوێی لێ نەبوو کاتێک ژنێک بەدەنگێکی تا ڕادەیەک بەرز دەیوت:

- کچم کورسیەکەی کەنار خاڵی بوو دانیشە، ڕێگاکە خاڵی بکە دەمەوێت دابـەزم. لەژێر لێوەوە بۆڵەبۆڵێکی کرد کە فەرزانە لێی تێنەگەشت.

کە گەشتە زانکۆ هەتا لەبەشەکەی نزیکتر دەبویەوە، ئەژنۆکانی زیاتر سست دەبون. ڕۆشتە ناو هۆڵی خوێندن.

یاسەمینی هاوڕێی هەستایەوەو تەوقەی لەگەڵ کرد. کوڕەکانیش

لەلای چەپی هۆڵەکەدا لەدەوری یەک کۆبوبونەوە. سڵاوێکیان لێکرد. فەرهادی لەناویاندا نەبینی. دەتوت هۆڵەکەی بەسەردا ڕوخا. ڕویکردە یاسەمین کە ساڵێک پێش ئەو هاتبویە زانکۆ. تەنها قوتابیەک کە لەنێوان کچ و کوڕەکانی گروپدا حەوت کۆرسی تەواو دەکرد فەرزانە بوو. سەرقاڵی گفتوگۆ بوو لەگەڵ یاسەمیندا کەگوێی لەدەنگی ئامۆزاکەی بوو کە بەدەنگێکی بەرز سڵاوی کرد. لایکردەوەو بەبێ ئەوەی سەیری چاوی یەکتری بکەن وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە. فەرهاد وەکو هەمیشە کاتێک ئەوی چ لەهۆڵی خوێندن و چ لەڕێڕەوەکەدا دەبینی دەستی کرد بەخۆ لوس کردن:

- سڵاو لەکچە مامی خۆم، سڵاو لەیەکێک لەکچانی کۆلێژی ئەندازیاری و مایەی سەربەرزی و شانازی خانەوادەی موجتەبایی...

قوتابیەکان دەستیان کرد بەپێکەنین. مەسعود وتی:

- براکەم تەنها دوێنێ شەو لەلای ئێمە بووی! چی یە؟

مەهدی وتی:

- شەویش کە لەپێش هەمومانەوە ڕۆشتیتە سەر جێگای نوستن و بەیانیش دوای هەمومان لەخەو هەستایت، چەند سەیرە تەشریفت هێنا؟

سوهەیل کەبینیی قوتابیەکان سەرگەرمی گاڵتەو پێکەنینن، کەوتە بیری قسەکانی دوێنێ شەوو بەسەرسوڕمانەوە وتی:

- تەنها یەک شەو لەخانەوادەی موجتەبایی دوور بوی چی یە ئەوەندە خۆت هەڵدەنێیت؟

- ئێمە ئیتر ئەمەین! کاکە گیان تۆ کە کچە مامێکی نمونەیت نی یە من چی بکەم؟

کورش چاوێکی لەمەهدی داگرت و مەهدیش مۆڕەیەکی بۆ کردوو



Scanned with CamScanner

بەئاماژە تێیگەیاند کەقسە نەکات.

فەرزانە لەسەرسوڕماندا خەریکبوو شاخی لێ دەڕوا. وەک ئەوەی کەدوێنێ ئەو قسانە بەنێوانیاندا نەچوبێت! وەک ئەوەی کە هیچ شتێک ڕوی نەدابێت. ئەسڵەن بەخۆیی نەدەهێنا کە بەقسەکانی چیی بەسەر کچە مامە نمونەیەکەیدا هێناوە. لەبەرئەوە ئەویش بڕیاریدا بەخۆی نەخات و ئاسایی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات.

ئوستاد هاتە ناو هۆڵ. وانە دەستی پێکرد. بەڵام فەرزانە تاقەتی لێ بڕابوو. لەسەر پارچە کاغەزێک شتێکی نوسی. دایە دەستی مەهدی و ئاماژەی پێدا کەبیدات بەفەرهاد. فەرهاد وەڵامەکەی نوسی و دوبارە دایەوە بەمەهدی.

ئوستاد فۆرمولێکی لەسەر بۆردەکە ڕووندەکردەوە، لەکاتێکدا کە مەهدی کاغەزەکەی بەفەرزانە دەدا ڕووی وەرگێڕا. نیگایەکی پڕ مانای سەرەتا خستە سەر فەرزانەو پاشان مەهدی. کە ڕونکردنەوەکەی تەواو بوو وتی:

- خانم موجتەبایی بێزەحمەت دوای تەواو بونی وانەکە کەمێک وەرە بۆ ژورەکەم...

فەرزانە وتی بەچاوان، دوبارە ئوستاد ڕویکردەوە بۆردەکە کاغەزەکەی کردەوە. لەوەڵامیدا کە پرسیبوی دوێنێ شەو لەکوێ بوی؟ نیگەرانت بوم. فەرهاد نوسیبوی لەبەشە ناوخۆیی. دوای تەواوبونی وانە دەبێت قسەت لەگەڵدا بکەم. کاغەزەکەی پێچایەوەو خستیە ناو گیرفانی مانتۆکەی.

دوای وانەکە ڕۆشت بۆ ژورەکەی دکتۆر سیادەت. چایچیەکە هاتە ژورەوە. کوپێک چای خستە سەر مێزەکەی ئوستادو بەئاماژەی ئوستاد کوپێکیشی خستە بەردەمی ئەو کە لەسەر کورسیەکەی بەردەم مێزی

ئوستاد دانیشتبوو.

فەرزانە دەستخۆشی لێکرد. چەند ساتێک بەبێدەنگی تێپەڕی. چاوەڕوان بوو بەهۆی پابەند نەبونی ناو هۆڵی خوێندن بکەوێتە بەر لێپرسینەوەو سەرزەنشت کردن. هەر لەم بێدەنگیەدا، ئوستاد قومێکی دا لە چایە گەرمەکەی. فەرزانە هەستێکی باشی نەبوو. دڵی توند لێی دەدا. فەرهاد لەپشتی دەرگاکەوە چاوەڕوان بوو. ئوستاد نیگای خۆی لەسەر کوپە چایەکە هەڵگرت و ڕویکردە فەرزانە:

- سەیرکە خانم موجتەبایی! دەتوانم بەبێ پێشەکی بڕۆمە سەر ئەسڵی بابەتەکە؟!

- تکات لێدەکەم ئوستاد دەزانم کارێکی دروستنەبوو نامە گۆڕینەوە لەناو دەرسدا...

- نا، نا، ئەسڵەن ئەوە کێشە نی یە. تەنها دەمەوێت بڵێم ئێوە...

...وە دوبارە بێدەنگ بوو. فەرزانە تێکچوبوو. بۆچی قسەیەکی نەدەکرد؟ لەبەرئەوە دیسانەوە خۆی وتی:

- ئوستاد فەرموو، بەخوا نارەحەت نابم. خۆتان دەزانن کە ئێوە لەگەڵ ئوستادەکانی تردا جیاوازن بۆ ئێمە نەک تەنها لەبەرئەوەی کە ئوستادی ڕێنمایی ئێمەیت بەڵکو لەبەرئەوەیە کە گوێ لەقسەکانمان دەگرن و لەئێمە تێدەگەن...

- ئۆوو، سوپاس. سوپاسی ئەم هەموو لوتفەتان دەکەم. ڕاستیەکەی چۆن چۆنی بڵێم. تۆ قوتابیەکی بەتوانایت. پێویستە بەردەوامی بەخوێندنەکەت بدەیت هەتا پلە بەرزەکان بەدەست بهێنیت... مەبەستم ئەوەیە کە ئاغای مەهدی، مەهدی مەهدەوی لەجیهانێکی تردایەو...

فەرزانە کە تازە کوپە چایەکەی هەڵگرتبوو بیخواتەوە، زەردەخەنەیەکی

زۆرزانانەی کردو وتی:

- لەمەبەستەکەتان تێگەشتم ئوستاد! بەخوا شتێکی وانەبوو. دوێنێ شەو کوڕە مامەکەم نەهاتبویەوە ماڵەوەو باوکم و ئەوان نیگەرانی بون. لەسەر کاغەزەکە نوسیم دوێنێ شەو لەکوێ بوی؟ وەڵامەکەی دا بەمەهدی کە بیدات بەمن هەر ئەمە!

ئوستاد هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. وەک ئەوەی ئارامتر بوبوو ئاسودەتر دەیتوانی بەردەوام بێت:

- خانم موجتەبایی لەم چەند کۆرسەدا کە من وانەم پێ وتیت بەبێ زیادەڕەوی تێگەشتم کە تۆ نمونەییت. پێویستە بەشێوەیەک بژی، هاوسەرگیری بکەیت کە نمونەیی بون و تواناکەت وەکو ژنانی تەقلیدی تەنها لەچێشتخانەدا بەهەدەر نەڕوات...

- ئێوە لوتفتان هەیە ئوستاد، بەشەرمەوە سەری داخست.

- کەوایە لەمەبەستەکەی من تێگەشتیت؟

- بەڵێ ئوستاد، ئەگەر خوا بیەوێت کۆرسی ئاینده کە کۆرسی کۆتایمە بەشداری لەتاقیکردنەوەی پێشکەوتودا دەکەم و بەڵێن دەدەم کەسەربەرزتان بکەم.

- باشە، ئەمە زۆرباشە. کەوایە لوتف بکەن و لەگەڵ خانەوادەکەتاندا قسە بکەن. من بەپێی داب و نەریت لەگەڵ خانەوادەکەمدا دێین بۆ ماڵتان، کارەکانی تریش دەمێنێتەوە بۆ دوای تاقیکردنەوەی کۆتایی...

فەرزانە لەئارەقدا خوسابوو. چاوەڕوانی هەر قسەیەکی دەکرد جگە لەمە. دەست و پێیەکانی ون کردبوو نەیدەزانی دەبێت چی بڵێت، هیچ کاتێک نەکەوتبویە بارودۆخێکی ئاوا. گوێی لەقسەکانی ئوستاد نەبوو. بیری لەفەرهاد کردەوە کە ئێستا لەپشتی دەرگای ژورەکە چاوەڕوانی

ئەو بوو. بیری لەدکتۆر سیادەت دەکردەوە کە ئێستا خەریکبوو خوازبێنی لێدەکرد. ئوستادێک کە هاوسەرگیری کردن لەگەڵیدا ئارەزوی هەرکچێک بوو کە لەو کۆلێژەدا خوێندبووی. لەناو بیرکردنەوەکانیدا نغرۆ بوو کە ئوستاد هێنایەوە بەخۆیدا:

- وەک ئەوەی کە لەشتێک نارەحەت بویت. دەزانم لەوانەیە ئەم شێوە خوازبێنیە لێرەدا گونجاو نەبێت، بەڵام هەوڵ دەدەم...

فەرزانە ئیتر ئارامی نەما پاشماوەی قسەکانی ئوستاد ببیستێت. پەشۆکاوو دەستەپاچە وتی:

- ببورن ئوستاد پێویستە من بڕۆم و تەنانەت چاوەڕوانی مۆڵەتی ئوستادیشی نەکرد، جانتاو کتێبەکانی هەڵگرت و ڕۆشت. دەرگاکەی کردەوە، پێی وابوو لەقەفەس هاتۆتە دەرەوە. پێی خۆشبوو بگری. فەرهاد کە هێشتا چاوەڕوانی ئەو بوو هاتە پێشەوەو وتی:

- چیبوو؟ لێت توڕەبوو؟ بابە کەمێک ئارامت بگرتایە کە وانەکە تەواو بوو خۆم دەهاتمە دەرەوەو هەموو شتێکم باس دەکرد. لەهەموو کارەکاندا عەجولی دەکەیت!

- نا، نا، لێم توڕە نەبوو. شتێکی وای نەوت. بابڕۆینە دەرەوە. لەم ڕێڕەوە تەسکەدا خەریکە دەخنکێم. بابڕۆینە حەوشەکە.

- هیچی نەوت؟ ئەی بۆچی تێکچوی؟ بێتاقەتی؟

فەرهاد بەشەرمەوە سەری داخستو وتی:

- هێشتا لەقسەکانی دوێنێم دڵگرانی؟

- باشە ئێستا بابڕۆینە دەرەوە توخوا!

قوتابیەکان دەورەیان لێدان. هەرکەسەو شتێکی دەوت. فەرزانە خۆی کۆکردەوەو بەخۆنواندنەوە وتی:

- پێتان وابوو من لەلای دکتۆر سیادەت بچوک دەبمەوە؟ شتێکی وانەبوو تەواو بوو بابە.

بەبێ وەڵام هەموانیان گێرایەوەو کچە مام و کوڕە مام ڕۆشتن و لەسەر ئەو کورسییە چیمەنتۆیەی کە ڕوی لەباخچەکە بوو دانیشتن.

فەرزانە بەجانتاکەی یاریی دەکردو چاوەڕوانبوو فەرهاد دەست پێبکات. دوای کەمێک ئەملاو ئەولا فەرهاد وتی:

- من لەڕەفتاری دوێنێم بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم. ڕاستیەکەی ئاخر... چۆن چۆنی بڵێم. هەتا ئەو کاتەی کە لەماڵی ئێوە دەژیم ناتوانم هیچ قسەیەک بکەم. تەنها لەوە زۆر تورە بووم کە تۆ پێت وایە تەنها تۆ دڵت هەیە. هیچکات بیرت لەوە نەکردەوە ئارەزوی هەر گەنجێکە کە لەگەڵ کچێکی جوان و وریای وەکو تۆدا هاوسەرگیری بکات؟ ئەگەر تائێستا قەسەیەکم نەکردووە بۆ ئەوەبوو چارەنوسی خوێندن و کارم ڕون ببێتەوە، دواتر...

من تەنها لەوە سەرم سوڕماوە کە چۆن چۆنی هەموو کوڕەکانی کۆلێژ دەزانن و تێگەشتون کە چەندە تۆم خۆش دەوێت، بەڵام خۆت...

بەناڕەحەتیەکی نیشاندەری شەرمەزارییەوە بەردەوام بوو: خودایە! دوێنێ بۆچی بەم شێوەیەی لێهات؟

بەخەمبارییەوە سەری ڕاوەشاند.

فەرزانە باوەڕی نەدەکرد ئەم قسانە لەدەمی فەرهادەوە دەبیستێت. حەزی دەکرد هاوار بکات و بە هەموان بڵێت کە عیشقەکەی ئەو یەک لایەنە نەبووەو هەڵەی نەکردووە. بەڵام هیچی نەوت. تەنها چاوی بڕیبووە چاوەکانی فەرهاد کە جۆگەلەی فرمێسکەکان سەرنجڕاکێشترو پاکتری کردبوون لەهەمیشە. نەیدەتوانی لەوە زیاتر بینەری ئازارو ناڕەحەتی ئەو

بێت. هەرچەندە لەدووبارە کردنەوەی قسەکانی دوێنێ حاڵی تێکدەچوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا وتی:

- ئاخر... بۆچی بەو شێوەیە ڕەفتارت کرد؟ هەر بەو ئاسانی یە دڵمت شکاندوو ڕۆشتی. ئەسڵەن تۆ زانیت من دوێنێ شەوم چۆنم لێ گوزەرا؟ ئەوەندە لێت توڕەبووم کە تۆزێکی مابوو بەخوازبێنی براکەی مەرزیە خانم وەڵامی بەڵێ بدەمەوە.

فەرهاد لە جێگەکەی هەستایەوەو کەمێک بە توندی وتی:

- برای مەرزیە خانم کێ یە ئیتر؟ پێویست ناکات. با ئەم یەک دوو مانگە تەواو ببێت...

دوای کەمێک وەستان وتی:

- بەڵام شتێکیش هەیە...

- چ شتێک؟

- ئەوەی کە وەک خۆت دەڵێیت من کوڕی لادێم. تۆ ڕازیت بێیتە لادێ؟

فەرزانە پێکەنینێکی کردو وتی:

- ئێستا کەسێک نەزانێت پێی وایە منالّی شمرونم و لەزەعفەرانیە گەورە بوم. شێتە، دوێنێ خۆت وتت منیش لەهەمان ئەو دێیەوە هاتووم! دوێنێ توڕەت کردم و قسەیەکم کرد، بۆ خۆت چی دەڵێیت؟

کچە مام و کوڕە مام ئەوەندە بەگەرمی قسەیان دەکرد وەک ئەوەی کەساڵانێکە یەکیان نەبینیبێت. مەهدی بانگی فەرهادی کردو لەناکاودا فەرزانە وەکو سپرینگ لەجێگاکەی ڕاپەڕی و جانتاو کتێبەکانیی کۆکردەوەو وتی:

- ئەی وای قوڕ بەسەرم! من وانەم هەیە. نیو کاتژمێریشی بەسەردا

ڕۆشتووە.

لەناو دەرسدا هیچ تێنەگەشت. جارێک قسەکانی دوێنێی فەرهادو جارێک قسەکانی ئەمڕۆی و بەڵین و پەیمانەکانی بەخەیاڵی خۆیدا دەهێناو دەبرد. لەناو ئەم ڕوداوانەدا سەروچاوی براکەی مەرزیە خانمیش پەیدا بوبوو دکتۆر سیادەتیش کە هێشتا نەیتوانیبوو قسەکانی ئەو لەناو زهنیدا لێک بداتەوە. کە دەرس تەواو بوو چاوێکی بەنوسینەکانیدا گێڕایەوە، تەنانەت خۆشی نەیتوانی بیانخوێنێتەوە. دەفتەرو کتێبەکانی کۆکردنەوەو لە ڕێڕەوەکەدا خواحافیزیەکی خێراو بەپەلەی لەگەڵ قوتابیەکاندا کە فەرهادیشیان لەناودا بوو کردوو ڕۆشت. شەوق و خۆشیەکی وا لەناو ناخیدا بەرپابوبو کە پێی وابوو دەتوانێت هەتا ماڵەوەیان ڕابکات...



Scanned with CamScanner

# وەرزی حەوتەم

کە دەرگای حەوشەکەی لەدوای خۆیەوە داخست، دەنگی بەرز بویەوە:

- سڵاو! سڵاو... دایە نیوەڕۆ چیمان هەیە؟ لەبرسێتیدا خەریکە دەمرم.

دایکی کە لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا بوو وەڵامی دایەوە:

- سڵاو. چی یە کچێ! چیتە، دنیات هێناوەتە یەک!

- ببورە دایە. نانی بەیانیم نەخوارد زۆر برسیمە! نیوەڕۆ چیمان هەیە بڵێ هەتا لەبرسێتیدا نەمردوم.

- پەنا بەخوا! کتلێتمان هەیە. منالەکان هەمویان لەقوتابخانە هاتونەتەوە هەتا دەست و دەموچاوت دەشۆیت سفرە ڕادەخەم. ڕاستی فەرهاد هاتبوو؟

هەر بەوشێوەیەی کە لەپلیکانەکانەوە دەڕۆشتە سەرەوە وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ هاتبوو. دوێنێ شەو لەلای هاوڕێکانی بووە لەبەشە ناوخۆیی.

کە هاتە خوارەوە سفرەکە ڕاخرابوو. هەموان جگە لەبابە کە لەسەر کاربوو ئامادە بون. ئەوەندە بەپەلەو تامەزرۆییەوە نانی دەخوارد دەتوت لەساڵەکانی قاتی بەجێماوە. سەبەتە پڕ سەوزەکەی بەردەمی خۆی خاڵی

کردو سەبەتەکەی بەردەم بەهزادو بەهرامیشی هێنایە لای خۆی. فەرزاد وتی:

- چی یە کچێ؟ مەگەر بوی بەگیاخۆر؟ یان کەوتونەتە شوێنت؟ ڕویکردە دایکی و وتی:

- دایە ڕاستی ئەم مەرزیە خانمە دوبارە هاتبویەوە چی دەوت؟

دایکی بە توانجەوە بەفەرزادی وت:

- نانەکەت بخۆ کوڕە. پێویست ناکات خۆت لەقسەی ژناندا هەڵقورتێنی.

- خۆم هەڵناقورتێنم. مەبەستم ئەوەیە کە ئەم پورە مەرزییەیە چی دەوت؟ فەرزانە زۆر سەلارەو لەم قسانە... توخوا مەیدەن بەشوو هەرکەس بیبات دەیهێنێتەوە. ئەوەندە فۆرمولی حسابی و فیزیکی خوێندووە نانخواردنیشی بیرچۆتەوە.

هەمویان، تەنانەت دایکیشی پێکەنی. فەرزانە نەک تەنها ئەم قسەیەی پێخۆش نەبوو دڵیشی لەرزی. ئێستا کە فەرهاد قسەکانیی کردبوو قەول و بەڵێنەکانیان دابوو بەیەکتری، پێی خۆش نەبوو ناوی هیچ پیاوێک تەنانەت بەناونیشانی خوازبێنیکاریش ببیستێت.

سفرەکەیان کۆکردەوەو دایکی پەروانەی بانگکردو وتی:

- پەری گیان تۆ قاپەکان بشۆ من کارم هەیە بەخوشکەکەت.

پەروانە بەگاڵتە پێکردنەوە بەلای فەرزانەدا تێپەڕی و وتی:

- دواتریش بڕۆم بەدوای کاری خۆمدا، هەتا ئێوە قسەکانتان تەواو دەکەن. ئەی خوایە چی دەبێت ئێمەش ببینە بوک و کار نەکەین.

فەرزانە بەسوکی نقورچێکی گرت لەبازوی خوشکەکەی و بەهێواشی چپاندی بەگوێیدا:

- بێ شەرم! عەیبە. ئێستا کێ ویستویەتی ببێتە بوک؟ دواتر بەدوای دایکیدا ڕۆشتە ژورەکە.

دایکی دوای پێشەکییەک وتی:

- کچم جاری یەکەم نی یە کە خوازبێنیکارت بۆ دێت. من تائێستا نەمداوە لەڕووت وردە وردە خەریکە خوێندنەکەت تەواو دەبێت پێویستە لەبیرماندا بێت کە دوای تۆ فەرزادو پەری و بەهرام هەن. ئەمانەتن ئیتر پێویستە بەسەلامەتی یەک یەک بڕۆن.

- ببورە دایە ئێستا بۆچی ئەوەندە بەپەلە؟ هێشتا کۆرسێکی خوێندنەکەم ماوە، جگە لەوەش من جێگای پەری یان ئەوانی ترم تەنگ کردووە حەقم چی یە بەسەر فەرزادو بەهرامەوە؟ توخوا ئەم قسانە چی یە؟ دواتر دەموچاوی دا بەیەکدا.

- سەیرکە کچم من کاتێک لەتەمەنی ئێستای تۆدا بوم سێ منالم هەبوو. زوو بێت یان درەنگ پێویستە هەموو کچێک هاوسەرگیری بکات. براکەی مەرزییە خانم ماوەی ساڵێک دەبێت لەشارستانەوە هاتۆتە تاران کار دەکات. ڕۆشتۆتە سەربازیش، ژمێریاری فەرمانگەیەکە. خۆشت پورە مەرزیەو ئەوانت بینیوە کە چ مرۆڤانێکی پاک و نەجیبن. چەند ساڵە لەم کۆڵانەداین هەتا ئێستا کەس خراپەی لەبارەیانەوە نەوتووە. ئەوانیش وەکو خۆمان لە شارستانەوە هاتون. کەمێک وەستاو بەردەوام بوو:

- باشە چی دەڵێیت کچم؟ ئەمە چەند مانگە وتویانە خۆم هەر ئیزنم دان بەڵام ئەوان دەست هەڵناگرن.

فەرزانە مات و بێدەنگ بوبو. هەردوێنێ شەو لەپەریی بیستبوو کەخانەوادەکەی بەم خوازبێنی یە ڕازی نەبون. ڕوادەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ بەتەواوی گێژیان کردبوو. دوێنێ عاشقانە تکای لەفەرهاد دەکرد کە بێتە

پێشەوە، براکەی مەرزیە خانم پەیدابوبو. ئەمڕۆ کە فەرهاد عیشق و خۆشەویستیە دێرینەکەی خۆی بۆ باسکردبوو، دکتۆر سیادەت پێشنیاری هاوسەرگیری پێدابوو.

دایکی جارێکی تر پرسیارەکەی ڕونتر پرسی:

- فەرزانە گیان تۆ خوێندەواریت. خۆت بڵێ چی وەڵامی پورە مەرزیە بدەمەوە؟

فەرزانە بەدڵنیایی و بەبێ هیچ ئەملاوئەولایەک بەتوندی وتی:

- دایە! تکایە پێیان بڵێ نیازی بەردەوامی دانم بەخوێندن هەیە. ئێستا دەمەوێت بەردەوامی بەخوێندنەکەم بدەم بینیت کە باوکیشم هەرئەمەی دەوێت.

- باشە کچم خۆت دەزانیت. زۆرت لێ ناکەم. باوکیشت خۆشبەختی تۆی دەوێت. بەڵام ئەوە بزانە کە ئاغا سیاوەش تۆی زۆر خۆش دەوێت. لەهەموشی گرنگتر نەجیب و ڕێکوپێکە. من ئەرکی سەرشانم بوو هەموو شتێکت پێ بڵێم. بڕیار لەدەستی خۆتدایە.

شەو کە مناڵەکان ڕۆشتن بۆ ژورەکانی خۆیان دایەو بابە دووبەدوو لەچێشتخانە سەرقاڵی چپە چپ بوون کە دەنگی بابە بەرز بویەوە:

- من وتم نا! بۆچی بەم کچەت وتوو خەیاڵیت مەشغوڵ کرد؟ لێگەڕێ خوێندنەکەی بکات و لەکاتی خۆیدا هاوسەرگیریش دەکات. ئەگەر نەمرم نۆکەریی دەکەم بۆ ئەوەی لەهەرجێیەک بیەوێت بخوێنێت.

فەرهاد هێشتا نەنوستبوو کە دەنگی مامی بیست، لەلایەکەوە خۆشحاڵ بوو کە مامی نایەوێت کچەکەی بدات بەسیاوەش، لەلایەکی تریشەوە ئیحساسی ترس و مەترسی دەکرد. ئەگەر بێت بۆ خوازبێنی و وەڵامی ڕەد وەربگرێت، چی دەبێت؟ کەمێک بیری کردەوە، کە لوتف و

موحیبەتەکانی مامەی بەبیرهاتەوە، دڵی گەرم بوو. بەخەیاڵی ئاسودەوە ڕۆشتە ناو جێگای نوستن.

فەرزانە بەئارامی یەوە لەژورێکدا نوستبوو کە لەخوار ژوری کوڕێکدا بوو کە پیاوی خەونەکانی بوو. هاوڕێی یاریی منالّیی و هاوپۆلی. پیاوێک کە بۆ ژیان تەنها بیری لەو دەکردەوە. دەنگی دایەو بابەی نەبیست، چون دوای نوسینی داڕشتنەکەی پەری بەخەونی ژیان لەگەڵ فەرهاددا خەوی لێکەوتبوو.

بەیانی بەخۆشحاڵی یەوە لەخەو هەستا. دواتر کە بیری کەوتەوە دووبارە وانەی دکتۆر سیادەتیان هەیە، دیسانەوە سترێس بویەوە. بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی بیر لەخوازبێنیەکەی دکتۆر بکاتەوە. ئاخر لەگەڵ هەبونی ئەو هەموو کچەی خاوەن بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆرا، بۆچی دەبێت خوازبێنی لەو بکات؟

فەرهاد لەم وانەیەدا دەرچو بوو ناچار بوو بەتەنها بڕواتە ناو دەرس. هەرچەند فاگمە و یاسەمینیش ئەم وانەیەیان هەبوو و لەدەرسدا بون، بەڵام ئارامی نەبوو. کە لەناو دەرسدا دانیشتبوو بەخێرایی شتی دەنوسی. هەرکات کە سەری بەرز دەکردەوە نیگای قورسی ئوستادی لەسەر ڕوخساری خۆی ئیحساس دەکرد. ماوەی دەرسەکەی زۆر بەلاوە دورودرێژو ماندووکەر بوو. بێزاربوبو. لەدڵی خۆیدا وتی:خودایە! ئاخر ئەمە کەی کاتی خوازبێنی بوو؟ خۆزگە دوێنێ ئەو ڕوداوە ڕوی نەدایە کە بیانو بکەوێتە دەستی ئوستاد.

ئوستاد تەباشیرەکەی خستە کەناری بۆردەکەو بەو دەسماڵەی کە لەگیرفانیدا دەریهێنا دەستەکانی پاککردەوە. ڕویکردە قوتابیەکان و وتی:
- کەس پرسیاری نی یە؟

هەمویان دەستخۆشییان کردو دەرسەکە تەواو بوو. بەڵام دوبارە ئوستاد داوای لێکرد بڕوات بۆ ژورەکەی. ئەمجار بەیاسەمینی وت:

- دێیت بڕۆین بۆ ژوری ئوستاد بزانین چ کارێکی هەیە؟

یاسەمین ڕازی بوو. بەیەکەوە ڕۆشتن بۆ ژورەکەی ئوستادو لەکەناری یەکتریدا لەسەر کورسیەکی نزیک مێزی ئوستاد دانیشتن. ئوستاد ڕویکردە یاسەمین و وتی:

- خانمی خادمی کارێکت هەبوو؟

یاسەمین دەستپاچە بوو وتی:

- نا... هیچ عەرزێکم نەبوو تەنها لەگەڵ خانم موجتەباییدا هاتم.

ئوستاد بە جدییەتەوە وتی:

- کەوایە بێزەحمەت بڕۆن لەدەرەوە چاوەڕوانی ئەم بن، دوایی دێت.

فەرزانە لەبارودۆخێکی خراپدا گیری خواردبوو. یاسەمین کە خەریک بوو دەڕۆشتە دەرەوە، ئوستاد داوای لێکرد لەدوای خۆی دەرگاکە دابخات و ڕویکردە فەرزانەو وتی:

- خانم موجتەبایی! دەربارەی پێشنیارەکەی من بیرت کردەوە؟ بە خانەوادەکەتت وت؟

فەرزانە کە ئەمڕۆ باوەڕبەخۆبونی پەیداکردبوو، خۆی کۆکردەوەو وتی:

- بەوپەڕی شەرمەزارییەوە ئوستاد، بەپێویستم نەزانی تا باسی بکەم.

- بۆچی؟!

- هەروەک کە خۆتان فەرموتان من نیازی بەردەوامی دانم بەخوێندن هەیەو ئێستا ناتوانم...

- سەیرکە ئەسڵەن مەرجی هاوسەرگیرییەکە بەردەوام بونی تۆیە لەخوێندن. کەوایە هیچ کێشەیەک نی یە!

- بۆچی نا ئوستاد! کێشە زۆرە. جیاوازی تەمەن، جیاوازی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئێمە. ئێوە لە ئەمریکا خوێندوتانە، ماڵتان لەباکوری شارە. بەڵام ئێمە شەش کەس لەماڵێکی شەست مەتریدا دەژین و...

- تۆ کچێکی خوێندەواریت، چاوەڕوان ناکەم بەمشێوەیە سەیری دنیا بکەیت؟ خۆ بڕیار نی یە من ماڵەکەی ئێوە بکڕم کە بۆم گرنگ بێت چەند مەترە. تکات لێدەکەم بەجدی بیر لەپێشنیارەکەی من بکەیتەوە. عەجولانە وەڵام مەدەوە.

- نا ئوستاد! مۆڵەت بدەن هەر ئەم پەیوەندی ئوستادی و قوتابیەتی یە بمێنێتەوەو خانەوادەکەشتان نیگەران مەکەن. من منالّی باشوری شارم و شانازیش دەکەم بەڵام پێم خۆش نی یە کاتێک خانەوادەکەتان بێن...

- خانم موجتەبایی...

- مۆڵەت بدەن ئوستاد! ئەڵبەتە ئەمە بەلای منەوە گرنگ نی یە، گرنگ ئەوەیە کە باوکم کرێکارێکی زەحمەتکێشە کە بەکارو هەوڵدان ئارامشی بۆ ئێمە فەراهەم کردووەو من نامەوێت ئەم ئارامشە بەهیچ نرخێک لەدەست بچێت. بەیارمەتی.

بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی ئوستاد بێت هەستایە سەرپێ. لە ژورەکە هاتە دەرەوەو دەرگاکەی داخست.

یاسەمین هێشتا لەپشتی دەرگاکەوە چاوەڕوانی بوو. کاتێک ڕوخساری داگیرساوی فەرزانەی بینی نیگەران بو:

- چی بووە کچێ؟ هێشتا بابەتەکەی دوێنێ یە؟ ئاخر مەگەر کەی ئەوەنە گرنگ بوو کە ئوستاد...

فەرزانە ئیتر نەیدەتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، بەگریانەوە باوەشی کرد بەیاسەمیندا.

- فەرزانە گیان توخوا مەگری. بڵێ چی بووە خۆ من دڵم تەقی.

- هیچ. دەتویست چی بێت؟ ئوستاد خوازبێنی لێکردم.

یاسەمین لەژێر لێوەوە بەئارامی وتی:»خوازبێنی؟«

سەرەتا زەردەخەنەیەکی کردو پاشان زەردەخەنەکەی گۆڕا بۆ قاقا. هەوڵیدا بەسەرخۆیدا زاڵ بێت. وتی:

-باشە شێتە مەگەر ئەمە خراپە؟ ئارەزوی هەر کچێکە کە دکتۆر سیادەت خوازبێنی لێبکات، تۆش خەریکی دەگریت؟

- توخوا ئیتر هیچ مەڵێ. تەنها وەڵامی پرسیارەکەم بدەوە. هەتا ئێستا عاشقی کەس بویت؟

پێکەنینەکەی یاسەمین لەسەر لێوی وشک بوو. بێدەنگ بوو سەری داخست. فەرزانە دوبارە پرسیی:

- پرسیم هەتا ئێستا عاشقی کەس بویت؟ پێت وایە کەسێک عاشقی کەسێک بێت بەڵام بیر لەخوازبێنی کەسێکی تر بکاتەوە؟

یاسەمین کە ئیتر پێنەدەکەنی، برۆکانیی هێنایەوە یەک و وتی:

- حەق بەتۆیە. مرۆڤ ئەگەر کەسێکی خۆش بوێت ئامادە نی یە لەگەڵ هیچ کەسی تردا بیگۆڕێتەوە تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە ئوستادەکەی یان سەرۆکی بەشەکەی بێت.

فەرزانە کەمێک ئارام بویەوە:

- سوپاست دەکەم کە لێم تێدەگەیت، دەی کەوایە یارمەتیم بدە.

- باشە ئەزیزم! نەدکتۆر سیادەت نەهیچ کەسێکی تر نابێت ئێوە لەیەک جیا بکاتەوە. یەک بەشی هونەرییەو دوو دانە موجتەبایی کە هەموان دەزانن چەندە یەکترییان خۆش دەوێت.

- یاسەمین! ئەم قسەیە مەکە. هیچ کەس نازانێت کە من و فەرهاد...

- بەڵێ وایە. تەنها حافزی شیرازی نازانێت. پێم سەیرە دکتۆر سیادەت بەم هەموو هۆش و زیرەکییەوە چۆن تێنەگەشتووە؟



Scanned with CamScanner

فەرزانە شانەکانیی بەرز کردەوە:

- چی بڵێم وەڵڵا. ئەمەش لەبێبەختی منەوەیە. ڕاستی تۆ هەتا ئێستا عاشقی کەس بویت؟

یاسەمین ئاهێکی هەڵکێشاو هێشتا وەڵامی نەدابویەوە کە مەهدی هات و وتی:

- سڵاو خانم موجتەبایی سڵاو خانم خادمی! مەلزەمەکەی ئوستاد شاهوردیم بۆ کۆپی کردویت فەرموو.

مەلزەمەکەی دایە دەستی یاسەمین و بەبێ ئەوەی یەک قسەی تر بکات ڕۆشت.

فەرزانە بە زۆرزانی یەوە وتی:

- منیش چەند نەزانم! بەخوا هەتا ئێستا نەمزانیبوو. براکەم ڕاست دەکات ئەوەندە نغرۆی دەرس و فۆرمولەکان بویت کە ئادابە کۆمەڵایەتیەکانت لەبیرکردووە!

خەم قورگی یاسەمینی گرت، لەکاتێکدا کە مەلزەمەکەی دەخستە ناو جانتاکەی، وتی:

- بەڵێ فەرزانە گیان من لەتۆ نەزانترم کە وابەستەی ئەم کوڕە گێژە بووم. بەڵام چ سودێکی هەیە؟

- بۆچی مەگەر کێشەیەک هەیە؟

- کێشە کە نا. ئەو تەنها وابەستەی جەنگەو هەتا ئێستا بەزۆری دایک و باوکیەتی کەنەڕۆشتۆتووە بۆ بەرەکانی جەنگ. بەردەوام لەمن هەڵدێت. خانەوادەکەی دەزانن، ڕازیشن. بەڵام خۆی دەترسێت بێتە پێشەوەو ببەسترێمەوە بەدیارییەوە. سەیرکە من چەند بەدبەختیم هەیە!



Scanned with CamScanner

## وەرزی هەشتەم

ڕۆژەکانی تر هەتا کۆتایی کۆرس زۆر بەخێرایی تێدەپەڕین. کچە مام و کوڕە مام قەول و بەڵێنی خۆیان دابوو، فەرزانە بەشەوق و زەوقەوە یارمەتی فەرزادو پەریی دەدا لەوانەکانیاندا. فەرهادیش زۆرینەی شەوەکان بە خەیاڵی ئاسودەوە دەڕۆشت بۆ بەشەناوخۆیی و یارمەتیی هاوڕێکانیی دەدا.

فەرزانە لەلایەکەوە خۆشحاڵ بوو کە فەرهاد هەرحەوت کۆرسی خوێندنەکەی تەواو دەکات و زوتر چارەنوسی ژیانیان ڕون دەبێتەوە، لەلایەکی تریشەوە دووری ئەوی بۆ سەخت و تاقەت پروکێن بوو. بەتایبەت کە ئیتر هەموو قەول و بەڵێنێکیان دابوو بەیەک.

یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی وەرز بوو کە دوبارە دکتۆر سیادەت ئەوی بانگکردەوە بۆ ژورەکەی خۆی. بەڵام ئەمجارە لەگەڵ جارەکانی تردا جیاواز بوو. ئوستاد دوای هەواڵپرسییەکی کورت وتی:

- خانم موجتەبایی پێم خۆش نەبوو دووبارە بێزارت بکەمەوە بەڵام پێم وایە یەک داوای لێبوردنی تۆ قەرزارم.

- نا ئوستاد ئەم قسانە چی یە؟

- باسی تەعارف و ئەم قسانە نی یە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە من نیگەرانی تۆ بوم، پێم وابوو لەوانەیە لەگەڵ ئاغای مەهدەویدا

هاوسەرگیری بکەیت. واتە...دەزانیت ئەو لە ئاستی تۆدا نی یە. ئەڵبەتە هێشتا لەسەر قسەی خۆم سورم کە نابێت زیرەکی و توانای تۆ بەهەدەر بچێت. دواتر کە بیستم تۆ دەسگیرانی کوڕە مامەکەتیت، خۆشحاڵبوم کە بڕیارە لەگەڵ کەسێکدا هاوسەرگیری بکەیت کە وەکو خۆت بەتواناو هەوڵدەرە. منیش ئارەزوی خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم.

فەرزانە لەشەرمەزاریدا هەموو گیانی بوبو بەئارەق و بە شەرمێکەوە سەری داخست و وتی:

- دەسگیران نا. بەڵام قەول و بەڵێنگەلێک هەیە. منیش داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر جوان قسەم لەگەڵ ئێوەدا نەکردو...

- نا ئەسڵەن. دوبارە ئارەزوی خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم و وەکو خۆت وتت هەمیشە دەتوانین لەسەر پەیوەندی ئوستادو قوتابیەتی خۆمان بمێنینەوە.

فەرزانە پێی نەدەکەوتە زەوی. ئیحساسی دەکرد خۆشبەختی چەند هەنگاوێک لەولای ئەوەوەیەو هەرئەوە بەسە فەرهاد هەنگاوێک بنێت بۆ ئەوەی هەموو خەونەکان بەشادی و خۆشی ببنە واقیع.

ڕۆژانـی کۆتایی تاقیکردنەوەکان بوو کە فەرهاد وردە وردە کەلوپەلەکانیی کۆدەکردەوە. هەموان تەنانەت مامە، ئامۆژن و مناڵەکانیش دڵتەنگ بون. سێ ساڵ و نیو لەگەڵ ئەودا ژیابون. ڕۆژی ڕۆشتن گەشت. یەکێک لە ڕۆژە گەرمەکانی هاوین بوو، ناخۆش و تاقەت پروکێن.

هەموان چاوەڕوانی بابە بون کە بێت و فەرهاد ڕەوانە بکات. کە بابە هات فەرهاد لەبەری هەستایەوە. تەوقەی لەگەڵ کردو دەستی بابەی ماچکرد.

- مامە گیان تۆ لەبەرامبەر مندا باوکایەتیت کرد. جیابونەوە لەئێوە

زۆر بۆم سەختە، گەردنم ئازاد بکەن.

ئەوەندە کەشەکە خەماوی بوو کە زۆری نەمابوو هەموان دەستبکەن بەگریان. بابە وتی:

- ئەم قسانە چی یە؟ تۆش هەروەک و فەرزاد بویت و هەیت، ڕویکردە ئەوانی ترو وتی:

- ئێستا بۆچی هەموتان ماتەم دایگرتون، خۆ ناڕواتە سەفەری قەندەهار! انشاالله تاقیکردنەوە دەکات و دوبارە لەتاران وەردەگیرێت و دیسان دێتەوە.

ڕویکردە کوڕەکان و وتی:

-بڕۆن ئاو بهێنن بیکەن بەدوای ئاغا ئەندازیاری خۆمدا کە دوبارە لەتاران وەربگیرێتەوەو زوو بگەڕێتەوە.

دوای خواحافیزی مناڵەکان یارمەتییان داو کەلوپەلەکەی فەرهادیان خستە ناو ئۆتۆمبێلەکەی بابەوەو ڕۆشتن بۆ تەرمیناڵ.

فەرهاد ڕۆشت. فەرزانە مایەوەو چاوەڕوانی و دنیایەک پڕ لەخەونی شیرین. زوتر لەوەی کە بیری لێ دەکردەوە دڵتەنگی دایگرت. دوای چەند ڕۆژێک ڕۆشت بۆ زانکۆ وەکو هەمیشە بەرزترینی نمرەکان نمرەی موجتەباییەکان بوون.

دو سێ هەفتەیەک لە ڕۆشتنەوەی فەرهاد بۆ باکور تێنەپەڕیبوو، کە ڕۆژێکیان لەگەڵ مامەو ئامۆژن بە کۆمەڵێک سوغاتیەوە هاتن بۆ تاران. ئەو ڕۆژە فەرزانە لەماڵ نەبوو لەگەڵ هاوڕێکەیدا ڕۆشتبوو بۆ بازاڕ. فەرهادیش لەگەڵ گەشتنی، بەئەندازەی ماوەی خواردنی چایەک دانیشت و هەر زوو ڕۆشت بۆ زانکۆ بۆ یەکلاکردنەوەی حسابی پارەی زانکۆ.

دوو براکە بەیەکەوە قسەیان دەکردو دایکەکانیش لە چێشتخانە



Scanned with CamScanner

سەرقاڵی دروستکردنی خواردن و قسەی ئاسایی بون:

- توخوا مەگەر ئێمە میوانین کە ئەوەندە خۆتان خستۆتە زەحمەتەوە، زەحمەتەکانی ئەم چەند ساڵەی فەرهاد کەم نەبون؟

- ئەمە چ قسەیەکە بەتول خانم! خوا خۆی ئاگادارە ئەگەر من جیاوازیم لەنێوان ئەوو فەرزاددا کردبێت. ئەوەش ئەرکی سەرشانم بووە.

- ئەرکی چی؟ چاکی خۆتانە. هیچ کات چاکیتان لەبیر ناکەین. خوا هەمیشە سەربەرزتان بکات.

سینیە چایەکەیان هەڵگرت تا لەلای دوو براکەدا چایەکە بخۆن. لەهەر شتێک قسەیەک کرا، لەکۆتاییدا بەتول خانم نەیتوانی مەبەستەکەی خۆیان لەم سەردانە پەنهان بکات.

- ئاغا کەریم! لەخوا پەنهان نی یە با لەتۆش پەنهان نەبێت. ئەم کوڕە سەربازییەکەشی تەواو کردووە، گۆشت و خوێن و ئێسقانی لەئێوەیە. ئەگەر خوا بیەوێت ئیتر دەبێت بیکەینە زاوا.

ئاغا کەریم کە هەتا ئەوکاتە سەرگەرمی قسەکردن بوو لەگەڵ براکەیدا، بەخۆشحاڵییەوە وتی:

- بەه بەه!!! پیرۆزە انشاالله. کارێکی باش دەکەن ئیتر دەبێت بچێتە سەر ماڵ و حاڵی خۆی. انشاالله کەی؟

ئاغا ڕەحیم زەردەخەنەیەکی ڕەزایەت بەخشی کردو وتی:

- ئیتر هەرکات ئێوە دەستور بدەن.

ئاغا کەریم بەمیهرەبانی یەوە ڕویکردە ڕەحیم و وتی:

- ئەمە چ قسەیەکە؟ تۆ برا گەورەی منیت. ئیختیاری ئێمەش لەدەستی ئێوەدایە. تۆ دەستور بدە ئێمەش قۆڵی لێ هەڵدەماڵین و خزمەت دەکەین.



Scanned with CamScanner

بەتول خانم بارودۆخەکەی بەگونجاو بینی وتی:

- ئێوە ئەو بکەنە کوڕی خۆتان، کارەکانی تریش بە ئیرادەو فەرمانی ئێوە دەبێت.

چاوەکانی کەریم دەرپەڕین وەک ئەوەی کەقسەیەکی سەیرو نامۆی بیستبێت، کەمێک خۆی کۆکردەوەو پێکەنین لەسەر لێوەکانی بزر بوو وتی:

- فەرهاد ئەزیزی منە. بنەماڵە لەجێگەی خۆی بەڵام بڕیار نی یە کچی من ئێستا هاوسەرگیری بکات و بەناڕەحەتی یەوە پیاڵە چایەکەی کە نیوەبو خستەوە ناو ژێر پیاڵەکە.

دایکی فەرزانە بۆ ئەوەی کە ئەوان لەڕەقی قسەکانی باوکی ناڕەحەت نەبن، وتی:

- بەتول خانم بەخوا مەسەلە خۆ هەڵنان نی یە، بەڵام هەفتە نی یە کە خوازبێنیکاری فەرزانە نەیەت بەڵام ڕای باوکی ئەوەیە کە پێویستە هەتا ئەو شوێنەی کە دەتوانێت بخوێنێت، ئەگەر نا کێ باشتر لەئاغا فەرهاد کە هەم ئامۆزایەتی و هەم چەند ساڵکیش لەلای خۆمان بووەو لەهەموو ڕویەکەوە دەیناسین.

- ئەمە ڕاستە. هەموو کچێک خوازبێنیکاری هەیە بەڵام مرۆڤ تابیەوێت غەریبەیەک بناسێت نیوەی تەمەنی تەواو دەبێت. زۆر سەختی مەکەن بەڵێنێکمان پێ بدەن باخوێندنەکەشی بکات.

کەریم کە ناوچەوانی دابوو بەیەکدا، وتی:

- سەیرکە براژن ئەم هەموو ماوەیە فەرهادم وەکو فەرزاد لەناو گلێنەی چاوما پاراست، بەهەموو شێوەیەک قەبوڵمە بەڵام من کچم نانێرمە شارستان. لەشارستان چۆن بخوێنێت؟



Scanned with CamScanner

- ئێوە گەورەیی بکەن و وەڵامێکمان بدەن بەدەستەوە. قسە، قسەی ئێوەیەو ڕویکردە هاوسەرەکەی و وتی:

- ئاغا ڕەحیم تۆش شتێک بڵێ ئیتر. ئێوە براکان باشتر لەیەکتری حاڵی دەبن.

مامە ڕەحیم کەمێک ئەملاو ئەو لای کردو وتی:

- دەزانیت چی یە براکەم! ئەم کوڕە زۆر کچەکەی تۆی خۆش دەوێت. تۆ بەڵێ بکە منیش بەڵێن دەدەم کچەت لەناو گلێنەی چاوما بپارێزم. ئەوان هەردووکیان خوێندەوارن. بەکەڵکی یەکتری دێن. ئەسڵەن هەر با لێرە بمێننەوە. وەرە ئەم کارە خێرە ئەنجام بدەو موحیبەتت لەبەرامبەر ئەم کوڕەدا کامڵ بکە.

- برا گیان! من نامەوێ خزمایەتی نوێبکەینەوە. لێگەڕێ با هەر ئەو برایەتیەمان وەک خۆی بمێنێتەوە. ئیتر لەسەری مەڕۆو بەناڕەحەتییەوە هەستایەوەو ڕۆشتە دەرەوە.

دایە زۆر هەوڵی دەدا قسەکانی ئەو ڕونتر بکاتەوە بەڵام خۆیشی تێنەدەگەشت کە هۆکاری ئەم هەموو ناڕەزایەتیەی کەریم چی یە.

فەرهاد نیوەڕۆ لەزانکۆ گەڕایەوە. شیرینی هێنابوو. کاتێک سەروچاوی تێکچووی دایک و باوکی بینی گومانی برد لەوانەیە بارودۆخەکە گونجاو نەبێت. لەبەرئەوە وتی:

- شیرینی تەواو کردنی خوێندنم هێناوە. لەکۆتاییدا تەواو بوو.

شیرینیەکەی دایە دەستی پەری و ڕۆشت بۆ ژورەکەی پشتەوەو لەگەڵ دایک و باوکیدا بەئارامی دەستیکرد بەقسەکردن. هەستێکی نامۆی هەبوو. ئیحساسی کرد کەتەمەنێک لەم ماڵەدا غەریب و سەربار بووە. دڵی پڕ بوو. فەرزانە لەبابەتەکە تێگەشتبوو بەڵام دەیتوانی چی بکات؟

نیوەڕۆ بوو، هەموان چاوەڕوانی ئاغا کەریم بون تابێتەوەو بەیەکەوە نان بخۆن. بەڵام هێشتا نەگەڕابویەوە. خەریکی ئامادەکردنی سفرە بون کە هاتەوە. بەڕوگرژیەکەوە دەست و دەموچاوی شوشت و بە ساردییەوە سەلاموعەلەیکی کردو لەسەر سفرەکە دانیشت. منداڵەکان سەرقاڵی نانخواردن بون. گەورەکان تەنها یارییان بەخواردنەکە دەکردو وا خۆیان دەردەخست کە نان دەخۆن. کەریم هەموو ڕەنجەکانی کردبون بەبادا.

کە سفرەکە کۆکرایەوە، چاو میوەیان هێنا. منداڵەکان ڕۆشتن بۆ ژورەکانی خۆیان. ئەمجار فەرزانەو فەرهادیش لەوێ دانیشتبون.

جارێکی تر مامە ڕەحیم وتی:

- ئاغا کەریم وەرەو گەورەیی بکە دڵی ئەم دوو گەنجە مەشکێنە.

فەرزانە سوربویەوەو هەستایەوە کە بڕوات بەڵام باوکی بەتوندی وتی:

- دانیشە کچم، مامەت بۆ خوازبێنی تۆ هاتووە. مەگەر بڕیارمان وانەبوو کە ئەگەر نۆکەریش بکەم تۆ بەردەوامی بەخوێندنەکەت بدەیت؟

فەرزانە سەری داخست و دانیشت و بەشەرمێکەوە وتی:

- بەڵێ بابە گیان.

ڕویکردە براکەی و وتی:

- باشە ئیتر چی دەڵێیت براکەم؟ من و کچەکەم بەڵێنێک لەنێوانماندایەو ئێستا قسەیەک لەبارەی هاوسەرگیری و ئەم شتانەوە نی یە.

فەرهاد وشک بوبوو وەک ئەوەی کارەبا لێی دابێت بێ جوڵە مابویەوە. هەتا ئەو کاتە ڕەفتارێکی ئاوای لە مامی نەبینیبوو. لەهەموو ئەو ماوەیەی کە لەلای ئەوان بوو هەرچی هەبوو هەر موحەبەت بوو. زۆر بێتاقەت بوو بەڵام توانای نەبوو قسەیەک بکات و نەیدەتوانی بجوڵێت. هەموو گیانی بوبووە چاوو گوێ و تەنها گوێی لەقسەکانی ئەوانی تر دەگرت.



Scanned with CamScanner

لەناکاوێکدا بڕیاریدا ئەو عیشق و خۆشەویستی و بڕیارەی کە لەگەڵ کچە مامەکەیدا هەیەتی، بۆ مامی باس بکات بەڵام هیچی نەوت.

قیامەتێک لەناو دڵی فەرزانەدا هەستابوو. تەنانەت لەخەویشدا بیری لێنەکردبویەوە کە بابەتەکە بەم شێوەیەی لێ بێت. چەندینجار بیستبوی بابە بۆ هاوسەرگیری ئەو لەگەڵ براکەی مەرزیە خانمدا ناڕازییەو بەدایکی وتبوو لەبەرئەوەی کە خۆی نەیتوانیوە بەو شێوەیەی کە خۆی ویستویەتی بخوێنێت، پێویستە فەرزانە کە توانای هەیە بەردەوامی بەخوێندنەکەی بدات بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشقی فەرزادو پەری و بەهرام. وە ئەویش هەموو جارێک خۆشحاڵ لەوەی کە خوازبێنیکاران بەم بیانووەوە ڕەد دەکاتەوەو لەچاوەڕوانی کوڕەمامەکەیدا بوو بەڵام بیریشی لێنەدەکردەوە کە باوکی لەگەڵ برازاکەشیدا هەر ئەو کاردانەوەو ڕەفتارەی هەبێت.

ئامۆژن ڕۆشت و لەکەناری فەرزانەدا دانیشت:

- فەرزانە گیان! تۆ شتێک بڵێ. قسەیەک بکە بەقوربانی چاوت بم. تۆ دەزانیت کە فەرهاد چەندە تۆی خۆشدەوێت. ئەگەر کێشە لەسەر ئەوەیە کە نەیەیتە شارستان، باشە مەیە. هەر لێرە خانوتان بۆ دەگرین و خەیاڵی باوکیشت و ئێمەش ئاسودە دەبێت. هەتا چ کاتێک پێتان خۆشبوو بخوێنن. خراپ دەڵێم؟

فەرزانە زۆر هەوڵی دەدا چاوی بەرچاوی فەرهاد نەکەوێت. چاوی بڕیبە چاوەکانی دایەو بابە. باوکی وتی:

- بڵێ کچم! خۆت بەئامۆژنت بڵێ چ بەڵێنێکمان لەنێواندا هەیە؟

فەرزانە کەوتبووە بارودۆخێکی ناخۆشەوە. بەشەرمەوە وتی:

- من چی بڵێم ئامۆژن، هەرچی باوکم بڵێ.

باوکی بەخۆشحاڵییەوە ڕوویکردە براژنی و وتی:



Scanned with CamScanner

- بینیت براژن؟ من کچم دەناسم مەحاڵە قسە لەقسەمدا بکات.

قسەکانی بابە ئیتر نەفەرزانە بیستنی نەفەرهاد. ئەوان تەنها بیریان لەقەول و بەڵێنە بەباڕۆشتووەکانیان دەکردەوە.

کاتی ڕۆشتن، فەرهاد بەخەمێکی وەهاوە سەیری فەرزانەی کرد کە ئەو نیگایە ئاگری بەردایە تەواوی وجودی فەرزانە. مامەو ئامۆژن بەدڵی شکاوەوە ماڵی فەرزانەیان بەجێهێشت.

# وەرزی نۆیەم

چەند هەفتەیەک دواتر مەرزیە خانم لەگەڵ براکەیداو بەڕەسمی بەگوڵ و شیرینی یەوە هاتن بۆ خوازبێنی.

فەرزانە لەژورەکەی سەرەوە ئەژنۆی خەمی لەباوەش گرتبوو. دایکی بانگی کرد. نەهاتە خوارەوە لەبەرئەوە ناچاربوو پەری بنێرێت بەدوایدا.

- دادە فەرزانە دایە دەڵێت کەس نایەوێت بەزۆر تۆ بدات بەشوو. ئەمە بێ ڕێزییە کە نەیەیتە خـوارەوە. وەرە چایەکە بهێنە ئەسڵەن دامەنیشەو بڕۆ.

فەرزانە نەیتوانی قسەی دایکی بشکێنێت. لەناخی دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشاو بەدڵێکی پڕ لەخەمەوە ڕۆشتە خوارەوە.

بە سینیەک چایەوە ڕۆشتە ژورەوەو سڵاوی کرد. مەرزیە خانم و سیاوەش لەبەری هەستانەوە. سیاوەش زۆر بەئارامی و بەبێ ئەوەی کە سەری بەرز بکاتەوە وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە بەڵام مەرزیە خانم وتی:

- سڵاو لەڕووی مانگت براژنی گوڵم! چ عەجەب کە ئێمەت بەشیاو زانی و هاتیتە خـوارەوە. ئەسڵەن سەیری چاوە ڕقاوییەکانی باوکی فەرزانەشی نەکرد.

کە چایەکەی دانا، ویستی لەژورەکە بچێتە دەرەوە بەڵام دایکی وتی:

- کچم کەمێک دانیشە خۆ غەریبە نی یە پورە مەرزیەیە.

بەم قسەیەی دایە، سیاوەش زۆر خۆشحاڵ بوو. چونکە لەبەر نیگا سەنگینەکانی باوکی فەرزانە تەنانەت نەشی توانیبوو نیو نیگایەک بۆ ئەو بکات. هێشتا یەک خولەک زیاتر نەبوو کە دانیشتبوو. باوکی وتی:

- کچم سوپاس کە هاتی، ئێستا بڕۆرە لای براو خوشکەکانت بزانە خەریکی چین.

وەک ئەوەی کە حوکمی ئازادی فەرزانە دەرچوبێت، بەسوپاسکردنی بابەو داوای لێبوردن لەمیوانەکان، هەستایەوەو ڕۆشت.

ئەمجار باوکی قسەی کۆتایی خستە دەستی ئەوان. مەرزیە خانم وتی:

- کێشە نی یە ئاغا کەریم، فەرزانە هینی خۆمە. سەدجاریش جوابمان بکەیت جاری سەدو یەکەمیش دێینەوەو لەکۆتاییدا دەبێتە بوکی خۆمان انشاالله.

دوای ڕۆشتنی ئەوان، لەنێوان دایەو بابەدا دەمەبۆڵەو کێشەو جیاوازی دروستبوو.

- ئاخر پیاوەکە چ نیازێکت هەیە هەرکەس دێت بۆ خوازبێنی بەبێ هۆ وەڵامی نەخێری دەدەیتەوە، سوێند بەخوا ئێستا هەزار قسە لەبارەی کچەکەمەوە دەکەن. بەم خوێندن خوێندنە هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە. سەیری دراوسێ و خزمان بکە، هەمویان کچی بچوکتر لەفەرزانەیان دا بەشوو ڕۆشتن.

- من حەقم چی یە بەسەر خەڵکەوە. لەوانەیە یەکێک بیەوێت کچەکەی بخاتە ناو چاڵ. بۆچی ئەوەندە سەردەخەیتە سەرم؟

- کامە سەرخستنە سەرە؟ مورتەزا کوڕی ئەشرەف سادات کەسێکی خراپە؟ کۆتا ساڵی پزیشکییەتی. سیاوەش کە خۆت بەهەموو شێوەیەک

پەسەندی دەکەیت، کوڕی ڕەسەنی شارستان ئەویش خراپە؟ ئەسڵەن حەقم نی یە بەسەر بێگانەکانەوە برازاکەی خۆت چیی بوو؟ لەگۆشت و خوێنی خۆتە، چەند ساڵ لەژێر دەستی خۆماندا بوو. ئاخر بۆچی وا دەکەیت!

- ئەو کوڕەی ئەشرەف سادات، بینیت کە دایکی پۆزی دەکرد بەدکتۆر بونیەوە وەک ئەوەی کە کچەکەی من نەخوێندەوارو کوێرو کەچەڵەو ئەو لوتفی کردووە کە هاتووە بۆ خوازبێنیی. سیاوەشیش کوڕێکی باشە بەڵام ئەگەر بەدوای ئەسڵ و نەسەبەوە بوایە دەڕۆشت لەلادێ ژنی دەهێنا. فەرهادیشت بینی کە ڕۆشت و ئەسڵەن سەیری دوای خۆی نەکرد ئێستاش کە ڕۆشتووە بۆ جەنگ کێ ئەڵێ دوای ئەوەی کە کچەکەمی ئەخواست شەهید نەبوایە. تۆ دڵت دێت هەر لەسەرەتای گەنجییەوە کچەت بێوەژن بێت؟

- پیاوەکە ئەوەندە کەللە ڕەق مەبە! نەفرەتی خوا لەدڵی ڕەشی شەیتان. خوا نەکات کوڕی خەڵک شەهید بێت. دوای ئەوەش ئەو ڕەفتارەی کە تۆ لەبەرامبەر براکەتدا کردت ئەگەر لەبەرامبەر تۆشدا بکرایە دەڕۆشتیت و سەیری دوای خۆتت نەدەکرد. بابە هەر لەسەر قسەی خۆی سوربوو لەبۆچونی خۆی پەشیمان نەدەبویەوە. جاروبارو کە میوانێک لەباکورەوە دەهات هەواڵی ماڵی مامەو خانەوادەکەیان دەپرسی. بیستبویان کە فەرهاد لەسوپای پاسدارانذا وەرگیراوەو ڕۆشتووە بۆ جەنگ. فەرزانە لەگەڵ هەر نوێژێکدا دوعای بۆ سەلامەتی ئەو دەکردو بە ئومێدێکی پوچەوە لەچاوەڕوانی ئەودا بوو، ماوەیەک بوو کە هەواڵیی نەدەزانی. لەبەرخۆیەوە چاوەڕوان بوو کە ڕۆژێک باوکی بەم پێکگەشتنە ڕازی دەبێت و وەکو یادەوەرییەکانی مناڵی هەربەو شێوەیەی کە قەول

و بەڵێنیان دابوو، دەڕۆنە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

سیاوەشیش کە بەرنامەی ژیانی بوو هەر دوو سێ هەفتە جارێک مەرزیە خانم بنێرێت بۆ ماڵی ئەوان و وەکو هەمیشە وەڵامی نەخێر وەربگرێت و بڕوات.

مانگی تشرینی یەکەم دەوامی زانکۆ دەستی پێکرد. فەرزانە پرسەدار بوو، ئاخر یەکەم کۆرس بوو کە بەبێ فەرهاد دەبوو بڕواتە زانکۆ. کاتێک دکتۆر سیادەت و تەلەبەکان هەمویان هەواڵی فەرهادیان لێ دەپرسی، ئەو بەهەمان ئەو ئیحساسی غرورەی پێشوو دەیوت کە ئامۆزاکەی ڕۆشتووە بۆ جەنگ. چەند ڕۆژێک زیاتر لەدەوام تێنەپەڕیبوو کە هەندێک لەقوتابیە کوڕەکان لەجەنگەوە داوا کران کە گوایا هێرشیان بەدەستەوە بوو.

هەریەکێک لە قوتابیەکان بەشەوق و تامەزرۆییەکەوە سواری ئوتوبوسەکە دەبـوو یەکێک دەیـوت: بەستونی دەڕۆم و بەئاسۆیی دەگەڕێمەوە. یەکێک دەیـوت مەلزەمەکانم بۆ بنوسنەوە لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا خۆم دەگەیەنم من لە صەدام پڕ ڕوو ترم...

هەموانیان بەژێر قورئاندا بردو بە سەڵاوات و دوکەڵی ئەسپەن هەتا دەرگای ئوتوبوسەکان ڕەوانەیان کردن. ئەوان بەرەو ڕێگایەک دەڕۆشتن کە پایانی بۆ هەموان پەنهان بوو. یاسەمین ڕویکردە فەرزانەو بەدڵێکی پڕ لەخەمەوە پرسیی:

- فەرزانە گیان تو خوا چۆن بەرگەت گرت ئەم چەند مانگە دەسگیرانەکەت لەجەنگ بوو؟ من هێشتا مەهدی پێی نەخستۆتە ناو ئوتوبوسەکە خەریکە دیق دەکەم.

چاوەکانی فەرزانە پڕ بون لەفرمێسک، شتێک قورگی گرتبوو. خۆزگە دەیتوانی بەنزیکترین هاوڕێی بڵێت کە هێشتا لەیەک مارە نەکراون.

هیچی نەوت تەنها بەئارامی دەستیکرد بەگریان.

یاسەمین کەفرمێسکەکانی فەرزانەی بینی، وتی:

- توخوا بمبورە، نەمدەویست ناڕەحەتت بکەم انشاالله... هەمویان ساغ و سەلامەت دەگەڕێنەوە.

لەکاتێکدا کە یەکەمین فرمێسکەکانی خۆی دوای فرمێسکەکانی فەرزانە پاک دەکردەوە، بەپێکەنینێکەوە کە زیاتر لەگریان دەچوو، بەردەوام بوو:

- پێویست ناکات بگرین. بەزویی دەگەڕێنەوەو یەکتری بانگێشت دەکەین بۆ ئاهەنگەکانمان...

فەرزانە خۆزگەی بەدڵخۆشیەکەی یاسەمین خواست، بەڵام دیسانەوە هیچی لەبارەی خۆیەوە نەوت.

هەر کاتژمێرێک کە لەزانکۆ تێدەپەڕی وەکو سەدەیەک بەلایەوە دورودرێژو ماندوکەر بوو. کۆڕوکۆمەڵی قوتابیەکان تێکچوبوو. تاقەتی خوێندنی نەبوو. بەتایبەت کاتێک کە لەباکورەوە هەواڵیان هێنا فەرهاد لەجەنگی باشور بریندار بووەو بۆ چارەسەر هێنراوە بۆ تاران.

دوو سێ ڕۆژ دواتر پورە هاجەر لەباکورەوە هات بۆ سەردانی فەرهادو هاتەوە بۆ ماڵی ئەوان بەڵام مامەو ئامۆژن پێیان باشبوو بڕۆنەوە بۆ ماڵی ناسراوێکیان. ئەم بابەتە زیاتر دڵی فەرزانەی سوتاند. پورێ بوو بەهۆکار کە ئەوو بابەو دایە لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ نەخۆشخانەی شوهەدا. کاتێک ڕۆشتنە بەشی نەشتەرگەری، ئەژنۆکانی فەرزانە سست بوبون. نەیدەزانی چۆن چۆنی ڕوبەڕوی ئەو ببێتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئومێدی بەخۆی دەدا لەوانەیە هەروەک ئەو ڕۆژەی کە لەزانکۆ ئەسڵەن بەخۆیی نەخستبوو، ئەمڕۆش بەخۆیی نەخات. لەڕێڕەوەکە بوو کە مامە ڕەحیم هات بەرەو ڕویان، براکان باوەشیان کرد بەیەکتریداو ئامۆژن و دایکیشی

یەکتریان لەئامێز گرت و دەستیان کرد بەگریان. هەتا ئەوان سەرقاڵی قسەو هەواڵپرسی بون، ئەو لەگەڵ پوریدا ڕۆشتە ژورەوە.

پورێ لەپێشەوەو ئەویش بەشوێنیەوە بوو. بۆ بینیی فەرهاد زۆر بەپەلە بوو، بەڵام شتێکی وەکو شەرم یان ڕاڕایی بو بەهۆی ئەوەی کە لێگەڕێ سەرەتا پورێ سڵاوو ئەحواڵپرسی بکات. پورێ کە لەماچکردن و بەقوربان بون بویەوە، ئینجا بیری هاتەوە کە کەسێکیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ ئاشتکردنەوە. دەستی فەرزانەی گرت و ڕویکردە فەرهاد:

- پورێ بەقوربانت بێت سەیرکە بزانە کێ هاتووە بۆلات؟

فەرزانە بە دەنگێکی لەرزیوەوە سڵاوی کرد.

فەرهاد بە ساردییەوە وەڵامی دایەوەو پەتووەکەی هەتا ژێرچەناگەی هێنایە سەرەوە.

فەرزانە پرسیی:

- ئامۆزا حاڵت باشە؟ کوێت بریندار بووە؟ بەڵا بەدور بێت.

فەرهاد بەساردییەکەوە وتی:

- شتێکی گرنگ نی یە ئەمانەن گەورەیان کردووە. چەند پارچەیەکی بچوک ڕێگاکەیان بەهەڵە گرت و لەبری دڵم لە سکمیان دا.

فەرزانە شێوازی قسەکردنەکەی ئەوی پێخۆش نەبوو دیسانەوە بەخۆیی نەخست و هەتا ڕادەیەکیش حەقی پێدەدا کە بەساردییەوە ڕەفتار بکات. لەبەرئەوە هەوڵیدا نارەحەتیەکەی نیشان نەدا:

- سوپاس بۆ خوا کە ئێستا زیندویت انشاالله باش دەبیت.

- هەمیشە زیندومانەوە ئەوەندە نرخی نی یە کە دەوروبەر بیانەوێت سوپاسی بکەن. کەسانێک لەم ڕێگەیەدا دەڕۆن کە لیاقەتیان هەبێت.

پورێ کە بینیی بەقسەکانی فەرهاد خەریکە بارودۆخەکە خراپتر

دەبێت، وتی:

- پورێ بەقوربانی باڵات بێت. من وەک خۆم مەمنونی خوام کە ئەو لیاقەتەی بەتۆ نەدا. باشە قسەی حسابت چی یە؟

فەرهاد بەزەردەخەنەیەکەوە وەڵامی پوری دایەوەو وتی:

- ئێستا بینیتان کە ئەو لیاقەتەم نەبوو ئەگەر نا...

فەرزانە سەری بەرزکردەوەو قسەکانی بردەوە بۆ زانکۆ:

- قوتابیەکان لەزانکۆ هەواڵیان دەپرسییت. هەندێک لەوانیش نێردران بۆ بەرەکانی جەنگ لەباشور. مەهدەوی دەسگیرانی یاسەمینیشیان لەگەڵدایە.

فەرهاد ئەمجار تەواو روی گرژ کردوو ڕویکرد بەلای دیوارەکەدا، بەشێوەیەک کە تەنانەت پورێش لەم ڕەفتارە ناڕەحەت بوو.

ئەوانی تریش هاتنە ژورەوە. ئاغاکەریم لەکاتی سڵاوکردندا هەردوو دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوەو سوپاسی خوای کردو فەرهادی لەباوەش گرت و ماچ بارانی کرد.

- مامە گیان تۆ کوڕی خۆمیت، لەو بیانە نیت کە بەم بایە بلەرزی. چوار ساڵ لەژێر دەستی خۆمدا بویت، نابێت تۆپ و خومپارەی ئەو نامەردانە کارت لێبکات. ئەسڵەن صەدام سەگی کێ یە کە بیەوێت کوڕی براکەی من...

فەرزانە جارێکی تر تێکشکابویەوە. مەگەر ئەو چی کردبوو کە شایەنی ئەم گرنگی پێنەدان و ڕەفتارە ساردەی فەرهاد بێت، ئەم هەموو چاوەڕوانیە بۆ دیدار، ئەویش لەنەخۆشخانەو بەمشێوەیە؟ سەرباری ئەوەش فەرهاد زۆر بەزەحمەت سەری لەسەر پشتیەکە بەرز کردەوە بۆ ئەوەی دەستی مامە ماچ بکات. هەر نەتدەوت کە دڵی لەو زویر بوبێت. وەک ئەوەی کە خەتاباری ئەسڵی تەنها فەرزانە بووەو بەس. حاڵی بەتەواوی تێکچوبو هەستی بە پەشیمانی دەکرد کە هاتبو بۆ سەردانی.

کەشی سەنگینی ژورەکە خەریکبوو دەیخنکاند. داوای لێبوردنی کردوو لەپێش هەموانەوە بەبیانوی سەعیبەوە نەخۆشخانەی بەجێهێشت.

لەرێگای گەڕانەوە بۆ ماڵەوە لە دڵیدا قیامەتێک بەرپا بوو کە لۆمەی خۆی دەکرد کە بۆچی لەڕۆژی یەکەمەوە دڵی بەو بەستووە. جارێکیش نەفرەتی لەخۆی دەکرد کە خۆزگە هەردوو پێی دەشکاو نەدەڕۆشت بۆ سەردانی. خۆ فەرهاد لەگەڵ بابەدا کە ئەو وەڵامی نەخێریشی پێداوە هیچ کێشەیەکی نی یە...

کە گەشتە ماڵەوە یەکسەر ڕۆشتە ژورەکەی خۆی. سەرێشەی کردە بیانوو تەنانەت بۆ خواردنی نانی ئێوارەش نەهاتە خوارەوە. دەنگی پێکەنین و شادیی هەموان بەتایبەت پورێ کە پێی وابوو ساردی و دڵ ئێشانەکەی ڕەواندۆتەوە, لەخوارەوە دەهات. وەک ئەوەی کە هۆکاری هەموو ساردی و دڵ ئێشانەکان ئەو بووە. ئێستا حاڵی فەرهادیش باشەو هەموان بەیەکەوە ئاشت بونەوە. ڕقی لەخۆی بوو هەستی دەکرد لەسەرەتاوە هیچ جێگایەکی لەناو دڵی ئەودا نەبووە.

ڕۆژی دواتر ئەسڵەن نەڕۆشت بۆ زانکۆ. دوای نانی نیوەڕۆ بابە پورێی برد بۆ تەرمیناڵ بۆ ئەوەی بڕواتەوە بۆ باکور.

دایکی، بانگی فەرزانەی کرد:

- کچم بۆچی ئەمرۆ نەڕۆشتی بۆ زانکۆ؟

- هیچ هەروا تاقەتم نەبوو.

دایکی چاوی بڕییە چاوەکانیی و وتی:

- ڕاستیەکەی بەمن بڵێ من دایکتم. ئەگەر نەزانم کێشەی کچەکەم چی یە بەکەڵکی چی دێم.

چەناگەی فەرزانەی گرت و سەریی بەرز کردەوەو دووبارە چاوی بڕییەوە چاوی:

- لەبەر فەرهاد نارەحەتیت؟

فەرزانە بێدەنگ بوو سەری داخست و هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. دایکی بەردەوام بوو:

- ڕاستە کە من خوێندەوارییەکی وام نی یە، بەڵام ئەوە دەزانم ئەو ڕەفتارەی کە باوکت کردی بەرامبەر بە ئەوان ئەگەر لەبەرامبەر ئێمەشدا بکرایە لەوانەیە زیاتر لەمە ناڕەحەت بوینایە. ئەوە مامەو ئامۆژنت بون کە بەخۆیان نەخست.

ئێستا ئیتر چاوەکانیی پڕ بوبون لەفرمێسک و بەتوڕەییەوە وتی:

- دایە خۆ وتم کە هیچم نی یە. من حەقم چی یە بەسەر مامەو ئامۆژنەوە؟ کێشەی من فەرهادە. باوکم جوابی کردبوو، خەتای من لەم نێوانەدا چیبوو؟

دڵی دایە پڕ بوو لەخەمی کچەکەی.

- کچم من لەوە تێدەگەم کە تۆ دەیڵێیت بەخوا. خۆشم لەهۆکاری ناڕازیبونی باوکت تێنەگەشتم.

ئەمجارەیان بەگریانەوە لەگەڵ هەر وشەیەکیدا دڵتەنگیی عیشق و خەمەکەی هەڵدەڕژاند.

- ئاخر دایە... مەگەر ئەوە ئاغا سیاوەش نی یە... مەگەر ئەو هەموو وەڵامە نەخێرەی پێ نەدا... بۆچی دووبارە هەر دێتەوە؟ بەڵام فەرهاد... تەنانەت ئیتر ئامادەش نی یە قسەم لەگەڵدا بکات چ بگات بەوەی کە... من سبەی دەمەوێت بڕۆم بۆ زانکۆ، هەموان دەیانەوێت حاڵی ئەوم لێ بپرسن، بەڕای تۆ دەبێت چ وەڵامێک بدەمەوە؟!

- وەڵڵا نازانم چی بڵێم! حەق بەتۆیە. ئەو تەنانەت یەکجاری تریش نەهاتەوە بۆ خوازبێنی تۆ. ئێستا تۆ نیگەرانی چیت؟ ئەگەر باوکت لوتف بکات، خوازبێنیکارانت لەپشتی دەرگاوە ڕیزیان بەستووە یاخوا بەقوربانی چاوە جوانەکانت بم. کچم مەگری دڵم ئاگر دەگرێت!

لەکاتێکدا کە فرمێسکەکانی کچەکەی بەدەستەکانی خۆی پاک



Scanned with CamScanner

دەکردەوە بەردەوام بوو:

- وەفای هەموو پیاوان هەر ئەوەندەیە.

برینی دڵی نوێبوبویەوەو بەدوای بیانویەکدا دەگەڕا بۆ وتنی قسە نەوتراوەکانی:

- ئەو سەردەمە باوکت زۆر خۆشی دەویستم، باوکی خوالێخۆشبوم ڕازی نەدەبوو دەیوت کچەکەم هێشتا منالە. ڕۆژێکیان باوکت بەتەنها هاتە بەردەرگای ماڵمان و باوکمی بانگ کردە دەرەوەو وتی:

- کەربەلایی ئەگەر کچەکەتت پێمدا ئەوە باشە ئەگەرنا دەیفڕێنم و دەییەمە جێگایەک کە حەسرەتی بینینی لەدڵتدا بمێنێتەوە.

ئاهێکی لەناخی دڵەوە کێشاو:

- هێی... هێی...! چیرۆکی عیشقی عاشقی باوکت لەسەر زاری هەموان بوو. ئێستا چیبوو کە قسە هەر قسەی خۆیەتی و ئەگەر بڵێم شەوە دەڵێت ڕۆژە، ئەگەر بڵێم ماست سپی یە دەڵێت ڕەشە؟ کچم ئیتر بافرمێسکەکانت نەبینم هەستە دەست و دەموچاوت بشۆ ئێستا منالەکان لەقوتابخانەوە دێنەوە.

فەرزانە کەمێک ئارام بوبویەوە، بەڵام ئاگری عیشق گڕێکی وای لەناو دڵیدا بەرپاکردبوو کە نەیدەتوانی بەخۆی بقوبڵێنێت هەموو شتێک دروستکراوو بنیادنراوی زهنی خۆی بووەو فەرهاد ئیتر ناگەڕێتەوەو لەدڵی خۆیدا وتی:

«نا. وانی یە. دڵنیام کە دەگەڕێتەوە. خوایە خۆزگە تێدەگەشتم کە بۆچی لەگەڵ مندا بەمشێوەیە ڕەفتار دەکات؟»

## وەرزی دەیەم

بابە بێ پەروایانە بەتەواوی خوازبێنیکارەکانی کچەکەی وەڵامی نەخێری دەدایەوە. فەرزانە هەندێکجار لەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە «خودایە مەگەر من مرۆڤ نیم؟ بۆچی نابێت لەبارەی ئایندەمەوە پرسیارم لێبکات؟ دەزانم کە هیچ باوکێک بەدبەختی منداڵەکەیی ناوێت. خۆزگە هیچ نەبێت کوڕ بومایە یان وەک دایکم دەڵێت ئەم هەموو جوانی و خوازبێنی کارەم نەبوایە کە هۆکاری حەسرەت و پرسیاری دەوروبەر بێت. خودایە خۆزگە باڵندەیەکی ئازادو سەربەست بومایە یان تەنانەت وەکو پوشکە بەقونەیەک تەمەنم کورت بوایە بەڵام بمتوانیایە ئازادانە بۆ خۆم بڕیار بدەم.»

هێشتا چاولەڕێ و چاوەڕوان بوو لەناو ئاگری عیشقدا دەسوتا. نەڕێگای هەبوو بەرەو پێشەوە بڕوات نەڕێگەی هەبوو بگەڕێتەوە دواوە. فەرهاد ئێسقانێک بوو کە لەقورگی گیرابوو. هێشتا لەتەنهاییەکانیدا دوعای بۆ دەکرد کە خزمان لەباکورەوە هەواڵیان هێنا کە ئەو هاوسەرگیری کردووە.

باوەڕی نەدەکردو بەخۆی دەوت ئەمە درۆیەکی گەورەیە چۆن مومکین بوو کەسێک بتوانێت بەم زوییە هەموو ئەو بەڵێنانەی کە دابونی فەراموش بکات. قەول و بەڵێنەکانی زانکۆ، درێژەدان بەخوێندن، ماڵەکەی



Scanned with CamScanner

کەناری جەنگەڵ، خۆشبەختی و...لەبیر کرد؟! کاتێک تێگەشت کە هەموو قسەکان ڕاست بون و چەندین کاتژمێر تەنهاو تەنها دادەنیشت و پرسیاری لەخۆی دەکرد:

- چۆن مومکینە مرۆڤێک ئەوەندە درۆزن بێت!؟

ئێستا ئیتر نەک تەنها عیشقی فەرهاد لەوجودیدا مردبو، بەڵکو هەتا ڕادەی شێتی لەو بێزاربوو. چیرۆکی هاوسەرگیری فەرهاد دەم بەدەم گەشتبووە ئەو خانەوادانەی کە لەباکورەوە دەهاتن و شێوازی هاوسەرگیری ئەو بەلای هەموانەوە سەیر بوو لەگەڵ کچێکدا هاوسەرگیری کردبو کە ئەسڵەن نەڕۆشتبووە خوازبێنی و تەنانەت ڕێگای یەکتر ناسینیشیان بۆ هەموان پەنهان و جێگەی پرسیار بوو.

وەک دەیان وت ڕۆژێکیان لەگەڵ مامەو ئامۆژن و پیاوێک کە وا دیارە باوکی بوک بووە دەڕۆنە دادگاو لەیەک مارە دەکرێن، دواتر کەمێک شتومەک دەکرن و عەسر بوک دەهێنن بۆ ماڵی خۆیان. نەمیوانیەک لەکاردا بووەو نەخوانێک و نەئاهەنگێک.

قسەو قسەڵۆکەکانی دەوروبەر دڵی فەرزانەی دەسوتاند. یەکێک دەیوت:»من تێناگەم ئەندازیار چۆن عاشقی ئەم کچە کورت و ناشیرینە بووە»، یەکێکی تر دەیوت: «هەموان پێیان وابوو فەرهاد بەرز دەفڕێت و جگە لەفەرزانە کەسی تر هەڵنابژێرێت.»

ئێستا ئیتر هەموان ناهیدی ژنی فەرهادیان لەگەڵ فەرزانەدا بەراورد دەکردو ڕەخنەیان لەهەڵبژاردنەکەی دەگرت. هەرکەسەو شتێکی دەوت. بابە وەک ئەوەی کە خەیاڵی ئاسودە بوبێت، پەیوەندییەکانی لەگەڵ براکەیدا زیاتر بوبوو هەردەرفەتێکی بۆ هەڵبکەوتایە دەڕۆشت بۆ باکورو سەری لەبراو خوشکەکەی دەدا.

دایکی کە دەیبینی کچەکەی لەم شکستی عیشقەدا دەسوتێت و دەسازێت، زۆر نیگەرانیی بوو لەدڵی خۆیدا هەندێکجار حەقی بەکچەکەی دەدا کە ڕقی لەفەرهاد بێت.

کۆتایی کۆرس بوو. ئەسڵەن نەیزانی چۆن چۆنی تاقیکردنەوەکانی دەکات. نەیارێکی هەبوو، نەهاودەمێک. لەوکاتەوەی کەمەهدی شەهید بوبو، یاسەمینی نزیکترین هاوڕێی نیوەی کۆرسەکەی دواخستبوو. زۆر هەستی بەتەنهایی دەکرد، لەبەرئەوە کەمترین کەس دەیتوانی بچێتە ناو سنوری هەستەکانیەوە. هەندێکجار لەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە کە ئەگەر ئەوانیش بەیەکەوە هاوسەرگیرییان بکردایە فەرهادیش وەکو مەهدی شەهید بوایە، ئەو کاتە چی دەکرد؟ هەندێک کاتیش حەزی دەکرد لەجێگەی یاسەمیندا بوایە. هیچ نەبێت ئەوان لەیەکتری مارەکران و چەند ڕۆژێکیان بەخۆشی بەیەکەوە بەسەربرد.

هاوپۆلەکانی سەرقاڵی کارو دەرس و تاقیکردنەوەکانی خۆیان بوون. هەمویان ئەوەندە کێشەیان هەبوو کە تەنانەت ئەگەر حەزیشیان بکردایە هەر دەرفەتیان نەبوو قسەیەکی لەگەڵدا بکەن، چ بگات بەوەی کە دەردە دڵی لەگەڵدا بکەن.

ڕۆژێکیان کە بەبێزارییەوە لەتاقیکردنەوە دەهاتە دەرەوە، کەسێک لەدواوە بانگی کرد.

- خانم موجتەبایی کەمێک بوەستە.

لایکردەوە، کەسێک نەبوو جگە لەکورشی میلانی. بەپێچەوانەی هەمیشەوە کە هەرکات دەیبینی خەریکی تەوقەکردن لەگەڵ کەسێکدا بوو، ئەمجار ڕوخساری ئارام و شەرمن بوو.

- سڵاو خانم موجتەبایی باشن؟ تاقیکردنەوە چۆن بو؟

سەری سوڕما لەپرسیارەکەی. ئەو لەگەڵ کوڕشدا قسەوباسێکی نەبوو. بەساردییەکەوە وەڵامی دایەوە:

-سڵاو، سوپاس خراپ نەبوو.

- نا ئەگەر ئێوە بڵێن خراپ نەبوو، منی بەدبەخت دەبێت چی بڵێم ئیتر! دڵنیام کە دەرناچم. ئەم دکتۆر نەصیرە ئەوەندە پرسیارەکانی سەخت بوو کە پێم وایە کۆرسەکەی تریش میوانی زانکۆ دەبم.

فەرزانە کە ئەسڵەن تاقەتی قسەکردنی نەبوو لەبارەی هیچ بابەتێکەوە، سەرمای کردە بیانوو وتی:

- هیوادارم کە دەربچیت. هەوا زۆر ساردە، پێویستە بڕۆمەوەماڵەوە.

کورش کەمێک ئەملاو ئەولای کردو وتی:

- دەڵێم هەواڵت لەئاغا فەرهاد هەیە؟ حاڵی باشە؟

بەهاتنی ناوی فەرهاد دڵی لەناو سنگیدا لەرزی. حەزی نەدەکرد هیچکات ناوی ئەو ببیستێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەغروری هەمیشەییەوە وەڵامی دایەوە:

- لێی بێ هەواڵ نیم، حاڵی باشە سڵاو دەگەیەنن...

- ڕاستیەکەی قسەیەکم لەبارەیەوە بیست، دەمەوێت بزانم هەتا چەند ڕاستە؟ کوڕەکان دەڵێن هاوسەرگیری کردووە. ڕاستە؟

لەکزەی ئەو سەرمایەدا لەشی فەرزانە گڕی گرت. سەرەتا کەمێک دەستەپاچە بو، بەڵام دواتر وەڵامێکی توندی دایەوە:

- بەڕاستی ئەوەندە بۆتان گرنگە بزانن ئەو هاوسەرگیری کردووە یان نا؟ بەڵام پێویستە عەرزتان بکەم بۆ ئەو گرنگ نی یە کە ئێوە بزانن یان نەزانن ئەگەرنا خۆی ئاگاداری دەکردن یان بانگێشتی دەکردن.

کورش بەحاڵەتێکەوە کە نەدەکرا بزانرێت خۆشحاڵە یان غەمگین،

پرسیی:

- ئەی تۆ ڕازی نەبویت کە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەیت؟

- لەگەڵ داوای لێبوردندا ئیتر ئەوە پەیوەندی بەتۆوەوە نی یە.

- ئاخر من... دەمویست بڵێم کە... فەرهاد زۆر هەڵیت و پەڵیتی دەوت و بەشێوەیەک ڕەفتاری دەکرد کە...

فەرزانە بەناڕەحەتییەوە وەڵامی دایەوە:

- ببورە منت لەسەرمادا وەستاندوە کە گلەی و قسە پەیوەندیدارو ناپەیوەندیدارەکانی کوڕە مامەکەم بکەیت؟ ئەگەر کارێکت نی یە خواحافیز.

- نا، توخوا بوەستە دەڵێم. تەنها یەک خولەک دەرفەتم پێبدە! دەمەوێت بڵێم من بەو شێوەیە نیم کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. ڕاستە کە... هەر لێی گەڕێ. دەمویست بڵێم ئێستا کە دەسگیرانیەکەتان لەگەڵ فەرهاد هەڵوەشاوەتەوە... مۆڵەت بـدەن... یانی دایک و باوکم لە ئەصفەهانەوە بێن...

فەرزانە نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە. نوکی پەنجەکانی تەزیبوو. دەستەکانیی خستە ناو گیرفانی پاڵتۆکەی و پێیەکانی لەسەر زەوییە پڕ بەفرەکەدا بون، بەڵام خۆی لەنێوان زەوی و ئاسماندا تەنها دەبینی. زۆر هەوڵیدا خۆی ئارام نیشان بدات.

- باشە ئاغای میلانی تۆ قسەکانت کرد، ئێستا نۆرەی منە. من ئێستا نیازی هاوسەرگیریم نی یە. لە شیرکەتێکەوە پێشنیاری کارێکی باشم پێدراوە، بڕیارە بڕۆمە سەر کار. ئەگەر قسەیەکتان نەبێت...

- نا تو خوا بوەستە! من چەندین ساڵ بوو چاوەڕوان بوم کە تۆ ئەم دەرفەتەم پێ بدەیت، ئێستا کەمێک لەبارەیەوە بیر بکەرەوەو دواتر

وەڵامم بدەرەوە.

- ئاغای میلانی پێویستی بەبیرکردنەوە نی یە، چونکە پێشتر کوڕە مامەکەم پێی وتبویت قسەیەک بکە کە بەئەندازەی گەورەیی دەمت بێت. پێی نەوتبویت؟

ئیتر خەبەرێک لەو کورشە شەیتان و عەجولە نەبوو. وەکو کوڕێکی بچوکی حەڤدە ساڵان وتی:

- ببورە ئەوە قسەی سەردەمانێک بوو کە ئێوە دەسگیرانی یەکتر بون. ئێستا کە ئەو ڕۆشتووە بەدوای ژیانی خۆیدا ئیتر چ بیانویەکت هەیە.

هەرکاتێک کە ناوی دەسگیرانی ئەوو فەرهاد دەهات، حەزی دەکرد هاوار بکات و بڵێت لەسەرەتاشەوە دەسگیرانی لە بەینا نەبووە یان دانیشێت تێر تێر بگری، بەڵام ئەم کارەی نەکرد، تەنها وتی:

- ئاغای میلانی! هەندێک پارو بۆ دەمی هەندێک مرۆڤ گەورەن تەنانەت بیرکردنەوەش لێیان لەوانەیە بیانخنکێنێت. بەیارمەتی!

بەخێرایی پشتی لە کورش کردەوەو ڕۆشت. دڵی ئەوەندە بەتوندی لێی دەدا کە دەنگی لێدانەکانی دەبیست. بەبێ ئەوەی کە بزانێت دوو فرمێسکی گەرم هاتنە سەر گۆنا تەزیوەکەی کە گەشتە لای ئوتوبوسەکە فرمێسکەکانی پاککردەوە، لەناو ئوتوبوسەکەدا یەک کورسی خاڵی هەبوو ڕۆشت هەر لەوێ کزی کردو دانیشت. هەرچەند کە دەنگی مۆتۆری ئوتوبوسەکە بێزارکەربوو بەڵام ئەوەندە نغرۆی بیرکردنەوەی خۆی بوو کە هیچ دەنگێکی نەبیست.

«خودایە یارمەتیم بدە مەگەر من چ تاوانێکم هەیە! یانی ئەم عیشقە هەر لەسەرەتاوە یەک لایەنە بوو من هەڵەم کردبوو؟ ئەی ئەو ڕۆژەی

زانکۆ چی؟ هەر ئەو شوێنەی کە فەرهاد باسی عیشقە سوتێنەرەکەی خۆی کردبوو. لەوەی کە لەسەر قسەکەی خۆی دەمێنێتەوەو ماڵەکەمان لەکەناری دەریا دروستناکات کە بەیەک شەپۆل خراپ ببێت. بەڵێنی دابوو کە لەجەنگەڵدا ماڵێک دروستبکات کە وەکو پەریی چیرۆکەکان هەموو بەیانیەک بەدەنگی جریوە جریوی باڵندە عاشقەکان بەخەبەربێت. وتبوی ئارەزوی ئەوە بووە لەزانکۆی تاران وەربگیرێت بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر ئەو ببینێت و لەبەر بێدەنگیە ناچارییەکەی داوای لێبوردنی لێکردبوو. وتبوی هەرکەسێک لەزانکۆ بەچاوێکی خراپەوە سەیری بکات چاوی دەردەهێنێت. لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە نەکا هەموو ئەم قسانەی لەخەودا بینیوەو واقیعیەتەکە هەر ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە لەماڵی خۆیان وتبوی ئەگەر لەبەر ڕێزی سفرەی باوکت نەبوایە... خۆزگە دواتر پاشماوەی ئەم ڕستەیەی لەو دەپرسی و هیچ نەبێت قسەی دڵیی دەزانی. ناهید چۆن چۆنی هاتە ناو ژیانیەوە، چیی کرد کە توانیی کارێک بکات کە فەرهاد بەمشێوەیە لەهەموو قەول و بەڵێنەکانی هەڵگەڕێتەوە.»

حەزی دەرکرد تۆڵە بکاتەوە، لە چ کەسێک؟ نەیدەزانی لەخۆی کە تەمەنێک عیشقی یەک لایەنەی لەدڵی خۆیدا پەروەردە کردبوو خەیاڵ و خەون ژیانی سەرەو ژێر کردبوو؟ یان لەبابە کە بەبێ هیچ پاساوێکی گونجاو وەڵامی نەخێری بەفەرهاد دابوو؟ یان لەفەرهاد، پیاوێک کە بڕیاربوو هەتا کۆتایی تەمەن پشت و پەناو هاوبەشی ژیانی ئەو بێت؟ ئەو کە تاقەتی یەکجار بیستنی وەڵامی نەخێری نەبوو، ئێستا ئیتر جێگەی نەفرەتی ئەو بوو. پیاوێکی بێ ئیرادەو بێ لیاقەت.

ئوتوبوسەکە گەشتبووە کۆتایی ڕێگاو شۆفێرەکە بەدەنگی بەرز وتی:

- خانم گەشتینە کۆتایی ناتانەوێت دابەزن؟



Scanned with CamScanner

تەنانەت دابەزین لەئوتوبوسەکەو بەڕێگا ڕۆشتن لەو سەرمایەشدا بیرکردنەوەکانی نەپچڕاند.

«ئەی خۆزگە فەرهاد بەڵگەیەکی هەبێت هەرچەند هەر بەڵگەیەکیشی هەبێت گرنگ نی یە» لەدڵی خۆیدا خۆزگەی خواست کە هەتا کۆتایی تەمەن لەگەڵ ئەودا ڕوبەڕو نەبێتەوە. بەڵێنی بەخۆیدا تەنانەت ئەگەر ڕۆژێکیش بێت و تکای لێبکات گوێی لێبگرێت، ئەم کارە نەکات و لەهیچ هەلومەرجێکدا قسەی لەگەڵدا نەکات. بێئاگا لەوەی کە یاریی چارەنوس لێرەدا تەواو نابێت و هەلومەرجێکی بۆ دەهێنێتە پێشەوە کە...

## وەرزی یانزەیەم

لەو چەند مانگەی کە لەشیرکەت سەرقاڵی کاربو، تەقریبەن فەرهادی فەرامۆش کردبوو یان هەوڵیدابوو بەم شێوەیە بەخۆی بقوبڵێنێت. بەتەواوی دڵی دابوو بەکارو زۆر زوتر لەوەی کە خۆی بیری لێدەکردەوە، پێگەیەکی باش و سەرکەوتوی لەشیرکەتدا پەیداکردبوو.

هەرماوەو خوازبێنیکارێک دەهات یان سەروچاوی سیاوەش و پورە مەرزیە پەیدا دەبوو. وردە وردە بیری لەوە دەکردەوە بۆچی لەبەر مرۆڤێکی نەفس نزمی وەکو فەرهاد تاقیکردنەوەی ماجستێری نەکردووەو ئەم هەستی پەشیمانی یە کاتێک لەئەودا زیاتر دەبوو کە هاوکارەکانی بەپیاهەڵدانەوە لەبارەی نمونەیی بون و توانای ئەوەوە قسەیان دەکرد. ڕۆژێکیان کاتژمێر یانزە بوو کە زەنگی تەلەفۆنی شیرکەت لێیدا، دایە بوو. کەمێک نیگەران بوو. هەرگیز ئەو تەلەفۆنی نەدەکرد بۆ شیرکەت. دوای سڵاوو ئەحواڵپرسی دایە داوای لێکرد زووتر بگەڕێتەوەماڵەوە. بەسەرسوڕمان و نیگەرانی یەوە پرسیی:

- بۆچی؟ شتێک بووە دایە؟

- نا کچم نیگەران مەبە. ئەمڕۆ خانەوادەی ئاغا سیاوەش لەشارستانەوە دێن. باوکت مۆڵەتی داوە بێن و قسە بکەن. ئەگەر بکرێت زووتر بێیتەوە ماڵەوە باشترە.



Scanned with CamScanner

هاتنی ئەوانی بەجدی نەگرت و بەگاڵتەو پێکەنینەوە وتی:

- ئێستا چیبووە کە بابە مۆڵەتی داوە خانەوادەکەی بهێنێت؟

- کە هاتیتە ماڵەوە بۆت باس دەکەم. زوو وەرەوە چاوەڕوانتم خوات لەگەڵ.

تەلەفۆنەکەی دانا هەتا چەند خولەکێک لەناو بیرکردنەوەدا نغرۆ بو. دواتر تاهیرە یەکێک لەهاوکارەکانیی بانگ کردوو وتی دایکی تەلەفۆنی کردووەو وتویەتی ئەمشەو میوانمان هەیە ناچارە زوتر بگەڕێتەوە ماڵەوە.

گەشتەوە ماڵەوەو بارودۆخی ماڵی ڕێکوپێکتر لەهەمیشە بینی.

- سڵاو.

هەموان وەڵامی سڵاوەکەیان بەگەرمی دایەوەو بابەش چەند خولەکێک دوای ئەو گەشتەوە. سفرەی نیوەڕۆیان داخست، لەم مەودا کورتەدا نەکرا شتێک لەدایە بپرسێت. دوای نان قاپەکانی شت. پەری چای لێناو بردی بۆ دایەو بابەو فەرزانە کە لەهۆڵەکەدا دانیشتبون بەزۆرزانی یە هەمیشەییەکەیەوە سینیە چایەکەی لەسەر زەوی داناو وتی:

- ئەمەش چای دانیشتنەکە. دەزانم پێویستە ئێستا بڕۆم بەڕێی خۆمدا هەتا ئێوە قسەکانتان دەکەن، بە ئیجازەی گەورەکانی دانیشتنەکە! وە بەگاڵتەو پێکەنینەوە ڕۆشت بۆ ژوری سەرەوە.

دایە دەستیکرد بەقسەکردن لەکاتێکدا کە بابە خەریکی ڕادیۆکە بوو هەتا شەپۆلەکەی ڕێک بکات.

- بەڵێ کچم خەریکبوم دەموت، خۆت دەزانیت پورە مەرزیەو براکەی دەستهەڵناگرن. دوو سێ ڕۆژ بوو کە مۆڵەتیان دەویست دایک و خوشک و براکانیان بهێنن هەتا بابەتی خوازبێنیکە ڕەسمی تر ببێت. باوکیشت مۆڵەتیدا کە بێن.



Scanned with CamScanner

- ئێستا چیبوو کە بابە بۆ جوابکردن ئەم خەڵکە لەوێوە دەهێنێتە ئێرە؟

- منیش نازانم چ نیازێکی هەیە بەخوا. بەیانی کە بەمەرزیە خانمم وت لەخۆشحاڵیدا خەریکبوو باڵی دەگرت، تەلەفۆنی کرد بۆ لادێ. خوا بکات بەجۆرێک نەبێت کە پەیوەندی هاوڕێیەتی و خوشکایەتی چەندین ساڵەمان تێک بچێت. پێم وایە ئیتر دەبێت خانەوادەکەی هەتا دوو یان سێ کاتژمێری تر لەشارستانەوە بگەن...

فەرزانە لەقسە دولاکانی دایە هیچ شتێکی دەستگیر نەبوو. شەپۆلی ڕادیۆکە ڕێک بویەوەو سانسۆری لەسەر نەما. بێژەری ڕادیۆکە دەستیکرد بەڕاپۆرت خوێندنەوە.

- «بەناوی خوای گەورە. گوێگرانی ئەزیز هەر ئێستا لەناوچەی هێرشی میرصادەوە قسەتان لەگەڵدا دەکەم جارێکی تر شەڕکەرە جوامێرەکان شانازییەکی تریان پێ بەخشین...»

دایە بەردەوام بوو:

- باشە کچم لەبەرئەمە بوو کە داوام لێکردی زوتر بێیتەوە...

- بێدەنگ خانم بوەستە بزانم چی دەڵێت. ئەوە بابە بوو کە دەنگی ڕادیۆکەی زیاد کردو خۆیشی بەتەواوی گوێی دایە ڕادیۆکە.

پەیامنێرەکە پرسیی:

- بەڕێز موجتەبایی ئێوە بەناونیشانی جێگری فەرماندەی ئەم هێرشە، سەرکەوتنەکەمان چۆن چۆنی و لەصەدا چەند دەخەملێنن؟

- بەیارمەتی و پشتیوانی خوا ئێمە بەتەواوی ئامانجە دیاریکراوەکان گەشتین و جارێکی تر دوژمنانی ئیسلام و نەیارانی ئێرانمان ڕیسواکرد...

- گوێتان لێبوو؟ فەرهاد بوو؟

بابە ئەوەندە بەدەنگی بەرز وتی کە دایە بێدەنگ بوو، بەبیستنی ناوی فەرهاد شتێک پەستانی خستە سەر دڵی فەرزانەو چنگی تێدەخست. نەیدەزانی چۆن هەستی عیشق و نەفرەت بەیەکەوە لەوجودیدا ئاوێزان بووە. ڕەنگی بەڕووەوە نەمابوو، دایکی کە لەحاڵی فەرزانە تێگەشتبوو ڕویکردە باوکی و وتی:

- ئاغا کەریم خەریکین قسە دەکەین دەنگی برازاکەتت بیست ئەوەندە ڕاچڵەکیت؟

فەرزانە کە بارودۆخەکەی بەمشێوەیە بینی بەبێ ئەوەی چایەکە بخوات هەستایەوەو بەبیانوی نوێژکردن، ژورەکەی بەجێهێشت. هەستیکرد دەبێت کەمێک تەنها بێت. دواتریش پێی خۆش نەبوو هیچ پرسیارێک لە دایکی بکات.

نزیکی خۆرئاوابون بوو کە مەرزیە خانم هات و لەگەڵ دایکیدا هەندێک چپەچپی کردو ڕۆشت. دایکی فەرزادی بانگکردو وتی:

- کوڕم وەرە خێرا بڕۆ لەلای ئاغا تەقی کەمێکی تر میوە بکڕە، پێم وایە میوانەکان زۆرن.

شەو دوای نان میوانەکان هاتن. پەروانە کە لەبەردەم چێشتخانەکە وەستابوو، بەفەرزانەی وت:

- دادە خوا بەدادت بگات، بۆ خوازبێنی ئەم هەموو خەڵکەیان هێناوە ئەی بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری چی دەبێت. هەتا ئێستا ٢٥ کەسم ژماردووە. هێشتاش خەریکن دێن.

فەرزانە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. دوای دانیشتنی میوانەکان فەرزاد پەزیرایی بەمیوە دەست پێکرد. لەهەر خەمێک قسەیانکرد. لەکۆتاییدا هاوسەرەکەی مەرزیە خانم مۆڵەتی لەگەورەکانی مەجلیسەکە کرد کە

بڕۆنە سەر ئەسڵی بابەتەکە.

ئەمجار سیاوەش سەربەرزو بەهێز لەنێوان خوشک و برا، بوک و زاواکان، مام و پورەکان و خاڵەکانیدا دانیشتبو. بابە کە هێشتا تەنانەت دەرفەتیشی نەبوبو سەیری ڕوخساری یەک بەیەکی ئەم هەموو خەڵکە بکات، دوای تەعاروفاتی ئاسایی مۆڵەتی دا.

قسەو مەرجەکانی هەموان وتران. یەکەمین مەرجی بابە ئەوەبوو کە سیاوەش هەمیشە لەنزیکی ماڵی ئەواندا خانوو بگرێت و هیچ کاتێک کچەکەی نەباتەوە بۆ شارستان و مۆڵەتی بەردەوامیدان بەخوێندن بە کچەکەی و دواتریش مارەیی و مەرجگەلی تر...

خانەوادەی زاوا هەمو مەرجەکانیان قەبوڵکرد. داوایان لەفەرزانە کرد چا بهێنێت.

بەهاتنی ئەو بۆ ژورەکە، خانەوادەی زاوا بەدەستوری خۆیان شادی و هەلهەلەیان دەستپێکردو وەصفی هەڵبژاردنەکەی سیاوەشیان کرد. ئەمجار سیاوەش کە چای لەناو سینیەکەدا هەڵدەگرت، زەردەخەیەکی پڕ ئیحساسی سەرکەوتنی کرد کە لەدیدی ئامادەبوان پەنهان نەمایەوە.

هەر بەو سادەییە جوانترین کچی گەڕەک، ئەندازیاری نمونەیی زانکۆ شویکرد.چەند قەول و بەڵێنگەلێکیان بۆ دەست ماچکردن و مارەکردن و گواستنەوەدا. بەبێ ئەوەی کە ئەو شەوە تەنانەت یەک کەسیش لەو بپرسێت ئایا بەم هاوسەرگیرییە ڕازیت یان نا؟!

لەماوەی دوو هەفتە دواتر هەردوو خانەوادەکە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە هەر لەمەڕاسیمی دەست ماچکردندا لەیەکیش مارەبکرێن و هاوینیش ئاهەنگی گواستنەوە بکەن. هەموو بەرنامەکان بەپێی خواستی بابە دانران.

ڕۆژێک دوای مارەکردن فەرزانە جورئەتی دایە بەرخۆی و لەباوکیی



Scanned with CamScanner

پرسی:

- ببوره بابە گیان یەک پرسیارم لێتان هەیە. بابە کە تازە لەسەر کار گەڕابویەوەو خەریکی پشودان بوو، وتی:

- بپرسە کچم.

- دەڵێم ئەم هەموو خوازبێنیکارە تەنانەت برازاکەی خۆشتان هاتن و ڕازی نەبویت،چیبو کە ئاغا سیاوەشتان قەبوڵکرد لەگەڵ ئەوەی کە لەڕوی بڕوانامەوە لە من خوارترەوماڵیان لەشار نی یەو...

بابە لەسەرخۆیانە وەڵامی دایەوە:

-دەزانیت چی یە کچم! ئیحساسم کرد کە عاشقانە تۆی خۆش دەوێت لەبەرئەوەش دەتوانێت خۆشبەختت بکات. بینیت کە هەر مەرجێکم دانا قەبوڵیانکرد. بەڵام ئەوانی تر یەکێکیان هەر ئەم فەرهادە کە یەک وشەی نەخێری بیست ڕۆشت و سەیری دوای خۆیشی نەکرد.

فەرزانە بێدەنگ بوو. لەلایەکەوە بابە ڕاستیشی دەکرد. چۆن بوو کە سیاوەش لەگەڵ دە جار وەڵامی نەخێریش دیسانەوە هەر گەڕایەوە بەڵام فەرهاد بەیەکەمین وەڵامی نەخێر کە بیستی ڕۆشت و سەیری دوای خۆیشی نەکرد؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە وەڵامێکی دەستنەکەوت بۆی.

لە دەورانی دەستگیرانیدا هەتا زیاتر بەئەخلاق و ڕەفتاری سیاوەش ئاشنا دەبوو، زیاتر پەی بە گەورەیی و پیاوەتی ئەو دەبرد.ب ەیانی هەتا دوانیوەڕۆ لەشیرکەت دەبوو، عەسریش لەگەڵ دایەو مەرزیە خانم و سیاوەشدا دەڕۆشتن بۆ بازاڕو پێداویستی ئاهەنگی گواستنەوەیان دەکڕی.

ئەو ماڵەی کە لەکۆڵانەکەی ماڵی باوکیدا گرتبویان بەکرێ تەنها یەک ژوری هەبوو. فەرزانە چ لەشت کڕین چ لەبەکرێ گرتنی ماڵدا هیچ سەختگیرییەکی نەکرد. ئەگەرچی کە سیاوەش لەکردنی هەرکارێک کە پێی

وابوو فەرزانە خۆشحاڵ دەکات، درێغی نەدەکرد.

لەکۆتاییدا ڕۆژی ئاهەنگ هاتە پێشەوە. ئەو ڕۆژە هیچ کەس بەئەندازەی سیاوەش خۆشحاڵ نەبوو. خزمانێکی زۆر لەباکورەوە هاتبوون و هەمویان تامەزرۆ بوون بزانن زاوا کێ یەو چۆن چۆنی توانیویەتی دڵی کەریم بەدەست بهێنێت هەتا ڕەزایەت لەسەر هاوسەرگیری کچەکەی بدات. خزمانی زاواش کەم نەبون. هەموان چاوەڕوان بون هەتا بوک و زاوا لەکەناری یەکتریدا ببینن.

فەرزانەیان کە لەئارایشگاوە هێنایە هۆڵەکە، میوانەکان کە هیچ، تەنانەت دایکی فەرزانەش سەری سوڕمابوو. شتێکی لەحۆری بەهەشت کەمتر نەبوو. پورە هاجەرو مەرزیە خانم دوکەڵ ئەسپەنیان بۆ دەکردن. ئامۆژن لێوی حەسرەتی بە ددان دەگەست و فرمێسک بە تەواوی لەچاویدا قەتیس مابوو. فەرزانە هەروەک گەوهەری شەوچرا دەدرەوشایەوە. هەموان شادبون بەتایبەت پەری کە پێی نەدەکەوتە زەوی.

هیچ کەس ئاگای لە ئاشوبی دڵی فەرزانە نەبوو. سیاوەشیش شادو خەندان سەرکەوتوانە ژنی دڵخوازی خۆی لەکەناریدا بوو ژنی خۆشەویستیی بەدەستهێنابوو. فەرزانەش لەدڵی خۆیدا ئارەزوی دەخواست خۆزگە لیاقەتی ئەم هەموو موحیبەتەی ئەوی هەبوایە.

خزمەکانی زاوا هەروەکو پەروانە بەدەوری شەمعی وجودی بوکدا دەسوڕانەوەو بە زمانی ناوچەیی خۆیان شیعری جوانیان دەوت.

ماوەیەک فەرزانە بیری لەوە کردەوە کە ئەم هەموو شتە لەخەودا دەبینێت، کە دەستێکی پیاوانە بازوی گرت و بە میهرەبانیەوە وتی:

- ئەزیزم میوانەکان چاوەڕێن بڕۆین و بەخێرهاتنیان بکەین.

بەڵام خەوو خەیاڵ نەبوو، هاوسەرەکەی بو کە دەستی ئەوی گرت.



Scanned with CamScanner

لەسەر هەر مێزێک بەخێرهاتنی میوانەکانیان کرد کە هەمویان سەریان سوڕمابوو لەجوانی بوک. کە گەشتنە لای مێزەکانی کۆتایی فەرزانە سەری گێژ بوو، ئەگەر سیاوەش ئەوی نەگرتایە دەکەوتە زەوی. بەخەم و نیگەرانی یەوە پرسیی:

- شتێک بووە ئەزیزم؟

- نا هیچ نی یە. لەبەیانیەوە کە لەئارایشتگا بووم نەمتوانیوە شتێک بخۆم، پێم وایە هۆکاری ئەوەیە.

سیاوەش ئەوی بردەوە بۆ کەژاوەی بوک و زاواو شیرینی پێدا تابیخوات. نیگەرانی حاڵی ئەو بوو.

- بخۆ ئەزیزم، من زۆر زەحمەتم کێشا هەتا ئەمشەوە ببینم. بوکی خەونەکانی من نابێت نەخۆش بکەوێت من تۆم زۆر بەئاسانی بەدەست نەهێناوە، نامەوێت پەنجەیەکیشت گەرم ببێت. دەبێت زۆر ئاگات لەخۆت بێت.

ئەو شەوە دایک و باوکی فەرزانە کەمێک هەستیان بەئاسودەیی دەکرد کە یەکەمین ئەمانەتی خوایان سپارد بەدەستی کەسێکی بەلیاقەت.

# وەرزی دوانزەیەم

هەمو ڕۆژێک بەیانیان فەرزانەو سیاوەش بەیەکەوە لەماڵ دەڕۆشتنە دەرەوەو دەچونە سەر کار بەڵام لەکاتی گەڕانەوەدا فەرزانە زوتر دەهاتەماڵەوەو کەمتر بۆ کاری زیادە دەمایەوە. لەسەرەتادا جاروبار هەر لەسەر ڕێگەکەی سەرێکی لەماڵی باوکی دەداو هەواڵێکی دەپرسی و پاشان دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان. وردە وردە کە کارو بەرپرسیارێتیی قورستر بوو، هەفتەی دووجار زیاتر نەدەڕۆشت. سیاوەش بۆ ئاسایش و ئاسودەیی ئەو درێغی لەهیچ کارێک نەدەکرد. لەخواردن دروستکردنەوە هاتە ماڵ پاککردنەوەش. ماڵەکەیان بچوک بوو بەڵام بەصەفاو پڕ موحەبەت.

لەو چەند مانگەی کە بەیەکەوە دەژیان ژیانێکی ئارام و شادیان هەبوو.دوو سێ جار ڕۆشتن بۆ ئاراک بۆ سەردان. لەم هاتوچۆیانەدا فەرزانە زیاتر لەجاران هۆگربوو بەخانەوادەی سیاوەشەوە.

خانەوادەی سیاوەشیش کە لەلادێوە دەهاتن زیاتر لەماڵی مەرزیە خانم دەمانەوەوحاڵی فەرزانەیان زۆر لەبەرچاو دەگرت.

دایکی سیاوەش فریشتیەک بوو لەبەرگی مرۆڤدا هەرچەند فارسیی بەباشی نەدەزانی بەڵام زۆر هەوڵی دەدا بەبوکە جوانەکەی بڵێیت کە چەند خۆشحاڵە کە کوڕەکەی لەگەڵ ئەودا هاوسەرگیری کردووەو بە ئارەزوی خۆی گەشتووە.

سیاوەش دایکی دڵنیاکردبویەوە کە جوانترین بوکی دنیا بەنسیبی



Scanned with CamScanner

ئەو بووە. بەشێوەیەک کە فەرزانە شەرمەزار لەو هەموو موحیبەتەی کە لەهاوسەرەکەی دەیبینی، بێدەنگ دەبوو نەیدەزانی ئایا شایستەیی عیشقی پاکی ئەوی هەیە یان نا؟ بە ژیان ئومێدەوار بوبویەوەو تێگەشتبوو کە هێشتا جوامێری، غیرەت و عیشق نەمردووە. هێشتا کەسانێک هەن کە ئەگەر عاشق ببن هەتا کۆتاییەکەی دەمێننەوە.

ئەگەر فەرزانە سەرێشەیەکی بگرتایە، سیاوەش لەخەمی ئەودا تای دەگرت. بەم دواییانەش چەند ڕۆژێک بوو کە سەرێشەو بێ هێزییەکەی لەجاران زیاتر بوبوو شتێکی وەکو خەم ودڵەڕاوکێ ئازاری دەدا، بەپێداگری زۆری سیاوەش ڕۆشت بۆلای پزیشک.

بەلەبەرچاوگرتنی سەرێشە بەردەوامەکان و ئەو بێ هێزییەی کە هەیبوو پزیشک چەند پشکنینێکی بۆ نوسی و بڕیاربوو دوای دەرچونی ئەنجامی پشکنینەکان عیلاجی بۆ بنوسێت بەڵام ئامۆژگاری کرد هەتا ئەو کاتەی کە ئەنجامی پشکنینەکان دەردەچن، یەک دوو ڕۆژێک لەماڵەوە پشو بدات یان ئەگەر ناچاربوو بڕواتە سەرکار، زوتر بگەڕێتەوە. چونکە نیشانە سەرەتاییەکان نیشانیان دەدا کە کەم خوێنییەکی توندی هەیە.

ڕۆژی دواتر بەیانی زوو سیاوەش، فەرزانەی برد بۆ تاقیگەو دوای ئەنجامدانی پشکنینەکان هێنایەوە بۆ ماڵەوەو تکای لێکرد کە لەماڵەوە تەنها پشوو بدات و خۆی ڕۆشت بۆ سەر کار.

سێ ڕۆژ دواتر فەرزانە کە لەکار دەگەڕایەوە لەسەر ڕێگا ڕۆشت بۆ تاقیگەو وەرەقەکەی دا بەکارمەندەکە. دوای چەند خولەکێک خانمی کارمەندی تاقیگەکە سەیرێکی وەڵامی پشکنینەکانی و پاشان سەیرێکی ئەویشی کردو وتی:

- پیرۆزە خانم. یەکەم مناڵتە؟

- چی؟ تێناگەم. لەناکاودا دڵی هات بەیەکدا.

- تۆ دووگیانیت بەڵام بەو کەمخوێنییەی کە هەتە پێویستە زۆر ئاگات لەخۆت بێت. پاشان ئەنجامی پشکنینەکانی پێدا.

وەرەقەی پشکنینەکانی تەنانەت نەخستە ناو جانتاکەی و بەتوندی گرتبوی بەدەستیەوە. بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خۆیان، ئامادەیی منالّ بونیان نەبوو. بەڵام لەلایەکی ترەوە هەستی جوانی ئەوەی کە ئێستا مەوجودێک لەگەڵ ئەودایە کە منالّەکەیەتی، لەدڵەوە خۆشحالّی دەکرد. نەیدەزانی کە دەبێت خۆشحالّ بێت یان غەمگین. دەبێت چۆن چۆنی بەسیاوەش بڵێت؟ کاردانەوەی ئەو چۆن دەبێت؟

هەر لەم بیرکردنەوانەدا بوو کە خۆی لەبەردەم مالّی باوکی بینیەوە. بڕیار نەبوو بڕوات بۆ ئەوێ. کاتێک دایکی ڕەنگی پەڕیوو سەروچاوی بێهێزی ئەوی بینی، هاتە پێشەوەو ماچی کردو بەنیگەرانی یەوە پرسیی:

- شتێک بووە کچم بۆچی ڕەنگی ڕوت پەڕیوە؟ سیاوەش لەکوێیە؟

- سیاوەش لەسەر کارە. هیچ نەبووە تەنها کەمێک ماندووم و سەرم ئازاری هەیە.

-ب ۆچی ئەوەندە سەرئێشەت هەیە؟ ئەگەر کارەکەت زۆرە، کەمی بکەرەوە. ئاوا نابێت کچم. جارێ بابڕۆم چایەکت بۆ بهێنم کە ماندوێتی جەستەت دەربچێت. بۆ ئێوارەش تەپسی بەقیمەم دروستکردووە ئێوەش مەڕۆنەوە.

- نا سوپاس دایە پێویستە بڕۆمەوە بۆ مالّەوە کارم بەسیاوەش هەیە. دەنگی دایکی لەچێشتخانەوە هات:

- چ کارێک؟ دوای نانی ئێوارە دەڕۆنەوە بۆ مالّ.

سینییە چایەکە بەدەستی دایکیەوە بوو کە فەرزانە مانتۆکەیی لابردبوو،

هەر کە گەڕایەوە بۆ ئەوەی هەڵیواسێت بەکۆڵەکی جل هەڵواسینەکەوە، خۆی کێشا بەدایکیداو چایەکان ڕژانە ناو سینیەکەوە. فەرزانە ڕایکرد بۆ لای دەستشۆرەکە. دایکی سینیە چایەکەی لەسەر مێزەکە داناو ڕۆشت بەدوایدا.

- چی بوو فەرزانە؟ چایەکەت پیا ڕژا؟

فەرزانە دڵی تێکدەچوو. ڕەنگ پەڕیوتر لەپێشتر لەدەستشۆرەکە هاتە دەرەوە.

- دایە هیچ نی یە پێم وایە سەرمام بووە. لەبەیانیەوە هەتا ئێستا دڵم تێک هەڵدێت.

- ئاخر چیت خواردووە مەگەر؟ بۆچی ئاگاداری خۆت نابیت؟ ئەگەر خوانەخواستە چایەکەت پێدا بڕژایە چ وەڵامێکی سیاوەشم بدایەتەوە؟

- ببورە دایە لەناکاودا حاڵم تێکچوو.

- نەکا ژەهراوی بوو بیت؟ بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی وەڵام بێت لەناکاودا بێدەنگ بوو چاوی بڕییە کچەکەی و وتی:

- کچی جوان نەکا...؟ ئەی بۆ خۆم نەمزانی، پیرۆزە. بەدڵنیاییەوە دەبیتە دایک. بەسەلامەتی انشاالله.

دایە نغرۆی شادی و خۆشحاڵی بوبوو بەردەوام پرسیاری دەکرد. ماوەی چەندە وات لێدێت؟ ڕقت لەچی یە؟ حەزت لەچییە بۆت دروستبکەم؟ فەرزانە لەجیهانی خۆیدا بوو پێی وابوو کە هێشتا ئامادەیی بونە دایکی نی یەو لەلایەکی ترەوە هەلومەرجی ئابوری باش نەدەبینی و نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات ئەگەر سیاوەش بزانێت چ کاردانەوەیەکی دەبێت. نیگەرانی ئەو بێ بنەما بوو کاتێک سیاوەش زانی زۆر خۆشحاڵبوو.

ئەو شەوە هەموو خانەوادەکە بەتایبەت سیاوەش زۆر خۆشحاڵبون

و بەهەڵپەو تامەزرۆییەوە تەپسی بەقیمەکەی دەستی دایەیان دەخوارد. ئەوە فەرزانە بوو کە حەپەساوی ئەم هەموو شادییەی ئەوان بوبوو نەیتوانی تەنانەت یەک پارو نانیش بخوات لەبۆنی هەموو شتێک دڵی تێک هەڵدەهات.

دوای نانی ئێوارە، سیاوەش زۆر هەوڵیدا کە بـڕوات بۆ ماڵی خوشکەکەی و ئەم هەواڵە خۆشەیان پێبدات، بەڵام فەرزانە ڕێگری لێکردو وتی:

- من شەرم دەکەم هەر لەئێستاوە بەهەموان مەڵێ.

نەیدەزانی کە ڕۆژی دواتر ئەوەندە حاڵی خراپ دەبێت کە هەموان بەدووگیانبونەکەی دەزانن. هەر خوا دەزانێت کە دایەو مەرزیەو سیاوەش لەو چەند مانگەدا چییان کێشا هەتا فەرزانە بتوانێت کەمێک شت بخوات. زۆربەی ڕۆژەکان ئاوی تێدەکراو نەیدەتوانی لەجێگەی خۆی هەستێت. مۆڵەتی نەخۆشیی وەرگرتبوو لەماڵەوە کەوتبوو. ئەوەندە بێ هێزو لاواز بوبو کە سیاوەش لەکەناری جێگەکەیدا دادەنیشت و ئەژنۆی خەمی لەباوەش دەگرت و دەیوت:

- دایە گیان ئەگەر فەرزانە هەر بەمشێوەیە بمێنێتەوە من چیبکەم. پزیشکێکی باشی کۆئەندامی هەرسم پەیداکردوە، با نۆبەت بگرم و بیبەین بۆی لای بەڵکو حاڵی باشتر ببێت؟

دایەش لەسەرخۆیانەو دڵسۆزانە دەیوت:

هیچ نی یە کوڕم، خۆ نەخۆش نی یە زۆربەی ژنان بێزو دەکەن تایمی خواردنیان تێکدەچێت. هیچ کێشەیەکی نی یە هەتا بیبەیتە لای پزیشکی کۆئەندامی هەرس.

- ئەی بۆچی هیچ لەگەدەیدا نامێنێتەوە، سەیری دەوری چاوەکانی



Scanned with CamScanner

بکە شین بۆتەوە. پزیشکەکان دەڵێن کەمخوێنە. بەخوا لەنیگەرانیدا خەریکە دەمرم.

- نیگەران مەبە، تۆش لەجێگەی کوڕمدایت، من بەسەر هەرچوار مناڵەکەمەوە حاڵم تێک دەچوو هیچیشیم لێ نەدەهات. سوپاس بۆ خوا مناڵی باش و وریاشم هەن. سەباری ئەوەش منی داماو مۆڵەتی نەخۆشیم نەبوو دەبو لوتم ببەستم و خواردنم دروست دەکردوو لەکێڵگەش کارم دەکرد. انشاالله کە مناڵەکە بە ساغی هاتە دنیاوە هەموو ماندوێتیەکەتان لەبیردەچێتەوە.

لەکۆتاییدا دوای ئەو هەموو سەختی کێشانە، چاوەڕوانی بەپایان گەیشت و کچێکی جوان و ژیکەڵە پێی هێنایە ماڵی ئەوان. سیاوەش و فەرزانە کە ئەویان بەهەدیەی خوداوەند دەزانی، ناویان نا هەدیە.

بە هاتنی هەدیە خۆشی و شەوقێکی بێ ئەندازە هاتبویە ناو ماڵی ئەوان. ئەو چێژەی کە دایە گەورەی ٣٦ ساڵە لەچاودێری کردنی نەوەکەی دەیبرد، پێناسەنەکراو بوو، لەگەڵ ئەودا عیشق و حاڵی دەکرد.

کاتێک کە هەدیە بوبووە هەشت مانگە، زۆر بەخراپی بەدایە گەورەوە هۆگر بوبو. عەسران کاتێک فەرزانە دەهات بۆ بردنەوەی، بە سەختی لەدایە گەورەی جیای دەکردەوە. هەرچەند پەریش زەحمەتی هەدیەی زۆر دەکێشاو یارمەتی دایەی دەدا.

بابە گەورەش ڕۆژی دەژمارد کە هەدیە گەورە ببێت و بتوانێت سواری تاکسیەکەی بکات و بە شەقامەکاندا بیگێڕێت و بیباتە پارک و بەستەنیی بۆ بکڕێت.

# وەرزی سیانزەیەم

ئەو ڕۆژە فەرزانە هەروەک هەموو ڕۆژانی تر لەسەر کارەوە ڕاستەوخۆ ڕۆشت بۆ ماڵی باوکی هەتا هەدیە لەگەڵ خۆیدا بباتەوە، بارودۆخەکەی ئاسایی نەبینی. هەستیکرد دایکی خەریکە شتێک لەو پەنهان دەکات. بابە لەوێ نەبوو پەریش ڕۆشتبوو کەلوپەلەکانی هەدیە کۆبکاتەوەو بیانهێنێت، لەکاتێکدا کە هەدیەی لەباوەش گرتبوو شیری پێدەدا پرسیی لەدایکی:

- دایە بابە گیان لەکوێیە؟ بەهرام و فەرزاد لەکوێن؟ بۆچی ناڕەحەتیت؟

- چی بڵێم کچم شتێکی وانی یە. فەرزادو بەهرامیش ڕۆشتن بۆ فوتباڵ. باوکیشت لەسەر کارە.

پەروانە کەلوپەلەکانی هەدیەی کۆکردەوەو لەبەردەمی فەرزانەدا دانیان و وتی:

- دەی دایە ڕاستیەکەی بڵێ.

فەرزانە دڵی ڕاچڵەکی لەکاتێکدا کە مەمکی لەدەمی هەدیەدا دەردەهێنا پرسیی:

- دایە توخوا چی بووە؟ باوکم لەکوێیە؟

دایکی لەکاتێکدا کە هەوڵی دەدا خۆی خەمسارد نیشان بدات وتی:

- دەمەقاڵێمان بوو ڕۆشتە دەرەوە. بە هەموو بەدبەختیەک لەگەڵ ژیانیدا سازام. لەشارستانەوە کە دەهاتین تکام لێکرد مەمبەرە تاران. چووە کەلی شەیتان و وتی دەبێت بڕۆین دەمەوێت تۆو منداڵەکان خۆشبەخت

بکەم. ئێستاش هەروەک ئەو کاتە کەللەڕەقی دەکات و دەڵێت دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوێ.

- باشە دایە تۆ بۆچی ڕازی نابیت خۆ تۆ هەمیشە بیری کەسوکارت دەکەیت؟ ئێستا ئەوێ سەد ئەوەندەی شاریش خۆشترە.

- ڕاستیت بوێت خۆشم نازانم بۆچی؟ پێم خۆش نی یە بەڵکو ڕازی بێت کە نەڕۆین. ئەوکاتە دایکم مابوو دڵم زۆر لێی دەدا کە بڕۆم ببینم، ئێستا چی؟ لەهەموو ئەوانەش گەڕێ، چۆن تۆ لێرە بەمناڵێکی بچوکەوە بەجێ بهێڵم و بڕۆم؟

- دایە ئەگەر تۆ خەمی منتە نیگەران مەبە پورە مەرزیەی هەیە کە لەخوای دەوێت چاودێری هەدیە بکات. ساڵی ئایندەش وەکو هاوکارەکانی ترم دەییەمە دایەنگە. تۆ نیگەرانی ئێمە مەبە.

دایە ئاهێکی کێشاو وتی:

- نازانم لەوانەیە هەدیە بکەمە بیانو، دڵم ڕێگە نادات بڕۆین. فەرزاد دەبێت ئەمساڵ بچێتە زانکۆ. کۆنکۆری داوەو دوای ئەوەش پەری و بەهرام. بەخوا تێداماوم نازانم چۆن چۆنی ڕازیی بکەم دەست لەم بڕیارەی هەڵگرێت. بەردەوام دەڵێت لەبەرخاتری خۆشبەختی من و مناڵەکانە. بەڵام ئەگەر من ئەم خۆشبەختیەم نەوێت دەبێت چی بکەم.

- چی بڵێم دایە گیان! دیسانەوە هەوڵ بدە بابە ڕازیبکەی باشترە. پێی بڵێ منیش لێرە تەنها دەمێنمەوە، هەموو خزمەکانی سیاوەش لە شارستانن. وە چونە زانکۆی مناڵەکانیش نزیکبۆتەوە ناکرێت واز لەئایندەیان بهێنین.

دایک و کچ بەیەکەوە سەرقاڵی گفتوگۆ بون و پەروانەش لەگەڵ هەدیەدا یاریی دەکرد کە بابەو سیاوەش بەیەکەوە گەشتنەوە ماڵ. چەند

خولەکێک دواتریش کوڕەکان لەفوتباڵەوە گەڕانەوە. ماوەیەک قسەیان کرد هەتا گەشتنە لای بابەتی گەڕانەوە بۆ باکور کە دایە جارێکی تر ناڕەزایی خۆیی لەلای هەموان دەربڕی:

- سەیرکە پیاوەکە من ناتوانم، بۆچی زۆرم لێدەکەیت! لەساڵانی شەڕو تۆپباراندا چەند وتم بگەڕێینەوە تۆ قەبوڵت نەکرد. چەند سەختیمان کێشا هەتا بەئێرە گەشتین. ئێستا لەبەر چەند مەترێک زەویی میراتی باوکت دەتەوێت ئێمە دەربەدەر بکەیت؟

بابە بەناڕەحەتییەوە وتی:

-من هەمیشە وتومە هەرکارێک کە دەیکەم لەبەر خۆشبەختی تۆو مناڵەکانەو جگە لەوە نی یە.

دایە کە ئیتر گریان گرتبوی و فرمێسک لەچاوەکانیدا قەتیس مابوو، وتی:

- پیاوەکە ئێمە ئەم خۆشبەختیەمان ناوێت. نەخۆم نەمناڵەکان چی بکەین کە تۆ دەست لەمە هەڵبگریت؟

سیاوەش نێوانگیری کردو وتی:

- من پێشنیارێکم هەیە. ئێوە سەرەتا بزانن دەتوانن دووبارە لەباکور بژین یان نا؟ مناڵەکانتان ڕازین یان نا؟ دواتر بڕیاربدەن کە ماڵ و ژیانتان بفرۆشن و بڕۆن بۆ باکور.

پێشنیارەکەی سیاوەش گونجاو بوو. بابەو دایە، فەرزادو پەری تەنانەت بەهرامیش بۆچونی خۆیان دەربڕی. لەکۆتاییدا بەم ئەنجامە گەشتن کە هەفتەی ئایندە دایەو بابە بڕۆن بۆ باکورو هەفتەیەک لەوێ بمێننەوە، ئەگەر دایە هەستیکرد کە ئیتر ناتوانێت لەوێ بژی دەگەڕێنەوە. ئەگەر هەلومەرجەکەشیان بۆ مانەوە بەگونجاو زانی دەگەڕێنەوەو خۆیان کۆ



Scanned with CamScanner

دەکەنەوەو دەڕۆن بۆ باکور. لەماوەی ئەم هەفتەیەشدا فەرزانە لەلای منالەکان دەمێنێتەوە.

شەو کە فەرزانە گەڕایەوە ماڵەوە خەم و بێتاقەتی دایگرتبوو. ئەویش ئەوەندەی دایکی پێی ناخۆشبوو. ئارەزوی دەخواست کە بابە لەڕۆشتن بۆ باکور پەشیمان ببێتەوە. ساڵڕۆژی لەدایکبونی هەدیەش نزیکبوو. بڕیاریدا پێش ڕۆشتنی ئەوان بۆ باکور ئاهەنگێکی لەدایکبونی بچوکی بۆ بگێڕێت.

دوو ڕۆژ دواتـر فەرزانە مۆڵەتی وەرگـرت و نەڕۆشتە سەرکار ئامادەکاری نانی ئێوارەو ئاهەنگی لەدایکبونی هەدیەی کرد. عەسر هەموو کارەکانی ئەنجام دابوو کاتێک کە میوانەکان هاتن، هەڵبەتە میوانانی ئەم یادی لەدایکبونە خانەوادەی مەرزیە خانم و ماڵی باوکیی بون. ئەو شەوە بۆ هەموان خۆشبوو لەناو ئەم شادییەدا جارێکی تر، لەوانەیە بۆ کۆتاجاریش دایە بە بابەی وت:

- تۆ دڵت دێت نەوەیەکی ئەوەندە شیرین بەجێ بهێڵین و بڕۆین و نەیبینین؟

بابە لەوەڵامدا وتی:

- ژنەکە ئیتر قسەمان کرد. لەقسەی خۆت پەشیمان مەبەوە. هەستە ئێستا ئەو دیارییە بهێنە کە بۆ نەوەکەت کڕیوتە.

دایە گەورە بازنگەیەکی زێڕی هێنابو بۆ هەدیە. هەرچەند کە گەورەشبو بۆی بەڵام هەر کردیە دەستی. پورە مەرزیەش دیاریی خۆی هەبوو بۆی. ئەو شەوە بەشادی و خۆشی تێپەڕی. بەڵام خۆزگە ڕۆژگار ئەوەندە حەسود نەبوایە.



Scanned with CamScanner

# وەرزی چواردەیەم

ڕۆژی ڕۆشتن گەشت، دایە خۆشحاڵ نەبوو چونکە بابە لەسەر بەڵێنی خۆی نەمابوو ئەو ماڵەی کە تیایدا دەژیان، فرۆشتبوی. شەوی پێشوو دایە وتبوی بەمەرزیە خانم من دەڕۆم بەڵام دڵم ڕازی نی یە بەم ڕۆشتنە. ئەگەر نەگەڕامەوە ئاگات لەکچ و نەوەکەم بێت و مەرزیە خانمیش هەر دڵخۆشی دابویەوە:

- ئەم قسانە چی یە؟ انشاالله ئێوە دەڕۆن و ئێمەش زوو زوو دێین بۆ باکورو سەرتان لێ دەدەین. نیگەرانی هیچ شتێک مەبە. مەگەر من و تۆش لەسەرەتاوە لەم شارە غەریبە نەبوین؟ منالی بچوکمان نەبوو؟ خوا خۆی یارمەتی دەدات.

- ئاخر خۆ من و تۆ کارمان نەدەکرد. بەکچێکی یەک ساڵەوە ئەم کچە دەچێتە سەرکار چی بکات؟

مەرزیە خانم وتبوی:

- ماشەڵڵا بەو ئەخلاق و زرنگیەی کە فەرزانە گیان هەیەتی ئەو هیچکات تەنها نابێت. خوا یاری غەریبانە.

بڕیاربوو سبەی دوای ڕۆشتنی ئەوان هەدیە لەلای پەری دابنێن و هەتا دایەو بابە بڕۆن بۆ باکورو دێنەوە فەرزانە ئاگای لە منالەکان بێت.

ئەو ڕۆژە بایانیەکەی فەرزانە وەکو هەمیشە هەدیەی دایە دەستی دایکی. ئەملاو ئەولای ماچکردو سەفەرێکی خۆشی بۆ ئارەزوکرد. بابەشی

ماچکردو وتی:

- ئەسڵەن نیگەرانی مناڵەکان نەبن، لێرە ناجوڵێم هەتا دەگەڕێنەوە.

عەسر کاتێک لەسەرکار دەگەڕایەوە بیری کردەوە کە باشتر وایە پێشتر بڕوات بۆ ماڵی خۆیان و کەلوپەلی پێویستی هەدیە بهێنێت، دواتر بڕوات بۆ ماڵی باوکی. کە گەشتە ماڵەوە بە سەرسوڕمانەوە بینیی سیاوەش لە کاتێکدا کە هەدیەی لەباوەش گرتبوو، بەدوای شتێکدا دەگەڕا. فەرزانە لێی پرسی:

- سڵاو، بۆچی هەدیەت هێناوەتەوە؟ خۆ بڕیارە من بڕۆم شەو لەلای مناڵەکان بم. هاتوم کەمێک کەلوپەل ببەم.

سیاوەش بەبێزاری و توڕەییەوە وتی:

- چیبووە ئاخر؟ هاتوم کەمێک پارە ببەم بۆ شت کڕین. کلیلی کۆمەدەکە پەیدا ناکەم.

فەرزانە بەسەرسوڕمانەوە پرسیی:

- سەرەتا کلیلەکە وەکو هەمیشە هەر لەو چەکمەچەی یەکەمدایە، دواتریش دەتەوێت شت بۆ هەدیە بکڕیت کە هێناوتە ناو ئەم گەرمایە؟

سیاوەش وتی:

- بۆچی ئەوەندە پرسیار دەکەیت؟

دەرگای چەکمەچەی جلەکانی کردەوەو کلیلی کۆمەدەکەی هەڵگرت و بڕێک پارەی خستە ناو گیرفانی و هەدیەی دایە دەستی دایکی و بەپەلە لەماڵ ڕۆشتە دەرەوە.

فەرزانە کە ئەسڵەن سەری لەکارەکانی ئەو دەرنەچوو، کەلوپەلەکەی کۆکردەوەو هەدیەی لەباوەش گرت و بەرەو لای ماڵی باوکی کەوتەڕێ. هەرچەند لەدەرگایدا کەس دەرگاکەی نەکردەوە. بەدەنگی دەرگاکە،



Scanned with CamScanner

صەغری خانم (دراوسێکەی تەنیشتیان) لەماڵ هاتە دەرەوەو کلیلەکانی ماڵی بابەی لەدەستدابوو. لەکاتێکدا کە دەیکێشا بەسەرو سنگی خۆیدا هات و دەرگای ماڵەکەی بۆ کردەوە.

فەرزانە بەگێژی و حەپەساویەوە لێی پرسی:

- توخوا پێم بڵێ چیبووە صەغری خانم؟ پەری، فەرزادو بەهرام لەکوێن؟ بۆچی کلیلەکان بە ئێوەن؟

صغری خانم بەگریانەوە وتی:

- ئاخر کچم خۆ نەیاندەزانی کە بڕیارە بەدبەخت ببن و بەمشێوەیە توشی ڕووداوی هاتوچۆ ببن. کاتژمێر دوو لەناکاودا بڕیاریاندا منداڵەکانیش لەگەڵ خۆیاندا ببەن. کلیلەکانیاندا بەمن کە ئاوی گوڵەکان بدەم، هەدیەشیان دا بەپورە مەرزیەی...

کەناوی ڕووداوی هاتووچۆ برا فەرزانە سەری سوڕا. هەدیەی لەسەر زەوی دانا. ڕووداوی هاتوچۆ ئەویش لەجادەی چالوس. بەباشی دەیزانی یانی چی!

لەسەر زەوییەکە دانیشت و بەبێدەنگی فرمێسکی ڕژانـد. ڕقی لەسیاوەش بوو کە بۆچی ڕاستیەکەی بە ئەو نەوتبوو. نەیدەزانی دەبێت چی بکات.

صەغری خانم کە تازە لەهەڵەکەی خۆی تێگەشتبوو، دڵخۆشی دەدایەوە. کچم باوەڕ بکە هیچ نەبووە. بەڵام ئایا دڵی فەرزانە ئارام دەبویەوە. صەغری خانم ڕۆشت بانگی مەرزیە خانمی کرد. فەرزانە بە نارەحەتیەوە پێی وت:

- بۆچی کەس پێم ناڵێت چی ڕویداوە؟ بۆچی هەدیە لەلای ئێوە بوو؟ خۆ من بەیانی ئەوم دایە دەستی دایەو پەری. بۆچی سیاوەش



Scanned with CamScanner

نەیوت ئەوی لەماڵی ئێوە هێناوە؟ توخوا یەکێک پێم بڵێ چی لەباوکم و خانەوادەکەم هاتووە؟

- بەخوا من ئاگام لە هیچ نی یە. کاتژمێر دوو بوو کەدایکت مناڵەکەی هێناو پێی دام و وتی: کەریم ئاغا بڕیاریداوە هەموومان بەیەکەوە بڕۆین بۆ باکور. دواتریش سیاوەش هات و بە حەسەن ئاغای وت: ئۆتۆمبێلەکەی باوکت لەسەر جادە دەستی بەسەردا گیراوە چونکە تاکسی بووە، پێویستە پارەو سەنەد ببەین و بیانهێنینەوە.خوا ئومێدو نەویدم لێ بسەنێت من ئاگام لە ڕووداوی هاتوچۆ نی یە.

فەرزانە وتی:

- مەڵێ ئاگام لێ نی یە، بڵێ کە من بەدبەخت بوم. بڵێ ئەوان توشی ڕووداوی هاتووچۆ بوون. بڵێ من بێکەس و کار بووم بۆچی ڕاستیەکەی ناڵێیت؟

صەغری خانم هەر بەوشێوەیە شەکراوی دەهێناو دەیدا بەفەرزانە:

- بخۆ ئەزیزم تۆ شیر دەدەیت ئەوەندە خۆت ناڕەحەت مەکە. خۆزگە من لاڵ بومایەو ناوی ڕووداوی هاتووچۆم نەهێنایە. بەخوا وامزانی دەزانیت کە هاتی.

فەرزانە هیچ ئاگای لەهەدیە یان قسەکانی مەرزیە خانم و صەغری خانم نەبوو تەنها دەگریاو دواتر هەڵدەستایەوەو ماوەیەک بەخێرایی ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد. نەزری دەکرد کە هیچ بەڵایەک بەسەر باوکیدا نەهاتبێت. هەرچەند خولەکێکیش جارێک دادەنیشت و دەستی دەکرد بە شین و هاوارو پاشان سڵاواتی دەنارد. خۆشی نەیدەزانی دەبێت چی بکات.

ڕۆژگار ساتگەلی سەختی بۆ ژیانی هەڵگرتبوو. بەڵام ئەمە لەگەڵ



Scanned with CamScanner

ئەوانی تردا جیاوازی هەبوو. ئارەزوی دەخواست ئەم کاتژمێرە تولانیترانە لەسەدە هەرچی زووترە تێدەپەڕین و هەواڵێکی لەخانەوادەکەیەوە پێ بگات. دەستەکانی بەیەکدا دەسوی و جارێک دەیکێشان بەسەری خۆیدا، جارێکیش بەخەم و نیگەرانییەوە سەیری هەدیەی دەکرد. هەرکات چاوی بەکاتژمێرەکە دەکەوت و دەیبینی میلی کاتژمێرەکە نیازی ڕۆشتن بەرەو پێشی نی یە، هەتا سنوری شێتی نیگەران دەبوو.

هەدیە لە باوەشی پوریدا بێتاقەتی دەکرد بەڵام فەرزانە لەحاڵەتێکدا بوو کە وەک ئەوەی ئەسڵەن دەنگی مناڵە مەعصومەکەی خۆی نەدەبیست و لەدڵی خۆیدا هەڕەشەی لەسیاوەش دەکرد کە ئەوی بەبێ هەواڵ بەجێهێشتووەو ڕۆشتووە. «سیاوەش مەگەر نەتبینم. عەجەب پیاوێکی صادقیت!»

## وەرزی پانزەیەم

کاتژمێر نۆی شەو بوو کە مناڵەکانیان هێنا. فەرزاد دەستی شکابوو گیرابویە گەچ و لەملیدا بوو. پەری دەم چاوی ئاوسابوو جێگەی پارچە شوشەکان لەسەر ڕوخساری پڕبوو لەخوێن. بەهرام سەری پێچرابوو ئەسڵەن یەک قسەشی نەدەکرد. هەموو جلەکانی دڕابون.

بەبینینی مناڵەکان بەهەردوو دەستی کێشای بەسەری خۆیدا:

- خوایە چیبووە؟ توخوا یەکێکتان بەمن بڵێن چیبووە؟ باوکم لەکوێیە؟

فەرزاد سەری داخست و ڕەنگی پێوە نەمابوو، پشتی لەفەرزانە کردوو سەری نا بەدیوارەکەوەو دایە پرمەی گریان. بەهرام لەجیهانێکی تردا بوو، نەدەگریاو نەدەیتوانی قسەبکات. پەریش شۆک ببوو تەنها دەیوت:

- دایەیەیان لەسەر زەوییەکە پاڵخست. خوێن بەربونەکەی نەدەوەستایەوە. هەموو جلەکانی ناو جانتاکەیان دەرهێنا بەڵام سەری هەر پڕبوو لەخوێن. فەرزانە تۆ دەڵێیت دایە چی لێهاتووە؟ خوێنەکەی سەری وەستاوەتەوە؟

قەبوڵکردنی ئەم بابەتە ترسناکە بۆ فەرزانە مەحاڵبوو، ڕویکردە فەرزادو پرسیی:

- ئەوە چی دەڵێیت؟ بابە لەکوێیە؟ دایە چیی لێهاتووە؟



Scanned with CamScanner

فەرزاد سەری داخست و لەکاتێکدا کە گریان ئەمانی نەدەدا وتی:

- نازانم؟ تەنها بینیم حاڵی دایەو بابە زۆر خراپ بوو. ئێمەیان دەرکردو لەگەڵ حەسەن ئاغاو سیاوەشدا هاتین.

تازە تێگەشت کە سیاوەش ئەسڵەن خۆی نیشانی ئەو نادات. دڵنیابوو کە دەبێت ڕووداوێکی ترسناک ڕویدابێت. دایە ڕازی نەبوو بەڕۆشتن. خودایە چیبوو؟ ئێمە خەریک بوین بۆ خۆمان دەژیاین کێ باکوری خستە مێشکی باوکمەوە؟ ئاخر بۆچی؟

ئەم ڕستەو پرسیارانە چەندینجار بەمێشکیدا هاتن و چون بەڵام هیچ وەڵامێکی بۆ پەیدا نەکردن. شەوێکی شوم بوو، وەک ئەوەی نیازی ڕۆژبونەوەی نەبوو. هەدیە کە گریانەکانی دایکی دەبینی زیاتر بێتاقەتی دەکرد. فەرزانە تەنانەت تاقەتی شیردانیشی بە ئەو نەبوو. پورە مەرزیە گرتبویە باوەش و ژیری دەکردەوە.

بەهەزار ئەملاو ئەولا منداڵەکەیان خەواند. سیاوەش ڕۆشتەوە بۆ ماڵی خۆیان بەڵام فەرزانە لەوێ مایەوە. ڕۆشت بۆ ژورەکەی دایکی و کۆمەدی جلەکانی کردەوە، بێ ئاگایانە جلەکانی دایکی هەڵگرت و بۆنی کردن. لەناکاودا بەخۆیی وت:

- نا! بەدڵنیاییەوە دایکم زیندووە. باوکم شۆفێری کردووە بەدڵنیاییەوە باوکم بەڵایەکی بەسەردا هاتووە.

لەم بیرکردنەوانەدا بوو کە لەناکاودا بەدەنگی هاواری پەری بەخۆیدا هاتەوە. پەری کابوسی بینیبوو. بەدەنگی گریان و هاواری ئەو هەدیە، فەرزادو بەهرامیش بەخەبەرهاتن. لەماوەیەکی کەمدا دەنگی گریان و شیوەنی ئەوان گەشتە ئاسمان.

بەهەرچۆنێک بوو منداڵەکانی بێدەنگ کردو دڵخۆشی دانەوەو توانیی



Scanned with CamScanner

جارێکی تر بیانخەوێنێتەوە.لەدڵدا ئارەزوی دەخواست زووتر ڕۆژ ببێتەوە. بەڵام ئەگەر دەیزانی بەیانی چ شتێک لەچاوەڕوانی ئەودایە لەوانەیە هیچ کاتێک ئارەزووی نەکردایە کە ڕۆژ ببێتەوە.

لەکۆتاییدا ئەو شەوە شومە تێپەڕی. منداڵەکانیان سپارد بەمەرزیە. ئەوو فەرزاد لەگەڵ حەسەن ئاغادا ڕۆشتن بۆ نەخۆشخانەیەک لەکەرەج. چونە بەشی فریاکەوتن. چاوەڕوان بوو هیچ نەبێت سیاوەش لەوێ ببینێت بەڵام نەیبینی. بەئەژنۆی سست و بێهێزەوە بەدوای حەسەن ئاغاوە دەڕۆشت بەڕێگادا. یەک تەخت مابوو بگەنە کۆتایی تەختەکانی بەشی فریاکەوتن، حەسەن ئاغا بەهێواشی پەردەکەی لادایەوە.

تەنها ئومێدێک کە هێشتا ئەوی بەپێوە هێشتبویەوە ئەوە بوو کە حاڵی بابەو دایە خراپ نی یەو هێشتا لەبەشی فریاکەوتنن. کە پەردەکە لادرایەوە ڕووبەڕووی پەیکەرێکی لەخوێن نوغرۆ بوو بویەوە کە بەیارمەتی دەسگای جۆراوجۆر هەناسەی دەدا. ئەگەر فەرزاد بەدەستە ساغەکەی ئەوی نەگرتایە، دەکەوتە سەر زەوی.

حەسەن ئاغا پەرداخێک ئاوی بۆ هێناو هەوڵیدا بێدەنگ و هێوری بکاتەوە. بارودۆخی بابە زۆر ترسناک بوو. وادیـار بوو کە سوکانی ئۆتۆمبێلەکە چوو بوو بەملیداو قوڕگیی دڕاندبوو ئەسڵەن نەیدەتوانی قسە بکات. بەم حاڵەوە بەبێ زمانیش هەواڵی دایەی دەپرسی. ئەوەندە بارودۆخی بابە نالەباربوو کە فەرزانە دایکی لەبیرکردبوو.

لەناکاودا بەخۆیدا هاتەوەو ڕۆشت بەرەو بەشی پێشوازی فریاکەوتن هەتا هەواڵی دایکی بزانێت. پێش ئەو سیاوەش ناسنامەی لەدەستدابوو لەوێ وەستابوو. بەهەردوو دەست کێشای بەسەری خۆیداو لەسەر زەوییەکە دانیشت. باش دەیزانی ناسنامە بۆ کەسێک توشی ڕووداوی



Scanned with CamScanner

هاتووچۆ بوو بێت یانی چی؟ تازە تێگەشت کە بۆچی لەدوێنێ شەوەوە سیاوەش خۆی بەئەو نیشان نادات.

ئەو پیاوەی کە لەبەشی پێشوازی دانیشتبوو دوای واژۆکردنی چەند وەرەقەیەک لەلایەن ساوەشەوە، جانتاو کەلوپەلەکانی دایەی دایەوە پێی. ئەو ئیتر دایکی نەبوو. چۆن مومکینە لەماوەی کەمتر لەبیست وچوار کاتژمێردا هەموو شتێک تێک بچێت و ئەو بەم شێوەیە بەدبەخت ببێت و بێ دایک ببێت؟!

ساتگەلێکی چەند شووم بون. بەدڵی پڕ لەخوێنەوە ڕۆشتەوە بۆ لای باوکی. بابە بێ حاڵی دایە بوبو. بەو بارودۆخە خەمناکەیەوە کە نەیدەتوانی قسەبکات و دەنگە ژێیەکانی بەهۆی دڕانی قوڕگیەوە لەناوچوبون، بەشێوەیەک فرمێسکی دەڕژاند کە دڵی هەموو کەسێکی دەکردە خوێن.

بە بابەی وت:

-بارودۆخی دایە ناجێگیرەو لەبەشی چاودێری چڕ خەوێنراوەو ناتوانێت بێت بۆ بینیی تۆ.

فەرزانە وەکو پەروانە بەدەوری باوکیدا دەسوڕایەوەو بە پێداگری زۆر توانیی لەبەشی نەشتەرگەری بیخەوێنێت. بەڵام نەیدەتوانی بۆ دایکی هیچ شتێک بکات. ئەو بەئارامشی تەواوەوە لەساردخانەی نەخۆشخانەکەدا نوستبوو.

خانەوادەی هاوسەرەکەی لە شارستانەوە خۆیان گەیاندە تاران بۆ ئەوەی لەمەراسیمی ناشتنی تەرمی دایکیدا بەشداری بکەن. بێتاقەتی هەدیەو خوشکەکەی و براکانی کە ئێستا ئەو لەجێگەی دایکیان بوو، کارەکەی بۆ سەختتر کردبوو. نە دەیتوانی باوکی بەتەنها بەجێ بهێڵێت





Scanned with CamScanner

و نە بەرگەی دووری مناڵەکەی خۆی و خوشک برا بێ دایکەکانی خۆیی دەگرت. بڕیاریش درا کە دایکی لەزێدی خۆی بنێژرێت و ئەویش گیری خواردبوو کە چی بەباوکی بڵێت.

پەیوەندی بەیەکێک لەهاوڕێکانیەوە کردو لەنەخۆشخانەیەکی تایبەت لەتاران جێگەی گرت بۆ باوکی و هەمان ڕۆژ گواستیانەوە بۆ ئەوێ و پێی وت:

-بابە گیان مناڵەکان زۆر بێتاقەتن.ئەمشەو هەتا سبەی تۆ بەجێ دەهێڵم و سەرێک لەوان و دایکم دەدەم و سبەی دوانیوەڕۆ دەگەڕێمەوە بۆ لات. هەرکارێکت هەبوو میترای هاوڕێم بۆت ئەنجام دەدات. هەتا سبەی بەیانی ئێشکگرەو دواتریش نارواتەوە هەتا من دێمەوە بۆ لات.

فرمێسکەکانی بابە جۆگەلەیان بەست. بە ئاماژە داوای لێکرد کاغەزێکی بۆ بهێنێت. دەیویست شتێک بنوسێت، فەرزانە بەخێرایی پارچە کاغەزو قەڵەمێکی لەجانتاکەیدا دەرهێناو قەڵەمەکەی دایە دەستی باوکی و کاغەزەکەی لەناو دەستی خۆیدا لەنزیکی باوکیدا گرت. بابە بەسەختی قەڵەمەکەی لەسەر کاغەزەکە سوڕاندو نوسیی: پێم وانەبوو لەم بارودۆخەدا بەتەنها بەجێم بهێڵیت و بڕۆیت.

ئەی خۆزگە بابە ئاگای لە ئاشوبی دڵی فەرزانە دەبوو. ماچێکی ڕوخساری باوکی کردو بەگریانەوە وتی:

- ئاخر بابە گیان دایەو منالەکانیش چاوەڕوانیيان لێم هەیە. خۆزگە بمردمایەو ئەم ڕۆژانەم نەبینیایە. یاخوا لەدەورت گەڕێم ئەگەر ڕازی نیت ناڕۆم.

بابە کە تەنانەت نەیدەتوانی سەریشی بجوڵێنێت، بە ئاماژەی دەست و جوڵەی لێو تێیگەیاند کە دەتوانێت بڕوات.



Scanned with CamScanner

سیاوەش لەپێش هەموانەوە تەرمی دایەی بردبوو بۆ باکورو کارە یاساییەکانی بۆ ناشتنی دایە ئەنجام دابوو هەمویان لەماڵی مامە ڕەحیم چاوەڕوان بون هەتا منداڵەکان لەگەڵ خزماندا لەتارانەوە بگەن. فەرزانە کە لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی، ئامۆژنی بە لەخۆدان و قژ ڕوتاندنەوەوە هات بۆ پێشوازیی:

- وەرە کچم! دایکت گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی جارانی. هاتەوە بۆ لای خۆم، بە پورە زەهراتم وت ئەو سیانزە ساڵ خوشکی ئێوە بوو، بەڵام بیست و چوار ساڵە لەگەڵ مندا لەخوشک میهرەبانتر بوو.

بەهرام لەحەوشەکەدا بێقەراری دەکردو خۆی خستبویە زەوی خۆڵی دەکرد بەسەری خۆیدا. فەرزاد بەدەستێکی بەرزی کردەوەو ڕوخساری لکاند بەڕوخساری براکەیدا. فرمێسکی هەردوو براکە ئاوێزان بون و پرمەی گریانیان گەشتە ئاسمان.

پەریی نەبینی کە ڕۆشتە ژورەکەوە پەری لەباوەشی پوریدا لەهۆش خۆی چوو بوو. ئەو تەنها بەگێژییەوە سەیری ئەملاو ئەولای دەکرد وەک ئەوەی چاوگی فرمێسکی وشک بوو بێت. هیوادار بوو زووتر لەم خەوو کابوسە ڕزگاری ببێت. مەرزیەو ڕازیە خوشکەکانی سیاوەش لەملاو لەولای ئەودا وەستابون و چاودێرییان دەکرد ئەگەرنا لەهەر کاتێکدا ئەگەری هەبو ئەژنۆ سست بووەکانی یارمەتیی نەدەن و بکەوێتە زەوی.

تەرمی دایە کە ڕۆژی پێشوو گەشتبوو شۆرراوو ئامادەبو. چاوەڕوانی هاتنی ئەوان و ماڵئاوایی لەمناڵەکان بوو بۆ ڕۆشتن بۆ گۆڕستان. ماڵی هەتاهەتایی ئامادەی لەباوەشگرتنی دایەی دەکرد. بیری لەو قسانەی دەکردەوە کە ئەو شەوە بەبابەی دەوت پیاوەکە لەکەلی شەیتان وەرە خوارەوە لەکۆتاییدا ئەو ڕۆژەی کە دەمرم ناچار دەبێت تەرمەکەم

بەیتەوە بۆ باکور، توخوا ئێستا واز بهێنە. لەژێر لێوەوە دەیوت خۆزگە باوکە ئێستا لێرە دەبویت، حەپەساوو خەمبار سەیری دەکرد کە سیاوەش ڕۆشتبووە ناو گۆڕەکەو تەرمی دایە لەسەر دەستەکانیی گرتبو هەتا بیسپێرێت بەباوەشی خاک. دەنگی هاوارو شیوەنی منالە بێ دایکەکان، پورە زەهراو ئەوانی تر گوێی فەلەکی کەڕ کردبوو بەڵام تەواوی وجودی فەرزانە تەنها دوو چاوی ئەبڵەق و بێ فرمێسک بوو. تەنانەت گوێی هاوارەکانی پەری، فەرزاد، بەهرام، پورێ و ئەوانی تری نەدەبیست. مەرزیە لەڕوخساری ئەوی دا بەڵکو کەمێک بگری بەڵام نەیتوانی.

کە لەگۆڕستان گەڕانەوە هەموو بنەماڵە لەماڵی مامە کە خاوەنی پرسەکە بوو کۆبونەوە. بەڵام فەرزانە لەبیری گەڕانەوە بوو بۆ تاران. بەڵێنی دابوو کە ئەمڕۆ عەسر دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکی. زوو ئامادە بون بۆ گەڕانەوە. دایە مایەوەو خاکێکی ساردو خوشکێکی دڵشکاو.

لەبەرئەوەی کە بابە نەیزانیبوو بەمەرگی دایە، هەموو خانەوادەکە گەڕانەوە بۆ تاران و جلی ڕەشیان لابردو ڕۆشتن بۆ سەردانی بابە. بابە کە ئازار بیانوگرو هەستیاری کردبوو، بەردەوام هەواڵی دایەی دەپرسی. نەیاندەزانی چ درۆیەکی بۆ بکەن.

فەرزانە وتی:

- بابە مەگەر نەموت دایە حاڵی خراپەو هەر لەوێ لەنەخۆشخانەی کەرەج خەوێنراوەو ئێستا گونجاو نی یە بگوێزرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی تاران.

بابە کە نەیدەتوانی قسە بکات هەرچۆنێکی کرد لەسەر کاغەز نوسیی:

- خەیاڵم ئاسودە بێت؟ ئاخر بەمن بڵێن کوێی برینداربووە کە ناکرێت بیهێنن بۆ تاران؟

خەم قورگی فەرزانەی گرتبوو، پەری نەیتوانی فرمێسکەکانی خۆی پەنهان بکات، سیاوەش دەستی پێش خستوو وتی:

- بابە گیان حاڵی دایە زۆر باش نی یە، ڕاستیت بوێت مێشکی زیانی پێگەشتووە ئێستا لەکۆمایە.

فرمێسکە بێدەنگەکانی بابە دڵی هەموانی کردە ئاو، بەئارامی لەژێر لێوەوە دەیوت:

- بڕیاربو ئەو لەباکورەوە بهێنم بۆ تاران و خۆشبەختی بکەم، نەمتوانی، دوبارە بڕیارم دا بیگەڕێنمەوە بۆ باکور لەوانەیە بتوانێت باقی تەمەنی لەنزیکی خزمەکانیدا بەخۆشی بەسەر بەرێت، خودایە خۆت یارمەتی بدە ڕوو ڕەش نەبم.

ئەو هەر لەم بیرکردنەوەیەدا بو کە سەرپەرشتیاری بەشەکە هات و هەموانی لەژورەکە کردە دەرەوە، منالە بێ دایەکان ئێستا ئیتر نیگەرانی حاڵی باوکیان بون، سیاوەش نەیدەزانی کامیان هێور بکاتەوە، لەکۆتاییدا بڕیاریاندا چەند ڕۆژێک دواتر، دوای ڕاوێژ لەگەڵ پزیشکەکەیدا وردە وردە پێی بڵێن کەچی بەسەر دایەدا هاتووە، چارەیەک جگە لەمە نەبوو.

کاتێک بابە هەواڵەکەی بیست حاڵەتێکی زۆر ماتەم دایگرت، ئەو کە دەنگە ژێیەکانیی لەدەستدابو تەنانەت نەیدەتوانی یەک قسەش بکات، گریانە بێدەنگەکانی ئەوەندە خەمگین بون کە دڵی هەموانی دەکردە خوێن، نزیک بوو کە بخنکێت.

دوای بیست ڕۆژ بابەیان لەنەخۆشخانە دەرکردو هاتەوە بۆ ماڵێک کە دایە پێداگری بۆ نەفرۆشتنی کردبوو، هەرگۆشەیەک لەماڵەکە یادەوەرییەکی هاوسەرە میهرەبان و ئارامگرەکەی بوو، ئەو خۆی بەهۆکاری ئەم ڕوداوەو مەرگی ژنەکەی دەزانی، ئەوەندە خوی خراپ بوبو کە منالەکانیش





Scanned with CamScanner

ئارامیان نەمابو. ئیتر تەحەمولی ئەم بارودۆخەیان نەبوو. فەرزاد ڕۆشتە سەربازی هەتا لەو بارودۆخە دوور بکەوێتەوە. دەترسا ئەگەر بمێنێتەوە کارێک بەسەر خۆی و باوکیدا بهێنێت. چونکە دەیزانی دایە ڕازی نەبوو بەڕۆشتن. ئەوە فەرزانە بوو کە هەمیشە ئاگای لە پەری و بەهرام بوو بیانوگریەکانی بابەی تەحەمول دەکرد.

وردە وردە کاتی چۆڵکردنی خانوەکە گەشتبوو. ماڵێک کە هەموو پارەکەی خەرجی چارەسەری بابەو کڕینی پرۆتێز بۆ نەشتەرگەری تراکبۆستۆمی قوڕگی ئەو کرابو بۆ ئەوەی کەمێک قسەبکات ئەگەر بەسەختیش بێت. ئەو ڕۆژەی کە بابە کەلوپەلی ماڵەکەی خستە ناو کامیۆن و ماڵەکەی ڕادەستی کڕیارەکە کرد، سێ مانگ بوو کە هاوسەرەکەی لە ماڵی هەتاهەتایی خۆیدا ئارامی گرتبوو.

دوای ڕۆشتنی ئەوان فەرزانە مایەوەو خەمی بێ دایکی، خەمی غوربەت و دوری خانەوادە. هەندێک کات ئەوەندە لەم بیرکردنەوانەدا ڕۆدەچوو کە فەرامۆشی دەکرد کەخۆیشی مناڵی هەیە. سیاوەش سەرباری ئەو عیشق و خۆشەویستیەی کە بۆ ئەوی هەبوو، هەندێکجار هاواری بەسەردا دەکرد هەتا بێتەوە بەخۆیداو بگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی.



Scanned with CamScanner

# وەرزی شانزەیەم

کات بەبێ گوێدان بە خەم و شادی مرۆڤەکان لەتێپەڕیندا بوو. فەرزانە هەمیشە ئارەزوی دەکرد کە ڕۆژێک بەیانی لەخەو هەستێت و تێبگات هەمو ئەم ڕوداوانەی لەخەودا بینیوە. بەڵام هیچ کات بەمشێوەیە نەبوو. لەبەرئەوە بەتەواوی خۆی سەرقاڵی کارکردبوو. هەرچەند کە سەرکەوتنگەلێکشی بەدەستهێنابوو کە بوبووە هۆی ئەوەی تاڕادەیەک خەمی بێکەسی فەرامۆش بکات. هەدیە تازە کەوتبووە شیرین زمانی و دڵبەری بۆ دایەو بابە کە فەرزانە تێگەشت دووبارە دووگیانە. خودا دەزانێت ئەم نۆ مانگەی چۆنچۆنی بەسەربرد. مەرزیە تەنها دەیتوانی لەماڵی خۆیان خواردن دروستبکات و بیبات بۆ ئەو. مناڵەکانیی دەڕۆشتن بۆ قوتابخانەو زانکۆ. هاوسەرەکەی لە سوپادا بوو گواسترابویەوە بۆ شیراز. ئەویش تەنها لەبەر خاتری خوێندنی مناڵەکان و بارودۆخی فەرزانە مابویەوە. نەیدەتوانی ئەو لەو بارودۆخەدا بەتەنها بەجێ بهێڵێت.

هودا لەدایکبوو. هەبونی دوو مناڵ ئەویش لەشاری غەریب و لەگەڵ کاری سەختدا تاقەت پڕوکێن بوو بۆی. سیاوەش وەکو ڕۆژی یەکەم خۆشەویستی بۆی هەبوو نەیدەهێشت تەمی خەم لەدڵی بنیشێت. بەتایبەت لەو کاتەوەی کە خوشکەکەی لێیان دورکەوتبویەوەو ڕۆشتبوو بۆ شیراز.

فەرزانە بەتەواوی سەرقاڵی منالداری و کاری خۆی بوبوو کەمتر بیری لای باکور بوو. باوکی دووبارە هاوسەرگیری کردبویەوە. هەرچەند کە چیرۆکی باوەژنە خراپەکانی لەکتێبەکاندا خوێندبویەوەو بیستبوی، حەزی نەدەکرد هیچ کاتێک باوەڕ بکات مەوجوداتێکی ئاوا بونیان هەیە. بەڵام بەداخەوە ئەو ڕوداوانەی کە لەباکورەوەو هەواڵیان دەهات ئەمەی دەسەلماند. ژنەکەی بابە کچێکی بوبوو ئیتر گوێی بەمناڵەکان نەدەدا.

سەربازی فەرزادیش تەواو بوبوو ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی. ماڵێک کە هیچ خۆشەویستی و ئولفەتێکی لەگەڵیدا نەبوو هەمیشە لەوێ ئیحساسی غەریبی دەکرد. ماڵێک کە دایە هیچ کات ڕازی نەبوبو بە ڕۆشتن بۆ ئەوێ و سایەی ژنێکی گەنج بەناوی ژنی بابەوە بەسەر ئەوێدا سەنگینی دەکرد. جێگایەک کە تیایدا وەکو دوو مەوجودی زیادە ڕەفتار لەگەڵ خوشک و براکەیدا دەکرا، چۆن چۆنی دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆی.

لە دڵی خۆیدا بیری دەکـردەوە: «ئەگەر پورێ نەبوایە هەر خوا دەیزانی چی بەسەر پەری و بەهرامدا دەهات. بەم تورەییەی کە بابە هەیەتی و قسە سوێرەکانی ژنەکەی ئێستاش کە مناڵی بووە، بیانوی بەدەستەوەیە بۆ بۆڵەبۆڵکردن. باش نی یە منیش بڕۆمەوە بۆ ئەوێ. ئەگەر بێت و ڕەفتاری خراپ لەبەرامبەر مناڵەکاندا بکات و نەتوانم ئارام بگرم، بارودۆخەکە لەمەی کە هەیە خراپتر ببێت، خودایە چیبکەم؟»

ئەو ڕۆژەی کە حساب و کتابی کردو وەرەقـەی کاتیی کۆتایی خزمەتەکەی وەرگرتەوە، لەلایەکەوە خۆشحاڵ بو کە سەربازییەکەی تەواو بووەو دەتوانێت پشتیوانی پەری و بەهرام بێت و لەلایەکی تریشەوە ناڕەحەت. ئەو دەیزانی هەتا سەربەخۆیی ئابوری نەبێت ناتوانێت هیچ کارێک بۆ خوشک و براکەی ئەنجام بدات. لەبەرئەوە بڕیاریدا بڕوات



Scanned with CamScanner

بۆ تاران و لەو کۆمپانیایەی کە فەرزانە کاری تێدا دەکرد دەستبکات بەکارکردن. دواتر کە کەوتە بیری ئەو ئازارەی کە خوشک و براکەی دەیانکێشاو ئەو چاوەڕوانیەی کە بۆ گەڕانەوەی ئەو هەیانبوو، بڕیارەکەیی گۆڕی و یەکسەر بلیتی لەمەشهەدەوە بۆ باکور گرت.

بابە بەڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنی کردو بەشێوەیەک لەباوەشی گرت کە لەوکاتەدا شەرمەزار بو لەو بیرانەی کە کردبونی لەبارەیەوە. باوەژنەکەشی بەزمان لوسی دەیویست باوەڕی ئەو بەدەست بهێنێت. بەشێوەیەک بەقوربان و بەساقەی مناڵەکان دەبوو کە قسەو گلەییەکانیانی گێرایەوە بۆ هەستیار بونی خۆیان.

بابە داوای لێکرد لەلای خۆی کاربکات. ڕۆژان و هەفتەی یەکەم هەموو شتێک باش بوو. لەهەفتەی دووەمەوە بۆڵەبۆڵەکانی باوەژن و بیانوگرییەکانی بابە دەستیان پێکرد. دەبوو بیرێکی بنەڕەتی بکاتەوە.

ڕۆژێکیان خۆرئاوابون کە زۆر دڵتەنگ و بێزاربوو بەبیانوی بینینی عەلی ڕۆشت بۆ ماڵی پورە زەهرا. پورێ وەکو هەمیشە ئەوی لەباوەش گرت و کەوتە بیری خوشکە گەنجەکەی کە داخی هێشتا بۆی سەخت بوو، دەستیکرد بەگریان.

- پورێ توخوا هاتوم عەلی ببینم لەوانەیە یارمەتیم بدات. نەهاتوم خەمت پێ بدەم.

- ئەزیزم بەخوا بەدەستی خۆم نی یە. ئاخر من جگە لەدایکت هیچ کەسێکی ترم نەبوو. خودایە ئەوەی کە بوو بەهۆی جوداییمان دەردو ئازاری زیاتر بکات.

- پورێ تۆش ئیتر برینەکەم تازە مەکەرەوە، دەزانم مەبەستت باوکمە...



Scanned with CamScanner

- نا مەبەستم هەرکەسێکە کە...ئێستا وەرە ژورەوە ئەحمەد ئاغا لەماڵەوەیە. عەلی کارێکی بۆ هاتە پێشەوە ڕۆشت بۆ کۆمپانیا هەربزانە هاتەوە.

ڕۆشتە ژورەوە. ئەحمەد ئاغا لەبەری هەستایەوەو تەوقەی لەگەڵدا کرد. پوریّ ڕۆشت چا بهێنێت. ئەحمەد ئاغا دوای هەواڵپرسین لێی پرسی:

- ئێستا ڕازیت لەکارکردن لەگەڵ باوکتدا؟

- وەڵڵا ئەحمەد ئاغا لەخوا پەنهان نی یە لەتۆ چ پەنهان، هەر بۆ ئەوەش هاتبوم قسە لەگەڵ عەلیدا بکەم، بەڵکو ڕێگە چارەیەکم بۆ بدۆزێتەوە. دووبارە بیانوگری و ڕەفتارە خراپەکانی بابە دەستیان پێکردۆتەوە. ڕوباب خانم ئازاری منداڵەکان دەدات بەهرام منداڵەو بەجۆرێک تێک دەشکێت، پەریش جۆرێکی تر.

ئەحمەد ئاغا دەستێکی هێنا بەڕیشیداو لەژێر چاوەوە سەیرێکی زەهرای کرد، وەک ئەوەی پێی خۆش نەبوو لەلای زەهرا قسە بکات، لەگەڵ ئەمەشدا وتی:

- کوڕم من حەق بەئێوە دەدەم کە نەتوانن ژنێکی تر لەجێگەی دایکتاندا ببینن...

- ئەحمەد ئاغا خودا خۆی ئاگادارە مەسەلەکە ئەوە نی یە، مەسەلە ئەوەیە کە ڕوبـاب خانم ڕازی نی یە بەخوێندنی پەری و دەڵێت یارمەتیدەری نی یەو لەلایەکی تریشەوە بارودۆخی بابە ئەوەندە تێکچووە کە تەنانەت ئارامی گریانەکانی لەیلاشی نی یە. ئەو منداڵە مەعصومەش کە دەگری دەڵێت بێدەنگی بکە. ئێمەش سەبرو تاقەتمان تا ڕادەیەکە.

- باشە قسەکانتم قەبوڵە بەڵام خۆشت خەریکی دەڵێیت ئارامی نەماوەو ئەگەرنا هیچ باوکێک خراپەی منداڵەکەیی ناوێت. ئەویش کێ؟ ئاغا



Scanned with CamScanner

کەریم کە لەخانەوادە دۆستیدا وێنەی کەمبوو.

پورە زەهرا وتی: بەڵێ ئەوەندە خۆشی دەویست کە لەئێمەی جیاکردەوەو بردی بۆ غوربەت! دایکی بەدبەختم هەتا مرد چاولەڕێی بوو.

- ژنەکە دەزانم چی دەکێشیت، بەڵام لەم نێوانەشدا خوات لەبیر بێت. هەتا خواست و تەقدیری خوا نەبێت گەڵایەک لەدرەخت ناکەوێت. سەیرێکی حاڵی خۆی بکە! ئەو بێچارەیە ئازارەکەی لەمەرگ کەمتر نی یە، ئامانجی تەنها خۆشبەختی خانەوادەکەی بوو ئەگەرنا...

- توخوا دەمم مەکەرەوە! کام خۆشبەختی؟ ئەمە قسەی هەمیشەیی خۆی بوو ئەوە دایکی بێچارەم بوو کە پێی خۆش نەبوو سەربخاتە سەری. دواتریش کە مرد، نەوەستا کفنەکەی دایکم زەرد ببێت ژنێکی هێنا کە هاوتەمەنی کچەکەیەتی و ئەوەش حاڵی منداڵەکانی.

- خوا خۆی دەزانێت هەمیشە بە پورت دەڵێم دایکت سمبولی سەبرو لێبوردەیی بوو، خوا لێی خۆشبێت بەڵام خوا وەکیلە باوکت بەو صەدمەو زەبرەی کە بەری کەوتبو نەیدەتوانی بەتەنها بژی. ئەسڵەن لێی گەڕێ پێویستە ئێمە بیرێک بۆ منداڵەکان بکەینەوە. پوریشت خراپی کرد لەم ماوەیەدا کە تۆ لێرە نەبویت سەرێکی لە منداڵەکان نەدەدا.

داخی دڵی زەهرا تازە بوبویەوە:

- بۆ کوێ بڕۆم پیاوەکە؟ بڕۆم بۆ ماڵێک کە لەجێگەی خوشکەکەم ژنێکی گەنج و مێردەکەی ببینم؟

- ئەحمەد ئاغا پورێ ڕاستدەکات هەرکەسی تریش بوایە نەدەڕۆشت. بەو خووەی کە باوکم هەیەتی پورە هاجەری بێچارەشم لەدەستی بێزاربووەو کەمتر دەڕوات بۆ ئەوێ. زۆربەی کات منداڵەکان خۆیان دەڕۆن.

عەلیش کە چەند خولەکێک بوو هاتبویەوە وتی:

- ببورن کە قسە لەم بابەتەدا دەکەم بەڵام پێشنیارێکم هەیە ئەگەر ئاسایی بێت بەلای فەرزادەوە.

- ئەمە چ قسەیەکە عەلی گیان! من هەر لەسەرتاوە هاتبوم لەگەڵ تۆدا ڕاوێژ بکەم بەڵام لێرە نەبووی. فەرموو دەتەوێت چی بڵێیت؟

- ئێمە ئێستا بەدوای کەسێکی دەستپاکدا دەگەڕێین بۆ کاری شەو. ئەگەر بابە گیان ڕازی بێت کێ باشتر لەتۆ؟

هێشتا فەرزاد وەڵامی نەدابویەوە کە ئەحمەد ئاغا وتی:

- ئاغا فەرزاد تاجی سەری ئێمەیە؟ بەڵام لەبیرت چووە کە پێش سەربازی ئەندازیاری چی دەخوێند؟ فەرزاد ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

- صەنایعی ئەمیر کەبیر.

- بەڵێ. هەر ئەوەی کە لەتاران قەبوڵ بوبو؟ ئێستا بێت ببێتە کرێکاری ئێمە؟

- ئەحمەد ئاغا دڵی خۆش لەکوێبوو! ئەو کاتە دەمخوێند هەتا دڵی دایکم شاد بکەم، بەڵام ئێستا تەنها لەبیری ئەوەدام کە ژیانی خوشکەکەم و براکەم ڕزگاربکەم. لەبەرئەوەش پێویستە سەربەخۆیی ئابوریم هەبێت. ئەگەر ئێوە قەبوڵ بکەن گەورەیتان کردووە.

پورێش قسەکانی پشتڕاست کردەوەو ئەو شەوە هەموویان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە فەرزاد لەکارگەی دروستکردنی قاپە سەفەرییەکەی ئەحمەد ئاغادا کاربکات و لەهەمان کاتدا لەبیری خوێندنەکەشیدا بێت.

فەرزاد هەرچەند نەیتوانی بەردەوامی بەخوێندنەکەی بدات بەڵام بوبووە جێگەی باوەڕی شیرکەتەکەی ئەحمەد ئاغاو عەلی. زۆربەی کاتەکانیی لەشیرکەتدا بەسەردەبرد. هەندێکجار بەدەستی پڕەوە دەچوو بۆ دیدەنی خوشکەکانی و براکەی. بۆڵەبۆڵەکانی باوەژنیش هەر تەواو

نەدەبون. لەولاشەوە گریانی لەیلا کە هەموانی بێزارکردبوو. سەرباری خراپیەکانی باوەژنەکەشیان، پەروانە زۆر بەتوندی دڵی دابوو بەخوێندن. بەڵام بەهرام توانایی گریانەکانی لەیلای نەبوو زیاتر لەسەعیکردن ئاگاداری لەیلای دەکرد. فەرزاد کە لەڕووی داراییەوە هەلومەرجێکی گونجاوی پەیداکردبوو، بیری کردەوە کە کاتی ئەوە هاتووە ژیانێکی سەربەخۆ بنیاد بنێت بۆ ئەوەی بتوانێت پەروانەو بەهرام بهێنێتە لای خۆی. هەرچەند بەباشی دەیزانی کە بابە بەهەڵبژاردنەکەی ڕازی نابێت.

سەرباری ئەوەش ڕۆژێکیان عەسر کە ڕۆشتبووەوە بۆ ماڵەوە، سەری قسەی لەگەڵ باوکیدا کردەوە:

- باوکە ئەگەر دەکرێت دەمەوێت چەند خولەکێک قسەت لەگەڵدا بکەم. دەردی دڵی بابە تازە بوبویەوەو بە شێوازێکی توانج ئامێزەوە وتی:

- بۆچی چەند خولەکێک؟ چەند کاتژمێریش قسە بکە. منم کە بەدبەختم و ناتوانم قسەکانم بکەم. منم کە بێچارەم و لەبری ئەوەی کە بەم بارودۆخەمەوە کوڕەکەم بێت و دەستگیرۆییەکم بکات و یارمەتیم بدات، ڕۆشتوە داویەتی لەپاڵ دوژمنەکەم. بڵێ کوڕم! قسەی دڵت بکە! من باوکتم خۆ لەمێردەکەی پورت کەمتر نیم.

فەرزاد زۆر هەوڵیدا کە داخەکانی دڵی هەڵنەڕێژێت و لە بارەی بێ میهری بابەو باوەژنەکەیان و ئەو هەڵسوکەوتەی کە لەگەڵ پەروانەو بەهرامدا دەکرێت قسە نەکات، لەبەرئەوە وتی:

- باوکە خۆت باشتر لەهەرکەسێکی تر دەزانیت کە ئەحمەد ئاغا لەبەرامبەر مندا گەورەیی کرد. دووساڵە لەشیرکەت کاردەکەم. سوپاس بۆخوا پارچە زەویەکم کڕیوەو کەمێکیش پارەم پاشەکەوت کردووە.

باوکی قسەکانی پێ بڕی و بەدەنگێکی هاوشێوەی هاوارکردن و

گیراوتر لەهەمیشە وتی:

- یەک زەمینی ۲۰۰ مەتریت بۆ زۆرە؟ ئەوکاتە زەوییەکانی من لەژێر دەستی ئەم و ئەودا بەفیرۆ بچن؟ بۆچی لەلای خۆم نەمایتەوە هەتا ئێستا بوبویتە خاوەنی هەموو شتێک و زەویەکی ۲۰۰ مەتریت بەسەرمایە نەدەزانی بۆ خۆت.

دیسانەوە بە لەسەرخۆیی و بەحاڵەتێکی گاڵتە ئاساوە وتی:

- حساب و کتابی باوک و کوڕەکان بەیەکەوە جۆر نابێت. ئێستاش کە ڕۆشتمە لای ئەحمەد ئاغا کاردەکەم و بارودۆخیشم خراپ نی یە.

- بوەستە کێ وتویەتی حساب و کتابی باوک و کوڕەکان بەیەکەوە جۆر نابێت، پورت و مێردەکەی ئەمانەیان فێر کردووی؟ ئەگەر وایە چۆن عەلی هەموکارێکی شیرکەتی باوکی دەکات؟

فەرزاد کە بینیی کارەکە خەریکە دەگاتە شوێنی باریک، ڕوخساری بابەی ماچ کردو وتی:

- باوکە من نۆکەری تۆش هەم، ئێستا کە نەکرا بەیەکەوە کاربکەین با لێیگەڕێین، بەفیدای تۆ. ڕاستیەکەی هاتبوم بڵێم ئەگەر بکرێت و... بێدەنگ بوو. بابە پرسیی:

- ئەگەر بکرێت چی؟ پارەیەک، شتێکت پێویستە؟

کەمێک سوربوبویەوەو دەستەکانی هێنا بەیەکداو سەری داخست:

- نا، نا، پارەم هەیە دەستت خۆش بێت. ڕاستیەکەی من دەمەوێت ئەگەر مۆڵەت بدەیت بەنیازم هاوسەرگیری بکەم و ڕستەی کۆتایی بەشێوەیەک دەربـڕی وەک ئـەوەی کە دەیەوێت سەختترین قسەی دنیا بهێنێتە زمان، ئەسڵەن بیریشی نەدەکردەوە کە کاردانەوەی بابە بەمشێوەیە بێت.



Scanned with CamScanner

بابە زەردەخەنەیەکی کردو ئەوی لەباوەشگرت و ماچی کرد:

- باشە کوڕی لاسار هەر لەسەرەتاوە ئەمەت بوتایە. ئەوە ئارەزوی منیشە. بۆچی ئەوەندە ئەملاو ئەولا دەکەیت. زۆریش باشە.

فەرزاد خۆشحاڵبوو. هەرچەند کەسەری داخستبوو، دەیتوانی بریسکەی شادی لەچاوانی بابەدا ببینێت. بەدەنگێکی پڕ لەخەم وتی:

- خۆزگە دایە بمایە!

- داخی دڵم تازە مەکەرەوە! ئەگەر دایکت هەبوایە ئێمە ئەوەندە بەدبەخت نەدەبوین. باشە ئێستا لێیگەڕێ. دایکت نەماوە، خۆ باوکت نەمردووە. بەخوا هەرچیت بوێت بۆت دەکەم و دەستی کردە ملی فەرزادو ماچی کرد. دەنگی صافکردو ئارامتر وتی:

- ڕاستیت بوێت خۆشم ماوەیەکە ڕەیحانەی کچی جەعفەر ئاغام خستۆتە ژێر چاودێرییەوە لەهەموو ڕویەکەوە کچێکی باش و گونجاوە. زۆر بیرم لێکردەوەو خانەوادەکەشی دەناسین دوو ساڵیشە کە جەعفەر ئاغا هاوبەشی منەو...

دەتوت بەکوتەک کێشایان بەسەری فەرزاددا. ئەو دەیویست چی بڵێت و باوکیشی چ نەخشەگەلێکی بۆ کێشابوو.

- ببورە باوکە کچی جەعفەر ئاغا؟ ئەو خۆ منداڵە پێم وانی یە کە لە ١٤ ساڵ یان ١٥ ساڵ زیاتر بێت!

- کوڕە مەگەر خۆت ٣٥ ساڵی ئەوپەڕەکەی ٢٢ ساڵی. دایکی خوالێخۆشبوت تەمەنی ١٣ ساڵ بوو کەبەیەکەوە هاوسەرگیریمان کرد.

- ببورە بەڵام ئەو سەردەمانە لەگەڵ ئێستا جیاواز بوو. ئەو کچە هێشتا منداڵێکەو دەمویست بڵێم ئەگەر تۆ ڕازی بیت و ئەوەی کە من خۆم دەیڵێم...

بابە قاقایەکی لێدا کە زیاتر لەگریان دەچوو.

- ئاها دەی بڵێ... ئەی فێڵباز نەکا عاشقی کەسێک بوبیت.

فەرزاد هەر بەوشێوەیەی کە سەری داخستبو وتی:

- عاشق کە نا، بەڵام کەسێکم هەڵبژاردووە پێم وایە بەهەموو هەلومەرجێکی من ڕازی دەبێت. کچێکی باشە، تۆش قەبوڵی دەکەیت.

- باشە، باشە ئێستا ئەو کچە باشەی کە بڕیارە ببێتە بوکی ئێمە ناوی چی یە؟ خانەوادەکەی کێن دەیانناسین؟

- بەڵێ دەیانناسین کچەکەی پورە زەهرا، فاگمە.

بابە وەک ئەوەی کە کارەبا لێی دابێت لەناکاودا پرسیی:

- کێ، فاگمەی کچی پورە زەهرات! ئەسڵەن ناویشی مەهێنە.

- بۆچی مەگەر چییەتی باوکە؟

- کەسێکی سەیریت تۆ فەرزاد. کچی پورە زەهرا؟ بیریشی لێ مەکەرەوە.

- بۆچی؟ ئەی کێ؟

- هەرکەسێکی تر جگە لەئەو. بەشێوەیەک باست دەکرد کە پێموابوو ئێستا کوڕەکەم عاقڵ بووەو دەیەوێت لەگەڵ کێدا هاوسەرگیری بکات.

- مەگەر کچی پورە زەهرا چییەتی؟ کێشەیەک هەیە شتێک هەیە کە من نایزانم؟

بەگاڵتەو توانجەوە وتی:

- کێشە؟ تۆ لەگەڵ ئەواندا سەروکارت هەیە، من لەکوێ کێشەیان بزانم؟

- ئەی ئەگەر کێشەیەک نی یە تۆ بۆچی ناڕەحەت بویت؟

بابە وەک ئەوەی کە خەریکە لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات، وتی:سەیری

منی بەدبەختیش بکە وتم کوڕەکەم بووە بەپیاو دەیەوێت لەگەڵ باوکیدا ڕاوێژ بکات و ژن بهێنێت! منیش چەند خۆش خەیاڵم!

- ئای باوکە گیان توخوا ڕونتر قسە بکە با منیش تێبگەم. چ کێشەیەک هەیە؟

- من چوزانم بەڕای من ئەم کارە کێشەکەی ئەوەیە کە ئەو کچی پورە زەهراتەو وەسەلام.

- بابە گیان توخوا کەمێک مەنگقی بە. مەگەر پورە زەهرا چ زیانێکی بەتۆ گەیاندووە؟

- سەیرکە کوڕم، سەرمەخەرە سەرم، من ڕازی نابم بە ژن و ژنخوازی لەگەڵ خزمدا. ئەگەر بتەوێت ئەو کارە بکەیت دەبێت واز لەمن و خوشکەکانت و براکەت بهێنیت. ئیتر خۆت دەزانیت.

فەرزاد بیری لەوە دەکردەوە کە بابە ناڕازی دەبێت و وەکو هەمیشە بەکەللەڕەقی و لاساری قسەی خۆی بباتە سەرو ئەو هۆکارەی کە دەیوت بەتەواوی بە نا مەنگق و بێ بنەمای دەزانی نەیدەتوانی ئەوە قەبوڵبکات کە مەنگقێک لەپشتی قسەکانی بابەوە هەبێت. قسەکردنی بێ سود بینی و بەناڕەحەتی و دڵشکاوییەوە گەڕایەوە بۆ شیرکەت.

ڕۆژێکیان پێش نیوەڕۆ ڕۆشت بۆ لای پورێ و ڕازی دڵی بۆ بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵیدا باسکرد. پوری زۆر خۆشحاڵبوو لەوەی کە دەیبینی فەرزاد خەریکە ماڵ و حاڵ بەیەکەوە دەنێت.

بەشادی وخۆشحاڵییەوە وتی:

- پورێ بەقوربانت بێت. دایکت نەماوە خۆ من نەمردوم، تۆ ئیرادە بکە خۆم دەتکەمە زاوا.

- ئاخر باوکم ڕازی نی یە دەبێت یارمەتیم بدەیت.



Scanned with CamScanner

- لەدەورتگەڕێم ئەگەر یارمەتیت نەدەم لەو دنیا چۆن بتوانم سەیری ڕووی خوشکەکەم بکەم؟ باشە ئێستا ئەم کچە خۆشبەختە کێ یە کە دڵی فەرزادی منی بردووەو باوکت ڕازی نی یە؟ دەیناسم؟

- بەڵێ پورێ گیان دەیناسیت. کچێکی باشەو خانەوادەکەشی باشن.

- ئەی بۆچی باوکت ناڕازییە؟ ئەڵبەتە کوڕەکەم قسەی تەمەنێکیشە. پێویستە زۆر بیری لێبکەیتەوە.

- بیرم لەوە کردۆتەوە، دەزانم کچێکی باشە. سەرەتا دەمەوێت مەرجی ئەوەی لەگەڵدا بکەم کە دەبێت لەگەڵ خوشک و براکەمدا بژین.

- باشە ئەوە باشە بەڵام پێویستە بزانین خۆی و خانەوادەکەی قەبوڵی دەکەن؟ ئێستا بڵێ ناوی چی یە؟

فەرزاد دەستەکانیی هێنا بەیەکداو بەشەرمەوە سەری داخست و بەئارامی وتی:

- فاگمە.

- فاگمە! کام فاگمە؟

- ببورە پورێ مەگەر چەند فاگمەمان هەیە؟

پورێ لەکاتێکدا کە چاوەکانیی لەسەرسوڕماندا ئەبڵەق بوبون، وەکو کەسێک کە شتێکی بەهەڵە بیستبێت، پرسیی:

- فاگمەی ئێمە؟!

- بەڵێ.

ئارەقەکەی نێوچاوانی سڕی وبەردەوام بوو:

- وەرەو دایکایەتیت لەبەرامبەر مندا تەواو بکە. بەخوا هەتا کۆتایی تەمەن مەدیونت دەبم. پورێ نەیدەزانی چی بکات و چی بڵێت. کەمێک ئەملاو ئەولای کردو وتی:



Scanned with CamScanner

- بەڵام باوکت بۆچی ناڕازییە؟
- خۆت باشتر دەزانیت کە ئەو بەژن و ژنخوازی لەگەڵ خزمدا ڕازی نی یە.

پورێ کەمێک بێدەنگ بوو بیری کردەوە بەڵام هیچی نەوت.

فەرزاد کە بێدەنگیەکەی پورێی بینی وتی:

- پورێ من جگە لە تۆ کەسم نی یە. گەورەییم بۆ بکە.

پورێ کەوتبویە بارودۆخێکی خراپەوە. وەک ئەوەی کە بۆ خۆی خوازبێنیکار هاتبێت، دەستەپاچەو نیگەران وتی:

- جارێ بوەستە با من لەگەڵ ئەحمەد ئاغاو فاگمە قسە بکەم، دواتر وەڵامەکەیت پێ دەڵێم.

هەموو کارەکان ئەنجام دران بەڵام گەورەکانی بنەماڵە نەک هەر نەیانتوانی بابە بەم هاوسەرگیرییە ڕازی بکەن، بەڵکو تەنانەت مۆڵەتیشی نەدا مناڵەکان لەمەراسیمی مارەکردن و گواستنەوەی براکەیاندا بەشداری بکەن. تەنها کەسانێک کە لەم ئاهەنگەدا بەشدارییان کرد فەرزانەو خانەوادەکەی بوو.

فەرزادو فاگمە لەبری هەلهەلەو شادی و دوکەڵی ئەسپەن، بە ئاهو خەمی پورە زەهراو ئەوانی تر ژیانی خۆیان غەریبانە دەست پێکردو ڕۆشتنە سەر ماڵ و ژیانی خۆیان، بەڵام بەبێ مناڵەکان.

فاگمە ژنێکی باش و میهرەبان بوو بۆ فەرزاد. لەکەناری یەکتریدا ئیحساسی خۆشبەختییان دەکردو ژیانێکی باش و ئارامیان هەبوو. سەرباری بێ میهریەکانی خەزوری و ژنەکەی ڕوباب خانم، هەر ماوەو جارێک بە بیانوی بینینی پەری و بەهرام دەڕۆشت بۆ ماڵیان هەتا بەڵکو بتوانێت دڵی خەزوری بەدەست بهێنێت و جارێکی تر دڵی باوک و کوڕ لەیەک نزیک



Scanned with CamScanner

بکاتەوە. بەڵام خەزوری لەوە سەرسەختتر بوو کە بیری لێدەکردەوە.

وەرگیرانی پەروانە لەزانکۆی تاران بەپلەی زۆر باش جارێکی تر شادی گەڕاندەوە بۆ خانەوادە خەمبارەکە. هەرچەند باوەژنەکەی هەوڵیدا بابە پەشیمان بکاتەوە لەناردنی پەروانە بۆ زانکۆ بەڵام نەیتوانی.

دوای هاوسەرگیری فەرزادو فاگمە بابە دڵی زۆر لەفەرزانە زویر بوبوو چاوەڕوانی نەدەکرد کە پشتگیرییان بکات و لەمەراسیمی مارەکردن و گواستنەوەیاندا بەشداری بکات، لەبەرئەوە ماوەی چەند مانگێک بوو سەرباری ئەو خۆشەویستییە زۆرەشی کە بۆی هەبوو تەنانەت بەساردییەوە وەڵامی تەلەفۆنەکانیشی دەدایەوە. ئێستا کە پەروانە لەزانکۆ وەرگیرابوو دوودڵبوو، چیبکات. لەلایەکی تریشەوە ڕوباب خانم دەیوت لەیلا نەخۆشەو ئەو یارمەتیدەری نی یەو ناتوانێت فریای کارەکان بکەوێت و لەلایەکی تریشەوە بەتوانجەکانی ئاگری بەردەدایە دڵی بابە کە: «چ مانایەکی هەیە کچ لەشاری غەریب بڕواتە زانکۆ. پەری بۆچی دەبێت بخوێنێت کە وەکو فەرزانە لەڕوی بابە بوەستێت». لەلایەکی تریشەوە ئارەزوی ئەو ئەوەبوو کە مناڵەکانی بخوێنن. لەکۆتاییدا بڕیاری خۆیدا. دەستی پەری گرت و بۆ ناونوسینی لەزانکۆ هێنای بۆ تاران. فەرزانە نوغرۆی شادی بوو سەراپای خۆشیبوو کە بەدڵنیاییەوە بابە لەو خۆشبووەو چەند ساڵێک لەگەڵ خوشکەکەیدا دەبێت، هەرچەند پەروانە تکای لە ئەوو بابە کرد مۆڵەتی بدەن بڕواتە بەشە ناوخۆیی و کەمتر بێزاری بۆ ژیانی فەرزانە هەبێت کە کرێچی بوو بەتایبەت کە ئێستا کاری لەشیرکەت وماڵەوە چەند بەرامبەر بوبو.

شەهلا ئابنوس ........ وەرگێرانی لەفارسییەوە: زریان مەحمود

# وەرزی حەڤدەیەم

تەمەنی خۆشی و خۆشبەختی پەروانە کاتێک بوو کە لەتاران لەبەشە ناوخۆیی بوو یان کاتێک دەڕۆشت بۆ ماڵی فەرزانەو خوشکەزاکانی دەچونە سەرو کۆڵی. ئەو لەوێ ئەوەندە دڵشاد بوو کە وردە وردە قسە سوێرەکانی باوەژنی بەلایەوە بێ نرخ بوبون و بیری لەئاییندەیەکی درەوشاوە دەکردەوە کە دوای تەواو بونی خوێندن لەچاوەڕوانی خۆیدا دەیبینی.

ئەو کاتانەی کە لەزانکۆ دەیخوێند، هەرکات دەڕۆشتەوە بۆ باکور پورە هاجەر داوای لێدەکرد زیاتر بڕوات بۆ ماڵی ئەوان بۆ ئەوەی لەقسە سوێرەکانی باوەژنی پارێزراو بێت. هێشتا مۆڵەتیان نەبوو بڕۆن بۆ ماڵی براکەیان. تەنها پەنای ئەوان ماڵی پورە هاجەر بوو. لوتف و موحیبەتی پورێ بۆ منالەکان، ڕوباب خانمی حەسودو توڕەکردبوو. لەلایەکی تریشەوە حاڵی لەیلا خراپتر دەبوو ئەگەرچی کە تەمەنی چوار ساڵان بوو پێیەکانی بێ توانا بوبون و نەیدەتوانی بڕوات بەڕێگادا.

لەم نێوانەدا لەنێوان پەری و محەمەدی کوڕی پورە هاجەردا خۆشەویستی و پەیوەندییەک دروستبوبو بەشێوەیەک کە پورێ ئەوی بە بوکی خۆی بانگ دەکرد. محەمەد عاشقانە پەریی خۆش دەویست و بەڵێنی پێدابوو هەرکات خوێندنەکەی تەواو کرد بیباتە سەر ماڵ و ژیانی خۆی. بەپێی ئەوەی کە ئاگای لەو ئازارو نارەحەتیە بوو کە پەری لەژێر



Scanned with CamScanner

دەستی باوەژندا کێشابوی، سوێندی بۆ خواردبوو کە بیکاتە خۆشبەختترین ژنی سەر ڕووی زەوی و خەم و تەمی ئەم هەموو سەختی و دەردەی لەدڵدا دەربکات.

لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا پورە هاجەر چەندینجار بەشێوەی ڕەسمی و نارەسمی خوازبێنی پەری لە براکەی کردبوو هەمو جارێکیش بابە بەبیانوی ئەوەی کە ئەو ڕازی نی یە بە ژن و ژنخوازی لەگەڵ خزمدا، جوابی کردبوو. کۆتاجار کە پەری لەتارانەوە دەگەڕایەوە بۆ لادێ و کاتێک لەئۆتۆمبێلەکە دادەبەزی پورێی بینی و وەکو هەمیشە باوەشی پێداکردو پورێش موحیبەتی بۆ دەربڕی داوای لێکرد بڕوات بۆ ماڵی ئەوان. پەری وتی:

- پورێ گیان مۆڵەتم بدە سەرەتا بڕۆم بەهرام ببینم دواتر دێمە خزمەتت.

پورێ بە شەوق و خۆشحاڵییەوە وتی:

- زۆر نابات، ڕوتەختێکی جوانم بۆ کڕیون تەنها دەمەوێت بێیت بیبینیت. ئەگەر پێت جوانبوو بابڕۆم پارەکەی بدەم، ئەگەریش نا بیبەمەوە.

پەری لەگەڵ پورێدا ڕۆشت بۆ ماڵی ئەوان. کەس لەماڵەوە نەبوو. محەمەد لەسەر کار بوو میناش لە قوتابخانە. پەری بەبینینی ئەو ڕوتەختە جوانەی کە پورێ نیشانیدا بەشادی و خۆشحاڵییەوە دەستی پورێی ماچکردو بەڵێنی پێدا کە ژنێکی باش بێت بۆ محەمەدو بوکێکی باش بێت بۆ ئەو داوای لەخوا کرد کە توانای چاکیەکانی ئەوانی هەبێت و بتوانێت پاداشتیان بداتەوە.

بابە لەسەرکارەوە هاتەوە بۆ ماڵ. بەهرام لەگەڵ لەیلادا دانیشتبوو چاودێری دەکردو باوەژنەکەشیان سەرقاڵی خواردن دروستکردن بوو. بابە



Scanned with CamScanner

بەدەنگێکی کزەوە پرسیی:

- ڕووبابە پەری لەکوێیە؟ مەگەر نەهاتۆتەوە لەتارانەوە؟

باوەژنیش بەرق و نارەحەتییەوە وتی:

- وەڵڵا چی بڵێم. کچێک کە دایک بەسەر سەرییەوە نەبووە هەر سەرلەدەر دەبێت. من ئەگەر بمەوێت قسە بکەم ناوم باوەژنە. خۆت دەزانیت و کچەکەت.

- پرسیم پەری لەکوێیە؟ تۆ چیرۆکم بۆ دەخوێنیتەوە؟

- وتم کە خانم لەتارانەوە هاتۆتەوەو ڕۆشتووە بۆ لای ئەو کوڕە پورەی... ناڵێت ئێمە ئابڕومان هەیە، سبەی هەموان نەفرەت لەمنی بەدبەخت دەکەن کە دایکێک لەسەر سەری نەبوو، تۆ کە هەبویت و تۆ کە بینیت بۆچی هیچت نەوت؟

بابە بەرچاوی ڕەشبوبو بەرق و توڕەییەوە ڕۆشت بەرەو ماڵی خوشکەکەی، بەشێوەیەک لەدەرگایدا کە پەری بەپەلە ڕۆشت دەرگاکەی بەڕووی باوکیدا کردەوە. بابە بەمست کێشای بەسنگی پەریداو ڕۆشتە ژورەوە.

پورێ بەبینینی براکەی هاتە پێشەوە:

- سڵاو کاکە بەخێرهاتی، چەند سەیرە مەگەر پەری بێت تۆ سەر لە ئێمە بدەیت.

بابە بەدەنگێکی گیراوو کزەوە وتی:

- خوشکێ چ سڵاوێک، چ عەلەیکێک؟ ئەو محەمەدە بێ غیرەتە لەکوێیە؟ ئەو دەیەوێت من بێ ئابڕو بکات؟

بە ڕق و توڕەییەوە ڕویکردە پەروانەو بەردەوامبوو:

- کچی بێ عەقڵ و نەزان، لەبری ئەوەی کە لەتاران گەشتووەتەوە

بێت بۆ ماڵی کاول بوی باوکی، هاتووە بۆ ئێرە. پەری بەباشی دەیزانی کە ئەم قسانە لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووەو دووبارە باوەژنەکەی ئەوی پڕکردووەو ناردویەتی بۆ ئەوێ، نیگایەکی مەزلومانەی بەپوری کردو سەری داخست و بێدەنگ بوو.

پورێ لەبری ئەو وتی:

- ئەمە چ قسەیەکە برا! کە لەئۆتۆمبێلەکە دابەزی بانگم کرد بێت ئەو ڕوتەختی یە ببینێت کە بۆم کڕیوە. محەمەدیش لەسەر کارە. لەگۆزەکەی تەنیشتی پەرداخێکی پڕکرد لەئاو دای بەبراکەی.

- فەرموو ئاو بخۆ.

بەدەستی پەرداخە ئاوەکەی گێڕایەوە بۆ دواوەو بەتوڕەییەوە وتی:

- پێویست ناکات خوشکێ! ڕاستە کە حەقێکی زۆرت لەگەردنی مندا هەیە، بەڵام ئەگەر بەر بەکوڕەکەت نەگریت، دوایی خۆت بەرپرسیاری لەهەر شتێک کە ڕوودات.

پورێ دەستی براکەی گرت:

- نەفرەتی خوا لەدڵی ڕەشی شەیتان! وەرە کەمێک دانیشە.

دەستی پورێی فڕێداو بەتوڕەییەوە مەقنەعەی کچە مەعصومەکەی خۆی گرت و بە کێشمەکێش بردی بەرەو لای دەرگاکە.

پەری وتی:

- بابە گیان خۆم وا دێم، عەیبە لەبەرچاوی دراوسێکانەوە.

- قسە مەکە کچی بێ ئابڕو تۆ دەزانیت عەیب چی یە؟ گوێ بەدراوسێ دەدەیت؟

- ئاخر بابە گیان خۆ من هیچم نەکردووە.

- بێدەنگ بەکچی بێ ئابڕو.

پەری بەدوای بابەدا ڕۆشت و نەیدەزانی چ چارەنوسێکی شوم چاوەڕوانی دەکات.

کە گەشتنەماڵەوە هەتا دەنگی بابە کز تر بوایە دەنگی باوەژن زیاتر بەرز دەبویەوە.

- کچی بێ ئابڕو دەتەوێت ئێمە بێ ئابڕو بکەیت و لەشارەکەدا پەنجەمان بۆ ڕابکێشرێت؟

پەری وتی:

- ڕوباب خانم بۆچی پەنجەتان بۆ ڕادەکێشرێت! من تەنها ڕۆشتوم بۆ ماڵی پورم.

- بەڵێ ڕاست دەکەیت! ماڵی پورت یان لای کوڕە پورت؟ هەتا ئابڕومان نەبەیت واز ناهێنیت.

کاتێک ئیهانەتی دایکی دەکرد نەیتوانی بێدەنگ بێت و بەڕق و تورەییەوە وتی:

- ڕوباب خانم ناوی دایکم مەهێنە! بەخوا محەمەد لەماڵەوە نەبوو بەشەرمێکەوە سەری داخست و کەمێک هێواشتر وتی:

- ئەوان خوازبێنیشیان کردوم بۆچی بێ ئابڕویی؟

کە ئەم قسەیەی کرد باوکی قایشەکەی دەرهێنا. بەتوندی سێ چوار قایشی دا لەکەمەرو پێیەکانی.

- بێدەنگبە کچی بێ ئابڕو! زمان درێژیش دەکەیت؟

بەگریانەوە ڕویکردە بابەو وتی:

- باشە بێدەنگ دەبم بەڵام تۆمەتم بۆ هەڵمەبەستن! بەخوا من هیچ تاوانێکم نەکردووە پورێ وتی وەرە ئەو ڕوتەختیەی کە بۆم کڕیویت ببینە منیش ڕۆشتم.



Scanned with CamScanner

- ڕۆشتی ڕوتەخت ببینیت؟ من ئەو ڕوتەختیە دەکەم بەبەرگی گۆڕەکەت. ئێستا دەبینیت!

بابە گڕی گرتبوو. قژی پەریی بەدەست گرت و بەتوندی کێشای بەدیوارەکەداو بە شەقیش بەربووە گیانی.

بەهرام هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدەدا. نەیدەزانی کێ لەسەر حەقە؟ تەنها سەیری ڕەفتارە شێت ئاساکانی بابەی دەکردو لەلوتی پەرییەوە خوێن هاتە خـوارەوە، ئەوەندە لێدانی خواردبوو تەنانەت نەیدەتوانی بشگری.

بابە ماندوو لەو ڕەفتارەی کە لەبەرامبەر پەریدا کردبوی، دانیشت و دەستەکانیی گرت بە سەرییەوەو دەستی کرد بەگریان:

- ژنەکە لەکوێی وەرە سەیرکە چەند بەدبەخت بووم وەرە بزانە کچەکەت چی لێ کردوم؟

پەری پەنای بردبوو بۆ ژورەکەی پشتەوەو دەگریا. باوەژن لەم کاتەدا لە دایک دڵسۆزتر بوبو:

- کچێ چەندجار وتم دەست لەماڵی پورت و کوڕە پورت هەڵگرە بەڵام هەر بەگوێت نەکردم. خەتای خۆتبوو. ئەوە باوکت بوو ئەگەر کەسێکی تر بوایە لەجێی ئەو هەر دەیکوشتی.

پەری ئیتر گوێی لەقسەکانی باوەژن نەدەگرت و تەنانەت لێیشی توڕەنەبوو. قژە لێک ئاڵۆسکاوەکانی کۆکردەوەو ڕۆشت بەخەیاڵدا. لەوانەیە ئیتر هەستی بەئازاریش نەکردبێت. نەیدەزانی دەبێت لەدەستی کێ توڕە بێت. لەماوەی ئەم ساڵانەدا بینیبوی هەرکەس خەمێکی هەبوو دایەی بەخەتابار دەزانی کە لەناوەختدا بەجێی هێشتبوون. هەرکات غوڵامی برا موعتادەکەی ڕوباب خانم دەهات و دەنگە دەنگی دەکردو

یان دایک و براژنەکەی لەدەستی لێدانەکانی ئەو پەنایان بۆ ماڵی ئەوان دەهێناو بابە نەیدەتوانی کارێکیان بۆ بکات، هەرکاتێک کە لەیلایان لەلای پزیشکەوە دەهێنایەوە، کاتێک کە فەرزاد ژنی هێناو ڕۆشت ئێستا ئەویش لەم بارودۆخەدا پێی خۆشبوو دایە بەخەتابار بزانێت. بەڵام کاتێک کۆتا شەو کە لەگەڵ دایکیدا بوو بەیاد هێنایەوە پێی خۆشبوو هەموو بەدبەختیەکان بخاتە گەردنی کەسێکی تر بەڵام نەیدەزانی چ کەسێکە.

ئەو شەوە فەرزانە کابوسی بینیبوو، شتێکی وای لەخەوەکەی لەبیر نەبوو. تەنها دایەی بینیبوو کە سەراسیمە لەشوێنی ڕوداوی هاتوچۆکەدا بەدوای منداڵەکانیدا دەگەڕا. بەیانی کە بۆ سیاوەشی گێڕایەوە، دڵخۆشی دایەوەو وتی:

- ئەزیزم نابێت دوای ئەو هەموو ساڵە بیر لەو ڕوداوە بکەیتەوە. پێویستە لەبیری ئایندەدا بیت. بەداخەوە تۆ خەریکە ئایندە دەکەیتە قوربانی ڕابردوو. بیری خراپ مەکەرەوە. لەبەرخاتری خەو بینینێک ئەوەندە خۆت نارەحەت مەکە.

- سیاوەش خەو نەبوو کابوس بوو. بینیت چۆن هەناسەم سواربوبو ئەگەر بەخەبەرت نەهێنامایەتەوە لە ترسی ئەو هەموو خوێن و دڵە ڕاوکێیە سەکتەم دەکرد.

بەیانیەکەی وەکو ڕۆژانی تر منداڵەکانی برد بۆ قوتابخانەو دایەنگەو پاشان ڕۆشت بۆ سەر کار. حاڵی باش نەبوو. وەک ئەوەی چاوەڕوان بێت هەواڵێکی پێبگات. هەندێکجاریش بیری دەکردەوە سیاوەش ڕاست دەکات. پێویستە وردە وردە یادەوەرییە تاڵەکانی ڕووداوی هاتووچۆکە لەبیربکات و ئەگەرنا...

دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە ئەوی بەخۆیدا هێنایەوە. هاوڕێکەی پەری

بوو.

- سڵاو خانم موجتەبایی حاڵت باشە؟

هەرکە دەنگی هاوڕێکەی پەری بیست دەستی خستە سەر دڵی. خودایە پەری خۆ دوو ڕۆژ پێشتر ڕۆشتبوو بۆ باکور. دیسانەوە چ قوڕێک کراوە بەسەرمدا.

- سڵاو حاڵت باشە ڕوئیا گیان؟ یاخوا خێربێت.

ڕوئیا لەگەڵ پەریدا لەیەک ژوردا بون. کچێکی میهرەبان و خوێنگەرمی باشور کە لەساڵی یەکەمەوە لەگەڵ پەریدا بەیەکەوە بوو هەندێکجاریش لەگەڵ ئەودا دەڕۆشت بۆ ماڵی فەرزانە.

- مەمنون من خراپ نیم تەنها دەمویست پێتان بڵێم کە پەری کەمێک ئازارو دڵ تێکهەڵاتنی هەیە، لەگەڵ کچەکاندا هێنامان بۆ نەخۆشخانەو ئاویان بۆ هەڵواسی. ئەگەر دەکرێت تۆش وەرە.

- نەخۆشە؟ مەگەر نەڕۆشتبویەوە بۆ باکور؟

- بۆ نا تازە گەڕاوەتەوە. ئێستا نیگەران مەبە. شتێکی وانی یە خۆشت دێیت و دەیبینیت.

ئیتر نەیزانی چۆن چۆنی ناونیشانەکەی وەرگرت و خێرا تەلەفۆنی کرد بۆ سیاوەش و وتی:

- پەری تازە لەباکور گەڕاوەتەوەو نەخۆشە هاوڕێکانی بردویانە بۆ نەخۆشخانە. دەڕۆم بۆ لای تۆش منداڵەکان لەقوتابخانەو دایەنگە بهێنەوە بۆ ماڵ، منیش کاتێک ئاوەکەی پەری تەواو بوو دەیهێنمەوە بۆ لای خۆمان.

- باشە ئەزیزم بۆ منداڵەکان خەیاڵت ئاسودەبێت. منیش زوو دەڕۆمەوە خواردنێک دروست دەکەم هەتا ئێوە بێنەوە.



Scanned with CamScanner

- سیاوەش بینیت وتم خەوم بینی؟ ئەمەش تەعبیرەکەی.
- ئێستا بیری خراپ مەکەرەوە. سوپاس بۆ خوا کە بەخێر تێپەڕی. بڕۆو منیش بێ هەواڵ مەکە.

لەڕێگادا هەزار بیرو خەیاڵ هات بەمێشکیدا. پێنج شەممە پەری تەلەفۆنی بۆ کردبوو وتبوی دەڕواتەوە بۆ باکور. بۆچی زوو گەڕاوەتەوە؟ هەزار جار وتم لەبەشە ناوخۆیی خواردنی ئێوارە وەرمەگرە، گەدەت تێک دەچێت. بەس گوێی هەیە ببیستێت؟

کە گەشتە نەخۆشخانە بـاوەڕی نەدەکرد. هەمو بیرێک هاتبو بەمێشکیدا، جگە لەوەی کە خوشکەکەی لەم بارودۆخەدا ببینێت. کچی بیست و یەکساڵە وەکو پیرەژنێکی کوڕی لێهاتبوو هەموو جەستەی ڕەش و شین بوبویەوە. بەتوندی هەردوو دەستی کێشا بەسەری خۆیدا:

- قوڕ بەسەرم چیبووە؟ بۆچی وات لێهاتووە؟ توشی ڕووداوی هاتووچۆ بویت؟

پەروانە بەدەموچاوی ئاوساوو شینەوە نەیدەتوانی بەباشی قسە بکات، هەموو ئازارەکانی لەشێوەی فرمێسکدا لەگۆشەی چاوی ڕاستیەوە هاتنە خوارەوە.

ڕۆشتە پێشەوەو ویستی نێوچەوانی خوشکەکەی ماچ بکات بەڵام گەڕایە دواوە چونکە هەموو دەموچاوی ڕەش و شین بوبویەوە.

- توخوا چیبووە ڕاستیەکەی بڵێ پەری توشی ڕووداوی هاتوچۆ بویت؟

پەری دڵی تێکچوو، ڕشایەوە. کە کەمێک ئارامتر بویەوە، بەهەرچۆنێک بوو بابەتەکەی بۆ خوشکەکەی گێڕایەوە.

کە دەردە دڵەکانی ئەو بەکۆتا گەشتن، بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە



Scanned with CamScanner

دەموچاوی ئاوساوی ئەوی بەئارامی ماچکرد. پەری جارێکی تر لێوە ئاوساوەکانی کردەوەو بە زەحمەت وتی:

- دادە فەرزانە بەخوا من هیچ تاوانێکم نەکردووە. من و محەمەد یەکترمان خۆش دەوێت خۆت دەزانیت کە بڕیارە بەیەکەوە هاوسەرگیری بکەین. مەگەر پورێ نەیوت ناهێڵێت محەمەد جگە لەمن کەسی تر بهێنێت. بەڵام ئەم ڕوباب خانمە...

هێشتا قسەکانی تەواو نەبوبون کە حاڵی تێکچوو. فەرزانە نەیدەزانی دەبێت چی بکات. بانگی پەرستارەکەی کرد. ڕوئیا هێشتا پاڵی بەدیوارەکەوە دابوو فرمێسکی دەڕژاند و لەژێر لێوەوە دوعای دەکرد کە پەرستارەکە هات و داوای لە فەرزانە کرد کە لەکەناری تەختەکەی پەریدا بڕواتە دەرەوە. بەدوای ئەودا پزیشکێک لەگەڵ پەرستارێکی تردا هاتنەژورەوەو پەردەیەکیان لەنێوان ئەو و خوشکەکەیدا دادرا. گێژو بێ هێز بوبو. ڕوئیا ڕۆشت و دەستی ئەوی گرت و لەسەر کورسییەک داینیشاند. هێشتا نەیتوانیبوو بابەتەکە لەزهنی خۆیدا لێک بداتەوە. بۆچی وای لێهاتووە؟ کێ خەتابارە؟

پزیشکەکە کە هاتە دەرەوە ڕویکردە فەرزانەو وتی:

- خوێن لەمێشکیدا گیرساوەو پێویستە بەزوترین کات نەشتەگەری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی گرێ خوێنەکان لەناو سەریدا دەربهێنرێن. گرێ خوێنیەکان هەم تازەو هەم کۆنیشن!

فەرزانە تەلەفۆنی کرد بۆ باوکی بۆ ئەوەی بێت بۆ تاران و ڕەزامەندی بدات بۆ نەشتەرگەرییەکەی پەری. هەرچەند کە پزیشکەکە وتبوی گرێ خوێنیە کۆنەکان کارەکەیان قورستر کردووە بەڵام ئێمە هەر نەشتەرگەری بۆ دەکەین. بەڵام ئەگەری ئەوەی کە ئیفلیج ببێت زۆر زیادە. فەرزانە



Scanned with CamScanner

لەخۆی پرسی گرێی خوێنی کۆن؟ یانی لەوانەبوو شوێنەواری ڕووداوی هاتووچۆکە بن؟ ئەو شەوە هەتا بەیانی لەکەناری تەختی خوشکەکەیدا بوو دەردە دڵی لەگەڵدا دەکرد. حەزیدەکرد دایکایەتی بۆ بکات و گوێ لەقسەکانی بگرێت. بەڵام تازە درەنگ بوو. هێشتا شەو بەپایان نەگەشتبوو کە ڕوحی پەری بەرەو ئاسمانەکان دایە شەقەی باڵ و پەروازی کرد.

دەبوو جارێکی تر تەرمی ئەزیزێک ببەنەوە بۆ باکور. سەری لێ شێوابوو، بۆ کوێ بڕوات؟ بۆ ماڵێک کە خوشکە بێ تاوانەکەی تەنهاو بێ کەس، بەبێ هیچ بەرگرییەک لەبەر بوختانەکانی باوەژن گەشتووە بەم ڕۆژە؟ یان بۆ ماڵی مامی بڕوات کە یادەوەرییەکانی نامەردیی فەرهادی بۆ نوێ ببنەوە. ڕۆشتن بۆ ماڵی فەرزادیش لەلایەن بابەوە قەدەغەکرابوو. ڕۆشت بۆ ماڵی پورە هاجەر.

محەمەد شیوەنێکی وای دانابوو کە دەنگی هاواری هەتا سەری کۆڵانەکە دەهات. بەبینینی ئەو بەڕاکردن هاتە پێشەوە:

- بەخێرهاتی خاڵۆزا. هاتووی ژوری نوستنی خوشکەکەت ببینیت؟

وەکو شێت لەبەرخۆیەوە قسەی دەکردو بەگریانەوە ڕۆشت بۆ لای ژورەکەی. پورە هاجەر لەناوەڕاستی هەیوانەکەدا دانیشتبوو ڕوتەختیەکەی ماچ دەکردو بەتوندی دەیکێشا بەسنگی خۆیدا. محەمەد کە ئیتر براکانیشی نەیاندەتوانی بیگرن، بە قتوی مستیلەیەکەوە هات و خۆی گەیاندە لای فەرزانە:

- خاڵۆزا تۆ پێت وایە پەری ئەم مستیلەیەی بەدڵ دەبێت؟

فەرزانە نەدەگریاو نەقسەیەکی دەکرد. ماسولکەی شەویلگەی قوفڵ بوبو. سیاوەش ڕۆشتە کەناری:

- فەرزانە گیان توخوا بگری. قسەیەک بکە... شتێک بڵێ.



Scanned with CamScanner

کچەکانی بەگریان و هاواری دایە، دایە وتنیش نەیانتوانی دایکیان بەخۆیدا بهێننەوە کە ئامۆژن و پورە زەهراو فاگمە هاتن. پورە زەهرا هات و دەستیکرد بەگۆرانی وتن بەسەر نەو بوکاندا. فاگمە کە دوگیان بوو لە سوچێکدا دانیشتبو ئارام ئارام دەگریا. پورە هاجەر بەخێرهاتنی هەموانی دەکرد کە بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری پەری هاتون. فەرزانە دەمی کردەوە لەقوڵایی دڵیەوە هاوارێکی وایکرد کە پێی وابوو ئێستا هەموان ئەو دەنگە ترسناکەی ئەو دەبیستن، بێئاگا لەوەی کە دەنگەکە لە قوڕگیدا خنکاوەو هیچ کەس دەنگێکی لە ئەو نەبیستووە.

کەچاوەکانی کردەوە لە دەرمانگەیەک ئاوی بۆ هەڵواسرابوو. ئامۆژن لەلای چەپیدا بوو سیاوەشیش دەستی ڕاستی گرتبوو.

- فەرزانە گیان باشتریت؟ توخوا قسەیەک بکە! کچەکان خەریکە دەمرن لەخەمدا.

هەستیکرد کە پەردەیەک بەرچاوی گرتووە کە ناتوانێت سیاوەش ببینێت. ئامۆژن دەستی چەپی گوشی:

- کچم نەدەبوو وای لێبێت، ئێستاش کە وابووە، ناتوانین شتێک جگە لەسەبر گرتن بکەین.

هەموو ڕقەکان و دەردەکانی فەرزانە لە ناو یەک وشەی ناڕوندا لە دەمی وشکیدا هاتنە دەرەوە:

- بۆچی...

گۆڕەکە ئامادەبوبوو محەمەد ڕۆشتبووە ناو گۆڕەکەو هاواری دەکرد:

- ڕێگە نادەم ئەزیزەکەم بنێژن. لێناگەڕێم دەسگیرانەکەم بخەنە ژێر خاک. ئێمە قەول و بەڵێنمان لە نێواندا هەیە. ئیتر ناهێڵم هیچ کەس ئازاری ئەو بدات. خۆی گەیاندە لای فەرزاد:

- بەڵێن دەدەم خوشکەکەت خۆشبەخت بکەم. لەبەرخاتری من نا لەبەرخاتری خوا شتێک بە خاڵە بڵێ.

فەرزانە توخوا تۆ بڵێ من دەبێت چی بکەم. توخوا بڵێ دەسگیرانەکەم نەبەن.

بەهرام، فەرزادو فەرزانە خەریکبوو شێت بن. جارێکی تر پشتی بابە شکابوو خۆڵی دەکرد بەسەری خۆیدا. هیچ کەس نەیدەزانی تاوانباری ئەسڵی مردنی کچەکەیان چ کەسێکە.

پورە هاجەر تاجەگوڵی مارەکردنی بۆ پەری دروستکردبوو بەشیوەن و گریانەوە هێنابوی بۆ گۆڕستان. کاتێک ویستیان تەرمەکە بخەنە ناوگۆڕ، محەمەد دووبارە ڕۆشت و لەناو گۆڕەکەدا وەستا:

- توخوا لەپێشدا من بنێژن دواتر هەرچیتان ویست بیکەن. من بەڵێنم پێدابوو کە ئیتر نەهێڵم کەس ئازاری بدات.

هەرچۆنێک بوو ئەویان لەگۆڕەکە هێنایە دەرەوەو بەهاوارو گریانەکانی بابەوە پەرییان خستە ناو گۆڕەوە. بابە بەشێوەیەک دەگریا وەک ئەوەی لەحاڵی گیانداندا بێت. ئەویان کێشایە کەنارێکەوەو کاتێک تەلقینیان دەخوێند پورە هاجەر بەگریانەوە نوقڵی دەکرد بەسەر گۆڕەکەیدا.

ئاسمان گرماندی. هەور بەشێوەیەک بروسکەیدا وەک ئەوەی زەوی و ئاسمان لەیەکی دابێت. مەراسیمی بەخاک سپاردنەکە لەژێر باراندا ئەنجامدرا. فەرزانە کە هەمیشە نیگەرانی حاڵی پەریبوو بەحەسرەت و خەمەوە وتی:

- پەری ڕۆشتی گەشتی بەئارامش. ئاسمانیش لەگەڵ تۆدا هاودەردی دەکات. ئیتر کێ دەیەوێت لەگەڵ مندا هاودەردی بکات؟ دەردە دڵەکانم بەکێ بڵێم؟ هەموو شت چەند زوو تێکچوو. ئاخر من بۆ بوکێنی تۆ

چەندین نەخشەم هەبوو. تۆ زرنگیت کرد کە ڕۆشتی بۆ لای دایە؟ ئەی ئارەزووەکانی من چی؟ بەڵێنم دابوو جگە لەمحەمەد نەهێڵم لەگەڵ هیچ کەس هاوسەرگیری بکەیت. سەیرکە ئەو هێشتا هەر تۆی دەوێت. دەستبەردارت نابێت.

پورە هاجەر ئەو ڕوتەختیەی کە بۆ بوکێنیەکەی پەری کڕیبووی، دای بەسەر گۆڕەکەیداو بە ئاهو گریانەوە وتی:

- ئەزیزەکەم تەڕ نەبیت. نەوبوکەکەم ئاگات لەخۆت بێت سەرمات نەبێت.

محەمەد تێکشکابوو. بۆچی و بە چ تاوانێک دەبـوو بەم شێوە نامەردانەیە پەری لە ئەو بسەنن. ئیتر نەفرەتی لەخاڵۆو خاڵۆژن دەکرد. لەکەسێک کە هۆکاری جودایی ئەوان بوو. لەهەر کەسێک کە لێنەگەڕابوو پەری ببێتە بوکی چیرۆکەکانی ئەو، نەفرەتی دەکرد. لەهەر کەسێک کە بووە هۆی ئەوەی پەرییەکەی ئەو بە جەستەیەکی خوێناوی و پڕئازارەوە لەبری ژووری بوکێنی بۆ گۆڕستان بڕوات، نەفرەتی دەکرد.



Scanned with CamScanner

# وەرزی هەژدەیەم

داخی دایە دوبارە تازە بوبویەوە. بیرکردنەوەو خەیاڵەکان دەستیان لەفەرزانە هەڵنەدەگرت و ژیانی ئەویان تێکدابوو. سیاوەش دوای ئەو موسیبەتەی کەبەسەریدا هاتبوو ئەوەندە موحیبەتی بۆ فەرزانە دەردەبڕی کە هەندێکجار فەرزانە گومانی دەکرد مەگەر مومکینە مرۆڤێک ئەوەندە باش بێت و بتوانێت بە سەبرو خۆراگرییەوە بەدبەختی و گرفتارییەکانی ژنەکەی خۆی تەحەمول بکات. لەبەرخۆیەوە دەیوت: ئەگەر فەرهادیش پێداگری بکردایە لەوانەیە دایەو خوشکەکەی لەدەستنەدایەو هیچ شتێکیان لێ نەهاتایە.

هەرکات ناوی فەرهاد دەهات هەستێکی وەکو نەفرەت ئەوی شێت دەکرد، ئەو کە ئەوەندە پیاو نەبوو یەکجاری تریش بێت بۆ خوازبێنیی. خۆشحاڵبوو لەوەی کە لەگەڵ سیاوەشدا هاوسەرگیری کردووەو ناڕەحەت بو لەوەی کە خۆزگە هەرگیز بێ عەقڵی عیشقی فەرهاد لەدڵیدا دروست نەبوایە. کەسێک کە لیاقەتی عیشقی پاکی ئەوی نەبوو، ئێستا جاروبارێک لەبەر مەرگی ئەزیزێک دەهات و هاودەردی دەردەبڕی. نا، نەیدەتوانی ئەو ببەخشێت.

لەم ساڵانەدا سیاوەش بەکالۆریۆسی بەدەستهێنابوو هەلومەرجی ژیانیام گۆڕرابوو. بارودۆخی بابەش باش بوبو. ئەو بازرگانێکی گەورەی



Scanned with CamScanner

برنج بوو لەباکورو دوای مەرگی پەری هەوڵی دەدا خۆی لەفەرزانە نزیک بکاتەوە. خۆشەویستیی بۆ ئەو بوبووە هەزار ئەوەندەی جاران. کچێک کە ئێستا هەم لەجێگەی دایکی بوو هەم لەجێگەی خوشکەکەی بوو تەنها چاوەڕوانی دەستور بو کە لەلایەن فەرزانەوە دەربچێت هەتا بەبێ دواکەوتن جێبەجێی بکات.

بابە ئێستا پارەی هەبوو، ڤێلای هەبوو، ئۆتۆمبێلی باشی هەبوو، ژن و مناڵیشی هەبوو. بەڵام هیچ کاتێک هەستی خۆشبەختی و ڕەزامەندی لەژیان نەبوو. هەستی ئەوەی کە هۆکاری مەرگی ژن و کچە مەعصومەکەی بووە، وای لێ دەکرد کە لەخۆی بێزار بێت. ژنی دوەمیی خۆش نەدەویست. چونکە ئەو کە بەقسە فیتنەکارانەکانی بوبووە هۆکاری مەرگی یان باشتر بڵێین کوشتنی ئەو کچە مەعصومە.

ئارەزوی دەکرد فەرزانە لەگەڵ ئەودا قسەبکات بەڵام لەم نێوەدا شتێک لەپەیوەندی باوک و فەرزەندیدا ون بوبو، شتێکی وەکو اعتیماد. فەرزانە ئێستا نیگەرانی بەهرام بوو کە نەوەک لەلایەن باوەژنەکەیەوە زیانێکی پێبگات. لەبەرئەوە هەمیشە لەگەڵ پورە هاجەرو فەرزاددا لەپەیوەندیدا بوو لەدورەوە لە حاڵیی دەپرسی.

هەندێکجار دەکەوتە بیری قسەکانی ئەو شەوەی پزیشکەکە. ئەو شەوەی کە پەری مرد، پێی وتبون دڵنیابن مەرگی بەهۆی ئەو زەبرانەوەیە کە بەرسەری کەوتون و ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کە شکایەت لەباوکتان بکەن. بەڵام ئەو تەنانەت نەیدەتوانی بیر لەو بابەتەش بکاتەوە. کچۆڵەی مەعصوم تەنها لەبەر قسە بێ بنەماکانی باوەژن، لەبری ژوری بوکێنی، ڕۆشتبویە ژێر خاک.

حەزی بەڕۆشتن نەبوو بۆ باکور. هەرکات دڵتەنگی دایەو پەری

بوایەو ناچاربوایە بڕوات بۆ باکور، بەبێ ترس و نیگەرانی دەڕۆشت بۆ ماڵی فەرزاد. بۆی گرنگ نەبوو کەسێک ناڕەحەت ببێت، بەتایبەت ئەوکاتەی کە ئیتر پەریا کچەکەی فەرزاد لەدایک بوبوو ئەو بون بەپوری تەجروبە دەکرد. مامەو ئامۆژنیش ڕێزی زۆریان دەگرت و تەنانەت داواشیان لێدەکرد کە ڕاستەوخۆ بڕواتەوە بۆ ماڵی ئەوان. چەندساڵێک بوو کە فەرهاد بوبووە خاوەنی پلەو پایەیەک لەتاران. پێی خۆش نەبوو چاوی بەچاوی بکەوێت. جاروبارێک کە لەئاهەنگێکی هاوسەرگیریدا یان لەپرسەیەکدا یەکترییان دەبینی، ئاگری ڕق لەوجودی فەرزانەدا بڵێسەی دەسەند. بەتایبەت کاتێک ناهید ژنەکەی فەرهاد، ئەوی دەبینی ئیحساسی حەسادەتی خۆی بەڕونی دەردەبڕی و لەبەرامبەر فەرزانەدا هەستی بەکەمی دەکردو دەیزانی کە ئەو لەهەموو شتێکدا لەو زیاترە. هەر لەبەرئەوە ترسێکی هەمیشەیی لەودا هەبوو کە نەکا دووبارە فەرهاد... بێ ئاگا لەوەی کە ئێستا ئیتر فەرزانە یەک تاڵ موی سیاوەش نادات بەسەد کەسی وەکو فەرهاد.

هەرچەند فەرزانە هەوڵی دەدا خۆی لەو دور بخاتەوە، فەرهاد هەوڵی دەدا خۆی لەو نزیک بکاتەوە. لەوانەیە هەستی بەتاوان دەکرد یان لەوانەیە بەڵگەیەکی بۆ ڕەفتارەکانی ئەو زەمەنەی خۆی هەبوو. ئارەزوی دەکرد فەرزانە یەکجار ڕێگە بدات لەگەڵیدا قسەبکات یان داواکارییەکی لەو هەبێت. بەڵام هیچ کاتێک بەو شێوەیە نەبوو.

لەم سەروبەندەدا بوو کە فەرزانە بڕیارێکی گەورەی دا، ئەویش دامەزراندنی شیرکەتێک بوو. دەیزانی هاوسەرە بەوەفاکەی وەکو هەمیشە هۆکاری دڵگەرمی و پشتیوانی ئەوە. هەرئەوە بەس بوو کە فەرزانە ئیرادە بکات هەتا هەموو شتی بۆ ئامادە بکرێت. ئەم کارەش پێویستی

بەپارەیەکی گەورە هەبوو. ئەوان خانوو، ئۆتۆمبێل، زێڕو هەر شتێکی تری بەنرخیان فرۆشت. تەنها شتێک کە بۆی مابویەوە ئەو بازنگەیە بوو کە دایکی لەیەک ساڵیدا هێنابوی بۆ هەدیەو ئەڵقەی هاوسەرگیریەکەی.

سیاوەش نەک تەنها پشتگیرو پشتیوانی ئەو بوو، بەڵکو لەڕوی ڕوحیشەوە بەردەوام پێی دەوت دەتوانێت کارگەلی گەورە ئەمجام بدات. هەدیەو هودا تا ڕادەیەک گەورە بوبون و ئەو دەیتوانی بەکارەکانی شیرکەتدا بگات.

ساڵی یەکەم و دووەم باش نەبوو، بەڵام لەساڵی سێ یەمەوە کە بەبەڕێوەبردن و سیاسەتێکی گونجاو توانیی کارەکان ڕاپەڕێنێت، بارودۆخ باش دەچووە پێشەوەو لەم کاتانەشدا زانیی کە دوبارە دووگیانە. هەرچەند لەسەرەتاوە زۆر خۆشحاڵ نەبوو بەڵام کە حاڵی جەستەیی باش بوو وەکو جاران نەبوو، ڕای گۆڕا.

دایکی سیاوەش و خوشکەکانی فەرزانەیان دڵنیاکردەوە کە مناڵەکەی کوڕە چونکە ئەو فەرقی کردبوو، بەشێوەیەک کە هەتا چەند مانگێکیش کەس بەدووگیانی ئەوی نەزانی. هەرچەند کە کچ یان کوڕ بون بۆ ئەو گرنگ نەبوو بەڵام هەندێکجاریش لەدڵی خۆیدا پێی ناخۆش نەدەبوو ئەمەیان ئەگەر لەبەرخاتری دایکی سیاوەشیش بووە کوڕ بێت. بەڵام ئەمجاریش مناڵەکە کچ بوو خوا نەدای کردە دیاری بۆ ئەو.

بە هاتنە دنیای نەدا ئەم خانەوادەیە سەر ڕێژبوو لە خۆشی و شادی. هەرچەند تەنها دەست بوو هەدیەو هودا دەڕۆشتنە قوتابخانە، بەڵام وەکو هەموو کات هاوسەرکەی نەیدەهێشت نارەحەتی هیچ بابەتێک ببێت. لەبەرخاتری ئاسودەیی و ئارامشی فەرزانە، کەسێکی بەکرێ گرتبوو کە هەموو ڕۆژێک دەهات بۆ ماڵ بۆ ئەوەی فەرزانە بتوانێت بەکارەکانی



Scanned with CamScanner

شیرکەتدا بگات.

ڕۆژێکیان سەرقاڵی شیردان بوو بەنەدا، بەسیاوەشی وت:

- یەک پرسیارم لێت هەیە، حەزدەکەم ڕاستگۆیانە وەڵامم بدەیتەوە.

سیاوەش کەمێک وەستا:

-مەگەر هەتا ئێستا لەگەڵتدا ڕاستگۆ نەبوم ئەزیزم؟!

- بۆنا ئەم بابەتە بۆ من زۆر گرنگە. لەناو بنەماڵەی ئێوەدا هەبونی کوڕ زۆر گرنگە. کاتێک کە بە نەداوە دووگیان بوم، دایکت و خوشکەکانت هەمویان دوعایان دەکرد ئەمەیان کوڕ بێت. تۆ چی؟ حەزت نەدەکرد نەدا کوڕ بێت؟

سیاوەش سەری داخست و کەمێک ئەملاو ئەو لای کردو بە ناڕەحەتییەوە وتی:

- فەرزانە گیان بەڕاستی بۆ خۆم ناڕەحەتم کە هەتا ئێستا نەمتوانیوە بۆ تۆی بسەلمێنم هەتا چ ڕادەیەک بۆ من ئەزیزی. من بەندەیەکی ناشکوری خودا نیم. خودا کچ گەلێکی ساغ و جوانی بەئێمەداوە ئیتر بۆ دەبێت لە بیری شتێکدا بین کە نەیداوە. ڕاستیت بوێت هەندێکجار بەمجۆرە پرسیارانەت دڵم دەشکێت و لە دڵی خۆمدا خەم دەخۆم کە دوای ئەم هەموو ساڵە تێنەگەشتوی کە وجودت بۆ من چەندە بەنرخە. من خودی خۆتم دەوێت، چ کچ بەدنیا بهێنیت یان کوڕ. تەنانەت ئەگەر خودا نەیویستایە منداڵمان بوایە من ناڕەحەت نەدەبوم. تۆم بە ئاسانی بەدەست نەهێنا هەتا بمەوێت بە ئاسانی لەدەستت بدەم.

فەرزانە پرسیی:

- باشە ببورە باوەڕم کرد. بەڵام خۆ لەشارەکەی خۆتان، بەتایبەت بنەماڵەکەتاندا کچی باش کەم نەبوو، چیبوو هاتی بەدوای مندا؟



Scanned with CamScanner

- ڕۆژی یەکەم کە لەشارستانەوە هاتم کچێکم لەگەڕەکەکەدا بینی کە لەهیچ کەسێکی تری گەڕەکەی نەدەکردو لەجوانی و نەجابەتیشدا زۆر بێ کەموکوڕی بوو. داوام لەخوای خۆمکرد تۆ بەدەست بهێنم، نەک لەبەر خاتری جوانی، بەڵکو لەبەر خاتری ئەو غرورو نەجابەتەی کە لەتۆدا بینیم. خوداش یارمەتیی دام ئیتر هیچ داوایەکم لەخوا نی یە. باشە ئێستا تۆش ڕاستگۆیانە وەڵام بدەرەوە، بۆچی منت قەبوڵکرد؟

فەرزانە بەشەرمەوە سەری داخست نەیدەزانی چی پێ بڵێت. ئەهلی درۆکـردن نەبوو هەتا شتێکی ناڕاست بڵێت. ئاهێکی کێشاو هەموو قسەکانی دڵیی لەیەک وشەدا دەربڕی:

- چارەنوس!

سیاوەش بەردەوام بوو:

- سوپاسگوزاری خوام. چارەنوس و تەقدیری ئیلاهی بەسودی من بوو. لەگەڵ ئەو هەموو خوازبێنیکارەی کە هەتبوو بەنسیبی من بویت. هەندێکجار منیش لەبەر خۆمەوە دەڵێم بەپێی ئەو هەموو سەرسەختیەی باوکت بوایە دەبو هەر جاری یەکەم وازم بهێنایە، بەڵام خودا کۆمەکی کردم و دەبینیت کە سەرکەوتوش بووم.



Scanned with CamScanner

# بەشی دووەم

## وەرزی یەکەم

ورده ورده ڕۆژە تاڵەکان جێگاکەی خۆیان دەدا بە ڕۆژانی شاد. کاری شیرکەت باش بوو. سیاوەش لەبیری ئەوەدا بوو کە یەکەم کاری گرنگی کڕینی خانوو ئۆتۆمبێل بێت. ویژدانی ڕێگەی نەدەدا سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی کە هاوسەرەکەی دەیدا هەر کرێچی بن. ئەو ماڵەی کە کڕییان هەرچەند ئەوەندەی خانوەکەی پێشوو گەورەو فراوان نەبوو بەڵام مناڵەکان ورده ورده گەورە دەبون و بۆ کارەکانی خۆیان پێویستیان بە ژوری تایبەتی خۆیان هەبوو. هەر شتێک کە دەکڕرا لەخانووەکەوە هەتا ئۆتۆمبێل و تەلەفۆن هەموی بەناوی فەرزانەوە بوو.

سـیـاوەش بـوبـووە جێگری کـاروبـاری دارایـی و بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەک و کاری قورس بوبو هەموو شەوێک ماندوو دەهاتەوە ماڵەوە. لەبەرئەوەش بەرپرسیارێتی فەرزانە لەهەموو کات زیاتر بوو بوو. ڕاپەڕاندنی کاروباری شیرکەت، بردنی مناڵەکان بۆ قوتابخانەو دایەنگەو هێنانەوەیان بۆ ماڵ و پێڕاگەشتن بەکاروباری ماڵ و میوانداری میوانانی شارستان، بوبون بەبەشێک لەبەرنامەی ڕۆژانەی ئەو.

هەرچەند کە ئەم هەموو کارانە بۆ ئەو قورس بون بەڵام هیچ کات گلەیی نەدەکردو هەتا ڕادەیەکی زۆر بە ژیان ئومێدەوار بوبو. ئەم ئومێدەوار بونە بە ژیان بوبو بەهۆی ئەوەی کە هەست بەماندوێتی نەکات و بەئاسانی توانای ئەنجامدانی کارو بەرپرسیارێتیەکانی هەبێت. دوای گەڕانەوە لەسەر کار، سەرگەرمی ئەو خەریکبون بە کچەکان و

دەرسەکەیان بوو. وەکو مامۆستایەکی میهرەبان لەبابەتە فێرکارییەکاندا یارمەتی دەدان.

ئەداش باشترین دڵخۆشی و سەرگەرمی خانەوادەبو. کە بابە لەسەرکار دەهاتەوە دەستی دەکرد بە شکایەتکردن لەدایەو هەدیەو هودا کە بۆچی دەرس و مەشق بەویش ناکەن. دواتر ئەوەندە شیرین زمانی بۆ بابە دەکرد کە ماندوێتی کاری ڕۆژانە لە لەشیدا دەردەچو.

ڕۆژێکیان ئەدا تایەکی توندی هەبو دایە نەیدەتوانی بیباتە دایەنگە، لەلایەکی تریشەوە دانیشتنێکی گرنگی هەبوو دەبو لەسیمینارێکدا بەشداری بکات. هەر لەبەرئەوە ناچار بو کە ئەو بباتە جێگایەک کە هەندێکجار مرۆڤە گەورەکانیش لەدرێژ دادڕیەکان بێزار دەبن، چ بگات بەکچێکی چکۆلەی نەخۆش کە تای هەبێت. تەحەمولی نەمابوو دەینوزاند بەسەر دایەدا:

- دایە توخوا کەی تەواو دەبێت؟ کەی دەڕۆینەوە بۆ ماڵ؟

دایە بەئارامی وتی:

- بێدەنگ کچم، کەمێکی تر خۆت بگرە تەواو دەبێت.

بە حاڵەتێکی پڕ لەخەم و نیگەرانی یەوە کە بەهۆی تاکەیەوە بو وتی:

- ئاخر بۆ نمونە دەبێت چەندە خۆم بگرم؟

دایە کە هەوڵی دەدا ئەو هێور بکاتەوە کاتژمێرەکەیی نیشانداو وتی:

- سەیری ئەم خەتە بکە نیشاندەری کاتژمێرەکەی نیشانداو کاتێک گەشتە ئێرە ئاماژەی بە ژمارە دوانزە کرد، ئیتر تەواو دەبێت.

یەکێک لەهاوکارەکان کە لەکەناری ئەدادا دانیشتبو بێتاقەتیەکەی ئەوی دەبینی و لەڕاستیدا خۆشی تەحەمولی نەمابو، دەستی ئەدای گرت و بە قەڵەمەکەی کاتژمێرێکی بۆ کێشا.

- کچی جوان، دایە وتی: کاتێک کە ئەم نیشاندەرە گەشت بەم ژمارەیە، ئیتر سەیری کاتژمێرەکەی دایکت مەکە سەیری کاتژمێرەکەی خۆت بکە.

چەند خولەکێک تێپەڕی، بەبێ وزەییەوە پرسیی:

- پورێ ئەی بۆچی ئەمە ناجولێت تا دانیشتنەکە تەواو ببێت؟

- ئەزیزم کە کاتی تەواو بونی دانیشتنەکە هات دەبینیت کە دەگات. ئێستا وەرە وێنەیەکم بۆ بکێشە بزانم دەزانیت؟

منالی چکۆلە هەرچەند کە تواناشی نەبوو بەبێ هێزییەوە دەستیکرد بەوێنە کردن لەسەر ئەو وەرەقەیەی کە پێی دابوو.

لەکۆتاییدا دانیشتنەکە تەواو بوو. نەدا دیسانەوە سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد. هاوکارەکەی دایە دیسانەوە دوای کێشانی نیشاندەرێکی گەورە لەسەر ژمارە دوانزە پێی وت:

- باشە ئێستا نیشاندەرەکە گەشت بەئێرە بۆ ئەوەی کە دانیشتنەکە تەواو ببێت.

ئەمە یەکەمین کاتژمێری نەدا بوو کە هەمیشە یەک یادەوەری شیرین بوو. ئەو ڕۆژە هاوکارەکەی دایە وێنەکەی ئەوی هەڵگرت و بەیادگاری هەڵیگرت بۆ خۆی.

منالەکان هەم لەبەر کچ بون و هەم لەبەر سەرقاڵی کاری بابە، زۆر بەتوندی هۆگری دایە بوبون. بابە نەک لەم بابەتە ناڕەحەت نەبوو، بەڵکو خۆشحاڵبوو حەزیدەکرد کچەکانی دایکیان بکەنە سەرمەشقی خۆیان و کەسانی سەختکۆش، خۆ بنیادنەرو ورە بەرز بن. ڕۆژانی پشوو هەمویان لەدەوری یەکتری کۆدەبونەوەو بۆ خۆیان ئاهەنگیان دەگێڕاو خۆیان بەخۆشبەختترین خانەوادەی سەر ڕووی زەوی دەزانی. هەندێکجار کە

کاروبارەکانی ماڵ و شیرکەت شکستیان دەهێنا، توشی بێ ئومێدی دەبون بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پشتیان بەخودا بەستبوو، خودا هەمیشە یارمەتی دەدان و هیچ کاتێک تەنهای نەدەکردن.

بابە بەهۆی ئەو بەرپرسیارێتیەی کە هەیبو دەرۆشت بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان و کچەکان هەندێکجار کە تەنها دەبون داوایان لەدایە دەکرد کە لەبارەی ژیان، دەورانی مناڵی و هاوسەرگیری لەگەڵ بابەدا قسەیان بۆ بکات. ئەویش بەبێ هیچ پێچ وپەنایەک هەموو شتێکی بۆ باس دەکردن و هەمیشە بابەی بە ناونیشانی بەندەیەکی باشی خواو فریشتەی ڕزگاری خۆی ناو دەبرد.

ڕۆژێکیان هەدیە پرسیی:

- چیبووە کە خاڵە فەرزاد، خاڵە بەهرام، تۆو تەنانەت پورە پەری خوالێخۆشبوش ساغن بەڵام پورە لەیلا کەمئەندامە؟ بۆچی بابە گەورە بە لەدەستدانی پورە پەری گرنگی بەپورە لەیلا نەداو ئەو زیاتر تۆی خۆشدەوێت؟

- کچم ئاخر بابە هەستیدەکرد ئەگەر دایە گەورە ڕوباب خانم ئەو ڕۆژە ئەو بارودۆخەی نەهێنایەتە پێشەوە هێشتا پورە پەری زیندو دەبوو. دوای مەرگی پورە پەری بابە گەورە پشتی شکا، ئیحساسی شکست و خەمی دەکرد. زۆربەی کات دەرۆشتە سەر مەزاری پورە پەری و وجودی خۆشی لەبیر دەکرد چ بگات بەڕوباب خانم و پورە لەیلا.

- یانی بابە گەورە نەیتوانی هیچ کارێک بکات بۆ پورە لەیلا؟ ئاخر ئەو تاوانی هەیە.

- کێشەکەی پورە لەیلا زگماکییە. خەتای هیچ کەس نی یە تەنانەت پزیشکەکانیش پێیان نەزانیبو لەبەرئەوەش کاتێک زانییان ئیتر درەنگ



Scanned with CamScanner

بوبو نەیاندەتوانی کارێک بکەن. ڕوباب خانم ترسا منالّی ببێت و دوبارە منالّێکی کەمئەندام و نەخۆشی ببێت.

که دەگەشتە ئێرە ئاهێکی دەکێشاو لەکاتێکدا کە چاوی بڕیبووە گوڵی فەرشەکە بەردەوام بوو کە ئەمانە هەمویان تەقدیری ئیلاهی و چارەنوسن. دواتر وتی:

- بەڵام خودی مرۆڤیش لەچارەنوس و تەقدیری خۆیدا کاریگەری هەیەو ئارامتر بەردەوام بوو: لەوانەیە ئەگەر ڕوباب خانم ئەو هەموو خراپ بێژییەی بۆ بەهرام و پەری نەکردایە، ئێستا ئەو کچە مەعصومە ساغ دەبوو.

کچەکان ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبوون لەخوێندن و کارە تایبەتیەکاندا یارمەتی یەکتریان دەدا. دایە خەیاڵی ئاسودەتر بوبو کە منالّەکان لەکاروباری یارمەتییان دەدا. کچانی میهرەبان و عاقڵ هەندێکجار پێش ئەوەی کە دایە لەشیرکەت بگەڕێتەوە، کارەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکرد. یەکێک قاپەکانی دەشوشت و یەکێکی تر گسکی دەداو ڕۆژی دواتر کارەکەیان دەگۆڕییەوە. لەلایەکی ترەوە کاتێک کە لەماڵەوە دەبون بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی پەریشیان دەگرتە ئەستۆ. ئەو ماڵەی کە تیایدا دەژیان دوو نهۆم بوو، نهۆمی یەکەم چێشتخانەو ژووری دانیشتن و ژوورێکی نوستن بۆ دایەو بابەو نەدا بوو.

نهۆمی دووەمیش ژوری نوستنی هوداو هەدیەو هۆڵێکی پێشوازی میوانی تێدابوو.

ڕۆژێکی گەرمی هاوین دوای نانی نیوەڕۆ کە دایەو بابە لەسەر کار بون، هەدیە ڕۆشتبووە نهۆمی سەرەوە هەتا ڕێکی بکات. هودا لەچێشتخانە قاپی دەشوشت. نەدا کە تەنها پێنج ساڵان بوو، زۆری هێنا

بۆ هودا:

- دادە وەرە چیرۆکم بۆ بخوێنەوە.

- ئەزیزم خۆ دەبینیت قاپ دەشۆم کەمێک چاوەڕوان بە.

- باشە تاقەتم نەما وەرە با بەیەکەوە یاری بکەین.

- جوانکیلەکەم بوەستە با کارەکەم تەواو ببێت دێم.

نەدا خۆی بێتاقەتکرد بەحاڵەتێکی وەکو گریان وتی:

- هەر بوەستە! چاوەڕوانبە! ئەسڵەن نامەوێت بوەستم بڵێ من چی بکەم؟

- ئەزیزم تۆش برۆ لەبەردەمی دەرگاکەدا پێڵاوەکان کۆبکەرەوەو بیانخەرە ناو جێگە پێڵاوەکە بۆ ئەوەی کە دایە هاتەوە هەموو کارەکان کرابن و خۆشحاڵ ببێت.

هەربەو شێوەیەی کە پێڵاوەکانی کۆدەکردەوە، خەیاڵی کرد کە بڕوات بۆ لای هەدیە. پێڵاوە سەرپێییەکانی بابەی لەپێ کردو لەپلیکانەکانەوە ڕۆشتە سەرەوە. یەک پلیکانەی مابوو بڕواتە سەرەوە کە بانگی هەدیەی کردو هەر لەو کاتەدا قاچە بچوکەکانی لەناو پێڵاوە گەورەکانی بابەدا پێچکەوتن و لەیەک چرکەدا لەدوانزە پلیکانەوە کە سەرکەوتبوو هاتە خوارەوەو کەوتە زەوی.

دەنگێکی وا هات کە هەم هەدیەو هەم هودا دەستیان لەکارەکەیان هەڵگرت و ڕایانکرد. بینیان خوشکەکەیان نوغرۆی خوێن بووە. نەیاندەزانی چی بکەن. هودا لەباوەشی گرتبوو دەگریا. هەدیە ڕۆشت لە ژورەکە دەستماڵێکی هێنا بۆ ئەوەی ڕێگە لەخوێن بەربونەکەی بگرێت، هەموو دەموچاوی نەدا پڕبوبو لە خوێن. منداڵەکان نەیاندەتوانی تێبگەن کە کوێی سەری خوێنی بەربووە. ئەوەندە هاواری دەکرد کە دەنگی خوشکەکانی

خۆی نەدەبیست، هودا وتی:

- ئەزیزم وتم کەمێک بوەستە، هەدیە توخوا شتێک بکە.

- مەترسە ئێستا تەلەفۆن دەکەم بۆ دایە یان بابە بێن و بیبەینە لای پزیشک، کەناوی پزیشک هات دەنگی گریەو هاواری نەدا بەئاسماندا بەرز بویەوە.

خەریکی ژێر کردنەوەی ئەو بون کە کلیلەکە لەناو قوفڵەکەدا سوڕاو دایە هاتەوە بۆماڵەوە، کاتێک کچەکەی نوغرۆی خوێن لەناو حەوشەکەدا بینی، جانتاکەی فڕێداو بەهەردو دەستی کێشای بەسەر خۆیداو وتی:

- چی بووە؟ قوڕ بەسەرم چی دەکەن لەحەوشەدا؟

هەدیە وتی:

- مەترسە دایە بەخوا هیچ نەبووە، لەپلیکانەکان کەوتە خوارەوە.

- هیچ نەبووە؟ مناڵەکەم نوغرۆی خوێنەو دەڵێیت هیچ نەبووە؟ خێراکە هەستە من دەیبەمە دەرمانگەو تۆش خێرا کارتەکەی بهێنە بەشوێنمداو لەکاتێکدا کە نەدای لەباوەشگرتبوو ڕویکردە هەدیەو وتی:

- کارتەکە لەتاکی یەکەمدایە، جانتاکەشم بهێنە، لەدەرمانگە چاوەڕوانتم، چاوەڕوانی وەڵامی هەدیە نەبوو خۆی گەیاندە دەرمانگە، نەدا کە ئێستا مەسەلەی پزیشکی بەجدی دەبینی، بەشێوەیەک هاواری دەکرد کە هەموانی لەخۆی تێدەگەیاند.

گەشتنە دەرمانگە مناڵەکەی گەیاندە ژوری پزیشک و چاوەڕوانی نۆبەتی نەکرد، پزیشک ئەوی نارد بۆ ژوری برین پێچی بۆ ئەوەی برینەکەی بدورنەوە، هەدیەش گەیشت و کارتەکەی نەداو جانتای پارەکەی دایەی هێنابوو.

ڕۆشتە بەشی پێشوازی و حسابی دەرمانگەکەی ئەنجامداو هاتەوە بۆ



Scanned with CamScanner

لای دایکی.

- دایە پێویست ناکات تەلەفۆن بکەم بۆ بابە؟

- نا کچم شتێکی وانی یە دەیدورنەوەو چاک دەبێتە. بەخێر تێیەڕیوە.

بابە خۆی تەلەفۆنی کرد وتی درەنگ دێتەوە. شەویش لەباکورەوە بابەگەورەو خاڵەو ئەوان دێن، زوو ھاتمەوە بۆ ئەوەی کە...

## وەرزی دووەم

ئەو ڕۆژە بڕیار بوو بابەو لەیلا لەگەڵ خاڵە فەرزادو ژنەکەی فاگمە بێن بۆ تاران. گوایە چەند ڕۆژێک بوو کە حاڵی لەیلا باش نەبوو.

فەرزانە تازە لەدەرمانگەوە گەشتبووەماڵەوەو خەریکی نوێژکردن بوو کە زەنگی دەرگا لێدرا.

مناڵەکان دەرگاکەیان کردەوەو بەخۆشحاڵییەوە بابە گەورەو پورێیان لەباوەشگرت. دوای ئەوەی کە فەرزادیش ئۆتۆمبێلەکەی پارک کرد، لەگەڵ فاگمە هاتنە ژورەوە. فەرزانە نوێژەکەی تەواو کردو ڕۆشت بۆ پێشوازی میوانەکان.

فاگمە کورسییە تایەدارەکەی لەیلای لەلای دەرگاکەدا داناو فەرزاد لەباوەشی گرت و هێنایە ژورەوە. مناڵی مەعصوم هەرچەند کە تەمەنی چواردە ساڵ بوو هاوتەمەنی هودا بوو، کێشی سی کیلۆش نەدەبوو. فەرزانە خێرا دۆشەک و پشتی بۆ داناو فەرزاد داینا.

ئەدا کە لەهۆڵەکە جێگەیان بۆ داخستبوو، بەبینینی ئەوان بۆ ئەوەی کە سەرنجی هەموان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، دەستیکرد بە گریان.

- دایە سەرم ئێش دەکات.

بابە گەورە لەباوەشی گرت و بە نیگەرانیەوە پرسیی:

- ئەزیزەکەم چیبووە؟ سەرت بۆچی پێچراوە. ڕویکردە فەرزانەو وتی:

- کچم توخوا ئەوەندە کاتی خۆت تەرخان مەکە بۆ کاری دەرەوە! دڵت دێت ئەم گوڵانەی من ئازار بخۆن. لەولاشەوە هەدیەو هودا لەلای لەیلادا دانیشتبون و ماچ بارانبان دەکرد، ئەویان زۆر خۆش دەویست. کاتیک بینیان زۆر لاوازتربووە لەو کاتەی کە کۆتاجار ئەوان بینیویانە، دڵیان زۆر تەنگ بوو بۆی.

هەمیشە فەرزادو ژنەکەی ئەویان دەبردە لای پزیشک، بەڵام ئەمجارە هێنابویان بۆ تاران و سەیریش بوو کە بابە لەگەڵیاندا هاتبوو.

فاگمهی ژنی فەرزاد زۆر میهرەبان بوو. هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو ئەڵقەی پەیوەندییەی کە لەنێوان بابەو کوڕەکان و فەرزانەدا ون بوبو، دوبارە دروست بکاتەوە. فەرزانە دوای هەواڵپرسی لەگەڵ هەمواندا، ئاماژەی بۆ کچەکان کرد کە چایی و میوە بهێنن و خۆی لەکەناری لەیلا دانیشت.

- خوشکی جوانکیلەی من چۆنە؟

- دادە فەرزان ڕاستیەکەی حاڵم باش نی یە.

- بۆچی ئەزیزم؟

- کەمەرم زۆر ئازاری هەیە. بەخوا ئەوەندە ئەزیەتی دەوروبەرم داوە کە شەرمەزارم.

- بەڵام سەروچاوت دەڵێت تۆ کچێکی ئازایت و دەتوانیت ئارام بگریت.خۆم لەلای باشترین پزیشک نۆبەتم بۆ گرتویت وسبەی دەتبەم. انشاالله چاک دەبیتەوەو تۆش پاداشتی ئەوان دەدەیتەوە.

بابە خەیاڵی ڕۆشتبوو گوێی لەقسەی کچەکانی گرتبوو. خەمێکی هەمیشەیی لەقوڕگیدا ئازاری دەداو لە هەر کاتێکی تر قسەکردنی زیاتر

بۆ سەخت بوبو.

فەرزانە بەبیانوی خۆ گۆڕین فاگمەی بانگ کردە ژورەوە.

- فاگمە گیان وەرە جلەکانت بگۆڕە ماندویت.

فاگمە بەدوای ئەودا ڕۆشتە ژورەوەو بەئارامی کە زیاتر هاوشێوەی ئاماژە بوو نەک لەقسە کردن، پرسیی:

- چیبووە؟ بۆچی لەیلا وای لێهاتووە؟

- وەڵڵا چی بڵێم پورزا. لەوێ پزیشکەکان وتویانە ناتوانین هیچ کارێکی بۆ بکەین. بابە پێی خۆشنەبو ئەو بهێنین بۆ تاران، من و فەرزاد بەهەزار ئەملاو ئەولا ڕازیمان کرد کە تۆ نۆبەتت بۆ گرت و پێویستە بیهێنین و خۆشی لەگەڵماندا بێت.

فەرزانە ئاهێکی لەناخی دڵەوە هەڵکێشا، نەیدەزانی سوتانی دڵی بۆ بارودۆخی لەیلا بوو یان بابە.

پرسیی:

- ڕوباب خانم چی دەکات؟

- هیچ ئەو بەدبەختەش ئەوەندە بەتەنها دەست خەریکی ئەم کچە بووە، ماندوو بووە. لەوکاتەوەی کە دایکی مردووە تاقەتی لەیلاشی نەماوە.

- باشە پەڕاوە پزیشکیەکانتان هێناون؟

- بەڵێ هەموو پشکنینەکان. ئەشیعەکان و هەر شتێک کە لەسەرەتاوە هەبووە هێناومانە.

- پورە زەهرا باشە؟ بەهرام چی دەکات؟ پوریاو پەریا چۆنن؟ ئێستا لەکوێن؟

- بەهرام بەم نزیکانە خزمەتەکەی تەواو دەبێت، مناڵەکانیش دەستت

ماچ دەکەن، لەلای دایکم دامناون هەتا دەگەڕێینەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو بەردەوام بوو:

- پورزا من لەهەستت تێدەگەم. حەقت پێ دەدەم کە ڕقت لەڕوباب خانم و لەیلا بێت، بەڵام ئەم کچە مەعصومە هیچ تاوانێکی نی یە.

- نا ئەسڵەن بەوشێوەیە نی یە، مەسەلە ڕق لێبونەوە نی یە. ئیتر ڕوداوێک ڕویداوەو تەواو بووە. من لەم نێوانەدا هیچ کەس بەخەتابار نازانم بەڵام ناتوانم لەبیری بکەم کە ئەگەر پەروانەش بمایە...

فرمێسک لەچاوەکانیدا قەتیس بوو نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات.

- ئەزیزم تۆ خوێندەوارو ژیریت. تەمەنی ئەویش هەتا ئەو کاتە بووە. خۆ ئیزرائیل بەدوای بیانودا ناگەڕێت. سەیری باوکت بکە چەند پیر بووە. داماوە نازانێت خەمی ژنە گەنجەکەی بخوات یان کچێک کە دەبو بیکاتە بوک، ئێستا بەئاسودەیی لەژێر خاکدا نوستووە یان خەمی ئەم کچە ناتەواوە کە کەوتووە بەسەر دەستیدا. ئەوەش کە بارودۆخی خۆیەتی هەتا ڕستەیەک دەڵێت، دڵی مرۆڤ دەسوتێت بۆی. توخوا ئیتر تۆش خۆت بێتاقەت مەکە.

- فاگمە من حەقم بەسەر ئەوەوە نی یە هەرچی بێت باوکمە. بەڵام هەرگیز ناتوانم لەژنەکەی ببورم. لەوانەیە کە خودا ئەم کچەی نەخۆش خست بۆ ئەوەی کە دایکی ئازار بچێژێت و باجی تاوانەکەی بدات. بەڵام زۆر دڵم بۆ لەیلا دەسوتێت ئەم داماوە چ تاوانێکی هەیە؟

کە قسەکانیان لەژورەوە درێژەی کێشا، فەرزاد کە هەتا ئەو کاتە سەرقاڵی یاریکردن بوو لەگەڵ نەدا، بەدەنگی بەرز وتی:

- خانم هێشتا خۆتت نەگۆڕیوە؟

بابە بەدەنگێکی ئارام و نزم کە لەیلا نەیبیستێت لەلای وتی بە گوێی



Scanned with CamScanner

فەرزاددا:

- کچەکەم نەخوشکی هەیە نەدایک هیچ نەبێ لێیگەڕێ با لەگەڵ فاگمە دەردە دڵ بکات.

فەرزانەو فاگمە دوای بانگکردنەکەی فەرزاد لەژورەکە هاتنە دەرەوە.

فەرزانە لەلای لەیلا دانیشت و بەموحیبەتەوە ماچێکی نێوچەوانی خوشکەکەی کرد:

- باشە لەیلا گیان چی دەخۆیت دادە بۆت پاک بکات؟ سێو، مۆزو خەیار؟

- سوپاس دادە فەرزان، پێیەکانم کە ئیفلیجن خۆ هێشتا دەستەکانم ساغن، خۆم پاکی دەکەم.

فەرزانە دیسان بەخۆشەویستییەوە وتی:

- من ئێستا پێم خۆشە خۆم میوە پاک بکەم بۆ خوشکەکەم. بەخوا دەستەکانم پاکن! هەفتەی ڕابردوو خۆمم شتووە.

- سوپاس سێو دەخۆم.

فەرزانە لەکاتێکدا کە سەرقاڵی پاککردنی سێو بوو سەیرێکی بابەی کرد. هەدیە لەملای و هودا لەولای دانیشتبون و باوەشیان پێدادەکرد. ئیحساسی کرد کە بابە زۆر پیر بووە. ڕووی تێکردو وتی:

- بابە لەلای پزیشکێکی زۆر باش نۆبەتم گرتووەو پێی دەڵێن پەنجە زێڕین. دڵنیابە ئەگەر ئەو نەشتەرگەری بکات بۆ لەیلا، چاک دەبێتەوە.

بابە وتی:

- چی بڵێم کچم هەرچۆنێکت پێ باشە وا بکە. خوا لێت ڕازی بێت. لەتۆ، فەرزاد فاگمە.

لەکاتێکدا کە سێوە پاککراوەکەی ورد کردبوو لەدەوریەکەدا خستیە



Scanned with CamScanner

بەردەم لەیلا، وتی:

- تێچوی نەخۆشخانەو کلینیک هەموو تێچووەکان لەسەر خۆمن، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیام لەیلا چاک دەبێتەوە. پارچەیەک لەسێوەکەی خستە دەمی خوشکەکەی و بەردەوام بوو:

- ئەوکاتە مەڕێک دەبەینە سەرمەزارەکەو دەیکەینە قوربانی و خوشکەکەی منیش بە پێی خۆی دێت.

- یاخوا وابێت. پارەکەی گرنگ نی یە، هەرچییەک بێت کێشە نی یە. تەنها من شەرمەندەی ئەوەم کە زەحمەتەکەی بۆ ئێوە زۆر دەبێت.

فاگمە خۆشحاڵ بوو کە خۆشەویستی ئولفەتێکی لەم شێوەیە لەنێوان باوک و کچ و خوشکدا دروستبوبو، وتی:

- بابە گیان منیش نەزرم کردووە. دڵم زۆر خۆشە بەئومێدی خودا بەدەستی خاڵی ناگەڕێینەوە.

نەدا کاتێک بینیی هەموان سەرقاڵی گفتوگۆی جدین لەبارەی لەیلاوە، بەهاوارکردنەوە کە سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا وتی:

- وای سەرم دایە مردم.

هەمویان لەم ڕەفتارەی نەدا دایانە قاقای پێکەنین، تەنانەت لەیلاش سەرباری ئەو هەموو ئازارەی کە هەیبوو نەیتوانی ڕێگە لەپێکەنینی خۆی بگرێت.

سیاوەش لەسەر کار گەڕایەوە. خۆشحاڵ بوو بەبینینی خانەوادەی هاوسەرەکەی، بەڵام بەبینیی سەری پێچراوی نەدا غەمگین بو.

فەرزانە بەیارمەتی فاگمە خواردنی ئامادەکرد. فەرزانە هەتا ئەوپەڕی توانا ڕێزی دەنواند بەڵام لە ناخی خۆیدا لەگەڵ شتێکدا دەرگیر بوو. لەلایەکەوە لەبارودۆخی خراپی کچەکەی باوکی نیگەران بوو لەلایەکی



Scanned with CamScanner

تریشەوە کە دەبیینی خودا ئەوەندە لوتفی کردووە کە نەک تەنها موحتاجی بابە نی یە بەڵکو بابە لەڕوی عاتیفییەوە زۆر پێویستی بە ئەو هەیە، سوپاسی خودای دەکرد. شەو بۆ نوستن لەبەر بارودۆخی لەیلا، فاگمە و فەرزادو بابەو لەیلا لەنهۆمی خوارەوە نوستن و سیاوەش و فەرزانە ڕۆشتنە نهۆمی سەرەوە. کە منالەکان نوستن، سیاوەش پرسیی:

- فەرزانە گیان! ئەوە دەگریت؟

- نا.

دەستێکی هێنا بەدەموچاویداو ڕوخساری تەڕبوی ئەوی لەمس کرد:

- ئەزیزم مەگەر من منالم، دەزانم تۆ چی دەکێشیت بەڵام دوای تێپەڕینی ئەم هەموو ساڵە پێت وانی یە کە ئیتر پێویستە فەرامۆشی بکەیت؟

- سیاوەش توخوا ئامۆژگاریم مەکە. ئەسڵەن پێم خۆش نی یە لەبارەی ئەم بابەتەوە قسە بکەم.

- دەی کەوایە گریان قەدەغەیە!

دواتر بەحاڵەتێکی دڵسۆزانە وتی:

- ئەزیزم دەردو ئازارێک کە باوکت دەیکێشێت کەمتر نی یە لە تۆ. سەرباری ئەوەش سوپاسی خودا بکە کە فەرزاد هەیەو ژنەکەشی میهرەبانە. ئەم هەموو خەڵکە تۆیان خۆش دەوێت. سبەی، دوسبەی بەهرامیش خزمەتەکەی تەواو ببێت ژن دەهێنێت و پاشان وەکو منالْ خۆی لوسکرد، بیر لەشتانی باش بکەرەوە لەوەی کە هاوسەرێکی وەکو منت هەیە کە ئەم هەمووە خۆشم دەوێت. سێ کچی گوڵت هەیە. نەبینم فرمێسکی خەم بێت بەچاوەکانتدا.

فەرزانە بەدەستێکی دەستی سیاوەشی گرت و بەدەستەکەی تری

فرمێسکەکانی سڕی و وتی:

- خوا خۆی دەزانێت بۆ هەموو ئەمانە کە وتت مەمنونی خوام بەڵام حەقیشم پێبدە خۆ ناتوانم لەلای منالەکان دڵتەنگییەکانم نیشان بدەم.

- خۆ من نەمردوم بە فیدای دڵە تەنگەکەت بم! هەتا ئەو کاتەی کە هەم ناهێڵم دڵت تەنگ ببێت. تۆ ژیانی منیت. بەیانیان بەئومێدی بینینی تۆ لەخەو هەڵدەستم. شەو بەو ئومێدەوە دێمەوە بۆ ماڵ کە نیگای پاکی تۆ ماندوێتی لەشم دەربکات. ئەسڵەن شتێکی تر.

- چ شتێک؟

- من نۆکەری تۆم، چی دەڵێیت! ئەگەر سبەی کارت هەیە من لەگەڵیان دەڕۆم بۆ لای پزیشک.

- شێتە! پێویست ناکات کارەکانم هەماهەنگ کردون.

- باشە شێتی تۆم دەزانیت؟ لەدنیادا یەک ئارەزوم هەیە.

- چ ئارەزویەک؟

- هیچ شەوشاد.

ئەسڵەن تاقەتی نەبوو پێداگری بکات هەتا سیاوەش پێی بڵێت چ ئارەزویەکی هەیە. هێشتا وەڵامی شەوشادی سیاوەشی نەدابویەوە کە دەنگی گریانی نەدا لەژوری خوشکەکانیەوە بەرز بویەوە.

- دایە...بابە...

هەردوکیان سەراسیمە ڕۆشتن بۆ لای.

سیاوەش کە لەباوەشی گرتبوو وتی:

- چی یە ئەزیزی دڵم؟

- خەوم بینی ترسام. من دەترسم لێرە بنوم.

دایە پرسیی:

- چ خەوێک ئەزیزم مەگەر خەو ترسی دەوێت؟ مەگەر چەند خولەکە نوستویت کە خەوت لێکەوت کچی شەیتان، هەتا خەوی ترسناک ببینیت؟

- خەوم بینی کە پورە لەیلا لەسەر کورسیەکەی وەکو باڵندەی لێهاتوو فڕی. هەرچی بانگم کرد بگەڕێرەوە مەگەر تۆ پوری من نیت، سەیری نەکردم و ڕۆشت. نەدا بوو کە ئەم قسانەی کرد.

دایە لەکاتێکدا کە دەنگی نزم کردبویەوە، وتی:

- وسبە. ئارامتر. کچم وادیارە ئەو زەربەیەی کە بەر سەرت کەوتووە زۆر توند بووە مەگەر مرۆڤەکان دەفڕن؟

سیاوەش لەکاتێکدا کە کچۆڵە شیرین زمانەکەی خۆی لەباوەش گرتبوو دەستی دەهێنا بەقژەکانیدا کە لەژێر برین پێچەکەدا شارابونەوەو ماچێکی گۆنای کردو وتی:

- کچم ئێمە ئێستا لەلای تۆین لەهیچ شتێک مەترسە.

هەدیە بەخەواڵوییەوە پرسیی:

- کێ بووە بەباڵندە؟

هودا وتی:

- لەوکاتەوە کە زەربە بەر سەری نەدا کەوتووە مرۆڤەکان دەبنە باڵندە.

نەدا خۆی لوسکردو وتی:

- من چوزانم ئاخ... سەرم ئێش دەکات و ڕویکردە بابەو وتی:

- دەکرێت ئەمشەو لەلای تۆو دایە بنوم؟

دایە وتی:

- باشە ئەزیزی دڵم بۆچی ناکرێت. هەر لەسەرەتاوە ئەمەت بووتایەو ئیتر کارت نەبێت بەمرۆڤ و باڵندەو پورێوە. شەوشاد لەگەڵ خوشکەکانتدا بکەو وەرە هۆڵەکە لەلای ئێمە بنوو.



Scanned with CamScanner

# وەرزی سێ یەم

ئەو ڕۆژە بەیانی فەرزانە نەڕۆشت بۆ شیرکەت و لەبەیانییەوە لەخزمەتی خانەوادەکەیدا بوو. دوای نانی نیوەڕۆو کەمێک پشودان، ئامادەبون کە بڕۆن بۆ لای پزیشک. جارێکی تر بیری فاگمهی خستەوە کە پەڕاوە پزیشکیەکان لەبیر نەکات. هێشتا کاتی قەرەباڵخی ترافیک تەواو نەبوبو لەبەرئەوە ئۆتۆمبێلەکەی فەرزادیان لە حەوشەی ماڵەوە پارک کردو بەئۆتۆمبێلەکەی خۆی ڕۆشتن. جارێکی تر پێش ڕۆشتن بیری کچەکانی خستەوە کە ئاگایان لەخۆیان بێت. گۆنای هەدیەی گرت و وتی:

- کچم ئاگاداربە ئەمجارە پەنجەیەکتان گەرم نەبێت.

وەکو هەموکات کە دەڕۆشتە دەرەوە ماچێکی گۆنای کچەکانی کردو ئایەتێکی خوێندو ڕۆشت.

لە ئاوێنەی ئۆتۆمبێلەکەوە سەیرێکی قیافەی غەمگینی بابەی کرد لەکاتێکدا کە شۆفێری دەکرد، هەوڵی دەدا قسە بکات بۆ ئەوەی ئەو بێدەنگیە قوڵە بشکێت هەرچەند لەدڵی خۆیدا ئاشوبێک بەرپابوو. ڕویکردە بابەو وتی:

- لەم دۆزەخ و واوەیلایەدا شۆفێری کردن بووە بەموسیبەت. بابە تۆ کارێکی باشت کردو ڕۆشتیتەوە بۆ باکورو خۆتت ڕزگار کرد. مرۆڤ تا دەچێتە لای پزیشکێک و بگەڕێتەوە گیانی دەردەچێت.

لەبری بابە لەیلا وەڵامی دایەوە:

- ببورە ئەوەش لەدەردەسەرییەکانی منە، خۆ خێرێکیشم بۆ ئێوە نی یە دادە گیان.

- ئەی بابە ئەم قسانە چین خوشکی چکۆلە. خۆ نەشڕۆین بۆ لای پزیشک هەر دەبێت بڕۆینە سەر کار. هەر دەبێت چارەیەک بۆ کار بدۆزینەوە مەگەر دەکرێت ژیان بوەستێنین.

کە گەشتنە کلینیکەکە جێگای پارککردنی ئۆتۆمبێلەکە نەبوو. فەرزاد کورسییەکەی لەیلای دەرهێناو خستیە سەری. ئەوانی تریش دابەزین هەتا فەرزانە ئۆتۆمبێلەکە ببات بۆ گەراژێک. کە فەرزانە گەڕایەوە هەموو ڕۆشتنە کلینیکەکە. ئەوەندە قەرەباڵخ بوو کە جێگایەک نەبوو بۆ دانیشتن. نەخۆشانی پیرو گەنج، ژن و پیاو، یەکێک بە گالۆک، یەکێک بەعەرەبانە، کورسییەکانیش پڕبون لەنەخۆش. هەندێکیش لەئازاردا، دەستیان گرتبوو بە کەمەریانەوەو تەنها دەڕۆشتن بەڕێگادا.

تا دەهات ژمارەی نەخۆشەکان زیاتر دەبوو. ئەو نەخۆشانەی کە لەڕێگەی دورو نزیکەوە بەئومێدی چاکبونەوەیان هاتبون. پزیشکەکە کە بڕیاربوو کاتژمێر چوار لەکلینیکەکە بێت، بەهۆی درێژەکێشانی نەشتەرگەرییەوە کاتژمێر شەش لە نەخۆشخانە گەڕایەوە. گەرما هەموانی بێزارکردبوو. دوو سێ کاتژمێر دەبوو دانیشتبون هەتا نۆبەتیان گەشت. خانمی سکرتێرە بانگی کرد:

- لەیلا موجتەبایی.

هەمویان ڕۆشتن بەرەو لای مێزی سکرتێرەکە. خانمی سکرتێرە دوای وەرگرتنی پارە پێ ی ڕاگەیاندن:

- تەنها یەک کەس دەتوانێت لەگەڵ نەخۆشەکەدا بڕواتە ژورەوە،



Scanned with CamScanner

تکایە با ئەوانی تر لەدەرەوە چاوەڕوان بن.

فەرزاد سەری بردە لای گوێی خانمی سکرتێرە، وتی:

- ببورە ئەگەر دەکرێت مۆڵەت بدەن منیش لەگەڵ خوشکەکەمدا بڕۆمە ژورەوە. پەڕاوەکان بە منە. دەمەوێت خۆم لەگەڵ پزیشکەکەدا قسە بکەم.

خانمی سکرتێرە بەبێگارییەوە وتی:

- فەرموو. ئێمە لەبەر خاتری نەخۆشەکانی خۆتانە کە دەڵێین با زۆر قەرەباڵغ نەبێت.

سوپاسیان کرد. فەرزاد لەپێشەوە عەرەبانەکەی لەیلای بردو فەرزانەش لەدوای ئەوەوە ڕۆشتە ژورەوە. سەرەتا یاریدەدەری پزیشکەکە سەیری پشکنین و ئەشیعەکانی کردو بەپێی ئەو پرسیارو وەڵامانەی کە لەوانی دەکرد بارودۆخی نەخۆشەکەی ڕونکردەوەو لەگەڵ پەڕاوەکانی تردا دای بەدەستی فەرزانەوەو داوای لێکردن دوای ئەوەی کە نەخۆشەکە لەژورەکەی تەنیشتەوە هاتە دەرەوە ئەوانیش بڕۆنە لای پزیشک.

فەرزانە ڕاپۆرتی یاریدەدەری پزیشکەکەی خوێندەوە، هەرچەند بەتەواوی لەدەستەواژە پزیشکیەکان تێنەدەگەشت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دڵخۆشکەر نەبوو بۆی.

نەخۆشی پێشتر لەژوری پزیشک هاتە دەرەوە. سڵاویان لەپزیشک کردو ڕۆشتنە ژورەوە. فەرزاد بە ئاماژەی دەستی پزیشک، لەیلای لەسەر تەختی پشکنین پاڵخست. پزیشکەکە دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی یاریدەدەرەکەی، دەستیکرد بەپشکنینی. لەکاتی پشکنیندا پرسیارگەلێکی لەبارەی کاتی لەدایک بون و هەبونی مناڵی نەخۆشی تری لەوان کرد. فەرزادو فەرزانە تەنها بەشەرمەزارییەوە سەیری یەکتریان دەکرد. وەڵامی

هەندێک لەپرسیارەکان لەیلا بەپێی ئەوەی کە لەدایکی بیستبون وەڵامی دەدانەوە. دوای چەند خولەکێک پزیشکەکە ئاماژەی بۆ فەرزاد کرد کە لەسەر تەختە بەرزی بکاتەوەو بیباتە دەرەوە. پزیشکەکە کارتەکەی لەیلای بەدەستەوە بوو ڕۆشتە پشت مێزەکەی دانیشتو دەستیکرد بە نوسین.

فەرزانە بەنیگەرانییەوە پرسیی:

- ببورە جەنابی دکتۆر، کەی نەشتەرگەری دەکەن بۆ خوشکەکەم؟

پزیشکەکە قەڵەمەکەی خستە سەر کارتەکەو وتی:

- نەشتەرگەری؟ وتت نەخۆشەکە خوشکتانە؟

- بەڵێ جەنابی دکتۆر خوشکمە. دەمەوێت بزانم کەی نەشتەرگەری بۆ دەکرێت. تێچونەکەی چەند دەبێت؟

- پێویست ناکات نەشتەرگەری بۆ بکەین. نەخۆشی خوشکەکەی تۆ زگماکییە. یانی دەمەوێت بڵێم کە هەتا ئێستا چارەسەرێک بۆ ئەم نەخۆشییە نەدۆزراوەتەوە.

فەرزانە دەمی وشک بوو.

- ببورە لە مەبەستتان تێناگەم. یانی ناکرێت هیچ کارێکی بۆ بکەن؟

- بەداخەوە هیچ کارێک.

- ئەی دەبێت ئێمە چی بکەین؟

- هیچ. چاکبونەوەی تەنها دەتوانێت یەک موعجیزە بێت و ئەگەرنا پێویستە هەتا کۆتایی تەمەن تەحەمول بکات.

- هەتا کۆتایی تەمەن؟! ئەگەر بیبەینە دەرەوەی وڵات هیچ کارێکی بۆ ناکرێت؟

- دەمەوێت هەر ئەوە بڵێم. ئەم نەخۆشییە بەهۆی جێنەتیکەوەیەو چارەسەری لەسەرانسەری دنیادا نەدۆزراوەتەوەو بەداخەوە زۆرینەی ئەو



Scanned with CamScanner

کەسانەی کە دوچاری ئەم نەخۆشیە دەبن تەمەنێکی کورتیان هەیە.

- بەڵام ئێستا چارەسەرێک...دەرمانێک...؟

- هیچ! تەنها ڤیتامینی بۆ دەنوسم. هەر ئەوە.

گەرمیەکی سەیر ئێسقانەکانی فەرزانەی سوتاند. هەستی بەخنکان دەکرد وەک ئەوەی ئۆکسجینی ژورەکە کەم بوبێتەوە. دەیویست دوبارە پرسیار لەدکتۆر بکاتەوە. لەناو بیرکردنەوەکانیدا نوغرۆ بوبو، هەر بەو ئاسانی یە دکتۆر جوابی کردن. نەخۆشیەکی دەگمەن! تەمەنێکی کورت! کە کارتەکەی وەرگرتەوە لەجێگای خۆی وشک بوو بوو توانای جوڵانی نەبوو. یاریدەدەری پزیشکەکە داوای لێکرد بڕواتە دەرەوە بۆ ئەوەی نەخۆشی دواتر بێتە ژورەوە. فەرزاد لەدەرەوەی کلینیکەکە چاوەڕوانیی دەکرد. لەیلاش لەگەڵ فاگمە لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا دانیشتبوون. بابەش لەبەردەم دەرگای کلینیکەکەدا چاوەڕوانی فەرزانە بوو. فەرزادیش دابەزی. پرسییان:

- پزیشکەکە چی وت؟ کەی نەشتەرگەری بۆ دەکات؟

وەک ئەوەی فەرزانە ئەو وشەو قسانەی بۆ نەدەدۆزرایەوە کە دەیویست بیانڵێت، ڕەنگ و ڕوی پەڕیبوو. زۆر هەوڵیدا بەسەرخۆیدا زاڵ بێت. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

- هیچ دەرمانی بۆ نوسی. فەرزاد کارتەکە بگرە بڕۆ لەدەرمانخانە دەرمانەکان وەربگرە.

فەرزاد پرسیی:

- تەنها دەرمان؟ ئەی نەشتەرگەرییەکە چی؟

فەرزانە بەبیانوی دەرهێنانی سویچی ئۆتۆمبێلەکە، سەری کرد بەناو جانتاکەیدا بۆ ئەوەی چاوی بەر چاوی فەرزادو بابە نەکەوێت و هەر بەدوای شتێکدا دەگەڕا، وتی:

- نەشتەرگەری بۆ ناکرێت. دەرمانەکانی مقەویشن.

- یانی چی؟ دەکرێت ڕونتر قسە بکەیت؟ فەرزانە بەدوای چیدا دەگەڕێت؟ سویچەکان بەدەستی منەوەن، من ڕۆشتم ئۆتۆمبێلەکەم هێنا! بڵێ دکتۆر چی وت؟

لەکاتێکدا کە سویچەکانی لەو وەردەگرت دەرمانخانەکەی نیشانداو وتی:

- تۆ ئێستا برۆ دەرمانەکانی وەربگرەو کارتەکەی دایە دەستی فەرزاد.

بابە کە خەم و بێتاقەتیەکەی فەرزانەی بینی، وتی:

- کچم قسەبکە. مەسەلە چی یە؟

فەرزانە هەوڵیدا بەسەرخۆیدا زاڵبێت. دەرگای جانتاکەی داخست و سەری بەرزکردەوە.

- پزیشکەکە وتی ئەم نەخۆشی یە زگماکییە هەتا ئێستا چارەسەری نی یە. لەوانەیە دواتر...

بابە بەپاڕانەوەوە دەستەکانی فەرزانەی خستە ناو دەستە لەرزیوەکانی خۆیەوە:

- ئەی بتوتایە ئەگەر بیبەینە دەرەوەی وڵات چی؟

فەرزانە نەیتوانی فرمێسکەکانی لە بابە پەنهان بکات. بەبیانوی ئەوەی کە بزانێت فەرزاد لەدەرمانخانە هاتەوە یان نا ڕووی لەباوکی وەرگێڕا.

بابە بازوی فەرزانەی گرت و ڕوی وەرگێڕایەوە بەلای خۆیداو بەدەنگێکی نزمتر لەهەمیشە وتی:

- یانی بەڕاستی ناکرێت شتێک بۆ ئەم منالە مەعصومە بکرێت؟

فەرزانە حەزیدەکرد هاواربکات نا هیچ کارێک ناکرێت، ئەم کارەی نەکردو تەنها بەچاوەکانی وەڵامی بابەی دایەوە. لەوکاتەدا پێیەکانی بابە دەتوت کە سەتڵێک ئاو سەهۆڵیان پێدا کرد بەشێوەیەک کە فەرزانە



Scanned with CamScanner

نیگەران بوو هەوڵی دەدا دڵخۆشی بابە بداتەوە.

- توخوا بابە لەبەرخاتری لەیلا بیر لەقسەکانی دکتۆر مەکەرەوە. ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە ڕەفتار بکەین، لەیلا دەبێت چی بکات؟ تکات لێ دەکەم.

- ئاخر منی بەدبەخت ماندو بوم. دەبێت هەتا کەی لەم دنیایەدا سزا وەرگرم؟ چ تاوانێکم کرد کە هێشتا باجەکەیم نەداوە؟

- استغفرالله. ئەمانە تاقیکردنەوەی خوان. مەگەر هەر کەسێک نەخۆش دەکەوێت کە تاوان دەکات؟ کەمێک بەسەرخۆتدا زاڵ ببە بابە.

فەرزاد بەکیسەی دەرمانەکانەوە گەیشت. هەمویان سواری ئۆتۆمبێلەکە بون. هەرچەند کە هەوڵیاندا لەبارەی بابەتەکەوە هیچ شتێک دەرنەخەن بەڵام لەیلا خۆی تێگەشتبوو کە پێویستە هیچ شتێک نەپرسێت و تەنها چاوەڕوان بێت و بێ دەنگ بێت.

سیاوەش لەپێش ئەوانەوە هاتبویەوەو لەڕێستۆران داوای خواردنی سەفەری کردبوو بۆ ئێوارە. کاتێک بینیی هەمویان بێتاقەتن تێگەشت کە دیارە بارودۆخەکە باش نی یە. فەرزانەی بانگکرد بۆ چێشتخانەو بەئارامی و بە ئاماژە لێی پرسی:

- چیبوو؟

- هیچ.

- هیچ یانی چی؟ پزیشکەکە چی وت؟

- وتی نەخۆشیەکەی چارەسەرناکرێت و تەمەنی کورت دەبێت و نەشتەرگەریشی بۆ ناکرێت.

- استغفرالله مەگەر دکتۆر خوایە. دەیبەینە لای پزیشکێکی تر.

فەرزانە ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

- نا ئەزیزم. دکتۆر خوا نی یە بەڵام دەزانێت ئەم نەخۆشی یە چارەسەری نی یە.



Scanned with CamScanner

- ئێستا ئەو قسەیەکی کردووە. برای هاوکارەکەم-حسەین کاشانی-خۆ لەبیرتە؟ هەموو پزیشکەکان جوابیان کردبوو وتبویان نەشتەرگەری ناکرێت. بردیانە لای دکتۆر سەعادەت. نەشتەرگەری بۆ کرد ئێستا عەیبی نی یە.

- نا ناکرێت. ئەم جیاوازە. زگماکییە. ناکرێت هیچ کارێکی بۆ بکرێت. کچی بێچارە.

- باشە ئێستا تۆ خۆت مەڕوخێنە. ئێوە ئەسڵەن نابێت بەخۆتانی بخەن ئەگەرنا ئەو کچە مەعصومە لە ئازاریشدا نەمرێت، دیق دەکات.

- بە ڕای تۆ دەبێت چی بکەین؟ چاوەڕوان دەکەیت هەستینەوەو چەپڵە لێبدەین و سەما بکەین؟

- نا بەڵام دەتوانن ڕوحیەی پێ بدەن و بڵێن بەدەرمان چاک دەبێتەوە. بەخوا گوناحە ئەم کچە مەعصومە.

- باشە من قسە لەگەڵ فاگمە دەکەم، تۆش بەفەرزادو باوکم بڵێ.

ئەو شەوە سیاوەش ڕایگەیاند لەبەرئەوەی کە پزیشکەکە وتویەتی لەیلا خانم پێویستی بەنەشتەرگەری نی یەو بە دەرمانەکان چاک دەبێتەوە، پێویستە ئاهەنگ بگێڕین.

کچەکان لەگەڵ خاڵۆژنیاندا سفرەیان داخست. نەداش کە دەیبینی هەموان سەرنجیان لەلای لەیلایە خۆی لوس دەکردو جارێک ئازاری سەر، جارێک ئازاری ئەژنۆی دەکردە بیانو. بەم شێوەیە ئەو شەوە ئاهەنگی نەکردنی نەشتەرگەری لەیلایان گێڕا.

شەودرەنگ کچەکان داوایان لەدایەو بابە کرد لەنهۆمی خوارەوە لەلای پورە لەیلاو خاڵۆژنە فاگمە بنون و ئەوە باشترین دەرفەت بو کە فەرزانەو سیاوەش لەگەڵ بابەو براکەیدا بڕۆنە نهۆمی سەرەوەو دوور لەچاوە پڕ پرسیارەکانی لەیلا بەیەکەوە قسە بکەن. فەرزانە زۆر پێی خۆشبو کارێک بۆ لەیلا بکات، نەیتوانی بوو بۆ پەری هیچ بکات.



Scanned with CamScanner

ئێستاش بۆ لەیلا هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات. دەبو هەموان ئەم ڕاستیە قەبوڵبکەن و زیاتر لە هەستەکانی خۆیان لەبیری لەیلادا بن. بابەو فەرزاد سوپاسی ئەوانیان کردو مۆڵەتیان لێ خواستن کە سبەی بەیانی زوو بکەونە ڕێ. فەرزاد وتی:

- دەزانیت کە پەریا زۆر بیانو دەگرێت و ئەزیەتی پورە زەهرا دەدات. لەلایەکی ترەوە بارودۆخی ڕوحی ڕوباب خانمیش زۆر باش نی یە، باشتر وایە کە بابە گیانیش بگەڕێتەوە. تۆ هەوڵی خۆتتدا. ئەگەر مۆڵەت بدەن سبەی بەیانی زوو دەکەوینە ڕێ و دەڕۆینەوە.

- مۆڵەتی ئێمەش لەدەستی ئێوەدایە، خۆتان هەرچیتان پێ باشە.

بابەش سوپاسی کردن و ماچێکی سەری فەرزانەی کردو ڕۆشت بۆ ئەوەی بنوێت. فەرزانە بەئارامی ڕویکردە فەرزادو وتی:

- من تەنها یەک نیگەرانیم هەیە.

- نیگەرانی چیت؟

- باوکم. زۆر ئازار دەکێشێت.

فەرزاد وتی:

- نیگەران مەبە دادە! ئێمە ئاگامان لێیەتی. تۆش لەبیری خۆت و منداڵەکانتدا بە. ئێمە شانازی دەکەین بە تۆوە. خەم مەخۆ بەپشتیوانی خوا هەموو شتێک دروست دەبێت.

بەیانی زوو دوای نوێژ کەوتنە ڕێ و ڕۆشتن. ئەوو سیاوەشیش وەکو هەمیشە ڕۆشتن بۆ سەرکار بۆ ئەوەی ڕۆژێکی تری پڕ سەرکەوتن دەست پێبکەن.

# وەرزی چوارەم

سەرەتای ئەیلول بوو کە سیاوەش زووتـر لەڕۆژانی تر بەگوڵ و شیرینییەوە هاتەوە بۆ ماڵ. کچەکان ڕایانکرد بەپیرییەوەو گوڵ و شیرینیەکەیان لەبابە وەرگرت.

نەدا پرسیی:

- بابە گیان یادی لەدایکبونی کێ یە؟

هودا وتی:

- هیچ کەس لەمانگی ئەیلولدا نەهاتۆتە دنیاوە.

هەدیە پرسیی:

- نەکا یادی هاوسەرگیریتان بێت؟

بابە وتی:

- نا هیچکام لەوانەی کە ئێوە دەیانڵێن نی یە.

کچەکان دەستیان کرد بەتکاو پاڕانەوە:

- بابە توخوا بڵێ ئیتر ئەمڕۆ چ خەبەرە؟

- چاوەڕوان بن بادایکیشتان بێتەوە ئینجا دەڵێم.

- توخوا دڵمان تەقی ئیتر.

- باشە پێتان دەڵێم بەڵام بەڵێن بدەن بە دایە نەڵێن هەتا خۆم پێی بڵێم.

- باشە بەڵێن دەدەین مەگەرنا؟ ئەوە هەدیە بوو کە ئەم قسەیەی کردو خوشکەکانیشی قسەکەیان پشتڕاستکردەوە.

- باشە منداڵینە ئەمڕۆ هەواڵیان پێدام کە ناوی من و دایکتان بۆ حەج و عومرە هاتۆتەوەو کۆتایی ئەیلول و سەرەتای تشرینی یەکەم دەڕۆین بۆ مەککەی پیرۆز.

هەدیە وتی:

- بابە ئێمە خۆ دەبێت مانگی تشرینی یەکەم بڕۆینەوە قوتابخانە.

هودا لەبری بابە وەڵامی دایەوە:

- ئێمە دەڕۆینەوە قوتابخانە، خۆ بابەو دایە قوتابخانەیان نی یە، ئەوان پێویستە مۆڵەت وەربگرن.

- خۆم ئەوە دەزانم. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە لەلای کێ بمێنینەوە؟

بابە وتی:

- ئەزیزم نیگەرانی هیچ مەبن. دایە گەورەو پورە ڕازیە دێن لەلاتان دەمێننەوە. ئێستاش بەڵێن بدەن کە بە دایە نەڵێن هەتا خۆم پێی دەڵێم.

- باشە بەچاوان بەڵێن دەدەین بابە.

ئەو شەوە شادی و خۆشییەکی گەورە لەماڵدا دروستبوبوو. فەرزانە نەیدەتوانی باوەڕ بکات زوو زوو لەسیاوەشی دەپرسی:

- سیاوەش توخوا گاڵتەم پێناکەیت؟

- ئەزیزم بۆچی دەبێت گاڵتەت پێبکەم. لەبیرتە هەمیشە دەموت یەک ئارەزوم هەیە؟ دوای ئەوەی کە پارساڵ دایەو ڕازیەم ناردن بۆ مەککە، هەمیشە ئارەزوم دەخواست کە دەرفەتێک هەڵبکەوێت و بەیەکەوە بڕۆین بۆ مەککە. خواش خەریکە من بەئارەزووەکەم دەگەیەنێت.

- ئاخر زۆر سەیرە!

- چی سەیرە؟ مانگێک لەمەو پێش ناومانم نوسی. ترسام بەزویی نۆبەتمان نەکەوێت، لەبەر ئەوە هیچم نەوت.

- بۆ ئەوە نالێم، ئاخر ئەمڕۆ ئاغای موراڈی هاتبو بۆ وەرگرتنی مۆڵەت کاتێک پرسیم چەند ڕۆژت دەوێت وتی دووهەفتەم دەوێت دەمەوێت بڕۆم بۆ مەککە، لەناکاودا دڵم ڕاچڵەکی و هەستێکی سەیرم هەبوو. چۆن چۆنی بڵێم ئارەزوم خواست...

- ئەزیزم تۆ بەندەیەکی باشی خوایت، خودا دەنگی دڵتی بیستووەو دوعاکەت گیرابووە.

- یانی باوەڕ بکەم کە خەو نابینم و تۆ گاڵتەم پێناکەیت؟!

- بەڵێ ئەزیزم باوەڕبکە! لەبەیانییەوە پێویستە لەبیری کڕینی کەلوپەلدا بین و کارەکانت ڕێک بخەیت بۆ ئەوەی کە بتوانین لەدانیشتنەکانی تردا کە ماون لەپێشماندا بەشداری بکەین.

ئەو شەوە هەتا بەیانی ئەمدیوو ئەودیوی دەکردو لەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە ئەو لەکوێو ماڵی خوا لەکوێ! نەکا هەڵەیەک ڕووی دابێت. نەکا سبەی بەسیاوەش بڵێن ناوی ئێوە نەبووە! بەڵام خەوو خەیاڵ نەبوو، هەموو شتێک ڕاستی بوو. ڕۆژەکانی کۆتایی سەرقاڵی ئەنجامدانی کارەکان و هەماهەنگیکردنی بەرنامەکانی بوو. کەمێک لەدەستی سیاوەش توڕە بوو کە بۆچی زوتر پێی نەوتووە هەتا ئامادەییەکی زیاتری بۆ سەفەر هەبێت.

سێ ڕۆژیان مابوو بۆ ڕۆشتن کە پورە ڕازیەو دایە گەورە هاتن بۆ تاران. کچەکان لەخۆشیدا پێیان نەدەکەوتە زەوی. هەرچەند کاتێک نەدا بینیی بابەتی ڕۆشتنەکە بووە بەجدی دەستیکردبوو بە بیانوگرتن. فەرزانەو سیاوەش لەڕۆژانی دواتردا تەلەفۆنیان کرد بۆ خزم و ئاشنایان لەشارستان



Scanned with CamScanner

و تاران و داوای گەردن ئازاییان لێکردن. بابەو فەرزادو بەهرامیش هاتن بۆ ئەوەی ڕەوانەیان بکەن. هەموان بەتاسەوە هاتبون بۆ فڕۆکەخانە بۆ ئەوەی ڕەوانەیان بکەن و بەدەم نزاو پاڕانەوەوە دەوریان دابون. کاتێک کە ڕاگەیەنرا کە گەشتیارانی مەدینەی منەوەرە بۆ ئەنجامدانی کاروباری تایبەت بەچونەدەرەوە ئامادەبن، بابە سەرەتا تەوقەی لەگەڵ سیاوەشدا کردو داوای لێکرد گەردنی ئازاد بکات. دواتر بە تاسەیەکی تایبەتەوە فەرزانەی لەئامێزگرت وەک ئەوەی کە دەیویست تەواوی ئەو ڕۆژانەی کە لەئارەزوی ئەودا بووە قەرەبوو بکاتەوە. فەرزانە دەستیکرد بە گریان و چەمییەوە بۆ ئەوەی دەستی بابە ماچ بکات. بابە دەستی هێنایە دواوە. فەرزانە بەئارامی وتی:

- بابە گەردنم ئازاد بکە.

ئیتر بابەش فرمێسکی دەڕژاند. وەڵامی دایەوە:

- کچم تۆ گەردنی من ئازاد بکە. ئارەزوم دەخواست کە ئێستا دایکیشت بمایەو ئەم ڕۆژانەی ببینیایە.

فەرزانە بەگریانەوە وەڵامی دایەوە:

- باوکە من دڵنیام کە دایکیشم هاتووە بۆ ڕەوانەکردنمان و دوعای خێری ئەوە کە من ئێستا خۆشبەختم.

- کچم هەوڵ و توانایی خۆت و سیاوەشە کەئێستا خۆشبەختن...

دەنگی گریانی نەدا کە لەباوەشی باوکیدا بوو بەرز بویەوە.

فەرزانە ڕویکردە سیاوەش و نەدای لێ وەرگرت و ماچبارانی کرد.

- کچم مەگەر بەڵێنت نەدا نەگریت؟

هوداو هەدیە وتیان:

- دایە بەخوا تۆ نازی زۆرت داوە بە نەدا. خوا بەفریای ئێمەو دایە

گەورەو پورێ بگات.

ماچێکی سەروچاوی نەدای کردو وتی:

- نەدا گیان بڵێ کە کچێکی عاقڵ دەبیت و ئەزیەتی هیچ کەس نادەیت هەتا ئێمە دەگەڕێینەوە.

نەدا لەکاتێکدا کە خۆی بوناز دەکرد، بەناز کردنەوە وتی:

- دەی ئێوەش بەڵێن بدەن کە دوو بوکەڵەم بۆ بهێننەوە.

بڵندگۆی فڕۆکەخانەکە جارێکی تر داوای لەگەشتیاران کرد بڕۆن بۆ پشکنینی پاسپۆرت و مەدرەکی تایبەت بەچونە دەرەوە.

فەرزانەو سیاوەش منداڵەکان و ئەوانی تریان لەباوەش گرت و ماڵئاواییان کردو هەنگاویان بەرەو خاکێک هەڵگرت کە ئارەزوی هەر ژن و پیاوێکی موسوڵمانە.

دوای سێ کاتژمێر لەهەڵفڕینی فڕۆکەکە، خۆیان لەشاری مەدینە بینیەوە. دوای ڕۆشتنە ناو فڕۆکەخانەو ئەنجامدانی کارە یاساییەکان سواری ئوتوبوس بون بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ هۆتێل.

سیاوەش وتی:

- فەرزانە گیان بەڕای تۆ ئێمە نوستوین یان بێدارین؟

فەرزانەش کە بێدەنگ لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد، وتی:

- بۆ تۆ نازانم، من پێم وایە خەو دەبینم.

ساتگەلێکی ڕوحانی و ئاسمانییان لەمەدینەدا تەجروبە کرد، بەبێ کارە ئیداریەکان و شیرکەت و تەنانەت هەندێکجار منداڵەکانیشیان لەبیر دەکرد. کاتێک کە جلێکی کچانە یان بوکەڵەیەکیان دەبینی ئینجا بیریان دەکردەوە کە کچەکانیان لەئێران چاوەڕوانیانن.

لوتکەی هەیەجانی ئەوان لەمەدینە کۆتا ڕۆژ بوو کە بۆ ماڵئاوایی



Scanned with CamScanner

لەپێغەمبەر درودی خوای لەسەر بیت ڕۆشتن بۆ مزگەوتی شەجەرە ئامادە بوبون. هەموان جلی سپییان لەبەردابوو. کاتێک لاوێنەرەوەکە لەمەزڵومیەت و گۆڕی ونبوی زەهرای دەوت فەرزانە بێ ئاگایانە کەوتە بیری مەرگی مەزڵومانەی دایک و خوشکە گەنجەکەی. دڵی لەخەفەتدا شکاو دیسانەوە خەمی کۆن هێرشی هێنایەوە بۆ دڵی و کەوتە بیری بابەو خانەوادەو مەزڵومیەتی لەیلاو هەر لەو ساتەدا ئارەزوی کرد خودا شیفای هەموو نەخۆشەکان بەتایبەت لەیلا بدات.

دواتر ڕۆشتن بۆ مزگەوتی شەجەرە بۆ ئەوەی لەوێ مەحرەم ببن. پێش مەحرەم بون بەجلی جوانی ئیحرامەوە وێنەیان گرت. فەرزانە بەم جلانەوە زیاتر لەفریشتەکانی ئاسمان دەچوو. ڕویکردە سیاوەش و وتی:

- ئەم جلەو ئەم ئیحساسەم ئەوەندە خۆش دەوێن کە پێم وایە لەجلی بوکێنی جوانترن.

- ئێرە جێگای ئەو قسانە نی یە بەڵام خودا شاهیدە منیش خەریکبوم بیرم لەوە دەکردەوە. ئیحساس دەکەم خەریکین ژیانێکی نوێ بەیەکەوە دەست پێدەکەین.

دوای نوێژکردن و مەحرەم بون، بەدەم لەبەیک وتنەوە سواری ئوتوبوسەکان بون بۆ ئەوەی بڕۆن بەرەو مەککە. ئێستا ئیتر پیاوەکان لەبەشی پێشەوەو ژنەکانیش لەبەشی دواوەی ئوتوبوسەکاندا دانیشتبون. هەرچەند خولەک جارێک کەسێک زیکری لەبەیکی دەوت و ئەوانی تریش بەدوایدا دوبارەیان دەکردەوە.خۆشی و شادییەکی پێناسەنەکراو وجودی هەموانی داگرتبوو. دوای پێنج کاتژمێر، نزیکی کاتژمێر یەکی نیوە شەو بوو کە گەشتنە مەککە. بەڕێوەبەری کاروانەکە دوای بەخێرهێنان و ڕادەستکردنەوەی جانتاکان و کلیلی ژورەکان، داوای لەکەسە نەخۆش و

بەتەمەنەکان و ئەو کەسانەی کە ماندوو بون کرد ئەو شەوە پشو بدەن و ئەو کەسانەشی کە توانای ئەنجامدانی کارەکانیان هەبوو داوای لێکردن کە هەرچی زوترە ئامادە بن.

هەندێک ئامادە بون بۆ ڕۆشتن. فەرزانەو سیاوەشیش ئامادە بوبون هەتا لەگەڵ ئەواندا بڕۆن. سەرپەرشتیارەکە کارت و ناونیشانی هۆتێلەکانی پێدان و تەئکیدی کردەوە کە ئاگاداربن و لە یەکتری جیا نەبنەوەو ئەگەر یەکتریشیان ونکرد، چاوەڕوان بن دوای ئەوەی کە کارەکانیان کۆتایی پێهات و دڵنیا بون لە دروستبونی، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ هۆتێلەکە.

کاتێک کە چونە ناو مسجدالحرام و شکۆو گەورەیی ماڵی خوایان بینی، وەک ئەوەی کە لەخەودا بن هەمویان سەریان برد بەسوجدەیا. شکۆو گەورەیی ئەوێ ئەوەندە سەرنجی ڕاکێشابون کە لەبیریان نەبوو دوعا بکەن و تەنها لەگەورەیی خوا ورد دەبونەوە. دواتر ڕوحانی کاروانەکە داوای لێکردن کە دوعا بکەن چون لەم کاتەدا وەڵام دەدرێتەوە لەلایەن خوای سوبحانەوە. ئارەزویان کرد کە هەموو گەنجان بەتایبەت مناڵەکانیان خۆشبەخت و عاقیبەت خێر بن. فەرزانە بەشێوەیەک لەناو دوعا کردندا نوغرۆ بوبو کە کاتێک سەری لەسوجدە بەرزکردەوە هەموان تەنانەت سیاوەشیش ڕۆشتبو. بەپەلە خۆی گەیاندە کاروانەکەو دەستیکرد بەئەنجامدانی کارەکانی تر. لەکاتی ئەنجامدانی کارەکاندا هەندێکجار سیاوەشی دەبینی و داوای دوعایان لەیەکتر دەکردو پاشان بەردەوام دەبون. چێژێکی سەیری وەردەگرت وەک ئەوەی کە لەم ونبونانەدا بوو کە خودای پەیدا دەکردو زیاتر لێی نزیک دەبویەوە.

پێش نوێژی بەیانی کارەکانیان تەواو بون. کۆتا قۆناغی کارەکان یانی تەواف و نوێژی ژنانیان ئەنجامداو نوێژی بەیانییان بەجەماعەت ئەنجامدا،

دواتر هەموو هاوسەرەکان بەیەکەوە ڕۆشتنەوە بۆ هۆتێل. کە گەشتنەوە هۆتێل ئاومیوەیەکیان خواردو نوستن. ئازارێک لەجەستەیاندا هەبو کاتیک لەخەو هەستان خەبەرێک لەو ئازارە نەبوو لەبری ئەوەش ئارامشێکی پڕ لەشەوق و خۆشی ڕوی تێکردبوون، وەک ئەوەی کە تازە لەدایک ببنەوە.کە لەخەو هەستان نزیکی بانگی نیوەڕۆ بوو. ماندوێتی لە لەشیاندا دەرچوبوو خۆیان بەدور لەهەر هۆگرییەکی دنیایی دەبینی. ئامادە بون بۆ ئەوەی بۆ ئەنجامدانی نوێژی نیوەڕۆ بڕۆن بۆ ماڵی مەعبود-مسجدالحرام.

ئەو دوو هەفتەیەی کە لەمەککەو مەدینە بەیەکەوە بون، ئەوەندە خۆشیان لێ ڕۆشتبوو کە هەندێکجار پێیان وابوو ئیتر هیچ کاتیک ناتوانن ئەم چێژو خۆشی یە لە ژیاندا تەجروبە بکەن. فەرزانە نەیدەزانی چۆن چۆنی سوپاسی هاوسەرەکەی بکات. خۆشیەکی وا لەدڵیدا بوو کە هەرچەند سوپاسی خوای دەکرد دیسان پێی وابوو هەر کەمە.

ڕۆژی گەڕانەوە بۆ ئێران هاتە پێشەوە، دڵهەڵکەندن لەوڵاتی وەحی بۆیان سەخت بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کەوتبونە بیری مناڵەکان کە یەک هەفتە بوو دەڕۆشتنەوە بۆ قوتابخانەو ئەو ساتە دڵیان لێیدا بۆ مناڵەکان. بە بڕێک دیاری و شتی پیرۆزکراوەوە ئامادەی گەڕانەوە بون. کاتێک کە سوای فڕۆکەکە بون ئیحساسیان دەکرد دڵی خۆیان بەجێهێشتووەو بەئومێدی ڕۆژێک ئەوێیان بەجێهێشت کە جارێکی تر بەیەکەوە بگەڕێنەوەو ئەم تەجروبە شیرینەی ژیان دووبارە بکەنەوە.

# وەرزی پێنجەم

گەشتنەوە ئێران و دوای ئەنجامدانی کارە پێویستەکان لەفڕۆکەخانە، وەک ئەوەی تازە لەخەوێکی خۆش و شیرین هەستابن. ئەندامانی خانەوادەکەی خۆیان لەپشتی دیوارە شوشەییەکەی هۆڵی چاوەڕوانیدا بە چەپکە گوڵەوە، بینی.

هەموویان بون بابە، براکانی، مامەو ئامۆژن، خزمەکانی سیاوەش و کچەکان کە ئیتر زۆر بێتاقەتی ئەوان بوون. تەنانەت ڕوباب خانمیش هاتبوو. کە لەیلای نەبینی دڵی ڕاچڵەکی. لەپشتی شوشەکەوە کە دەستی ڕادەوەشاند، بەئیشارە پرسیی:

- لەیلا لەکوێیە؟

کچەکان و بابە بەئیشارە تێیانگەیاند کە لەیلا لەماڵەوە ماوەتەوە. تازە تێگەشت کە فاگمەش لەوێ نی یە، کەمێک دڵی ئارام بویەوە.

زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکرا. بەوتنی صەڵاوات و بەنێو دوکەڵی ئەسپەنددا لەسەر کۆڵانەکەیان دابەزین. لەمەودای نێوان شەقامەکە هەتا ماڵەکەیان پێنج مەڕیان بۆ کردن بەقوربانی. ئیحساسێکی جوانی هەبوو. ئیحساسێک کە هەتا ئەو کاتە تەجروبەی نەکردبوو. هەموو ماڵەکە بەلافیتەی بەخێرهێنانەوەو گڵۆپی ڕازاندنەوە داپۆشرابوو. کە گەشتنە حەوشەکە فاگمە بەشیرینی ئەسپەن لەگەڵ لەیلا چاوەڕوانی ئەوان بوو. دوای سڵاوو هەواڵپرسی لێکردن کاتێک کە لەیلای لەباوەشگرتبوو، بێ ئاگایانە هەردوو

خوشک دەستیان کردبوو بەگریان. ئەو شەوە ئامادەکارییان بۆ خواردنی ئێوارە کردبوو. هەموو کارەکان بەبەڕێوەبردنی فەرزادو لەژێر چاودێری بابەدا ڕێکو پێک کرابون. تەنانەت براکانی سیاوەشیش هەرکارێکیان دەکرد بەهەماهەنگی فەرزادو بابە ئەنجام دەدرا.

ڕۆژی دواتر هیچ کامێک لەکچەکان نەڕۆشتن بۆ قوتابخانە. فەرزانە لەنێوان خانەوادەکەی خۆی و سیاوەشدا بەشانازییەوە دانیشتبوو باسی یادەوەرییە خۆشەکانی کاتی سەفەری دەکرد. دوای ئەوە جانتای دیارییەکانیان کردەوە. کچەکانی لەخۆشیدا پێیان نەدەکەوتە زەوی. یەکەم کەس کە دیارییەکەی خۆی وەرگرت نەدابوو، دوو بوکەڵەی جوان هەروەک خۆی دەستوری دابوو.

شەو مەراسیمێکیان بۆ نانی ئێوارە سازکرد. چەند ڕۆژێک پێشتر کارت بەسەر خزمان و دراوسێکان و هاوکاران دۆستاندا دابەشکرابون. مەراسیمەکە بەخۆشی بەکۆتا گەشت. ئەو شتە پیرۆزانەی کە هێنابویانن لەنێوان دۆستان و خزماندا دابەشیان کردن. دوای سێ ڕۆژ، ژیان گەڕایەوە باری ئاسایی خۆی. سیاوەش و فەرزانە دەڕۆشتنەوە بۆ سەر کار. فەرزانە سەرەتا کچەکانی دەبرد بۆ قوتابخانەو پاشان خۆی دەڕۆشت بۆ شیرکەت. بارودۆخی داراییان باش بوبوو پێشنیارگەلی کار دەگەشتن بەشیرکەت کە هەموویان لەبەرەکەتی سەفەری مەککە دەزانی.

ڕۆژەکان یەک لەدوای یەک تێدەپەڕین. کۆتاییەکانی مانگی تشرینی یەکەم بوو کە وردە وردە سەرمای پاییزی دەستی کردبوو بەخۆ نواندن. فەرزانە تازە گەشتبوو بەشیرکەت کە تەلەفۆنەکەی ئەو لێیدا.

- سڵاو، بەیانی باش. دەتوانم چەند خولەکێک کاتتان بگرم خانمی ئەندازیار؟

- سڵاو بەیانی تۆش باش. سەیرە کە ئێمەت بیر کەوتەوە ئاغا فەرزاد؟! دەنگوباست لەگەڵ زەحمەتەکانی ئێمە؟

- زەحمەت چی یە تۆ سەر هەتا پێ بۆ ئێمە ڕەحمەتیت. منداڵەکان چۆنن؟

- سوپاس بۆ خودا هەموان باشن. شتێک بووە فەرزاد؟! بەم بەیانی زووە تەلەفۆنت کرد کە هەواڵمان بپرسیت؟! فاگمە باشە؟ منداڵەکان باشن؟

- هەموویان باشن، فاگمە سڵاوی هەیە، پەریاو پوریا دەستت ماچ دەکەن و خەریکن بەدیارییەکانی پورێ گیان کەیف و حاڵ دەکەن.

- کارەکانی ڤیلا چۆن دەڕۆنە پێش؟ خۆ پارەتان کەم نەبۆتەوە؟

- سوپاس بۆ خودا کارەکان بەباشی بەرەو پێش دەڕۆن. ئەو گۆڕانکاریەی کە لەنەخشەکەدا کردبوت بە ئەندازیارە سەرپەرشتیارەکەم وت و قەبوڵی کرد. پارەشمان کەم نەبۆتەوە.

لەناکاودا هەستێکی ناخۆشی بۆ دروستبوو بەنیگەرانی یەوە پرسیی:

- بابە حاڵی باشە؟! لەیلا چۆنە؟!

- باوکم باشە، لەیلاش خراپ نی یە بەڵام تەنها...

بە ترس و بێ تەحەمولی قسەکەی فەرزادی بڕی و بە نیگەرانی یەوە پرسیی:

- تەنها چی؟

- هیچ، بەڵام بابەو بەهرام کەمێک ناخۆشییان بووەو چەند ڕۆژێکە ئیتر بەهرام ناڕواتەوە بۆ ماڵ.

- ئاخر بۆچی؟ لەسەر چی؟

- وەکو هەموو جار بابە کەللە ڕەقی کردووەو لەسەر قسەی خۆی پێداگربووە کە ڕێگەنادەم لە خزم ژن بهێنیت و قسەکانی هەمیشە.





Scanned with CamScanner

- یانی چی؟ ئەی تەکلیفی بەهرام چی دەبێت؟ هەموو بنەماڵەکە دەزانن کە ئەو چەندە مەهنازی خۆش دەوێت.

- کێشەکە هەر ئەمەیە. بابە دەڵێت لەگەڵ هەرکەس جگە لەمەهناز هاوسەرگیری بکە. خەریکە ئیتر زۆر بەخراپی لەڕوی یەک دەوەستنەوە.

- خۆ بەم شێوەیە نابێت ڕوباب خانم هیچ ناڵێت؟ مامە ڕەحیم؟

- ڕوباب خانمی بێچارە بەدەردی خۆی و لەیلاوە گیری خواردووەو مامەڕەحیمیش خۆت باشتر دەزانیت کە...

لە پرسیارەکەی خۆی پەشیمان بویەوە، ئەگەر قسەی مامە ڕەحیمی قەبوڵ بکردایە...

- ببورە فەرزانە گیان ئێمە جگە لەتۆ هیچ کەسێکی ترمان نی یە، مەگەر هەر خۆت شتێک بکەیت.

- باشە ئەگەر پێت وایە بەقسەکردنی من ڕێک و ساز دەبێت بەچاوان عەسر کە گەڕامەوە ماڵەوە تەلەفۆن دەکەم بۆ بابە.

- خۆزگە دەتتوانی بهاتیتایە بەخودا زۆر باش دەبوو. دەترسم بەتەلەفۆن نەک هەر کارەکە ساز نەبێت بەڵکو خراپتریش ببێت.

- بە بەهرام بڵێ سەرنەخاتە سەر بابە هەتا بزانم چی دەبێت. حاڵی لەیلا چۆنە؟

- چی بڵێم؟ ئەگەر بڵێم باشە درۆ دەکەم. ئەگەر بڵێم خراپە ناشوکری خوا دەکەم. ئەو کچە مەعصومە دەڵێی خۆیشی کەم کەم تێگەشتووە کە نەخۆشیەکەی بێ چارەسەرە. هەندێکجار قسەگەلێک دەکات کە مرۆڤ دڵی دەبێتە ئاو بۆی. بەهرام دەیوت خۆت ئامادە بکە بۆ خوازبێنی. لەیلا پێی وت نا کاکە من دوعا دەکەم کە بابە ڕازی ببێت لەگەڵ مەهنازدا هاوسەرگیری بکەیت بەڵام بەم بارودۆخەمەوە نایەم بۆ خوازبێنی. هەر



Scanned with CamScanner

دەست و پێتان دەگرم، من لەمماڵەشدا میوانم.

فەرزانە ئاهێکی کێشاو وتی:

- ڕوباب خانمیش لەبارەی نەخۆشیەکەی لەیلاوە هیچ دەزانێت؟

- پێم وانی یە. ئەو بەدبەختە خەمۆکیەکەی زۆر توند بووەو لەگەڵ کەسدا قسە ناکات تەنها خۆی بەکارەکانی لەیلاوە سەرقاڵ کردووە. لەکۆتاییدا ئەویش دایکەو تێگەشتووە کە حاڵی لەیلا باش نی یە.

- باشە بزانم چۆن دەبێت. تۆ نیگەران مەبە. بەڵێن دەدەم هەموو شتێک ساز ببێت و ناهێڵم ئەوەی کە بەسەر تۆو فاگمە هات دوبارە ببێتەوە.

- سوپاس دادە گەورە. بەڕاستی ئەگەر تۆمان نەبوایە چیمان بکردایە.

- تکادەکەم. سڵاو بەهەموان بگەیەنە. خوا حافیز.

- خوات لەگەڵ.

تەلەفۆنەکە داخرابوو دەنگی بوق بوق دوابەدوای یەک دەهات بەڵام گوشی تەلەفۆنەکە لەناو دەستەکانی فەرزانەدا مابویەوەو لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە خۆزگە بمزانیبا چی لەسەری بابەدایە کە ڕازی دەبێت بە ئاسانی پێ بەئیحساسی خۆی و مناڵەکانیدا بنێت.

- ببورە خانم ئەندازیار. لەئەڵمانیاوە لەسەر هێڵن؟ بۆچی تەلەفۆنەکە هەڵناگریت؟ خانمی وەلیپور، دەفتەرداری ئەو بوو کە ئەم قسانەی کردن و بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەوی دەکرد.

- گیان؟ بەڵێ؟ ئێستا هەڵیدەگرم. خەریک بوم بەتەلەفۆن لەگەڵ کەسێکی تردا قسەم دەکرد.

گوشیەکەی هەڵگرت.

دەبو بۆ گرێبەستێکی گرنگ بڕوات بۆ ئەڵمانیاو لایەنی ئەڵمانی بۆ



Scanned with CamScanner

ئەنجامدانی هەماهەنگی و کاروباری یاسایی لەپشت هێڵ بوو. بڕیاریاندا دوای دە ڕۆژی تر بڕۆن بۆ ئەڵمانیا. شەو کاتێک کچەکان ڕۆشتن بۆ ژوری خۆیان، لەگەڵ سیاوەشدا ڕاوێژی کردو مەسەلەکەی نێوان بابەو بەهرامی بۆ باسکردو وەکو هەمیشە داوای لێکرد ڕای خۆی بڵێت.

سیاوەش کەمێک بیری کردەوەو وتی:

- فەرزانە گیان بەڕای من بابە قسەی هیچ کەس ئەوەندەی قسەی تۆ قەبوڵ ناکات. پێم وایە یەک دوو ڕۆژێک بڕۆیت بۆ باکورو قسەی لەگەڵدا بکەیت.

- ڕاستیەکەی فەرزادیش هەر ئەمەی دەوت بەڵام خۆت دەزانیت ئەمە یەکەم گرێبەستی ئێمەیە لەگەڵ ئەو شیرکەتە ئەڵمانیەدا، پێویستە کارەکانم ئەنجام بدەم. لەلایەکی تریشەوە کاتێک دەکەومە بیری هاوسەرگیری و بێ کەسی و غوربەتی فەرزادو فاگمە، حەزناکەم هاوسەرگیری بەهرامیش بەو شێوەیە بێت.

- باشە ئەو کارانەی کە بەمن دەکرێت بڵێ هەتا ئەنجامیان بدەم و تۆش یەک دوو ڕۆژێک بڕۆو لەگەڵ بابە قسە بکەو بگەڕێوە.

- بەڵێ پێم وایە ئەمە باشتر بێت.



Scanned with CamScanner

# وەرزی شەشەم

دوو ڕۆژ دواتر کە نوێژی بەیانی کرد، مناڵەکان و کارەکەی سپاردن بەسیاوەش و خۆی کەوتەڕێ بەرەو باکور. ناوەڕاستی هەفتە بوو جادەکە زۆر قەرەباڵغ نەبوو. لەبیرکردنەوەدا بوو کە لە چ ڕێگەیەکەوە بڕواتە ناو بابەتەکەوە هەتا بتوانێت دڵی بابە نەرم بکات کە تابلۆی کەناری جادەکە سەرنجی ڕاکێشا«ئاسارا ٢٠ کیلۆمەتر»

هەرکات دەگەشتە لای ئەم تابلۆیە دەکەوتە بیری مەرگی دڵتەزێنی دایکی گەنجی. وەک ئەوەی کە ئاگرێک لەناو ناخیدا بڵێسە بگرێت، لەناوکاودا بڕیاریدا ئۆتۆمبێلەکە لەلایەکدا پارک بکات. ئاماژەی ڕاستی لێداو لەنزیکترین شوێنی گونجاودا پارکی کرد. سەری خستە سەر سوکانی ئۆتۆمبێلەکە. دڵی هاتبویە ئازارو هەستێکی خنکان و خەم ناچاری کرد کە دابەزێت و پاڵ بدات بەدەرگای ئۆتۆمبێلەکەوە.

هەوای فێنکی پاییزی ڕوخساری داگیرساویی نەوازش دەکرد. دەستی بەرزبویەوە بۆ سڕینی ئەو فرمێسکانەی کە بێ ئاگایانە هاتبونە سەرگۆنای. لەدڵی خۆیدا لەگەڵ دایکیدا دەردە دڵی کرد:

- دایکی میهرەبانم پێت وانەبێت سەرقاڵم و تۆم لەبیرکردووە. خۆت دەزانیت هەموو ساتێک لەبیرتدام، بەتایبەت کاتێک دەگەمە ئێرە... هەرئەو جێگایەی کە تۆ منت بەتەنها بەجێ هێشت... لێرەدایە کە گومان لەمیهرەبانی تۆ دەکەم... سەیرکە بەڕۆشتنت چیت بەئێمە کرد؟

نەکا تۆش وابیربکەیتەوە خەتای بابە بوو؟ نا. باوەڕناکەم خۆت باشتر لەهەرکەسێک دەزانیت بابە شۆفێرێکی باشبوو کە بەچاوی بەستراویشەوە بەم جادەیەدا دەڕۆشت. خوا بەنەفرەتت بکا شۆفێری ئەو کامیۆنە کە لە یەک چرکەدا وەنەوزێکی ئەو، ژیانی شیرینی ئێمەی تاڵکرد. ئەگەر دەستم پێی دەگەشت... چیم لێ دەکرد؟ هیچ دەمتوانی چی لێبکەم؟ خۆ تۆ هەر نەدەگەڕایتەوە! دایکی میهرەبانم دەزانیت بۆچی خەریکم دەڕۆم بۆ باکور؟ توخوا دوعا بکە دڵی باوکم نەرم ببێت و حاڵەکەی فەرزاد دوبارە نەبێتەوە.

لەناخی دڵەوە بەجۆرێک پێی خۆش نەبوو دایکی ناڕەحەت بکات، بەردەوام بوو: ئەو بەڵایەی کە بەسەر پەریدا هات،ئەو بەڵایەی کە بەسەر مندا هات، دوبارە نەبێتەوە. هەرچەند کاتێک دەکەوتە بیری مەزڵومیەتی پەری لەخۆی شەرمەزاردەبوو کە نەیتوانیبو هیچ کارێکی بۆ بکات.

خەریکی دەردە دڵبوو لەگەڵ دایکیدا کە وەکو دەست لێوەشێنراوێک سەیری کەناری خۆی کردو هاوارێکی نزمی کردو وتی:

- وای... چی یە کاکە منتان ترساند.

پیاوێک کە لەکەناریدا بوو، ڕۆشتە دواوەو وتی:

- ببورە خانم. مەبەستی ترساندنتم نەبوو.لە زووەوە بانگت دەکەین وەڵام نادەیتەوە. وەستانەکەت زۆر درێژەی کێشاو ژن و مناڵەکەم نیگەران بون نەکا کێشەیەکت بۆ هاتبێتە پێشەوە.

دەستێکی هێنا بەسەر گۆناکانی و ژێر چاوەکانیداو فرمێسکەکانی سڕی.

- نا، نا، سوپاس. هیچ کێشەیەک نی یە، مەمنونم.

- شەرم مەکە ئەگەر کێشەیەک هەیە بڵێ خانەوادەشمان لەگەڵدایە.

ئۆتۆمبێلەکەت کێشەیەکی هەیە؟

- خوا بتانپارێزێت. باوەڕبکە هیچ کێشەیەک نی یە. ڕاستیەکەی ئێرە جێگایەکە کە چەند ساڵ لەمەو پێش تێیدا دایکم لەدەستدا. هەرکات بەئێرەدا تێپەڕ دەبم، وەکو مناڵ هەستیاردەبم و کەمێک دەردە دڵی لەگەڵدا دەکەم و دەڕۆم. بەڕاستی مەمنونی لوتفتانم.

- خودا لێی خۆش بێت. تۆش لەجێگەی خوشکی ئێمەدایت. دەی ئەگەر کێشەیەک نی یە تۆش بکەوەرە ڕێ. باش نی یە بەم بەیانی یە زووە لێرەدا بمێنیتەوە.

لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە کە هێشتا زەمینی خوا لەکەسانی باش خاڵی نەبۆتەوە. بێدەنگیەکەی درێژەی کێشا، پیاوەکە پرسیی:

- ئەگەر حاڵت باش نی یە براکەم شۆفێری دەکات، من هەتا جێگایەک دەتگەیەنم دواتر کە حاڵت باشتر بوو...

لەچکەکەیی چاککردو خۆی زۆر باش نیشانداو وتی:

- بەخوا حاڵم باشە، ئێوە فەرمون. منیش ئێستا دەکەومە ڕێ. خەیاڵتان ئاسودە بێت.

ئیتر پیاوەکە بەرەو لای پرایدێکی ڕەش کە ژن و مناڵەکەی تێدا دانیشتبون گەڕایەوەو لەڕوی موحیبەتەوە دەستێکی بۆ بەرزکردەوەو سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو کەوتە ڕێ. هەستی بەخاڵی بونەوەی خەمی دڵیی دەکرد. هەرچەندە هەرجارێک لەئاوێنەکەوە سەیری دوای خۆی دەکرد دەیبینی کە وەک ئەوەی هێشتا نیگەرانن و چاودێری ئەو دەکەن، کاتێک کە دەگەشتنە کەناری یەکتر وەکو سوپاسکردن هۆڕنیان لێ دەدا بۆ یەکتری.

پێش ئەوەی بڕوات بۆ ماڵەوە، ڕۆشت بۆ ئیمامزادەو بەو بوتڵە ئاوەی



Scanned with CamScanner

کە پێی بوو، گۆڕەکەی دایەو پەریی شوشت و ماچی کردو دوای خوێندنی فاتیحە داوای لێکردن یارمەتیی بدەن کە بەدەستی خاڵی نەگەڕێتەوە. هەمیشە لەکێشەکاندا تکای لەدایکی دەکرد کە یارمەتیی بدات. بەرەو ماڵی باوکی کەوتە ڕێ.

کە گەشتە لای ماڵ دابەزی. دەرگاکەی کردەوەو بەئۆتۆمبێلەکەوە ڕۆشتە ناو حەوشەکەوە. بەبیستنی دەنگی ئۆتۆمبێلەکە ڕوباب خانم هات. بەبینینی ئەو ئەویش بە تەنها، سەری سوڕما. لەهەیوانەکە هاتە خوارەوەو ئەملاو ئەولای ماچکردو بەخێرهاتنی کردو ڕاستەخۆ پرسیی:

- خێربێت بەتەنها هاتویت؟ شتێک بووە؟

فەرزانە لەکاتێکدا جانتاو کەلوپەلەکانیی دەردەهێنا، ئۆتۆمبێلەکەی قوفڵکرد، وتی:

- لەوە خێرتر کە کچێک دڵی بۆ خانەوادەکەی تەنگ ببێت و بێت سەریان لێبدات؟

- بەخێرهاتی! ئاخر منداڵەکان دەیانوت دەتەوێت بڕۆیتە دەرەوەی وڵات، لەبەرئەوە پێم سەیر بوو بەتەنها بێ هەواڵ هاتیت.

- بەڵێ هەفتەیەکی تر دەڕۆم بۆ ئەڵمانیا. هاتم باوکم و خوشکەکەم ببینم.

- خوا تۆ لەخوشکایەتی لەیلا کەم نەکات.

هەربەو شێوەیەی کە ڕوباب خانم قسەی دەکرد پرسیی:

- لەیلا چۆنە؟ باوکم لەکوێیە؟

ڕوباب خانم بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردو وتی:

- تۆش پرسیاری سەیر دەکەیت فەرزانە خانم! مەگەر باوکت جگە لەمانەوە لەماڵ و بۆڵەبۆڵکردن کارێکی تر دەزانێت؟ لەیلاش خراپ نی

ئەملا ئالیوس ........ وەرگێڕانی لەفارسییەوە: زریان مەحمود

یە ئەو کچە داماوە ئەگەر پێی هەبوایە لەدەستی ئێمەو بۆڵەبۆڵەکانی باوکت ڕایدەکرد.

- باشە ڕوباب خانم تۆش سەخت مەیگرە. ئەویش نەخۆشەو تەمەنی چوەتە سەرەوە. کەمێک ئارامتان هەبێت لەگەڵیدا.

کە دەرگاکە کرایەوە بابە بەسەرسوڕمان و خۆشحاڵییەوە هات بۆ پێشوازی کچەکەی. فەرزانە دەستی کردە ملی و ویستی دەستی ماچ بکات. باوکی دەستی خۆی کێشایەوەو سەری کچەکەی ماچکردو کەمێک بەنیگەرانی یەوە وتی:

- شتێک بووە کچم بۆچی تەنها؟ ناوەڕاستی هەفتەش؟

- ئاخر هەفتەیەکی تر دەڕۆم بۆ ئەڵمانیا. هاتم هەم ئێوە ببینم و هەمیش بزانم کاری دروستکردنی ڤێلاکە لەچ قۆناغێکدایە.

- خۆ من و فەرزاد هەبوین ئیتر بۆچی ئەم هەموو ڕێگایە بەتەنها هاتیت؟

فەرزانە کە جانتاو مانتۆکەی لەسەر زەوییەکە دانابوو، بەنیشانەی هەڵگرتنەوەیانەوە خۆی چەماندەوەو بە پێکەنین و گاڵتەوە وتی:

- باشە ئەگەر پێت ناخۆشە دەڕۆم، تەنها ڕێگە دەدەن چەند خولەکێک خوشکەکەم ببینم؟

بابە بەپێکەنینێکەوە کە بەو دەنگە گیراوەیەوە زیاتر لەگریان دەچوو، وتی:

- بەقوربانی کچی گوڵم بم، بەخێرهاتی کچم!

فەرزانە ڕۆشت بۆ ژوری پشتەوە کە لەیلا لەوێ بوو. کچی داماو لەسەر تەختەکە نوستبوو. ئەو پەتووەی کە پیایدا درابو تەنک بوبو. هیچ لەوەی نەدەکرد کە کچێکی شانزە ساڵە لەژێر ئەو پەتووەدا پاڵکەوتبێت.



Scanned with CamScanner

لاوازتـرو بێ هێزتر لەجاری پێشو دەهاتە پێش چاو. بەهێواشی و بەشێوەیەک کە ئەو بەخەبەر نەیەت چەمایەوە بۆ ئەوەی ماچی بکات، یەکسەر لەیلا چاوەکانیی کردەوەو بە دەنگی بەرز وتی:

- سڵاو، پێت وابوو من نوستوم، وایە؟

فەرزانەش ئەدای کەسێکی ترساوی کردو دەستیی خستە سەر دڵی:

- سڵاو لەڕوی مانگت کچۆڵەی زۆر زان! خۆتت کرد بەنوستوو کە من بترسێنیت؟ لەئامێزی گرت و ماچی کرد.

- دەنگوباسی مناڵەکان مامە سیاوەش باشە؟

-هەمویان باشن سڵاویان هەبوو. کچەکانیش سەرقاڵی خوێندن و نەداش هەر...

لەکاتێکدا کە پەتوەکەی لەسەر لادەبرد بۆ ئەوەی دایبنیشێنێت بەردەوام بوو:

- چ بلوزێکی جوانە، چەند لێت دێت.

لەیلا لەکاتێکدا خۆی بەناز دەکرد، بەدەستی قژەکانیی کۆکردەوەو وتی:

- دادەم لەمەککە هێناویەتی. خۆ تۆ دادەت نی یە کە بڕوات بۆ مەککەو لەم دیارییە جوانانەت بۆ بهێنێت.

- خوشکم هەیە و خوشکی باشیشم هەیە. دەشڕوات بۆ مەککەو دیاریشم بۆ دەهێنێت.

ماچێکی گۆنا ڕەقەکانی لەیلای کرد. دڵی بۆی سوتا بەڕاستی تاوانی لەیلا چیبوو؟

بابە بەخۆشحاڵییەوە بەڵام بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە سەیری کچەکانی خۆی دەکرد، خۆشحاڵبوو لەوەی کە فەرزانە، لەیلای خۆش دەویست.



Scanned with CamScanner

ئاخر فەرزانە بۆ ئەو تەنها یەک کچ نەبوو، زیاتر لە یەک کچ، یەک ئامانج، یەک ئارەزوو.

دوای ئەوەی کە ماندوێتی ڕێگای لە لەش دەرچوو بەبیانوی سەردان لەڤێلاکە لەگەڵ باوکیدا ڕۆشتە دەرەوە. لەڕێگادا ماوەیەکی زۆر دەردە دڵیانکرد. دەنگی ئۆتۆمبێلەکە دەبووە هۆی ئەوەی کە دەنگە لاوازەکەی بابە نزمتر بکەوێتە گوێی، هەر لەبەرئەوە فەرزانە وەستاو ئەوە باشترین دەرفەت بوو بۆ قسەکردنی ئەوان. بابە پرسیی:

- کچم ڕاستیەکەی بڵێ، بۆچی هاتویت؟!

- سەیرکە باوکە خۆت ئێمەت گەورە کرد، لەبەرئەوەش خۆت تێگەشتی کە لەم بارودۆخەداو بەو هەموو کارو سەرقاڵیەی کە هەمبوو، نەدەبوو بهاتمایە هەتا بزانم کارەکانی ڤێلاکە بەچی گەشتووە. هەرچەند بیانویەکی باشیش بوو بۆ بینینی ئێوە لەپێش سەفەرەکەمدا بەڵام ڕاستیت بوێت، هاتوم دەربارەی بەهرام قسەت لەگەڵ بکەم.

هێشتا قسەکانی فەرزانە تەواو نەبوبون کە بابە بەنیگەرانییەوە وتی:

- سەیرکە کچم...

- بەڵێ دەزانم هەموو قسەکانتم لەبەرە، تۆ ڕازی نابیت بەژن و ژنخوازی لەگەڵ خزمدا، حاڵی خۆم و بەهرام و پەریم بینی. لەوەی کە ناوی پەری هێنابوو پەشیمان بویەوە، هەم دڵی خۆی ڕاچڵەکی و هەم ڕەنگ لە ڕوی بابەش پەڕی. کەمێک وەستا وەک ئەوەی بەدوای وشەیەکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی کە باشتر مەبەستەکەی دەرببڕێت.

- من هیچ، بەڵام فەرزاد خۆشتان دەبینن کە لەگەڵ فاگمە چەند خۆشبەختە. سوپاس بۆ خوا هیچ کێشەیەکیان نی یە، تۆ چەندە ڕەفتاریشت خراپ بوو لەگەڵیدا.



Scanned with CamScanner

- ئاخر ئەو بەسەربەخۆیی ڕۆشت و بڕیاری خۆیدا. دەبو ڕەزایەتی منیش وەربگرێت. هەر وەک تۆ کە گوێت لەقسەی من گرتو لەگەڵ سیاوەشدا هاوسەرگیریت کرد. ئێستاش لەهەموان خۆشبەختتر نیت؟

شتێک لەدڵی فەرزانەدا خرۆشا، شتێکی وەکو ڕق، نەفرەت، یان عیشق، بەناڕەحەتی وتی:

- خۆشبەختم زۆریش خۆشبەختم. ئەسڵەن باسی من ناکەین. من کچ بوم وەکو پەری... قسەکەیی بە نیوەچڵی بڕی و دوای کەمێک وەستان بەردەوام بوو:

- بەڵام بەهرام و فەرزاد کوڕن، مافی خۆیانە لەگەڵ هەرکەسێکدا کەپێیان خۆشە هاوسەرگیری بکەن. لەتۆ دەپرسم بەویژدانەوە وەڵام بدەرەوە هەرکچێکی تر بوایە جگە لەفاگمە دەیتوانی لەگەڵ فەرزادو کێشەکانماندا بسازێت؟! ئەوەش پورە زەهرا کە بەڕاستی لەبەرامبەر ئەواندا دایکایەتی کرد.

- باشە، ڕاستە کە پورە زەهراو ئەحمەد ئاغا حەقێکی گەورەیان هەیە لەگەردنی فەرزاددا، ئەو پوریەتی و بۆنی دایکیی دەدا جیاوازی هەیە لەگەڵ بەهرامدا...

- بەهرام چی؟ تاوانی ئەوەیە کە مەهناز کچی کورشە مامی تۆیە؟ باوەڕبکە ئەم دوو گەنجە خوێندەوارن، عەقڵیان پێگەشتووە، توخودا کەمێک حەق بدەن بەو گەنجانەو بەحاڵەتێکی کە زیاتر لە پاڕانەوە دەچوو وەک لەداواکردن، وتی:

- بابە تکات لێدەکەم لەبەرخاتری ئارامشی ڕوحی دایەو پەری لەبەرخاتری من ڕازی ببە. ڕێگە مەدە هاوسەرگیری بەهرامیش وەکو هاوسەرگیری فەرزادی لێ بێت. ئاگات لێ بو کە لەیلا بە چ شەوق و



Scanned with CamScanner

خۆشیەکەوە دەیوت ئاهەنگی کاکە بەهرامە، هیچ نەبێت لەبەرخاتری لەیلا. بەخەمبارییەوە سەری داخست.

بابە سەری داخستبوو بەدەست چاوەکالیی دەپرواند. لەفرمێسکێکی دەڕژاندو نەدەنگێکی لێوە دەردەهات. وەک ئەوەی کە تەنها گوێی ئەو بوو کە هاوڕێیی دەکرد.

- بابە توخوا، لەبەرخاتری لەیلاش بوبێت ڕازی ببە. ئێمە بەجەهەننەم. ئەو کچە نەخۆشە لەهەموو تەمەنیدا خۆشییەکی نەبینیوە. پێم وایە ئەسڵەن مانای خۆشی نازانێت لێگەڕێ با ئاهەنگی هاوسەرگیری بەهرام ببینێت.

شتێک بە ئەندازەی هەموو موسیبەتەکانی ژیان لەمەرگی دایک و باوک و برایەک کە لەپانزەساڵیدا بە بەرچاویەوە ڕۆشت بۆ دەریاو نەگەڕایەوە هەتا مەرگی هاوسەرەکەی و پەری هەمویان وەکو یەک فیلم بەیادەوری بابەدا تێپەڕی و دڵی ناڕەحەت کرد. فەرزانەش سەیری دەکرد، کچ و باوک تەنها دەگریان و هیچ قسەیەک لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ نەبوو.

کە گەڕانەوە بۆماڵەوە چاوەکانیان چیرۆکی فرمێسکی دەگێڕایەوە بەڵام ڕوخساریان پڕ بو لە ڕەزایەت و ئارامش. وا دەردەکـەوت کە باوک و کچ ماوەیەکیش لەماڵە بێ فەرشەکەی دایەو پەری بوبون کە جلەکانی فەرزانە کەمێک خۆڵاوی بوبون. ڕوباب خانم خواردنی نیوەڕۆی ئامادەکردبوو، فەرزانە دوای خواردنی نانی نیوەڕۆو کەمێک پشودان گەڕایەوە بۆ تاران. وەکو هەمیشە سەرەتا ڕۆشت بۆ ئیمامزادەو ماچی ماڵئاوایی گۆڕی دایەو پەری کردو کەوتە ڕێ. ئەوەندە هەستی بەسوک بونی باری دڵی دەکرد کە وای هەست دەکرد ئۆتۆمبێلەکەش سوک بووە. بەبێ وەستان و بەبێ ماندوێتی شۆفێری دەکرد. بیست کیلۆمەتر دوای ئاسارا ویستی بوەستێت بەڵام نەوەستا. بەزەردەخەنەی سەر لێوو دڵێکی شادەوە ڕویکردە دۆڵەکەو وتی: «دایە سوپاست دەکەم»و بەردەوام بوو

لەڕێگاکەی، دنیا تاریک بوبوو ئەگەر درەنگ بگەشتایە، نیگەرانی دەبون. کە گەشتە ماڵەوە یەکەم کارێک دوای خۆ شتن ئەوەبوو کە تەلەفۆنی کرد بۆ ماڵی فەرزاد.

- ئەلو سڵاو فاگمە گیان.

- سڵاو. جاران کە خوشکی مێردەکەم نەبوی باشتر بوو. هیچ نەبێت کچە پورت بوم. ئەمە چ هاتنێک بوو کە ئێمە دوای ڕۆشتنەوەت زانیمان هاتویت.

- بۆت باس دەکەم، مناڵەکان چۆنن؟

- بەهەواڵپرسی پورە گیانیان باشن سوپاس بۆ خوا خراپ نین.

- فەرزاد لەکوێیە دەنگوباسی بەهرام؟

- باوەڕ ناکەیت بابە تەلەفۆنی کردبوو کە فەرزادو بەهرام بڕۆن بۆ لای. وتویەتی کارێکی گرنگی هەیە. فەرزانە بەشادی و خۆشحاڵییەوە پرسیی:

- بەڕاستتە؟ ڕویکردە مناڵەکان و وتی: «کچینە خۆتان ئامادە بکەن زەماوەندمان هەیە»و بەردەوام بوو:

- کەوایە بابە ڕازی بووە.

- بەڵێ ئێمە هەر لەسەرەتادا وتمان ئەم گرێیە بەدەستی نازدارەکەی بابە دەکرێتەوە باوەڕت نەکرد.

- بەهرام چی دەکات؟ ئەو نامەردە تەلەفۆنێکیشی بۆم نەکردووە.

- دەبێت چی بکات پێی ناکەوێتە زەوی. کاتژمێرێک دەبێت کە لەگەڵ فەرزاد ڕۆشتون بۆ لای بابە.

- باشە سوپاس بۆ خوا کاتێک گەڕانەوە باتەلەفۆنێکم بۆ بکەن، خوا حافیز.

- بۆ کوێ خواحافیز؟ بوەستە پەریاو پوریا دەیانەوێت قسەت لەگەڵ بکەن.

# وەرزی حەوتەم

ڕۆژی دواتر بەهرام تەلەفۆنی کرد بۆ فەرزانەو زۆر سوپاسی کردو وتی:

- دادە چی دەبوو ئەگەر بۆ فەرزادیش کارێکت بکردایە هەتا بەو شێوەیە نەبوایە.

- ئەزیزم ئەوکاتە لەگەڵ ئێستادا جیاوازی زۆر بوو. توخوا سەیری بابە بکە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا چەند پیر بووە، کەمێکیش حەق بدەن بەو پیرە پیاوە داماوە.

- حەقی پێبدەین کە چی؟ کە هەرکەسێکمان هەڵبژارد بەبیانوی خزم بون ڕەدی بکاتەوە؟ من ئێستاش لەمەبەستی لەو هەموو ناڕەزایەتییانەی تێنەگەشتوم.

- ئێستا کە ڕەزایەتی داوە، توخوا سەرمەخەنە سەر یەکتر. ئەو مناڵە نەخۆشە بەو قسەو دەمەقاڵێیانە ئارامی نامێنێت.

- ئەگەر خوا بیەوێت بەلوتفی تۆ ئیتر کێشەیەک نەماوە، ئەسڵەن بابە زۆریش گۆڕاوە. لەسەر ئەوە ڕێککەوتوین کە هەر ئەم پێنج شەممەیە، دو سبەی ئەگەر بکرێت بێیت و بڕۆین بۆ خوازبێنی.

- خۆت دەزانیت من دەبێت هەفتەیەکی تر بڕۆم بۆ ئەڵمانیا. ناتوانم بێم.

- ئێمە لەدنیادا یەک خوشکمان هەیە ئەویش هەستێ بڕوات بۆ ئەڵمانیا، ئەی کێ بێت لەگەڵ ئێمە بۆ ئەوێ؟

- سەرەتا بۆچی یەک خوشک، خۆ لەیلاش هەیە. دواتریش دەزانیت چەند مانگە چاوەڕوانی ئەم سەفەرم؟ پەیماننامەیەکی گرنگمان هەیەو بلیتەکەمان بۆ هەفتەی ئایندە یەکشەممە ئۆکەی لەسەر دراوە. بەدەر لەوەش فاگمە هەیە، پورە زەهرا، ئامۆژن، پورە هاجەر، ئیتر نیگەرانی چیت؟

- بەڵی لەیلا هەیە، بەڵام خۆی دەڵێت پێم خۆش نی یە بێم. هەر دەستتان دەگرم. بەخوا کە وا دەڵێت دڵم ئاگر دەگرێت. ئەسڵەن دەتەوێت دایبنێین بۆ دوای گەڕانەوەی تۆ؟

-نا نا ئەو کارە مەکەن. مەراسیمی مارەکردن بکەن، ئەگەر خوا ویستی ئاهەنگی گواستنەوەش بمێنێت بۆ چەژن یان هاوین.

- پرسیارێک دەکەم بەڵێن دەدەیت ڕاستیەکەی بزانیت؟

- برالەی شەیتان هەتا ئێستا درۆم لەگەڵ کردوی؟

- درۆت نەکردووە بەڵام دەمەوێت بزانم، بەڕاستی بارودۆخی لەیلا ئەوەندە خراپە؟ فەرزاد شتگەلێکی دەوت کە باوەڕ ناکەم.

- بۆ نمونە چی دەوت؟

- ئەوەی کە دەیوت لەیلا تەمەنی زۆر کورتەو لەبەرئەوەش بەپەلەم مەراسیمەکە زوتر ئەنجام بدرێت.

- تەمەنی هەموان لەدەستی خوایە، بەڵام بەو پێیەی کە پزیشکەکە دەیوت، بە بارودۆخی ئەم منداڵەدا دیارە کە کاتێکی زۆری نەماوە. ئەو بێچارەیە هیچ خۆشییەکی لەژیانیدا نەبینیوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە حەز دەکەین هیچ نەبێت هاوسەرگیری تۆ ببینێت.داوات لێدەکەم هەتا دەتوانیت ڕێزی لێ بگریت نەک لەبەرخاتری بابە یان ڕوباب خانم، تەنها لەبەر خاتری خوا.



Scanned with CamScanner

بەهرام کە زۆر کاریگەربوبو بەناڕەحەتییەوە وتی:

- ئەمەش لەبەختی من، خوشکێکم بەبەرچاوی خۆمەوە مرد، ئەمەش لەیلا. دەی ئەگەر بەلای تۆوە کێشە نەبێت دەست ماچکردن و مارەکردن دەخەینە هەفتەی ئایندە، گواستنەوەش بمێنێت بۆ جەژن یان هاوین.

- باشە دەبێت چ کێشەیەک هەبێت، انشاالله خۆشبەخت بن. دیسانەوە دوبارەی دەکەمەوە بابە ئیتر ئارامی نەماوە، تۆش ئیتر دەمەقاڵێی لەگەڵ مەکە.

- بەچاوان دادە! بەخوا من هەر لەسەرەتاشەوە سەرم نەدەخستە سەری، ئەو بوو کە ناڕازی بوو بەهەر بڕیارێکی من.

- لەبیرت بێت هیچ باوکێک خراپەی مناڵەکەیی ناوێت.

- دەزانم ئەوەندە دوبارەی مەکەرەوە! بەخوا گەورە بوم عەقڵم پێی دەشکێت، باشە ئێستا بڵێ بۆ براژنە مەهنازت چی دەهێنیت؟

- مەگەر بۆ زیارەت دەڕۆم کە دیاری بهێنمەوە!

- گاڵتەم کرد خانم ئەندازیاری ڕەزیل.

- انشاالله کە خۆشبەخت بن، ئاگاتان لەهەموو شت هەبێت! ئیتر دڵی باوکم مەشکێنە. دڵنیام مەهناز کچێکی باشەو دەتوانێت خۆشبەختت بکات، زیاتر لەهەمیشە خۆشت بوێت.

- قسە قسەی تۆیەو تۆش ئاگات لەخۆت بێت، زۆر خۆشمان دەوێیت و هەمیشە پێویستمان پێتە.

- خوا حافیز سڵاو لەهەموان بکە.

بەیانیی یەکشەممەیەکی کۆتایی مانگی تشرینی دووەم بوو کە فەرزانە بەرەو میونخ سەفەری کرد، بۆ بەستنی پەیماننامەی گرنگی بازرگانی. لەم سەفەرەدا هاوکەرەکەی خانمی محەمەدی کە بەتەواوی زمانی ئەڵمانی

دەزانی، بردبوو لەگەڵ خۆیدا. کە گەشتنە فڕۆکەخانە لەشیرکەتی لایەنی پەیماننامەکەیانەوە چاوەڕوانیان بوون. ئاغای مۆڵزر هاتبوو بۆ پێشوازییان و بردنی بۆ شوێنی مانەوەکەیان لەهۆتێل و داوای لێکردن هەر کارێکیان هەبێت تەلەفۆنی بۆ بکەن و لە ماوەی دە خولەکدا لەوێ دەبێت. کاتێک لەڕۆشتنە ژورەکە لەبالکۆنەکەوە سەیری دیمەنە جوانەکان و باڵەخانەکانی شاریانکرد.خانمی محەمەدی وتی:

- وای چ شارێکی جوانە خانمی ئەندازیار! سەیرکە مرۆڤ چێژ وەردەگرێت.

- خوا بکات مرۆڤەکانیش وەکو ڕواڵەتی شارەکەیان باش بن و بتوانین بە دەستی پڕ لێرەوە بگەڕێینەوە.

- خانمی ئەندازیار توخوا خۆ ئێمە تازە گەشتوین. چیتە ئەوەندە بەپەلەی بۆ ڕۆشتنەوە.

- ئەزیزم با تۆش منالّت ببێت ئەویش کچ، پێت دەڵێم بۆچی بەپەلەم. هەمویان دەڕۆنە قوتابخانە، سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم لەمەککە بوم هێشتا دوو مانگی بەسەردا نەڕۆشتووە هاتیشم بۆ ئێرە. نابێت ئەوەندە بە تەنها بەجێیان بهێڵم.

- ڕاستە حەق بەتۆیە، بەخوا بەتەنها هەبونی کچێک ڕازیم، بەڵام چی بکەم کە خوا...

- هیچ کارێکی خـوا بێ حیکمەت نی یـە، ئێستە سێ ساڵە هاوسەرگیریتان کردووە بۆچی ئەوەندە نائومێدیت؟

- نائومێد نیم، تەمەنم دەڕوات بەرەو سەر. خۆم ئەوە دەزانم کە منالّ نیم و تەمەنم سی و پێنج ساڵە دوای ئەم تەمەنە ئەگەریش منالّم ببێت خۆم پیر دەبم و زۆرم نامێنێت.



Scanned with CamScanner

- نا بەو شێوەیەش نی یە کە تۆ دەیڵێییت. تەمەنی هەموان لەدەستی خوادایە. دایکی من تەمەنی سی و شەش ساڵ بو کە مرد، هێشتا براکەم لەپۆلی یەکەم بوو. خۆ ئەو پیریش نەبوو بەڵام هەرچییەک خوا بیەوێت هەر ئەوە دەبێت. تەنها دەبێت کەمێک سەبرت هەبێت و پشت بەخوا ببەستیت.

- خوا لەدایکت خۆش ببێت بەڵام دایکی هاوسەرەکەم خەریکە من دەکوژێت ئەوەندە تانەو توانجی لێداوم. ماندوو بوم. دەڵێت من هاوتەمەنی تۆ بوم دوو نەوەم لەنەسرین و نەستەرەن هەبوو، خۆ لەکورێک زیاترم نی یە دەمەوێت منالی ببینم.

- ببورە خانم محەمەدی فزولی نەبێت هەتا ئێستا ڕۆشتویتە لای پزیشک؟ دەزانن کێشەتان چی یە؟

- بەڵێ من کێشەم نی یەو نادریش کێشەی نی یە، تەنها پزیشکەکان وتویانە کەمێک لاوازە.

- دەتوانم پێشنیارێک بکەم؟

- چی؟ فەرموو.

- دوعا بکە کارەکەمان بەباشی بەرەو پێش بڕوات، بەڵێن دەدەم پزیشکێکی باش پەیدا بکەم بڕۆیتە لای. چۆنە؟

خانم محەمەدی بەشەوق و خۆشییەوە بۆ یەکەمجار دەستی کردە ملی سەرۆک و بەڕێوەبەری کارەکەی خۆی و لەناخی دڵەوە ماچی کرد.

- بەڕاستتە؟ بەخوا ئەگەر ئەم کارە بکەیت هەتا کۆتایی تەمەن مەمنونت دەبم. وای خۆ تۆ یەک فریشتەیت.

فەرزانە هەوڵی دەدا وەڵامی ئیحساسەکانی هاوکارەکەی کەئێستا بۆی بوبو بەیەک هاوسەفەرو هاوڕێ بداتەوە، دەستەکانی ئەوی خستە ناو



Scanned with CamScanner

دەستی و وتی:

- من هەمیشە دەمویست ئەم بابەتە لە تۆ بپرسم بەڵام عادەتم نی یە لەژیانی کەسانی تردا خۆم هەڵقورتێنم. ئێستاش کە لەنیگەرانیەکەت تێگەشتم بەڵێنت پێ دەدەم بتبەتمە لای باشترین پزیشک، نیگەران مەبە شیفای هەر دەردێک بەدەستی خوایە.

- خانم ئەندازیار بەڕاستی مەمنونتم، انشاالله هەر شتێکت بوێت خوا پێت بدات، دڵمت شاد کرد.

- پێمخۆشە بڕۆم بۆ مەککە بەڵام ئیتر لەخەودا نەبم و بە بێداری بڕۆم و بگەڕێمەوە. نەزردەکەم کە تۆ منالت ببێت و بۆ کۆترەکانی بەقیع گەنم بڕێژم.

چاوەکانیی پڕ بون لەفرمێسک و بەئارامی لەژێر لێوەوە پرسیی:«خوایە دەبێت جارێکی تر بڕۆم؟»

- بەڵێ بۆچی نابێت کە تۆ ئەوەندە دڵت پاکە... ڕاستیت بوێت من دەمەوێت دان بەشتێکدا بنێم.

- مەگەر من باوکی ڕوحانیم کە دەتەوێت دان بەشتێکدا بنێیت! باشە بڵێ کچم.

- من هەمیشە پێم وابوو تۆ واتە بەڕێوەبەرێکی زۆر جدیت، هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کە لەپشت ئەم ڕوخسارە جدی و توندەوە دڵێکی میهرەبان هەبێت. داوات لێدەکەم بمبەخشیت.

فەرزانە قیافەی باوکە ڕوحانیەکانیدا بەخۆی و وتی:

- کچم داوای لێبوردن لەخوا بکە. پێکەنی و پاشان بەردەوام بوو:

- ئەم قسانە چین، ئیتر کاروبار بەو شێوەیەیەو مرۆڤ ناچارە لەهەر جێگایەکدا ڕەفتاری گونجاوی ئەو شوێنەی هەبێت. دەتبەخشم بەو

مەرجەی کە تۆش بەشێوەیەک بەئەڵمانی قسە بکەیت کە لەم مامەڵەیەدا براوە بین. لەم سەفەرەدا تۆ بەزمانت بۆ من و منیش بەدڵم بۆ تۆ کارێکی ناوازە دەکەین.

خانم محەمەدی هەتا پێش سەفەرەکە پێی وابوو چۆن دەتوانێت ئەم ماوەیە قیافەی جدی و گرژی خانمی ئەندازیار تەحەمول بکات، بەڵام ئێستا ئیتر هەستی بەشادییەکی چاوەڕواننەکراو دەکرد.

عەسر ئاغای مۆڵزر هات بۆ هۆتێلەکەو داوای لێکردن لەگەڵیدا بڕۆن بۆ بینینی شار. هەموو جێگایەکی شار بۆیان خۆش و سەرنج ڕاکێش بوو. لەخەڵکەکەیەوە هەتا ئۆتۆمبێلەکان و باڵەخانەکان و...

ڕۆژی دواتر، یەکەم ڕۆژی کاری ئەوان بوو. دانیشتنی یەکەم بەخۆشی تێپەڕی و هەردوولا ڕازی بون.

کە گەڕایەوە تەلەفۆنی کرد بۆ ماڵەوە. هەموان باش بون، بەڵام نەدا بێتاقەتی دەکردو بەڵێنی لە دایە وەردەگرت کە زوتر بگەڕێتەوەو شکایەتی خوشکەکانیی دەکرد کە تەنها سەعییان دەکردو هیچ کەسێک جگە لە بابە کە شەوان دەگەڕایەوە ماڵەوە، یاری لەگەڵ ئەودا ناکات.

دایە بەڵێنی دا کە بوکەڵەی جوانی بۆ بکڕێت و وتی ئێستا کە خوشکەکانی سەعییان هەیە، پێویستە ئەو ئاگای لەئەوان بێت و یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی بتوانن باشتر سەعی بکەن.

دواتر ڕاپۆرتی دانیشتنەکەیدا بەهاوسەرەکەی و سیاوەش بەڵێنی پێدا کە سەرکەوتوتر دەبێت لە هەمیشەو نیگەرانی هیچ شتێک نەبێت.

لەولاشەوە خانم محەمەدی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا قسەی دەکردو باسی جوانیەکانی ئەوێی بۆ دەکرد.

نیوەشەو سیاوەش تەلەفۆنی کرد، بەپەشۆکاوییەوە تەلەفۆنەکەی

هەڵگرت.

- چیبووە سیاوەش؟

- سڵاو خانم، بەیانیت باش!

- چیبووە سیاوەش؟ خەریکە دەمرم. منداڵەکان لەکوێن؟ توخوا بەم نیوە شەوە بۆچی تەلەفۆنت کردووە؟

- منداڵەکان ڕۆشتون بۆ قوتابخانە، نیوە شەو؟ کاتژمێر هەشتی بەیانی یە، دیارە لەوێ زۆر سەخت لێت دەگوزەرێت.

- سەخت ناگوزەرێت بەڵام ئێستا لێرە کاتژمێر چواری بەیانی یە.

- وای ببورە! بیری جیاوازی کاتم نەبوو. دەمویست یەک هەواڵی خۆشت پێ بدەم. پێنج شەممە عەسر ئاهەنگی مارەکردنەکەی بەهرام و مەهنازە، ئەگەر پێت باشە ڕۆژی دواتریش کە هەینی یە کچەکان ببەم و بڕۆم هەم ئەمان تەنها نابن و هەم بەهرام و ئەوانی تریش خۆشحاڵ دەبن.

- هەرچۆن خۆت پێت باشە. بەڵام ئاگات لە نەدا بێت، منداڵەکان لەوانەکانیان دوا نەکەون.

- نا ئەزیزم بیرم لێکردۆتەوە، ئەمڕۆ کە لە قوتابخانە هاتنەوە دەڕۆین بۆ بازاڕ. هەینی دوای مەراسیمەکە دەگەڕێینەوەو شەممە بەیانیەکەشی دەڕۆن بۆ قوتابخانە.

- باشە لەلایەن منیشەوە پیرۆزباییان لێبکەن، انشاالله خۆشتان لێ بگوزەرێت.

- سوپاس. ببورە کە خەوەکەم زڕاندی، نەمزانی دەمویست خۆشحاڵت بکەم.

- کێشە نی یە، ئاگاتان لەخۆتان بێت خواحافیز.



Scanned with CamScanner

- خوات لەگەڵ ئومێدی ژیانم. خانم محەمەدی کە سەرەتا زۆر ترسابوو، ئێستا لەسەر تەختەکە دانیشتبوو، زەردەخەنەیەکی کردو بەخەواڵویی وتی:

- خانم ئەندازیار پێم وایە سەفەرێکی باش و پڕ سەرکەوتنمان دەبێت. بڕیارە بڕۆین بۆ لای پزیشک و دواتریش هەواڵی هاوسەرگیری، بەدڵنیاییەوە بەڵێننامەکانیشمان بەباشی دەبەستین و بەسەرکەوتنەوە دەگەڕێینەوە.

- انشاالله. ببورە تۆشم لەخەو هەڵساند. ئەم پیاوەی منیش واز ناهێنێت. بنوو، پێم وایە هەتا کاتی نوێژی بەیانی هێشتا کات ماوە بنوین و گوشیەکەی خستەوە سەر تەلەفۆنی مێزەکەی تەنیشت و چاوەکانی نوقاند.

لەوەی کە لەکۆتاییدا بابەتەکەی بەهرام بەخێر کۆتایی هاتبوو وەکو فەرزادی لێ نەدەهاتەوە، خۆشحاڵ بوو. ئێستا بابە خۆشی ئاسودەتر بوو لەدڵیدا ئارەزوی دەکرد خۆزگە لەوێ بوایەو لەشادیی ئەواندا بەشداری بکردایە. بەڵام هەر ئەوەشی کە سیاوەش و مناڵەکان دەڕۆشتن و لەیلاش هاوسەرگیری براکەیی دەبینی، ڕازیبوو. وردە وردە بەخەونی شیرینی هاوسەرگیری بەهرام و مەهناز پێڵوەکانی قورس بون و نوست.

سێ چوار ڕۆژی سەرەتا چەندجارێک لەگەڵ شیرکەتی شۆڵتز (دروستکەری میکسەرە پیشەسازییەکان) گفتوگۆیان کرد. کاتێک هەردوو لا ڕازیبون، بەڵێننامەکە بەستراو هەردو لا بەڵێنیاندا لەسەر بابەتە بڕیار لەسەر دراوەکان بمێننەوەو لەحاڵەتی نەبردنە سەری بەڵێنەکاندا، زیانی دارایی لایەنی بەرامبەر قەرەبوبکەنەوە.

هەر لەو کاتەی کە سەرقاڵی گەڕان بون بەنێو شاردا، بەرنامەی



Scanned with CamScanner

پزیشک و پشکنینەکانی خانم محەمەدیش ئەنجامدران. جارێکی تر خۆشحاڵبون بەم سەفەرە کە پزیشک وتبوی هیچ کێشەیەک بۆ مناڵ بونی نی یە. کاتێک کە دەرمانەکانیان وەرگرت، فەرزانە خەریکبوو باڵی دەگرت بۆ گەڕانەوە. خانم محەمەدیش کە بەقسەکانی پزیشکەکە زۆر ئومێدەوار بوبو، زۆر بەپەلە بوو هەرچی زوترە بگەڕێتەوە.

کە گەشتنە فرۆکەخانەی ئێران هەم گەشتیاران و هەم پێشوازیکەرانیش بێ تاقەت بون. فەرزانە لەپشت شوشەکەوە سیاوەش و مناڵەکانی بینی کە تامەزرۆیانە بەدەستە گوڵەوە لەچاوەڕوانی ئەودا بون. لەکەناری ئەواندا بەمەودایەکی کەم ئاغای کەرەمی و موحسین (هاوسەرو براکەی خانم محەمەدی)بینی کە بەچاو بەدوای ئەودا دەگەڕان.

لە کۆتاییدا چاوەڕوانیەکە بەکۆتا گەشت. کچەکان چونە ئامێزی دایکیان. دوای سڵاوو هەواڵپرسیە ئاساییەکان، خانم محەمەدی لەجانتاکەی خۆی بوکەڵەیەکی جوانی دەرهێناو دای بە نەدا. نەدا لەخۆشحاڵیدا پێی نەدەکەوتە زەوی. کاتژمێر یانزەی شەویش تێپەڕیبوو. قوتابخانەی مناڵەکان بیانویەکی باش بوو هەتا بەخێرایی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوەو فەرزانە بتوانێت پرسیارەکانی خۆی لەمناڵەکان و سیاوەش بپرسێت.

# وەرزی هەشتەم

ڕۆژێکی ساردی پاییزی کە خۆرەتاو زوتر لەهەمیشە بارگەو بنەی خۆی پێکەوە نابو، فەرزانە تازە لەسەر کار گەڕابویەوە. کچەکانیش لەقوتابخانەوە گەڕابونەوەو هەریەکەو سەرقاڵی کارێک بو. دەنگی زەنگی دەرگاکە سەرنجی هەموانی ڕاکێشا. بابە خۆی کلیلی پێ بوو چاوەڕوانی هیچ کەسیش نەبوون. کە دەرگاکەی کردەوە، زیاتر سەری سوڕما. خانم محەمەدی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هاتبوو. بە ڕوی خۆشەوە پێشوازی لێکردن، هەرچەند پێی خۆشبوو زوتر تێبگات بۆچی بەبێ ئاگادارکردنەوە هاتون. سیاوەش کە لەسەر کار هاتەوە، بەبینینی هاوکارەکەی فەرزانەو هاوسەرەکەی خۆشحاڵ بوو. میوانەکان دوای دەمەتەقێیەکی زۆر مەبەستی خۆیان لەهاتنەکەیان ڕونکردەوە. خانم محەمەدی وتی:

- خانم موجتەبایی خۆت باشتر دەزانیت کە براکەم موحسین تازە خوێندنی تەواو کردووەو کوڕی ئەملاو ئەولا نی یە و کەسێکی پاک و ڕێکوپێکە.

فەرزانە لەمەبەستی ئەو تێنەدەگەشت. ئاغای کەرەمی هاوسەری فەرزانە بەردەوام بوو:

- ئەڵبەتە هەر دەبێت کەخوشکەکەی وەصفی موحسین بکات و ڕویکردە فەرزانەو وتی:

- بەڵام خانم ئەندازیار لەحەق لانەدەین بەڕاستی کوڕێکی پاک و ڕێکوپێکە. کاتێک مەحبوبە وەصفی کەماڵ و چاکیەکانی تۆو خانەوادەکەتانی کرد، ئەگەر بێ ڕویی نەبێت من پێشنیارم کرد چ کەسێک باشتر لە کچی ئێوە دەتوانین پەیدا بکەین بۆی.

فەرزانە سەیرێکی سیاوەشی کرد. وەک ئەوەی کەدەیویست مۆڵەتی لێ وەربگرێت بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو بابەتە بداتەوە کە غافڵگیری کردبوون. هەر لەو کاتەدا ئاغای کەرەمی ڕویکردە سیاوەش و وتی:

- ئاغای ناصری تۆ چی دەفەرمویت؟

سیاوەش نیگای لەگەڵ نیگای فەرزانەدا تێکەڵ کردو وەک ئەوەی کە لەم نیگایەدا بەیەکەوە ڕاوێژیان دەکرد، زەردەخەنەیەکی کردو وتی:

- ڕاستیەکەی من وەک خۆم پێم وایە بۆ باسکردنی ئەم بابەتانە بۆ هەدیە گیان هێشتا زووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دەرفەت بدەن لەگەڵ دایکیدا بەیەکەوە قسە بکەین و وەڵامەکەتان لێ دەگێڕینەوە.

کاتێک میوانەکان ڕۆشتن، سیاوەش و فەرزانە بەیەکەوە دانیشتن. چەند خولەکێک بەبێدەنگی تێپەڕی. هەستێکی سەیریان هەبوو. نەدەکرا کە بوترێت خۆشحاڵن یان نا. تەجروبەیەکی سەیر بوو بۆ ئەوان، بیریان لێ نەدەکردەوە کە دەبێت بەو زووی یە دەرگا بەڕوی خوازبێنیکاراندا بکەنەوە. ئەوەی کە واتە کچەکان گەورە بوبون. دوای نانخواردنی ئێوارە کاتێک کە هوداو نەدا لەژورەکەی خۆیان بون هەدیە هاتە لای بابەو دایەو ڕویکردە دایەو پرسیی:

- ببورە دایە، خانم محەمەدی بۆچی هاتبوو؟

دایکی کە لەپرسیارەکەی هەدیە شۆک بوبو، دوای ماوەیەک وەستا بەپێکەنینەوە وتی:

- بۆ خوازبێنی.

هەدیە پرسیی:

- ببورە دایە خوازبێنی کێ؟

فەرزانە بەسەرسوڕمانەوە ڕویکردە سیاوەش و پاشان هەدیەو وتی:

- خوازبێنی من! بەدڵنیاییەوە ئەزیزم بۆ خوازبێنی تۆ هاتبوو.

- ئێوە چیتان وت؟

- دەبو چی بڵێین؟ وتمان هێشتا بۆ هەدیە زووە کە بیر لەم بابەتانە بکاتەوە. ئێستا دەبێت لەبیری خوێندن و زانکۆدا بێت. مەگەر وا نی یە کچم؟

- سوپاس دایە، هەر بەو شێوەیەیە کە تۆ دەڵێیت. پێم خۆشە بخوێنم و دوای تەواوکردنی خوێندنەکەم بەو شێوەیە سەیری ژیان بکەم.

- دەمزانی کچم ڕای تۆش هەر ئەمەیە.

لەناکاودا کەوتە بیری خوازبێنیکارەکانی خۆی. وەک ئەوەی دوێنێ بوو کە بابە لەسەر مەسەلەی خوازبێنی هەموو ڕۆژێک لەگەڵ دایەدا کێشەو دەمەبۆڵەیان بوو. دوای ڕۆشتنی هەدیە، لەگەڵ سیاوەشدا ڕاوێژی کردو وایان بەباش زانی کە لەبارەی بابەتی هاوسەرگیری و خوازبێنییەوە هیچ قسەیەک نەکرێت بۆ ئەوەی ئەویش بتوانێت بەخەیاڵێکی ئاسودەوە بەردەوامی بەخوێندنەکەی بدات.

هەرماوەو جارێک سەروچاوی خوازبێنیکارێک پەیدا دەبو، بەبێ ئەوەی کە کچەکان تێبگەن وەڵامی ڕەدیان پێ دەدایـەوە، بەتایبەت ئەوەی کە هودا لەڕوی پەیکەرو باڵاوە لەهەدیەش گەورەتر دەهاتە پێش چاو.



Scanned with CamScanner

# وەرزی نۆیەم

هاوین دەستی پێکردبوو مەوجود بونی خۆیی بەگەرمکردنی هەوا ڕاگەیاندبوو. فەرزانەو سیاوەش کە زۆر سەرقاڵی کار بون، چەند ڕۆژێکبوو لەبەر خاتری کۆنکۆری هەدیە زوتر دەهاتنەوە بۆ ماڵەوە. لەلایەکی تریشەوە خەریکی ئامادەکاری و شت کڕین بون بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری بەهرام. بڕیار بوو یەک هەفتە دوای کۆنکۆری هەدیە ئاهەنگەکە بکرێت. کە هەدیە تاقیکردنەوەی کرد، هەموان جگە لەبابە ئامادەی ڕۆشتن بون بۆ باکور. بڕیاربو ڕۆژێک پێش ئاهەنگەکە بابە لەگەڵ دایە گەورەو پورە ڕازیە بڕۆن بۆ لایان. ئاهەنگەکە ڕۆژی پێنج شەممە بوو. فەرزانەو مناڵەکان ڕۆژی شەممە ڕۆشتن بۆ باکور. هەرچەند ڤیلاکەی خۆیان بەهەموو پێداویستیەکانەوە ئامادەبوو، بەڵام لەبەر ڕێزی بابەو داواکاری مناڵەکان بۆ بینینی پورە لەیلا، سەرەتا ڕۆشتن بۆ ماڵی ئەوان. دوای نانی نیوەڕۆ کچەکان داوایان لە لەیلا کرد کە بڕوات لەگەڵیاندا. هەدیە وتی:

- پورێ دەبێت لەگەڵ ئێمەدا بێیت تکات لێدەکەم.

بەڵام لەبری لەیلا ڕوباب خانم وەڵامی دایەوە:

- سوپاس هەدیە گیان، ئەگەر لەیلا بێت دەبێتە هۆی زەحمەت و دەردیسەر. ڕۆشتنە تەوالێت و نانخواردن و کارەکانی ئەو، موسیبەتێکە کە خۆشتان بینیوتانە.

لەیلا تەریق بویەوەو سەری داخست، فەرزانە وتی:

- ڕوباب خانم بەشێوەیەک قسە دەکەیت کە لەیلا تەنها کچی تۆیە، پێم وایە خوشکی منیشە، هێشتا ئەوەندە توانام هەیە کە بتوانم دوو سێ ڕۆژ ئاگام لێی بێت، دڵی کچەکان مەشکێنە، لێگەڕێ با لەیلا لەگەڵ ئێمەدا بێت، تۆش خەریکی کارەکانی ئاهەنگەکە بە، خۆ من شارەزاییم لەداب و نەریتی ئێرە نی یە.

ڕوباب خانم ڕازیبوو، مناڵەکان بەخۆشحاڵییەوە دەوریی پوڕێیان گرت هەتا کەلوپەلەکەی ئامادە ببێت، نەدای هەمیشە ناڕازی بەناڕەحەتییەوە وتی:

- ئەی من لەگەڵ کێدا یاری بکەم، پورە لەیلا تەنها لەگەڵ هەدیەو هودا قسە دەکات.

- کچم ناڕەحەت مەبە، ئێستا لەسەر ڕێگاوە دەڕۆینە ماڵی خاڵە فەرزاد، پەریاش لەگەڵ خۆماندا دەبەین، فرمانێکی ترت نی یە؟

- باشە دایە سوپاس.

- سوپاس بۆ تۆ خوایە، چەند سەیر کە تۆ ڕازی بویت.

بابەو فەرزاد کە خەریکی ئامادەکاری هاوسەرگیرییەکە بون، لەدەرەوە گەڕانەوەو سڵاویان لەهەموان کرد.

- سڵاو ماندو نەبن.

- سڵاو، سڵاو لەنەوە گوڵەکانم بۆ کوێ خۆتان ئامادەکردووە؟

- بەیارمەتی ئێوە منالەکان دەبەین بۆ ڤێلاکە.

- باشە ئێستا لێرە بن دوایی کە سیاوەش هات دەڕۆن، ماڵە دەرویشیەکەی بابە پەسەند ناکەن؟

- ئەمە چ قسەیەکە بابە؟ ئەم ماڵە تەکیەی هەمومانە بەڵام کچەکان

بۆ خۆیان بەرنامە گەلێکیان هەن بە ئیجازەی تۆ لەیلاش دەبەین لەگەڵ خۆماندا.

- بەڵام لەیلا...

- نا ئیتر بابە گەورە توخوا تۆش مەڵی با نەیەت، دوو کاتژمێرە تکا دەکەین هەتا ڕوباب خانم ڕازی ببێت.

سەیرێکی ڕوخساری خۆشحاڵی لەیلای کرد کە لەسەر عەرەبانەکەی خۆی دانیشتبوو. ڕوباب خانمیش جانتاو کەلوپەلەکانی لەیلای دایە دەستیان و دەمی بردە لای گوێی لەیلا:

- هەرکارێکت هەبوو تەلەفۆن بکە خۆم دێم. انشاالله ئەم چەند ڕۆژە ئاهەنگەکەش بەخێرو خۆشی تەواو دەبێت. هەتا بزانین خوا چی دەکات.

لەیلا بەشەرمەوە بەنیشانەی قەبوڵکردنی قسەکانی دایکیەوە سەری داخست و بەباشی تێگەشت کە دایە لەچاودێریکردنی ئەو ماندوو بووەو پێی خراپ نی یە ئەم چەند ڕۆژە پشوو بدات.

لەسەر ڕێگا سەرێکیشیان لەفاگمهداو پەریاش کە پێشتر ئیجازەیان بۆ خواستبوو بردیان لەگەڵ خۆیاندا. کە گەشتنە ڤێلاکە هەدیەو هودا وەکو شەمع بەدەوری پورە لەیلادا دەسوڕانەوە. فەرزانە ئەو جلەی کە بۆی هێنابو لەجانتاکەدا دەرهێناو کردیە بەری، ئەگەرچی کە بچوکترین سایزی جلی بۆ هێنابوو بەڵام بۆ جەستەی لاوازو بچوکی لەیلا هێشتا هەر گەورە بوو. کاتێک کە بچوکی کردەوەو جلەکە بووە پڕ بەری، سەیرێکی خوشکەکەی خۆی کردو شتێک دڵیی خەمبار کرد، بەم جل و قژانەی کە هەدیەو هودا بۆیان چاک کردبوو چەند وەکو پەری لێهاتبوو.

- وای پورێ چەند جوان بوی! دەبێت شەوی ئاهەنگەکەش ئەم جلە



Scanned with CamScanner

هوداش وتی:

- ئەمەش جوانە بەڵام ئەو جلەی کە خاڵۆژن فاگمە بۆی کڕیوە بۆ ئاهەنگەکە لەبەر بکات، ئەمە بۆ خەنەبەندان.

لەیلا وتی:

- دادە تۆش شتێک بڵێ. دەڵێی بەدڵت نی یە! نەکا ئەمان بەڕاستیان نەبێت.

- نا، نا، زۆر جوان لێت دێت.

بەڵام واقیعیەت ئەوەبوو کە هەتا ئەو کاتە ئەم هەمووەی لەڕوخساری لەیلادا نەبینیبوو. لێکچوونێکی سەیری بە پەری هەبوو، هەرچەند لاوازترو زەعیفتر بوو لەپەری، شتێک لەڕوخساریدا مەعصومیەتێکی تایبەتی هاوشێوەی مەعصومیەتی پەری هەبوو.

- دایە مەگەر لەگەڵ تۆم نی یە لەگەڵ پەریا بڕۆینە کەناری دەریا؟

هەدیە پێش دایە وەڵامی دایەوە:

- نا پێویست ناکات، هەموان بەیەکەوە دەڕۆین.

دایکیشی قسەکانی ئەوی پشتڕاستکردەوەو وتی:

- بەڵێ کچم بوەستە هەمومان بەیەکەوە دەڕۆین.

هەدیەو هوداش هەریەکە خۆیان گۆڕی و داوای بۆچونیان لەیەکتری کرد.

فەرزانە لەچێشتخانە سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بوو لەدڵی خۆیدا سوپاسی خوای دەکرد. هەندێکجاریش دڵی بۆ دایەو پەری تەنگ دەبوو جێگای ئەوانی خاڵی دەبینی.

کچەکان سەرقاڵ بون کە زەنگی دەرگا لێدرا. فاگمەو فەرزاد بون.

- سڵاو باشی؟ بەخێرهاتی پورزا.

- سڵاو مەمنون! ئێوەش بەخێرهاتن پورزا.

پوریای لەباوەش گرت و ماچی کرد:

- وەرە ئەزیزی پورێ. ماشاالله بویتە پیاو.

- من بەم فەرزادەم وت ئەگەر ڤێلاکە تەواو ببێت، مەگەر لەخەودا فەرزانە خانم گەورەمان بکات و بێتە لامان.

- فاگمە گیان تۆش چی دەڵێیت! ئەو کاتەی کە ڤێلاکە نەبوو دادە فەرزانە هەموو ڕۆژێک لەماڵی ئێمە بووا فەرزاد بوو کە ئەمەی دەوت. پوریاش لەو نێوەدا ئاگری گرت.

- ئەسڵەن پورێ گیان منی خۆش ناوێت. هەمویان پەریایان خۆش دەوێت. کوڕی نی یە کە بێت لەگەڵ مندا یاری بکات.

- خوایە بەقوربانی شیرین زمانیت بم. چیبکەم کە کوڕم نی یەو بێت لەگەڵ تۆدا یاری بکات! خۆم یاریت لەگەڵ دەکەم ئەزیزی پورێ.

فەرزاد داوای مۆڵەتی کرد بۆ ئەوەی منالەکان بەشاردا بگێڕێت هەتا فاگمەو فەرزانە تەنها بمێننەوەو بەرنامەکانی ئاهەنگەکە هەماهەنگ بکەن. کچەکان هەمویان بەخۆشحاڵییەوە ئامادە بون بۆ ئەوەی لەگەڵ خاڵە فەرزاد بڕۆنە دەرەوە بەڵام پورە لەیلا داوای لێبوردنی کردو هەرچەند ئەوان تکایان لێکرد، نەڕۆشت لەگەڵیاندا.

- پورێ تو خوا وەرە ئیتر سەرمان مەیەشێنە. بەخوا ئەگەر بێیت خۆش دەگوزەرێت.

- دەزانم خۆش دەگوزەرێت، ئێوە بڕۆن ئێمە کارمان هەیە بەناخێری خوشکی زاوام منیش.

هەم فەرزانەو هەم فاگمەش قسەکەیان پشتڕاستکردەوە. منالەکانیش ڕازبون و ڕۆشتن. دوای ڕۆشتنی ئەوان فەرزانە پرسیی:

- باشە ئێستا بڵێ بۆچی لەگەڵیاندا نەڕۆشتی خوشکە چکۆلەکەی من؟

- ئاخر خۆ ئۆتۆمبێلەکەی کاکە فەرزاد مینی بوس نی یە، ئەم هەموو خەڵکە جێگای نەدەبویەوە.

دوای کەمێک وەستان بەشەرمەوە سەری داخست و بەردەوام بوو:

- دوای ئەوەش کاکە فەرزاد هەر دەبێت لەباوەشم بگرێت و سەرم بخات و دامبەزێنێت. شەرمەزار دەبم ڕاستیەکەی زیاتر لەبەرئەوە بوو.

فاگمە بەگرژییەوە وتی:

- لەیلا گیان ئەمە چ قسەیەکە؟ بەخوا ئەگەر براکەت بزانێت زۆر ناڕەحەت دەبێت.

- واز لەو قسانە بهێنن. ئێستا وەرن بابزانین چی بکەین بۆ ئاهەنگەکە.

- دادە ئەگەر ئیجازە بدەن من بڕۆم کەمێک پشوو بدەم.

- نابێت، دەبێت تۆش بۆچونێکت هەبێت خوشکی زاوا. خۆ بێگانە نیت.

- قسەی خوشکەکەت ڕاستە، کەمێک دانیشە ئەزیزم تەمەنێکە ڕاکشاویت و پشوت داوە.

- ڕاستیەکەی ئەم زاوا هەڵاتووە لەکوێیە؟

فاگمە چاوێکی لە لەیلا داگرت و وتی:

- ئەگەر بینیتان سڵاوی ئێمەشی پێبگەیەنن. ئەو ڕۆژانە دوای کار یەکسەر دەهاتەوە بۆ ماڵی ئێمە، ئێستا ئیتر براو براژن کێن؟ مەگەر دەست لەماڵی مامە حەمید هەڵدەگرێت؟

- توخوا وا مەڵێ! براکەم خەریکە کاری ئاهەنگەکە لەگەڵ براژنە مەهنازدا هەماهەنگ دەکات.

- ڕاست دەکات لەیلا. کچی هەژار هەموان وەک تۆ نابن و ئاهێکی

لەناخی دڵەوە کێشا.

- مەگەر من چیمە فەرزانە خانم!؟ سوپاسی خوا دەکەم هەر کەسەو چارەنوسێکی هەیەو منیش ڕازیم.

فەرزانە کە زانیی بێ ئاگایانە خەریکە بارودۆخ تێک دەچێت، قسەکانی بردەوە بۆ لای خواردنی ئێوارە:

- یەکەمجار بڕۆین خواردنی ئێوارە دروستبکەین ئەگەرنا وەکو گورگی برسی دێن و خۆمان دەخۆن.

یەک دوو کاتژمێرێک بەدەم ئامادەکردنی خواردنی ئێوارەوە لەبارەی کارەکان و داب و نەریتەکانەوە قسەیان کرد. کە کارەکانیان تەواو کرد هەواڵی مناڵەکان نەبوو. فەرزانە داوای لێکردن هەتا هاتنەوەی ئەوان بڕۆن بۆ کەناری دەریا.

نیگای فەرزانە هەر بەو شێوەیەی پاڵی بەعەرەبانەکەی لەیلاوە دەنا لەگەڵ فراوانی دەریادا ئاوێزان بوو، دڵی فراوان بوو. لەساتەکانی شادیدا، خەمێکی گەورە لەدڵیدا پشکۆی دەکرد.

غروبی پرتەقاڵی وردە وردە جێگای خۆی بەڕەنگی خۆڵەمێشی شەو دەگۆڕی و شەوێکی بەویقار هەروەک نەوبوکان بەشەرمەوە ئارام ئارام دەهات بۆ ژوری نوستنی مەعشوقەکەی خۆی.

هەریەکێکیان بەناو شەپۆلەکانی دەریاو گەورەیی خوادا ڕۆچوبون کە بەدەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکەی فەرزاد لایانکردەوە.

- سڵاو، ئێمەتان ناردە دەرەوەو خۆشتان هاتن بۆ ئێرە.

- سڵاو دایە نازانیت چەندە خۆش تێپەڕی...

-وای دایە ڕۆشتین ئەسپێکمان بینی...

- نازانیت پورێ، چ بەستەنیەکی خۆشبوو...



Scanned with CamScanner

ئەداو پەریاو پوریا دەوری فەرزانەیان گرتبوو هەریەکەیان خەریکبون بەپەلەو بەدەنگی بەرز قسەیان بۆ دەکردن. هەدیەو هوداش لەکەناری پورە لەیلا بوون. هەتا فاگمە وتی:

- بابە گیان ئارامتر باپورێ تێبگات چی دەڵێن!

فەرزاد کە بینیی منداڵەکان واز ناهێنن وتی:

- خەتای ئەوان نی یە ئەوەندە درەنگ یەکتری دەبینن، کەیەکیان بینی بەم شێوەیە دەبن. دەنگوباسی بەهرام؟ سەیرە هێشتا نەهاتووە! ئاخر تەلەفۆنی کرد وتی دێت فەرزانەو منداڵەکان ببینێت.

- نا نەهاتووە ئەگەر بهاتایە سەیر دەبوو. مەگەر لەبیرت کردووە کە لەکاتی هاوسەرگیری خۆماندا تۆ بە زۆریش نەدەچویتە دەرەوە لەماڵی ئێمە.

فەرزاد ئاهێکی کێشاو وتی:

- جیاواز بوو ئەوکات. خۆشت دەزانیت. من لەبەر هاوسەرگیریەکەمان یەک تەمەن شەرمەندەو قەرزاری تۆم.

- ئەڵێی لەبیرت کرد پیاوەکە؟ خۆم ئەو بارودۆخەم قەبوڵکرد، پەشیمانیش نیم. ئەگەر تۆش حەزت لەزاوایەتی لەمجۆرە بوایە...

- فاگمە بەخوا تۆ یەک فریشتەیت. باشە ئێستا خوشکەکانی من چییان دەوت؟ ئەو بەستەنیانە بگرە هەتا نەتواونەتەوە بیانخۆن.

- وەڵلا ئەم دوانە دەتوت دەریایان نەبینیوە. بەشێوەیەک نوغرۆی شەپۆلەکانی دەریا بوبن کە لەبیرمان کرد قسەش بکەین.

گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەوروبەری ڤێلاکە نەیتوانی هیچ لەجوانی مانگی چواردە کەم بکاتەوە. بەستەنیەکان لەژێر ڕوناکی مانگدا بەتامتر دەهاتنە بەرچاوو شیرینتر دەبون.



Scanned with CamScanner

هەتا خواردنی ئێوارەیان ئامادەکرد، فەرزاد ڕۆشت بۆ ئەوەی بابەو ڕوباب خانمیش بهێنێت. فەرزانەو فاگمە هەموو کارەکانیان ئەنجامداو سفرەیان ڕاخست. ڕوباب خانم لەسەر سفرەکە لەلای لەیلادا دانیشت و لە نانخواردندا یارمەتیی دەدا. کاتێک نان خواردن تەواو بوو، ئەویش لەشتنی قاپەکاندا یارمەتیدان. هێشتا کچەکان خەریکی قسە کردن بون کە کام شەو چ جلێک بپۆشن و بەئەنجام نەگەشتبون.

پوریاو پەریاو نەداش لەهۆڵی دانیشتن بۆ خۆیان شارۆچکەیەکیان لەماڵی بچوک و بەرزو ئۆتۆمبێلگەلی بچوک و گەورە بەو لۆگۆیانەی کە پوریا هێنابونی دروستکردبوو سەرقاڵی ئەندازیاری و گۆڕینی ماڵەکان بون.

دوای تەواوبونی کارەکان گەورەکان ڕۆشتن بۆ حەوشەو لەژێر کەپرێکی جواندا دانیشتن کە بەفەرشێکی جوان پڕ فەرشکرابوو. گڵۆپێک کە هاوشێوەی چرابوو بەڕوناکیە ڕەنگاوڕەنگ و کزەکەی ناو کەپرەکەی زیاتر خەیاڵی کردبوو. فاگمهش بەسینیە چایەکەوە هات و لەلایاندا دانیشت. لەناکاوێکدا بیرێک لەزهنی فەرزانەدا بروسکەیدا خۆزگە دایەو پەری...

زەنگی تەلەفۆنەکەی بەرز بویەوە. لەپشتی تەلەفۆنەکەوە دەنگێک بەمەزڵومیەوە وتی:

- سڵاو خانم ئەندازیار، ڕۆشتی بۆ لای خزم و کەسەکانت و ئیتر ئێمەت لەبیر نەما.

- سڵاو چۆنی سیاوەش؟ بەخوا ئەوەندە سەرقاڵ بوین کە لەبیرم کرد تەلەفۆن بکەم. دەنگوباس دایە گیان کەی دێت بۆ تاران؟

- هەواڵی سەلامەتی. بڕیارە سبەی لەگەڵ ڕازیە بێت. ئەڵبەتە سەرەتا وتی ئەگەر فەرزانە مۆڵەت بدات باشتر وایە نەیەم. منیش وتم ئاهەنگی

بەهرامە ئەگەر نەڕۆیت دەبێت دوایی خۆت وەڵامی بوکەکەت بدەیتەوە، ئەویش ڕازیبوو.

دەستت خۆش بێت، لەدنیادا یەک خەسوم هەیە. ئەگەر ئەویش نەیەت بۆ ئاهەنگەکە چی بکەین. ئێستا کەی دێن بۆ باکور؟

- یان سێ شەممە شەوەکەی دەکەوینە ڕێ یان چوارشەممە بەیانیەکەی. ئێوە شتێکتان پێویست نی یە کە بیهێنم؟

- نا زۆر سوپاس بەڵام ئەگەر بەیانی مەجالت هەبوو سەرێک بدە لەشیرکەت، نەوەک کارێک نەکرابێت.

- بەچاوان، حەتمەن. کچەکان لەکوێن؟ نەدای نامەرد نایەوێت قسەم لەگەڵ بکات؟

- کچەکان ئەوەندە سەرقاڵن کە لەبیریان کردووە دایەو بابەیان هەیەو دەنگی نزمتر کردەوەو وتی:

- من پێم دەوتی دڵیان پێ مەبەستە، هەر من لەبیری تۆدام. لەبەرئەوە بەتەمای وەفای منالّ مەبە!

- ژنێکی چەندە بەوەفا، تەلەفۆنی کردو لەبیری مندا بوو. کێشە نی یە ئێوە خۆشبن سڵاوم بەهەموان بگەیەنە.

- بەچاوان ئەمانیش هەمویان سڵاویان هەیە. سبەی پێش نیوەڕۆ تەلەفۆن دەکەم. خواحافیز.

- خوا حافیز.

- بوەستە، بوەستە. ڕاستیەکەی نانت خواردووە؟ چێشتم لەسەلاجەکەدا بۆ داناویت.

- بەڵێ دەستت خۆش بێت. سکی برسی پێویستی بەتەعاروف نی یە ئەویش کاتێک کە چێشتەکە دەستبوختی ژنی ئەو کەسە بێت.

- سوپاس، نۆشی گیانت.
- ئاگات لەخۆت و منداڵەکان بێت.
- بەچاوان، خواحافیز.

تەلەفۆنەکەی داخست. ئیحساسی دەکرد خۆشبەختیەکەی کامڵە. لەکەناری خانەوادەدا، منداڵەکان بەشادییەوە سەرقاڵی یاری و گفتوگۆ بون. سیاوەشیش لەهەموو کارەکاندا پشت و پەنای بوو. بینیی کە ناشوکرییە ئەم هەموو نیعمەتەی خوا نادیدە بگرێت و بەیادەوەری تاڵی دایەو پەری خۆشی هەموان و خۆیشی بکاتە زەهر.

ئەو شەوە لەهەر دەردێک قسەیان کردو دەردە دڵیانکرد. وردە وردە بابەو باوەژن و فەرزاد ئامادەی ڕۆشتن بوبون کە زەنگی دەرگاکە لێیدا. فەرزانە دڵی ڕاچڵەکی. فەرزاد ڕۆشت بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە. بەدەنگی پێکەنینی بەهرام و مامە سەعید مامی مەهناز دڵی ئارام بویەوە.

دوای سڵاوو هەواڵپرسین، مامە سەعید هاتبوو بۆ ئەوەی دەعوەتیان بکات بۆ ڕۆشتن بۆ هاوینەهەوارەکەیان. لەکۆتاییدا دوای ماوەیەکی زۆر تەعاروف و پێداگری بابە، فەرزانە تەسلیم بوو بڕیاردرا هەموویان لەبەیانی زووەوە میوانی مامە سەعید بن. هەرچەند بابەو فەرزاد داوای لێبوردنیان کرد، بڕیاردرا فەرزانەو منداڵەکان بەیانی زوو بڕۆن بۆ ئەوێ و بابەو ئەوانی تریش بۆ نانی نیوەڕۆ بڕۆن. بەیانی دوای نوێژ ئامادەبون و گوێیان لەداوای لێبوردن و بیانوەکانی لەیلا نەگرت. کچەکان کەلوپەلەکانیان خستە ناو ئۆتۆمبێلەکەوەو بەرەو هاوینە هەوارەکە بەڕێکەوتن.

لەڕێگادا نەسیمی بەیانی بەشێوەیەک ڕوخساری نەوازش دەکردن کە خەوەکەیان زڕا. تەنانەت نەداش کە بەنوزە نوز بەخەبەرهاتبوو، بەناو دیمەنە جوانەکانی جەنگەڵدا ڕۆچوبوو. کە گەشتنە بەرزترین

شوێنی شاخەکە، خانەوادەی مامە سەعیدیان بینیی کە چاوەڕوانیان بون. بەرچاییان ئامادەکردبوو. بۆنی داری ئاگردانەکە زیاتر ئەوێی خەیاڵاوی کردبوو. مامەو ئامۆژن بەڕویەکی خۆشەوە هاتن بۆ پێشوازییان. کوڕە مامەکانیش یارمەتییان دان و لەیلایان دابەزاند. چ بەیانیەکی دڵگیر.

خۆر تازە دەستیکردبوو بەتیشک ناردن کە سفرەی بەیانییان کۆکردەوەو مامە ڕۆشت بەرەو لادێ. فەرزانە لەگەڵ ئامۆژندا دەستیکرد بەقسە کردن. کچەکان ڕۆچوبونە ناو جوانیی سروشت. داوایان لەدایە کرد کە لەگەڵ لەیلا کەمێک بەو دەوروبەرەدا بسوڕێنەوە. فەرزانە وتی:

- باشە بڕۆن بەڵام ئاگاتان لەنەدا بێت.

- بەچاوان دایە.

کە کەمێک لەدایکیان دور کەوتنەوە لەسەرەوە سەیری خوارەوەی شاخەکەیان کرد. هەدیە وتی:

- هودا کەمێک عەرەبانەکەی پورێ بهێنە پێشەوە بۆ ئەوەی ببینێت ئەو خوارە هەموی هەورە. زەوی لەکوێیە؟

لەیلا کە ئێستا هودا ئەوی کەمێک زیاتر هێنابویە پێشەوە وتی:

- پێم وایە ئێرە بەهەشتی خوایە. من هەتا ئێستا نەهاتبوم بۆ ئێرە. بەڵام بیستومە هەرکەس بڕوات لەو ئیمامزادەیە نوێژ بکات، بەئاوات دەگات. بەدەستی گومەزێکی بچوکی نیشان دان کە لەسەر گردەکەی بەرامبەریاندا بوو.

هودا وتی:

- باشە بابەیەکەوە بڕۆین. هەم تۆ شیفا وەردەگریت و هەم هەدیەش لەزانکۆ وەردەگیرێت.

لەیلا زەردەخەیەکی کردو وتی:



Scanned with CamScanner

- هودا خانم سەیری ئەوێ بکە. بەڕای تۆ بەعەرەبانە چۆن دەتوانیت بڕۆیتە سەرەوە؟

هودا غەمگین بوو. هەدیە لەجێگای ئەو وەڵامی دایەوە:

- پورێ بەخوا لەکۆڵت دەگرم مەگەر چەند هەنگاوە؟ خۆم دەتبەمە سەرەوە.

هوداش وتی:

- منیش بۆ کاتی هاتنەوە دەتهێنمەوە خـوارەوە. ئەسڵەن بۆچی عەرەبانە ببەین.

فەرزانە کە لایکردەوە کچەکانی نەبینی. کە عەرەبانە خاڵیەکەی لەیلای بینی دڵی ڕاچڵەکی. بەحەپەساویەوە هەستایەوەو هەردوو دەستی کێشا بەسەر خۆیدا.

- یا ئەڵڵا مناڵەکان لەکوێن. قوڕبەسەرم!

ئیحسان بەزەردەخەنەوە وتی:

ئامۆزا نیگەران مەبە. کچەکان لەیلایان گرتە کۆڵ و ڕۆشتن بۆ ئیمامزادە. ئاگام لێیە.

فەرزانە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو لەژێر لێوەوە شتێکی وت و دانیشت.

کە مناڵەکان گەڕانەوە مامە سەعیدیش بەقەساب و مەڕێکەوە هاتەوەو لەبەر پێی ئەواندا سەری بڕی. ئەو ڕۆژە زۆر بەخۆشی لەمناڵەکان تێپەڕی. ئەوەندە ڕۆشتبون بۆ گەڕان و بەخۆشی ڕایان بواردبوو کە لە ماندویێتیدا هەریەکەیان لەگۆشەیەکدا بێ هۆش کەوتن و نوستن.

لەیلا بەتەنها ڕۆشتبووە ژورەکە. دوای ئەوەی کە فەرزانە کەلوپەلی مناڵەکانی ڕێک و پێک کرد، ڕۆشت بۆ لای لەیلا:

- چی یە؟ لەگەڵ خۆتدا خەڵوەتت کردووە؟

- دادە دەمەوێت دان بەشتێکدا بنێم. پاشان فرمێسەکانیی سڕی.

- ئێمە بیستومانە تاوانبارەکان دان بەتاواندا دەنێن نەک بێ تاوانەکان، بەقوربانی فرمێسکەکانت بم. لەکەناری عەرەبانەکەدا دانیشت و دەستی خوشکەکەی گرت. هەرگیز ئەوەندەی ئێستا خۆی بەنزیکی ئەو نەبینیبوو.

- بڵێ ئەزیزم. دەتەوێت چی بڵێیت؟

- من هەمیشە پێم وابوو کە بەدبەختترین مرۆڤی سەر ڕوی زەویم. ئەوە بارودۆخی باوکمە کە دەیبینی، ئەوەش بارودۆخی دایکمە. لەو کاتەوەی کە لەبیرمە خاڵم هەمیشە دڵی ئەوو دایە گەورەی دەکردە خوێن. لەبارەی خاڵۆژن و کچەکەی خاڵم و ئەو گریان و خەم و لێدانانەی خاڵم کە لەوانی دەدا هەموو شتێکم لەبیرە. دوای ئەوەی کە خاڵم خرایە زیندان، دایکم و دایە گەورەم کەمێک لەدەستی ڕەحەت بون. خاڵۆژن تەڵاقی وەرگرت و مناڵەکانی بردو ڕۆشت. دایە گەورەی داماویشم دیقی کردو مرد. منی کەمئەندامیش بومە تەنها هاودەمی دایکم. منیش مامەوەو ئەو خوشک و برایانانەی کە هەمیشە حەسرەتی بینینیانم دەکێشا. بەڵام ئەمڕۆ پێم وایە خۆشبەختترین مرۆڤی سەر ڕوی زەویم چونکە ئێوەم هەیە، ئیتر نامەوێت خەمی ئەوە بخۆم کە بۆچی هەتا پار ساڵ بابە لەگەڵ ئێوەدا بەو شێوەیە ڕەفتاری دەکرد...

زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا. فەرزانە وتی:

- لێیگەڕێ. باشە بڵێ ئەزیزم.

- دادە لەوانەیە دایە یان بابە بن تەلەفۆنەکە هەڵگرە.

هەرکەس بێت دوبارە تەلەفۆن دەکاتەوە. تۆ قسەکانت بکە بەقوربانی دەردە دڵەکانی خوشکی خۆم بم.

- بەڵێ دەمەوێت سوپاسی خوا بکەم کە لەکۆتاییدا ڕۆژێک هات کە دایە بەهۆی ڕەفتاری خوشک و براکانمەوە بابە سەرزەنش ناکات و دەزانم ئیتر بابە توانج لەدایکم نادات بەوەی کە ئەوی بۆ ئەوە هێنا کە خزمەتکاری منداڵەکانی بێت، نەیدەزانی دەبێتە بکوژیان.

دوبارە زەنگی تەلەفۆنەکە ماڵەکەی پڕکرد. وەک ئەوەی کە فەرزانە تەحەمولی بیستنی ئەم حەقیقەتانەی نەبوو، هەستایەوەو ڕۆشت تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

- سڵاو چەند سەیرە وەڵامت دایەوە!

- سڵاو ببورە سیاوەش خەریکبوم لەگەڵ لەیلا قسەم دەکرد، کە لەهاوینەهەوارەکە هاتینەوە منداڵەکان نوستن.

- ئەزیزم بڕیاربو تۆ پێش نیوەڕۆ تەلەفۆن بکەیت، هەزار بیرو گومان هات بەمێشکمدا. تەلەفۆنم بۆ فەرزاد کرد کە تەلەفۆنەکەت هەڵنەدەگرت تەلەفۆنم بۆ بابەش کرد وتی لەڤێلاکەن. ناڵێیت من نیگەران دەبم؟

- توخوا ببورە. دوێنێ شەو مامە سەعید هات دەعوەتی کردین ڕۆشتین بۆ هەوار، جێگات خاڵی. لەوێ شەبەکە نی یەو دوای ئەوەش...

- بەڵێ دواتریش ئەوەندە خۆش لێتان تێپەڕیوە کە لەبیرتان کردووە من لێرە نیگەرانتانم.

- خۆ وتم ببورە، ئێستا با گلەییەکان بمێنن بۆ دوایی. دایە گیان و ڕازیە خانم هاتن؟

- بەڵێ بەیانی هاتن. ئەمشەو بۆ نانی ئێوارە لەماڵی کوڕەخاڵەکەم ئەبین. ئەوانم برد بۆ ئەوێ، ئێستاش هاتوم پێڵاو بۆ خۆم بکڕم.

- باشە لەسەر خێر. ئەی بەیانی ڕۆشتی بۆ شیرکەت؟

- نا کاتم نەبوو. ئەگەر خوا بیەوێت سبەی دەڕۆم.

- باشە بەڵام بەباشی خزمەتی دایەو ئەوان بکە. بەڕازیە بڵێ کە هەموو شت لەفریزەرەکەدا هەیە. زەحمەت بکێشێت و خواردن دروستبکات. لەکاتی هاتنیشتاندا ئاگاتان لەخۆتان بێت. شەو تەلەفۆن دەکەم بۆ دایە.
- باشە بەچاوان. فەرمانی ترت نی یە؟
- ببورە ئیتر.
- خوا حافیز. ئاگات لەخۆت و منداڵەکان بێت.
- بەچاوان. خوا ئاگاداری ئێوەش بێت.

ڕۆژی دواتر هێشتا منداڵەکان نوستبون کە فەرزانە ڕۆشت بۆ دووشەممە بازاڕ بۆ ئەوەی هەندێک شت بکڕێت بۆ ماڵەوە. جانتاکەی لەشانی و پاکەتە پڕ میوەو سەوزییەکانیش بەدەستیەوە بوون. چاوی بەماسی یە تازەکان کەوت کە هەر بینەرێکیان دەخستە سەر ئارەزوی کڕینیان. پولەکە زیویەکانیان لەژێر ڕوناکی خۆرەکەدا وەکو ئەڵماس دەدرەوشانەوە. هەربەو شێوەیەی هێشتا خەریکی کڕین بوو، کەسێک لەتەنیشتیدا باوەشی پێداکردوو ماچی کرد. ژنەکەی مامە ڕەحیم بوو. دوای هەواڵپرسییەکی زۆر، ئامۆژن دەستیکرد بەگلەیی کردن.

- کێشە نی یە فەرزانە گیان. من دەبێت لەم و لەو ببیستم کە تۆ هاتویت و ڕۆشتویشی بۆ هاوینەهەواری ماڵی سەعید ئاغا بەڵام هەواڵێکی مام و مامۆژنت ناپرسیی.
- باوەڕ بکە ئامۆژن ئەمڕۆ بڕیاربوو بێم، هەم سەر لەئێوە بدەم و هەم سەر لەپورە هاجەریش بدەم. مامم چۆنە؟ حاڵی باشە؟
- الحمدالله. خراپ نی یە.
- فەرنوش خانمیش بەسەلامەتی منداڵەکەی بوو. لەسەر خێر بێت.
- سەلامەت بێت دوێنێ ناردمەوە بۆ ماڵی خەسوی بۆ ئەوەی بتوانم

بێم بۆ ئاهەنگەکەی بەهرام.

- دەستت خۆش بێت. ئێستا چیت دەوێت بیکرە بابتگەیەنمەوە.

- ڤێلاکەشتان پیرۆز بێت بەدڵی خۆش. یەک دوو مانگێک لەمەو پێش کاتێک کەلوپەلەکانیان هێنان لەبەرخۆمەوە وتم ئیتر فەرزانە خانم بۆ هەواڵ پرسینێکیش نایەت بۆ لامان.

- ئەمە چ قسەیەکە ئامۆژن؟ شتەکانت بکرەو بەیەکەوە دەڕۆینەوە بۆ ماڵی ئێوەو مامەشم دەبینم.

- ئەگەر هەر خۆت بێیت خۆشحاڵ دەبم بەڵام لەگەڵ فەرەیدون هاتوم و چاوەڕوانمە. ئاخر ئەندازیارو مناڵەکانی لەتارانەوە هاتون. مناڵەکانی ئەویش ئەگەر بۆ بەیانیان ماسییان پێبدەیت هەر تێر نابن. چیبکەم کە کوڕەکەی منیش ڕۆشت و ژنی هێنا. ئەوەندەی نەماوە ببێتە خەسو، هێشتا نازانێت یەک خواردن دروست بکات و بەباشی لێی بنێت.

- لێیگەڕێ ئامۆژن، دەبێتە غەیبەت. انشاالله کە خوا هەمومان عاقیبەت خێر بکات.

- ئای خوایە ئەمەش بەختی من بوو. کچەباشەکانی خۆمان بەنسیبی غەریبەکان بون و...

فەرزانە کە هیچ کاتێک پێی خۆش نەبو بیر لەم بابەتانە بکاتەوە یان لەو بارەیەوە قسە بکات، خێرا پارەی ماسیەکەی داو بەبیانوی ئەوەی کە ئۆتۆمبێلەکەی لەجێگایەکی نەگونجاودا وەستاندووە، خوا حافیزی کردو ڕۆشت، پێش ڕۆشتنەوەش بۆ ماڵەوە سەرێکی دا لەماڵی پورە هاجەر.

ڕۆژی چوار شەممە بەیانیەکەی تەلەفۆنێکی کرد بۆ ئیدارەکەی سیاوەش. لەجیاتی سیاوەش هاوکارەکەی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

- سڵاو فەرمون؟

- سڵاو باشن ئاغای کەرەمی؟ ببورن کە بێزارم کردن. دەتوانم قسە لەگەڵ ئاغای ناصریدا بکەم؟

- ئێوە؟ ببورە خانم ئەندازیار ئێوەن؟ باشن سەلامەتن؟

- سوپاس ئێوە چۆنن؟ نیگار خانم باشە؟ نگین و نیما باشن؟

- سوپاس بۆ خوا هەمویان باشن. ڕێزیان لەخزمەتدا. ڕاستیەکەی نزیکەی کاتژمێرێک لەمەو پێش خوشکەکەی تەلەفۆنی کردو ئاغای ناصریش وتی دەڕۆن بۆ ئاراک.

- ئاراک نا باکور. بڕیارە لەگەڵ دایکی و خوشکەکەیدا بێن.

ئاغای کەرەمی بەسەرسوڕمانەوە پرسیی:

- باکور؟

- انشاالله نوخشە بێت لەمناڵەکانی ئێوەش، ئاهەنگی براکەمە لەگەڵ دایک و خوشکەکەیدا دێن بۆ ئێرە.

- انشاالله پیرۆزیان بێت. ببورە من بەهەڵە تێگەشتم.

- ببورە کە بێزارم کردیت، سڵاوی زۆرم هەیە بۆ خانم.

تەلەفۆنەکەی داخست و بەدەنگی بەرز وتی:

- هەدیە، هودا کەلوپەلەکانتان بەخێرایی کۆبکەنەوە. دەبێت بڕۆین بۆ ماڵی بابە گەورە. ناکرێت لەکاتی خەنەبەندان خەڵکی تر بێت و ئێمەش هەر ئەو کاتە بڕۆین. کچەکان وەڵامیان دایەوە:

- بەچاوان دایە.

هەدیە پرسیی:

- دایە شەو درەنگ دەگەڕێینەوە یان هەموو کەلوپەلەکانمان بهێنین؟

- شەو درەنگێ دەگەڕێینەوەو بەیانی زوو دوبارە دەڕۆینەوە. خۆشی زۆر پێی خۆشنەبوو کە لەماڵی بابە بمێنێتەوەو لەوێ بنوێت. لەیلا وتی:

- دادە ئەگەر مۆڵەت بدەیت من ئیتر کەلوپەلەکانم ببەمەوەو بەیەکجاری بڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆمان.

- چی یە؟ کچەکان ماندویان کردی؟ باشە ئەزیزم تۆ کەلوپەلەکانت بهێنەرەوە. هودا پرسیی:

- کراس و قاتەکەی بابەش بهێنین؟

- بەڵێ کچم لەوانەیە یەکسەر بێت بۆ ئەوێ.

لەکاتژمێر شەش تێپەڕیبوو بەڵام هیچ هەواڵێک لەسیاوەش نەبوو. چەند جارێک تەلەفۆنیشی کردبوو بۆ ماڵەوە بەڵام هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتبوو. کە تەلەفۆنی بۆ مۆبایلەکەشی دەکرد بەردەست نەبوو. ڕێگاکە لەچوار کاتژمێر زیاتر نەبوو. وردە وردە دڵەڕاوکێ و گومان دڵی دادەگرت. دوای ماوەیەک بەخۆیی وت بەدڵنیاییەوە لەبەرئەوەی کە چوارشەممەیەو گەشتیارانی باکور زۆرن جادەکە قەرەباڵخەو خەریکبویەوە بەکاری خۆیەوە.

کە لەکاتژمێر نۆی شەو تێپەڕی بەتەواوی نیگەران بوو. ئەمجار تەلەفۆنی کرد بۆ مۆبایلەکەی و دوای چەند زەنگ لێدان لەکۆتاییدا وەڵامی دایەوە. بەبێ سڵاوکردن بەناڕەحەتی و توڕەییەوە وتی:

- خۆ تۆ منت کوشت. لەکوێنبوی کە شەبەکە نەبوو؟ کەی دەگەن؟

- سەرەتا سڵاو خانم. خۆ ئێمە هێشتا نەکەوتوینەتە ڕێ هەتا تۆ نیگەران ببیت.

- چی؟ نەکەوتونەتە ڕێ؟ نەکا لەبیرت کردبێت کە ئەمشەو خەنەبەندانە. چۆن نەکەوتونەتە ڕێ، لێرە هەموان هەواڵتان دەپرسن.

- بوەستە خانم بۆت ڕون دەکەمەوە.

- چ ڕونکردنەوەیەک؟ تۆ هێشتا نەکەوتویتە ڕێ کەی دەگەیت؟



Scanned with CamScanner

- تۆ ناهێڵیت بیڵێم. دوێنێ ڕازیە دایکمی بردبو بۆ لای پزیشکی چاو. پزیشکەکە وتبوی هەتا زووە پێویستە نەشتەرگەری ئاوی سپی بۆ بکرێت. زۆریشی بەسەردا تێپەڕیوە.

- باشە. کاتتان بگرتایەو شەممە نەشتەرگەریتان بۆ بکردایە.

- منیش هەر وام وت بەڵام خۆ دایکم دەناسیت، وتی هەر دەبێت سبەی نەشتەرگەریم بۆ بکەن، ئەگەرنا کوێر دەبم و گیرم بەدەستەوە دەخۆن.

- چی دەڵێیت تێناگەم، مەگەر دوو سێ ڕۆژ دواکەوتن مرۆڤ کوێر دەکات؟ خۆ بەیانی بەئاغای کەرەمیت وتووە دەڕۆم بۆ ئاراک دواتریش وتی باکور.

- تۆ تەلەفۆنت کرد بۆ ئاغای کەرەمی؟ ئاخر سەرەتا بڕیاربوو دایەو ڕازیە بنێرم بۆ ئاراک و لەوێ نەشتەرگەری بۆ بکرێت. دواتر بڕیارەکە گۆڕرا، لەنەخۆشخانە بوین و مۆبایلەکەم شەبەکەی نەبوو.

- باشە کێشە نی یە، لەهەموو تەمەنمدا یەکجار ڕەنگی خۆشیم بینی. تۆ نەتتوانی دایکت ڕازی بکەیت کە دوو سێ ڕۆژ بوەستێت؟!

- بەڵام فەرزانە گیان نەمدەتوانی بەتەنها بەجێی بهێڵم. فەرزانە بەدڵشکاوی و ناڕەحەتی وتی:

- بەڵام دەتتوانی من بەتەنها بەجێ بهێڵیت؟ ٣٠٠ خوشک و برات هەیە چی دەبوو ئەگەر یەکێکیان بهاتایە کارەکانیی بکردایەو تۆ بهاتیتایە بۆ باکور؟ سیاوەش بەحاڵەتێکی پڕ لەخەمەوە ئاهێکی لەناخی دڵەوە کێشاو وتی:

- باوەڕ بکە ناچاربوم. کاتێک هاتیتەوە خۆت تێدەگەیت. خۆ ئەمان هاتبون هەتا لەگەڵ مندا بێن بۆ ئاهەنگەکە.

- کێشە نی یە لەدنیادا خۆشی بۆ من نەهاتووە. سڵاوم بگەیەنە بەدایکت پێی بڵێ لەبیرت بێت هەمیشە لەخەم و پرسەی ئێمەدا بەشداریت کرد. ئارەزوم ئەوەبوو کە یەکجار خەسوم لەشادییەکانمدا بێت و بەناڕەحەتی و تووڕەییەوە وتی:

- کارێکت نی یە؟ خوا حافیز.

- فەرزانە گیان ئاگات لەخۆت و منداڵەکان بێت و بەناوی منەوە، بەڵام فەرزانە تەلەفۆنەکەی داخستبوو قسەکانی تری ئەوی نەبیست.

هەموان هەواڵی سیاوەشیان دەپرسی و فەرزانەش لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لێی تووڕە بوو، هۆکاری نەهاتنەکەی ڕون دەکردەوە. لەلایەکی تریشەوە ژنەکەی فەرهاد هەروەک کچێکی بچوکی نۆزدە ساڵان بەو حەسادەتەی کە لەبەرامبەر فەرزانەدا هەیبوو زیاتر ئەوی بێزار کردبوو هەرچەند کە فەرزانە ڕێزی لێ دەنا بەڵام ئەو بەچاوی دوژمنێک و بەتانەو توانجەوە وەڵامی دەدایەوە.

بەتەواوی لەدەستی سیاوەش تووڕە بوو. بەڵام بەپێداگری بابەو فەرزاد شەو درەنگێک تەلەفۆنی کردەوە بۆ سیاوەش و بەساردییەکەوە پێی وت:

- من ناڵێم. چون ئەگەر خۆت بتزانیایە دەبوو بهاتیتایە. بابەو ئەوان دەڵێن بۆ ئاهەنگی هۆڵەکە خۆت بگەیەنە.

- فەرزانە گیان تۆ خۆت باشتر لەهەر کەسێک دەزانیت کە من بەهرامم ئەگەر لە منداڵەکانم خۆش نەوێت، کەمتریش خۆشم ناوێت. باوەڕبکە ئەسڵەن ناکرێت بێم، کە هاتیتەوە بۆت ڕون دەکەمەوە.

لەکۆتاییدا شەوی ئاهەنگەکەی بەهرام هاتە پێشەوە. هەموان لەوێ بون بەڵام سیاوەش لەوێ نەبوو. دوای تەواوبونی ئاهەنگەکە، فەرهاد بۆ پیرۆزبایی کردن لەبوک و زاوا هاتە ماڵی مامی و ڕویکردە فەرزانەو بەبێ

ئەوەی ڕاستەوخۆ سەیری بکات، وتی:

- پیرۆزیان بێت ئامۆزا، انشاالله ئاهەنگی کچەکانیشت ببینین ئەڵبەتە ئەگەر دەعوەتمان بکەیت.

- فەرزانە بەڕق و ناڕەحەتییەوە وتی:

- دەعوەتتان دەکەین ئەگەر ئێوە بەقابیلی بزانن و پەشیمان نەبنەوە.

فەرهاد لەم وەڵامە خێرایەی فەرزانە سەری سوڕما. لەگەڵ ئەوەشدا دیسانەوە پرسیی:

- ئاغا سیاوەش نابینم.

- ئەو کاری هەبوو. بەختمان نەبوو لەئاهەنگەکەدا ئامادەبێت. بەدڵنیاییەوە سبەی دێت بەشوێنی ئێمەدا.

- ئەگەر دەکرێت سبەی پێش ڕۆشتن بابتبینم.

- پێم وانی یە ئەم کارە پێویست بێت. پێم وایە ناهید خانم بەرنامەگەلێکی بۆت داناوە کە دەرفەتت نەبێت.

ئەم قسانەی بەشێوەیەک بەتانەو توانجەوە دەربڕی، وەک ئەوەی کە بیەوێت هەموو ڕقەکەی دڵی بەسەر فەرهاددا بڕێژێت. لەکۆتاییدا ئاهەنگەکە تەواو بوو هەینی عەسر لەگەڵ منداڵەکاندا گەڕایەوە بۆ تاران.



Scanned with CamScanner

# وەرزی دەیەم

ئەوەندە لەسیاوەش تورەبوو تەنانەت کاتێکیش لەئاسارا تێیەڕین، بۆ یەکەمین جار ئاگای لەوە نەبوو کە گەشتونەتە ئەوێ. چەندینجار هەدیە تکای لەدایکی کرد کە ئارامتر شۆفێری بکات. بەدەستی خۆی نەبوو هەتا ئەوکاتە ڕەفتارێکی وای لەسیاوەش نەبینیبوو. ئەو دەیزانی کە هاوسەرگیری بەهرام واتە تەواوی شادی و خۆشحاڵیەک کە دەتوانێت لەزهنی فەرزانەدا دابنرێت بۆ خانەوادەکەی. دەبێت بەڵگەیەکی جێگای قەبوڵی هەبێت. بەپێچەوانەی هەمیشەوە هیچکامێک لەو دوانە بەدرێژایی ئەو ڕێگا دورە تەلەفۆنیان بۆ یەکتری نەکرد، تەنانەت کچەکانیش نەیانوێرا تەلەفۆن بۆ بابە بکەن.

نزیکی کەرەج کە تەلەفۆنەکەی دایە زەنگی لێدا. بەتوڕەییەوە تەلەفۆنەکەی دا بەهەدیە:

- بگرە باوکتانە!
- ببورە دایە بەڵام پێم وایە کاری بە تۆ هەیە.
- دەبینیت کە شۆفێری دەکەم، ڕێگاکەش قەرەباڵخە، وەڵام بدەرەوە.

هەدیە سەیرێکی هودای کرد، یانی داوای لێدەکرد کە ئەو وەڵام بداتەوە. هودا بەسەر وەڵامی نەخێری دایەوە. ناچار بوو بۆ ئەوەی کە بابە نیگەران نەبێت خۆی وەڵام بداتەوە:

- ئەلو سڵاو بابە باشی؟
- ................



Scanned with CamScanner

- بەڵێ، ئێمەش باشین، جادە کەمێک قەرەباڵخە نیگەران مەبە.

- ................

- پێم وایە هەتا نیو کاتژمێری تر بگەین. بەچاوان خواحافیز.

- چی دەوت؟

- شتێکی وای نەوت، پرسیی کەی دەگەن؟ پێش ئەوەی کە بگەنە ماڵ تەلەفۆنم بۆ بکەن.

- دەزانم دەیەوێت تکام لێبکات لەلای دایکیدا هیچ نەڵێم. من حەقم چی یە بەسەر ئەوەوە، ئەو پیرە ژنە عەقڵی بەوە گەشتووە کە دەبێت هەر نەشتەرگەری بکات، مام و پورە بەغیرەتەکانت دەبوو شعوریان بشکایە کە...

- دایە توخوا خۆت نارەحەت مەکە! بەخوا دەنگی بابە پڕ خەم بوو، ئەعصابی ئەویش داغانە.

- هەردەبێت داغان بێت. بیست ساڵ لەگەڵ مندا ژیاوە، یەکەمینجار بوو کە دەمویست لەشادییەکدا لەلای خزمەکانم سەربەرزبم و لەگەڵم بێت.

- بەڵام سەیرکە کارەکەی بابەش زۆر زەروری بووە، ئەگەر داپیرە کوێر بوایە چی؟ دەبوو هەتا کۆتایی تەمەن خەمی ئەوەمان بخواردایە.

- کچم سادە مەبە هیچ کەس بەهۆی دوو سێ ڕۆژ دواخستنی نەشتەرگەریەکەیەوە کوێر نەبووە. ئەگەر خوا نەخواستە بڕیار بوایە کوێر ببێت هەتا ئێستا بوبو.

- چی بڵێم دایە.

- دوای بیست خولەک هەدیە تکای لەدایکی کرد تەلەفۆن بکات بۆ بابە، دایکی قەبوڵی نەکرد.



Scanned with CamScanner

- کچم لێیگەڕێ من کارم بەهیچ کەس نی یە.
- ئاخر خۆی وتی چەند خولەکێک پێش ئەوەی بگەن، تەلەفۆنم بکەن.
- خەریکین هەر ئەڕۆینەوە. پێویست ناکات لەبەر پێماندا مەڕ سەبڕێت.

هەدیە دڵی خەبەری دا. ئیحساسی کرد دەبێت بابە کارێکی زەروری هەبوبێت. هەر بەو شێوەیەی کە مۆبایلەکەی بەدەستەوە بوو، ژمارەی باوکی کە کۆتا ژمارەی پەیوەندی بوو لێداو پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە دایخست. لەنزیکی ماڵەوەیان سیاوەش لەسەر شەقامە گشتیەکە چاوەڕوانیان بوو. نەدا کە تازە لەخەو هەستاو بەشادییەوە دەستی بۆ بابە بەرزکردەوە.

فەرزانە بەبێ ئەوەی سەیری ڕوخساری سیاوەش بکات، وەستا. هەدیە ڕۆشتە دواوەو بابەش دوای ماچکردنی کچەکان لەکوشنی پێشەوە دانیشت و کەمێک ئەملاو ئەولای کرد...

- سڵاو خانم پیرۆز بێت. خۆش تێیەڕی؟
- سڵاو زۆر بەخۆشی تێیەڕی، جێگاشتان خاڵی نەبوو.

کچەکان سەیری یەکترییان کـرد، هەمیشە وایـان پێ باشبوو لەدەمەبۆڵەکانی ئەواندا خۆیان هەڵنەقورتێنن.

نەدا پرسیی:

- بابە گیان پورە ڕازیەو دایە گەورە لەوێن؟ ئێوارە چیمان هەیە؟
- نا ئەزیزم ئەوان ڕۆشتن. بەڵام خۆم خواردنێکی خۆشم بۆ لێناون.

فەرزانە کە هەوڵی دەدا تەنانەت سەیرێکی سیاوەشیش نەکات، بەسەرسوڕمان و نیگەرانیەوە پرسیی:

- چی؟ کەی ڕۆشتن؟ ئەی تۆ بۆ نەهاتیت؟

- بەڵێ ئەزیزم ڕۆشتین. ڕۆژی چوارشەممە ڕۆشتین.

- بۆ کوێ ڕۆشتن؟ دروست قسە بکە بزانم چی دەڵێیت؟

- خەریکم دەڵێم نیگەران مەبە. بەیانی چوارشەممە ڕۆشتم بۆ ئیدارە بۆ ئەوەی کارەکانم بسپێرم بە هاوکارەکانم و بڕۆمەوە ماڵەوەو دایکم و ڕازیە بهێنم و بێین بۆ ئاهەنگەکە، هێشتا لەئیدارە بوم کە حەسەن ئاغا تەلەفۆنی کردو وتی مەرزیە کەمێک حاڵی خراپەو دایکی بهێنە بۆ لای.

منداڵەکان و فەرزانە سەریان سوڕماو پرسییان:

- پورە مەرزیە چیی بووە؟

- ئیتر ئێمەش ڕۆشتین بۆ ئەوەی بزانین بۆچی پورە مەرزیە لەناکاودا نەخۆش کەوتووە بەڵام بەداخەوە بینیمان کە پورە مەرزیە هیچی نی یە!

- ئەی چی؟ منت نیوە گیان کرد بڵێ ئیتر!

- ڕاستیەکەی ئومێد...

- ئومێد چی؟ توشی ڕوداوی هاتوچۆ بووە شتێکی لێهاتووە؟

- ئومێد سەکتەی کردووەو مردووە.

- سیاوەش تۆ حاڵت باشە؟ مەگەر ئومێد تەمەنی چەند ساڵە؟ لەخۆتەوە چی دەڵێیت!

- هیچ کەس بـاوەڕی نـەدەکـرد، کەسێک کە وەرزشـکـار بوو، چاوەڕوانیمان لەهەر کەسێک دەکرد جگە لەئومێد. ئەگەر مەرزیە یان حەسەن ئاغا سەکتەیان بکردایە پێمان سەیر نەدەبوو.

- ئاخر چۆن؟

- لـەوەرزش گـەڕاوەتـەوەو ڕۆشتووە خۆی بشوات هەر لەوێ کەوتووەو...

فەرزانە سەری خستبووە سەر سوکانی ئۆتۆمبێلەکە. ئیتر نەپرسیارێک نەوەڵامێک نەقسەیەک... تەنها دەنگی مناڵەکان بوو کە دەگریان. نەدا پرسیی:

- بابە گیان یانی باوکی مەهسا مردووە؟

- بەڵێ کچم باوکی مەهسا ڕۆشتووە بۆ لای خوا.

دوو سێ جار بانگی فەرزانەی کرد، وەڵامی نەدایەوە. پێی وابوو حەز ناکات قسەی لەگەڵ بکات. ئاماژەی بۆ هەدیەو هودا کرد کە بانگی دایکیان بکەن، کاتێک وەڵامی کچەکانیشی نەدایەوە، تێگەشت کە حاڵی باش نی یە. لەگەڵ کچەکاندا لەسەر کوشنی دواوە دایان ناو خۆی ئۆتۆمبێلەکەی بردەوە بۆماڵەوە.

کە گەشتنە بەردەم ماڵ بە بینینی ئەو هەمو لافیتەی پرسەیە تازە تێگەشتن سیاوەش بۆچی پێداگری دەکرد پێش گەشتنەوە بە ماڵ،ئاگاداری بکەن.فەرزانە هەم غەمبار بوو هەم شەرمەندەی ئەو ڕەفتارە خراپەی بوو کە لە گەڵ سیاوەشدا کردبووی.بەڵام هیچکامێک لەمانە ئومێدیان نەدەگەڕاندەوە.بەڵام دەبوو ڕێزی هاوسەرو خانەوادەکەی بگرێت،لەوانەیە لەو ڕێگەیەوە بیتوانیایە چاکیەکانی سیاوەش و خانەوادەکەی قەرەبوو بکاتەوە.

ڕۆژی دواتر ڕۆشتن بۆ ئاراک بۆ ئەوەی لە خەمی ماتەمی مەرزیە خانمدا هاودەردی بکەن.دراوسێیەک کە بۆ دایکی وەکو خوشک بوو دوای مردنی دایکیشی هەمیشە لەبەرامبەر ئەودا دایکایەتی کردبوو. بیری لەو خەمە دەکردەوە کە لەدڵی مەرزیە خانمدا بینیبووی. خەمی لەدەستدانی ئومێد کە چەندینجار تورە بوبو لەئەوو فەرزاد بەهۆی تۆپێن کردنەوە، ئێستا ئیتر ئومێد نەبوو. مەرزیە خانم مابویەوە دڵێکی سوتاوو

بوکێکی گەنج و کچۆڵەیەکی بێ باوک. لەخوا داوای سەبری بۆ کرد. ڕاستیەکەی تێنەدەگەشت هۆکاری ئەم هەموو خەم و خەفەتە لە ژیانی ئەودا چی یە. یەکجار لەناخی دڵەوە هەستی بەشادی کرد، شادییەکەی زوتر لەبارانی بەهاری تەواو بوو. تازە تێدەگەشت کە سیاوەش چەند میهرەبان بووەو خەمو موسیبەتێکی ئەوەندە گەورەی پەنهان کردووە بۆ ئەوەی ئاهەنگەکەی بەهرام تێک نەچێت. یان لەو بارودۆخەدا ناچاری نەکردووە بەڕۆشتن بۆ ئاراک.

بێ ئاگایانە کەوتە بیری فەرهاد. لەزهنی خۆیدا کاری ئەوو سیاوەشی بەیەکەوە بەراورد کرد. بەڵێنی بەخۆی دا هەرگیز چاکیەکانی ئەو لەبیر نەکات و سوپاسگوزاری خوابێت. هەمیشە ئەوی بەباشترین پیاوی دنیا لەلای مناڵەکان باس دەکرد.

تازە چلەی ئومێد تێپەڕی بوو کە دایکی سیاوەش مرد. ڕوحیەی هەموان تێکشابوو. جارێکی تر فەرزانە ئیحساسی کرد کە پشتیوانێک و ئەزیزێکی لەدەستداوە. هەرچەند دایکی سیاوەش بوو بەڵام هەمیشە لایەنگیری ئەوی دەکردو مایەی شانازی و سەربەرزی ئەو بوو. لەنێوان سیاوەش و دایکیدا پەیوەندییەکی بەرزتر لەپەیوەندی دایک و فەرزەندی هەبوو. سیاوەش لەبەرامبەر ڕازیەدا هەستی بەقەرزاری دەکرد کە هێشتا هاوسەرگیری نەکردبوو چاودێری دایکی دەکرد. فەرزانەش هەمان ئیحساسی هەبوو. پێی وابوو بەو شێوەیەی کە پێویست بووە نەیتوانیوە خزمەت بەخانەوادەی سیاوەش بکات و ئەوەندە گرفتاری کارو کێشەکانی خۆی بووە هیچ کاتی بۆ ئەم کارە نەبووە. لەبەرئەوە ڕاوێژی لەگەڵ سیاوەشدا کرد ئەگەر خوشک و برا گەورەکان ڕازی بن، ڕازیە لەگەڵ خۆیاندا ببەن بۆ تاران. ئەویش لەخوای دەویست، مۆڵەتی لەڕازیە وەرگرت هەتا



Scanned with CamScanner

ماوەیەک لەگەڵ ئەواندا بژی. خوشک وبراکانی کە دەیانزانی ڕازیە چەندە وابەستەی دایە بووە، وایان پێباشبوو کە بڕوات و دور بێت، ئەگەرنا هەمو ڕۆژێک بێتاقەت دەبێت و دەڕوات بۆ سەر گۆڕەکەی.

دوای تکاو پاڕانەوەیەکی زۆری فەرزانەو کچەکان، لەکۆتاییدا ڕازیە ڕازیبوو لەگەڵیاندا بڕوات بۆ تاران. هەندێکجار کە زۆر دڵتەنگی دایکی دەبوو دەڕۆشتە سوچێک و فرمێسکی دەڕژاند. فەرزانە دەچووە لای و دڵخۆشی دەدایە وە کە سەیری مەهسا بکات کە هەرگیز لەمانای وشەی باوک تێناگات. داوای لێدەکرد کەمێک سەیری ئەو موسیبەتانە بکات کە بەسەر ئەودا هاتوون. هەریەکێک لەو خەمانە بەتەنها مرۆڤێک لەناو دەبەن بەڵام ئەو سەبری گرتووە. سەبرێکی تاڵ و پڕ لەدەرد. چونکە هەمووی خواستی خوا بووە. ئەو خالقی ئێمەو چاکەی ئێمە لەهەر کەسێک باشتر دەزانێت.

قسەکانی فەرزانە کاریان دەکردە سەر ڕازیەو ئارامشی بۆ دەگەڕایەوە. ڕۆژەکانی سەرەتا سەخت بوو، دواتر مەشغوڵ بوو لەگەڵ منداڵەکان.

چلەی دایە تازە تەواو بوبو کە هەواڵێکی خۆش جارێکی تر شادییی هێنایەوە بۆ خانەوادەکە. هەدیە لەبەشی ئەندازیاریی میکانیک لەزانکۆی ئەصفەهان وەرگیرا. دایەو بابە بردیان بۆ ئەصفەهان بۆ ناونوسین و وەرگرتنی بەشەناوخۆیی. بڕیاردرا پورە ڕازیەش بڕوات لەگەڵیدا، هەتا ئەو کاتەی کە هەدیە ڕادێت و کەسانی دڵنیا پەیدا بکات بۆ هاوڕێیەتی.

کۆتاییەکانی مانگی ئەیلول بوو کە هەموویان ڕۆشتن و هەدیەو پورە ڕازیەیان برد بۆ ئەصفەهان. پێداویستی دوو سێ هەفتەیان بۆ ئامادەکردن کاتی گەڕانەوە ئەوەندە ئامۆژگارییان کردن بەوەی کە ئاگایان لەخۆیان بێت تەنانەت نەداش بێزاربوو تورەبوو لەدایکی کە دادە هەدیە منداڵ نی



Scanned with CamScanner

یەو پورە ڕازیەشی لەگەڵدایە. ئەو ڕۆژەی کە لەئەصفەهان دەگەڕانەوە، فەرزانە تازە تێگەشت کە چەند وابەسەتە بووە بەمناڵەکانیەوەو نەیزانیوە.

ئەدا بیانوی دەگرت کە دەبێت دادە هەدیە دیکتەی پێبگات. هوداش پۆلی شەش بوو سەرقاڵی خوێندنی خۆی بوو. فەرزانە سەرباری ئەو سەرقاڵییە زۆرەی کە هەیبوو هەموو ڕۆژێک تەلەفۆنی دەکردو ئەم پرسیارەی دەکرد:

- کچم هیچ کەموکوڕییەکتان نی یە؟

ڕۆژێکیان کە ئیتر هەدیە لەم پرسیارە دوبارەیە بێزار بوبو، بەدایکی وت:

- دایکی من، بەخوا ئێمە گەورە بوین. دەزانین چی بکەین بۆ ئەوەی لەبرسێتیدا نەمرین. ئەگەر متمانەت بەمن نی یە متمانەت بەپورێ هەبێت.

فەرزانە ئیحساسی کرد کە زیادە ڕۆیی کردووەو لەوکاتە بەدواوە هەوڵی دەدا کەمتر لەو پرسیارانە بکات، نەکا هەدیە باوەڕبەخۆ بونی خۆی لەدەست بدات.



Scanned with CamScanner

# وەرزی یانزەیەم

کارەکان بەباشی دەچونە پێش و کێشەو سەختیەکان هەموار دەبون. هەرچەند مەرگی ئومێدو دایە کاریگەری سلبی لەسەر سیاوەش و خانەوادە دانابوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی دەدا لەبەرخاتر ی ڕوحیەی فەرزانەو منداڵەکان و ڕازیە کەمتر بەخۆیی بخات. هەندێکجاریش فەرزانە سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە بۆچی کاتێکی زیاتری بۆ دایە گیان تایبەت نەکردووە هەتا مابوو. ژنێکی میهرەبان کە لەتەواوی کێشەکاندا پشتیوانی ئەو بوو هەمیشە داوای لەسیاوەش دەکرد کە ڕێزی بگرێت. هەندێکجار بەسیاوەشی دەوت بەڕاستی چۆنبوو من دوای ڕوداوی هاتوچۆکەی کە توشی باوکم هات و مەرگی دایک و خوشک و کێشەکانی بابەو لەیلا هێشتا زیندوم و هەناسە دەدەم بەڵام دایکی تۆ بەمەرگی نەوە گەنجەکەی دەستی لەدنیا شت و ڕۆشت؟

سیاوەش دڵخۆشی دەدایەوە کە دایکی ژنێکی مەغرور بو. لەوکاتەوەی کە بینایی کەم بوبویەوە هەستێکی باشی نەبوو پێی خۆش نەبوو سەرباری دەوروبەری بێت. مەرگی ئومێد بیانویەک بوو کە بارگەی سەفەر پێک بنێت.

هەدیەو پوریَ لەئەصفەهان بون. هوداش خۆی بۆ زانکۆ ئامادە دەکرد. سیاوەش و فەرزانە جاروبار لە پێنج شەممەو هەینیدا دەڕۆشتن بۆ ئاراک بۆ سەر گۆڕی دایەو ئومێدو هەندێکجاریش بۆ باکور. ئەڵبەتە

لەم دواییانەدا بارودۆخی خانەوادەکەی لەباکور زۆر باش نەبوو. ژنەکەی بەهرام دوای سێ مانگ گیانی سەخت، منالەکەی لەبارچوبو. لەیلاش ڕۆژ بەڕۆژ لاوازترو بێ تواناتر دەبوو.

سەرەتاکانی مانگی کانونی یەکەم بوو، سەرباری ئەوەی کە تاقیکردنەوەکانی هوداش دەستیان پێکردبوو، دڵەخورپێیەکی سەیری گرت، بڕیارياندا هودا لەلای پورێ و هەدیە کە بۆ مۆڵەتی پێش تاقیکردنەوەکان هاتبونەوە، دابنێن و یەک دوو ڕۆژێک بڕۆن بۆ باکورو بگەڕێنەوە.

کاتێک گەشتنە ماڵی باوکی، ئیحساسێکی ناخۆشی بۆ پەیدابوو. ماڵەکە زۆر غەمگین بوبوو زیاتر لەنەخۆشخانە دەچوو. بابە لەسەر تەخت نوستبوو. لەیلاو مەهنازیش لەژورەکەی پشتەوە کەوتبون. فەرزانە شۆک بوبو. دەیزانی مەهناز نەخۆشە، لەیلاش وەکو هەمیشە لەناو جێگەدا کەوتووە بەڵام بابە بۆچی؟

سیاوەش کە بارودۆخی فەرزانەی بینی وتی:

- خانم بۆچی نیگەرانی؟ مەهناز خانم پشو بدات حاڵی باش دەبێت. لەیلای داماویش بارودۆخی دیارە. بابەش نەشتەرگەری ڕیخۆڵە کوێرەی بۆ کراوە. انشاالله چەند ڕۆژێکی تر حاڵی چاک دەبێتەوە.

بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی:

- یانی تۆ دەتزانی و هیچت بەمن نەوت؟

- دەبو چی بڵێم. خۆت بەتەلەفۆن قسەت لەگەڵ هەمویاندا کردبوو ئەگەر پێویست بوایە پێیان دەوتیت. جگە لەوەش ئێستا کە حاڵیان باشە دەبێت تەنها دوعا بکرێت حاڵی لەیلاش باش ببێت.

فەرزانە لەلای تەختەکەی باوکیدا دانیشت:

- بابە گلەیم لێت هەیە، بۆچی هیچت بەمن نەوت!

- کچم شتێکی گرنگ نەبوو کە پێت بڵێم. شەوێک ئازارم لێ هات و دوو شەویش لەنەخۆشخانە بوم، ئێستا خۆ لەماڵەوەم. سەرت بەرزبکەوە کچم بۆچی دەگری. خۆ نەشتەرگەری دڵم نەکردووە، منی بەدبەخت بڕیار نی یە بەم زووانە بمرم.

فەرزانە لەکاتێکدا کە فرمێسکەکانیی دەسڕی، بەتوڕەییەوە وتی:

- دەکرێت ئەوەندە قسە لەبارەی مردنەوە نەکەیت؟

باوکی وتی: «هەندێکجار مردن نیعمەتی خوایە. دایکت چەند ئاسان مردو لەم دونیا گڵاوە ڕزگاری بوو. بەڵام من مامەوە بۆ ئەوەی ئەم هەموو خەم و ئازارە بکێشم.»

- بابە توخوا دەست پێمەکە. دڵم بەئەندازەی کافی تەنگە.

- چی دەست پێنەکەم؟ واقیعیەتێکی تاڵە. بەڵام ناکرێت لێی هەڵبێیت. هەتا کاتی مردن هەندێک شت هەن کە ئازاری مرۆڤ دەدەن.

- لێ ی رامەکە کە بێت بەشوێنتا، فەرامۆشی بکە. سیاوەش قسەیەکی جوان دەکات، ئێمە هەمیشە خەمی ئەو شتانە دەخۆین کەنیمانە یان لەدەستمان داون، ئەو نیعمەتانەی کە خوا پێی داوین نایان بینین هەتا ئەو کاتەی ئەوانیش لەدەست دەدەین. تۆش لەبیری ئەوانەدابە کە ئێستا هەن.

- چۆن دەکرێت ئەم واقیعیەتە فەرامۆش بکرێت کە کچێکی هەژدە ساڵە وەکو گوڵ لەبەرچاوتدا خەریکە پەڕپەڕ دەبێت و نەتوانیت هیچ کارێکی بۆ بکەیت. ئەگەر من تاوانێکم کردووە بۆچی دەبێت ئەم بێچارەیە باجەکەی بدات؟

- هەمومان لەژیاندا هەڵەمان کردووە. بەوشێوەیەش نی یە کە هەر چارەنوسێک بۆ تاقیکردنەوەی ئێمەیە، ئێمە بەپاداشتی تاوانەکانمانی



Scanned with CamScanner

بزانین. ئەمانە هەموویان حیکمەتی خوان. ئەگەر تۆ وا بڵێیت دەبێت لەیلا هەتا ئێستا کافر بوایە. دەبینیت چۆن نوێژ دەخوێنێت و سوپاسی خوا دەکات؟ من وەک خۆم کاتێک ئەو لە حاڵی نوێژ سوپاسگوزاریدا دەبینم لەخۆم شەرمەزار دەبم.

ڕوباب خانم بەسینیەک چایەوە هاتە ژورەوە:

- دیسانەوە کچ و باوک دەردە دڵ دەکەن؟

- کێشەیەک هەیە؟ دوای چەند مانگێک یەکتریمان بینیوە.

ڕوباب خانم ئیحساسی کرد کە فەرزانە لەم قسەیەی ئەو ناڕەحەت بووە، بەپێکەنینەوە وتی:

- کێشە نی یە، زۆریش باشە. ئاغا سیاوەش بۆ کوێ ڕۆشت؟

بۆ ماوەیەک چاوی بڕییە ڕوباب خانم کە خەریکبوو شەکری دەکردە چایەکە هەتا پێی بدات. دیقەتی دایە ڕوخساری. هەرچەند کە تەنها چوار پێنج ساڵێک لەفەرزانە گەورەتر بوو بەڵام وەکو ژنە شەست ساڵەکان پیر بوبو. هیچ نیشانەیەکی خۆشبەختی لەنێوچاوانی پڕ لەچین و چروکی ئەودا نەدەبینی. وەک ئەوەی چارەنوسی ئەویش لەچارەنوسی بابە کەمتر نی یە. ئەویش ڕەنگی خۆشبەختی نەبینیوە. ئەی خۆزگە خوو ڕەوشتێکی باشی هەبوایە. خۆزگە ئەو ڕۆژە شومە لەبری ئەوەی کە بابە توڕە بکات، بەئارامی قسەی لەگەڵ پەری بکردایەو یان تەلەفۆنی بۆ من دەکرد. ئەی خۆزگە...

- فەرزانە چیبوو؟ بۆچی دەگری؟ لەقسەکەی من ناڕەحەت بویت؟

- نا ڕوباب خانم خۆشحاڵم کە مەترسیەکەی سەر باوکم تێپەڕیوە. دەستی ئێوەش خۆش بێت کە لەکاتی خۆیدا برتانە لای پزیشک، ئەگەرنا خوانەخواستە ڕیخۆڵەی دەتەقی و...زمانم لاڵ...



Scanned with CamScanner

- خوا لەدایکت خۆش ببێت. باوکیشتان سەلامەت بکات. خوا سایەی خانەوادەکانتان لەسەرتان کەم نەکات. بەڵام منی بەدبەخت ئیتر هیچ کەسێکم نی یە. ئەو غوڵامە زەلیل بووە دەبێت هەتا کۆتایی تەمەن لە زیندان بمێنێتەوە، بۆ خوشکێک ئازارێکی کەم نی یە کە چاوەڕوان بکات هەتا براکەی بمرێت و دواتر تەرمەکەی وەربگرێتەوە.ئەوەش لەژنە خێر لەخۆ نەدیوەکەی کە چەندە تکام لێکرد ئەگەر مناڵەکان ببەیت دایکم دیق دەکات، بەگوێی نەکردم و بردنی بۆ شاری غەریب. دواتریش دایکی بەدبەختم دیقی کردو مرد.

بۆ یەکەمینجار فەرزانەی بەکچم بانگ کردو بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە وتی:

- کچم گریان ماڵی منە، تۆ نابێت بگریت.

فەرزانە ئیحساسی کرد زۆر تێکشکاوە. بابەش ڕۆچوبو بەخەیاڵداو قسەی نەدەکرد. دڵی بەرگەی نەگرت، بەبیانوی بینینی مەهنازو لەیلا هەستایەوە:

- من بڕۆمە لای مەهنازو لەیلا هەتا بابە چایەکەی دەخوات.

- ئەی چایەکەت چی؟

فەرزانە پیاڵە چایەکەو کلۆیەک شەکری هەڵگرت و ڕۆشت بۆ ژورەکەی پشتەوە.

لەکاتی گەڕانەوەدا بۆ تاران دەردە دڵی لەلای سیاوەش کرابویەوە. ئەدا لەکوشنی دواوە لەماندوێتیدا خەوی لێکەوتبوو. دەرفەتەکەی بەگونجاو زانی:

- سیاوەش قسەیەک دەکەم گاڵتەم پێ ناکەیت؟

- ئەزیزم من کەی گاڵتەم بەقسەی تۆ کردووە هەتا ئێستا دووەم

جار بێت؟

- پێم وایە دوعاو نوشتەیان لێکردوین. تۆ وا بیر ناکەیتەوە؟

- ببورە خانم ئەندازیار کێ نوشتەی لەئێوە کردووە؟ لەتۆ دورە، مرۆڤێکی خوێندەوار بەم شێوەیە بیر بکاتەوە.

- وتم گاڵتەم پێ مەکە. بەڵگەم هەیە.

- گاڵتە ناکەم، لەتۆی دور دەبینم. دەکرێت بڵێی بەڵگەکەت چی یە؟

- بەڵگەم ئەوەیە کە دەست دەدەینە هەر کارێک خێرو بەرەکەتی خوای بەدوادا دێت. هەریەکەمان ژیانێکی خۆشمان هەیە. بەڵام ئەی پەیوەندییە خانەوادەییەکانمان چی؟ تەنها سنورداربون بەوەی کە یەکێک بمرێت یان حاڵی خراپ ببێت بڕۆین بۆ بینینی یەکتری، چ خانەوادەی تۆ چ خانەوادەی من. بۆچی هەندێکجار بەبێ هیچ هۆکارێک بەشێوەیەک هەموو دەرگاکان بەڕوماندا دادەخرێن کە پێشبینی کردنیشی بۆ مرۆڤێک سەختە، چ بگات بەتەحەمولکردنی. شادی ئاهەنگی بەهرام هێشتا تەواو نەبوبو کە تاڵی مەرگی ئومێدو دایە گیان تێکیدا. شیرینی وەرگیرانی هەدیەو دواتریش خراپتر بونی لەیلا، نەخۆشی مەهنازو دواتریش کە باوکم... خۆم بەباوکم و مناڵەکان دەڵێم تەقدیرو چارەنوسە. بەڵام من ناتوانم تێبگەم کە بۆچی دەبێت ئەوەندە شادیمان کەم و خەممان زۆر بێت.

- سەیرکە ئەزیزم هەموو ئەمانەی کە تۆ دەیانڵێیت قەبوڵمن. مەرگی دایە گیان هەرچەند کە تەواوی دنیای مناڵی من بوو، بۆم قابیلی قەبوڵە. لەکۆتاییدا موسوڵمانین و باوەڕمان بەمەرگ و قیامەت هەیە. بەڵام پێت وایە تەحەمولکردنی خەمی ئومێد بۆم ئاسانە؟ گەنجێک کە لەسێ یاری وەرزشیدا قارەمانی شارو پارێزگاکەی بو. بەڵام باسەکە شتێکی ترە، ئومێد



Scanned with CamScanner

نەماوە هێشتا نەوید هەیە! بۆچی من دانیشم خەم بخۆم کە ئومێد ڕۆشت و لەوانەی کە هەن غافڵ ببم؟ ئەو موحیبەتەی کە دەبوو بەدایکمی بدەم ئێستا دەیدەم بەڕازیە بۆ ئەوەی دوای دایە ئیحساسی بێکەسی نەکات، بەهەموو ئەوانەی کە هەن. ئەگەر تاڵی نەبێت ئێمە تام و چێژی شیرینی نازانین. دروستە؟

- بەڵێ حەق بەتۆیە. خۆم هەموو ئەمانە دەزانم. پێم خۆشبوو جارێکی تر لەزمانی تۆوە ئەم قسانە ببیستم.

- یانی دەتویست من تاقی بکەیتەوە؟ ئێستا کە قسەکانمت بیست و پشتڕاستت کردنەوە، وەرە قەدری هاوسەرێکی باشی وەکو من بزانە بۆ ئەوەی کاتێک مردم خەفەت نەخۆیت.

- گاڵتەیەکی بێ تام بوو. تۆش دەتەوێت خۆت شیرین بکەیت.

- با لەگاڵتە گەڕێین، من هەمیشە داوا لەخوا دەکەم کە پێش تۆ بمرم. ڕاستیت بوێت پێم وایە نەتوانم نەبونی تۆ تەحەمول بکەم.

- باشە ئیتر، توخوا باسەکە بگۆڕە دڵم پڕ بوو.



Scanned with CamScanner

# وەرزی دوانزەیەم

مانگی کانونی دووەم بوو. زستان بەتەواوی هێزو قودرەتی خۆی بەخەڵک نیشان دابوو. سەرما بێدادی دەکرد.

ئەو ڕۆژە بەیانی فەرزانە تازە گەشتبووە شیرکەت و هێشتا دەستی بەکار نەکردبوو. دەستی نەدەچووە کار، وەک ئەوەی کە دڵی لەناو قەفەسی سنگیدا بەستبێتی. خۆی لکاندبوو بەڕادیاتۆرەکەدا بۆ ئەوەی کەمێک گەرمی ببێتەوە. زەنگی مۆبایلەکەی بەرزبویەوە. سیاوەش بوو. بەدڵنیاییەوە دیسان شتێکی لەبیرچووە. ئەم ڕۆژانە بەهۆی زۆر سەرقاڵییەوە زۆر شتی لەبیر دەچوو.

- سڵاو، دیسانەوە چیت لەبیرچووە؟ کلیلەکانت یان...

- سڵاو. دووجار کلیلمان لەبیرکرد، کەم بیدەرەوە لەڕومان.

- ئەی چی یە؟ خۆ تۆ بەیانی زوو تەلەفۆنت نەدەکرد کەبڵێیت دڵم بۆت تەنگ بووە.

- نا. تەلەفۆنم کرد بڵێم ئێستا کە هەدیە تاقیکردنەوەکانی تەواو بون لەلای مناڵەکان بمێنێتەوەو ئێمە بڕۆین بۆ باکورو سەرێک لە لەیلا بدەین.

- نە بابە. تۆش لەچ کاتێکدا ئەمەت کەوتۆتە سەر! ئەمە شار کەش و هەوا ئاوایە ئەبێت جادە چۆن بێت! دوێنێ قسەم لەگەڵ کردن. بابمێنێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە ڕازیەش لەئاراک بێتەوە ئینجا دەڕۆین.



Scanned with CamScanner

- ڕاستیەکەی فەرزاد ئێستا تەلەفۆنی کردو وتی حاڵی لەیلا تێکچووەو بردویانە بۆ نەخۆشخانە. وتم با پێت بڵێم دوایی گلەیی نەکەیت.
- لەیلا؟ خۆم دوێنێ قسەم لەگەڵدا کرد!
- دەزانم بەڵام دوێنێ شەو حاڵی تێکچووەو بردویانە بۆ نەخۆشخانە. دێم بەشوێنتا بابەیەکەوە بڕۆین.
- سیاوەش ڕاستیەکەی بڵێ.
- بەڵێ ئەزیزم خوا سەبر بەباوکت بدات.

ڕێگا خلیسک بوو. ئۆتۆمبێلەکان بەهێواشی دەجوڵان. فەرزانە لەو کاتەوەی کە سواری ئۆتۆمبێلەکە بوبو یەک قسەی نەکردبوو. کە گەشتنە بیست کیلۆمەتری ئاسارا سیاوەش چاوەڕوان بوو وەکو هەمیشە لەگەڵ دایکیدا دەردە دڵ بکات بەڵام هیچی نەوت تەنها دوو فرمێسکی گەرم بەسەر گۆناکانیدا سەرەوژێر بون. هەتا زیاتر دەڕۆشتن جوڵەی ئۆتۆمبێلەکان هێواشترو جادەکە سەهۆڵبەندان تر دەبوو. ڕێگایەک کە دەبوو بەچوار کاتژمێرو نیو بیان بڕیایە حەوت کاتژمێری پێچو. چەند جارێک فەرزاد تەلەفۆنی کرد بۆ سیاوەش و تکای لێکرد بەئاگاییەوە بێن و پەلە نەکەن.

دەمەو ئێوارە بوو کە گەشتن. لەماڵی بابە دەنگی قورئان دەهات. فەرزانە دەستیکرد بەشیوەن کردن و ڕۆشت بۆ لای ژورەکەی لەیلا. فاگمە و مەهناز هاتن. شتگەلێکیان دەوت کە درەنگ گەشت و لەیلایان برد بۆ مەنزڵگەی ئارامی خۆی. ئەوەی کە ئەمشەو بەبێ ئازار دەنوێت و فەرزانە گوێی بەقسەی کەس نەدەدا. ڕۆشت بۆ ژورەکەی پشتەوە هەتا لەوانەیە بەبینینی تەختە خاڵیەکەی ئەو تێبگات کە لەیلا ڕۆشتووەو بۆ هەمیشە لەو ئازارەی کە دەیکێشا ڕزگاری بووە. خەبەرێک لەتەختەکە نەبوو. هیچ



Scanned with CamScanner

شوێنەوارێکی لەیلا کە دوێنێ لەگەڵ خوشکیدا دەردە دڵی کردبوو نەبوو. لەوانەیە ئەسڵەن وجودی نەبوبێت. دەنگی قورئانەکە ئارامشی پێ دەدا. هەر لەوێ دانیشت. وەک ئەوەی کە پێی خۆش نەبوو کە جارێکی تر خەڵک بێن و سەرەخۆشی لێبکەن. ڕوباب خانم هات، بەبێ ئەو شیوەن و گریانەی کە دایکانی مناڵ مردوو دەیکەن، لەلای ئەودا دانیشتوو بەئارامی وتی:

- کچەکەم ئاسودە بـوو. خۆزگە لێرە دەبویت و دەتبینی کە بەزەردەخەنەوە ڕۆشت.

- تەختەکەی؟ کەلوپەلەکەی؟ هەربەم زووییە لەیلا تەواو بوو؟

- لەبەرخاتری باوکت. لەگۆڕستانەوە بردیان بۆ لای پزیشک. فەرزاد لەبەرخاتری میوانەکان هاتەوە بۆ ماڵ. بەهەرام لەنەخۆشخانە لەلای ماوەتەوە. تۆش دڵم مەکە بەخوێن وەرە لەلای میوانەکان دانیشە.

کۆتایی شەو بابەیان هێنایەوە بۆ ماڵەوە. کچ و باوک لەبەرامبەر یەکتریدا دانیشتن. قسەیەک بەنێوانیاندا نەچوو. بەچاوەکانیان بەیەکەوە دەردە دڵیان کردو ئارام بێدەنگ فرمێسکیان دەڕژاند.

مامە ڕەحیمیش کە هەتا ئەو کاتە لەگەڵ براکەیدا لەنەخۆشخانە بوو، سەرەخۆشی لەفەرزانە کردو داوای لەبراکەی کرد ئەگەر کاری بەو نی یە بڕواتەوە بۆ ماڵ. کوڕەکان داوایان لێکرد کە بمێنێتەوە، کاتێک بینییان مامیان ماندوە، پێیان باشبوو کە بڕواتەوە، بەهەرام جلی گەرمی کردە بەری بۆ ئەوەی بیگەیەنێت. مامە تکای کرد کە تەلەفۆن بکەن بۆ فەرهاد، چون بڕیارە سبەی بەیانی بڕواتەوە بۆ تاران و کاتی بۆ بینینی مامی نی یە.

فەرهاد کە هاتە ژورەوە ئەملاو ئەولای مامی ماچکردو داوای لێبوردنی



Scanned with CamScanner

کرد کە بەهۆی سەفەرێکی کارەوە دەبێت بڕوات بۆ فەڕەنساو ناتوانێت لەپرسەکەدا بەشداربێت. مامە داوای لێبوردنەکەی ئەوی قەبوڵکرد. لەگەڵ هەمواندا تەنانەت سیاوەش تەوقەی کردو لەکاتی ڕۆشتنندا هاتە لای ڕوباب خانم کە لەلای فەرزانەدا دانیشتبوو.

- ئامۆژن سەرەخۆشیم هەیە لەخزمەتتاندا، خوا سایەی مامە کەم نەکات لەسەرمان.

وتنی ئامۆژن بە ڕوباب خانم بەشێوەیەک دڵی فەرزانەی سوتاند کە لەناکاودا ویستی دەم بکاتەوەو بڵێت تۆ چەند نمەک بەحەرامیت. دایکم چوار ساڵ زەحمەتی لەگەڵدا کێشای جلەکانتی شوشت. ئەو خزمەتەی کە بە تۆی کرد بەمناڵەکانی خۆی نەکرد، ئێستا بۆ ئەوەی کە دڵی من بسوتێنیت بەژنێک کە هیچ کەسێک لە بنەماڵە، جگە لەڕوباب خانم، هیچ شتێکی تری پێ ناڵێن، دەڵێیت ئامۆژن؟

ڕەنگ و ڕووی فەرزانە بەشێوەیەک تێکچو بوو پورە هاجەر کە لەلای چەپیدا دانیشتبوو تێگەشتوو بە پەنجەی پێی ئاگاداری کردەوە کە هیچ نەڵێت. دوای ئەو تەعاروفانەی کە ئەوو ئامۆژن لەگەڵ یەکتریدا کردیان، ڕویکردە فەرزانەو وتی:

- ئامۆزا، انشاالله هەمیشە لەشادییەکاندا بتان بینین.

فەرزانە بەبێ ئەوەی کە سەری بەرز بکاتەوە وەڵامی دایەوە:

- انشاالله ئێمەش بتوانین قەرەبوی بکەینەوە.

هەموان سەریان سورما لەم وەڵامە ماناداره‌ی فەرزانە. لەبەرئەوەش مامە ڕەحیم وتی:

- کوڕم ئەوانیش بەپێوەن و ئاماژەی کرد بۆ فەرزادو بەهرام و سیاوەش و بەردەوام بوو:



Scanned with CamScanner

- تۆش بەیانی زوو دەڕۆیت. باشتر وایە زەحمەت کەم بکەینەوە.

دوای ڕۆشتنی مامە، کاتێک بڕیاردرا پیاوەکان بۆ نوستن بڕۆن بۆ ماڵی فەرزاد، سیاوەش بەبیانوی ئەوەی کە خواحافیزیی لێبکات، ڕۆشتە لای:

- فەرزانە گیان ئەوە چ شێوازێکی قسەکردن بوو کە لەگەڵ ئەندازیاردا کردت؟!

- مەگەر چیم وت؟ خۆ درۆ ناکەم، دەڵێیت ئارەزوی کردووە کەسوکاری من بمرن و بێت لەبری سەرەخۆشی دڵم بسوتێنێت.

- ئەزیزم ئەو داماوە سەرەخۆشی لێکردی وەکو ئەوانی تر، جگە لەوەیە؟

- یانی تۆ تێنەگەشتیت ئەو بە چ شەوقێکەوە بەڕوباب خانمی دەوت ئامۆژن؟ ئەو هەموو چاکانەی کە دایکم لەبەرامبەر ئەودا کردی پاداشتەکەی ئەمەبوو کە بە ئەو بڵێت ئامۆژن؟

- کەمێک مە نگقی بە، خۆت کۆنترۆڵ بکە ئەزیزم! ئیتر ئەویش ئامۆژنیەتی، بۆچی تۆ بەخراپ لێکی دەدەیتەوە؟ دەزانم دڵت شکاوە. کەمێک ئارامت هەبێت و شکوربە. ڕوباب خانم دەبیستێت، داماوە گوناهە. لەکاتێکدا کە بەدەست قوڕگی خۆی گرتبوو هەوڵی دەدا ئارامتر قسە بکات وتی:

- ئاخر تۆ نازانیت...

- ئاخری ناوێت ئیتر، بیر لەهیچ مەکەرەوە! بڕۆ بنو، بەیانی زوو دێم و دەتبەم بۆ سەر گۆڕستان.

کە ڕۆشتن بۆ گۆڕستان، ڕوباب خانم حەشری کرد:

- کچم دوێنێ شەو لەژێر ئەم بەفرەدا سەرمات نەبوو؟ دەزانیت چەندجار لەخەو هەستام داتپۆشم کە سەرمات نەبێت؟ بۆچی زەحمەتەکانم

بەهەدەر ڕۆشتن؟
شێت ئاسا ئێخەی هاوسەرەکەی گرت و بەشیوەن و گریانەوە پێی وت:
- تۆ دەتزانی منداڵەکەم موسافیرە، زوو دەڕوات بۆچی بەمنت نەوت؟
فاگمە و پورە هاجەر ئەویان لە بابە دورخستەوە. حاڵی ئەویش لەڕوباب خانم باشتر نەبوو. پورە هاجەر ئەوی لەسەر فەرشەکەی کەناری مەزارەکە دانیشاندو وتی:
- بەسیکە ئیتر! کەمێک ئارامت هەبێت، دەزانیت ئەم بەدبەختە چ حاڵێکی هەیە.
- چیبکەم بەخوا دڵم خەریکە گڕ دەگرێت. دوێنێ شەو تازە تێگەشتم هەموان دەیانزانی لەیلای من نامێنێت جگە لەمنی بەخت ڕەش.
- هەمومان دەڕۆین، نیگەران مەبە من و تۆش دەڕۆین. سەبرت هەبێت. ئەو کچە مەعصوم بوو، هیچ تاوانێکی نەبوو وەکو پەری، ڕۆشت و لەم ژیانە ڕزگاری بوو.
کە ناوی پەری هات شتێک لەناخیدا وای لەڕوباب خانم کرد کە بێدەنگ ببێت.
فەرزانە زۆر نیگەرانی حاڵی بابە بوو لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی لەوێ بمێنێتەوە. تەنهایی منداڵەکانی کردە بیانوو عەسر کە بارودۆخی جادەکان کەمێک باشتر بوو، بەرەو تاران کەوتە ڕێ.
منداڵەکان بۆ پورە لەیلا زۆر بێتاقەت بون. فەرزانە دەبوو دڵخۆشی ئەوانیش بداتەوە. ڕۆژێکیان ئێوارە کە تازە لەسەر کار هاتبویەوە، محەمەد کە چەند ساڵێک بوو لەتاران دەژیا، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هاتن بۆ ماڵی ئەوان. ئەو کە دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ و هاوسەرگیری



Scanned with CamScanner

هێشتا نەیتوانیبوو یادەوەری مەزلومیەتی پەری فەراموش بکات، وتی:

- خاڵۆزا ناڕەحەت مەبە، پێم وایە لەکۆتاییدا خوا حەقی پەری سەند.

- ئەم قسەیە مەکە محەمەد! ئەگەر خوا بیویستایە تۆڵە بکاتەوە، حەقی لەڕوباب خانم دەکردەوە، بۆچی باجەکەی ئەم مناڵە مەعصومە بیدات. هەمو کەس دەبێت خۆی وەڵامی ئەو تاوانە بداتەوە کە کردویەتی.

- ڕاستە لەیلاش بێ تاوان بوو وەکو پەری. بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە بەڕۆشتنی پەری دڵی ئێمەی سوتاند، خواش دڵی ئەوی سوتاند هەتا لەسۆی ئازاری کچی گەنج تێبگات.

ژنەکەی محەمەد کە بینیی فەرزانە لەتوندی شێوازی قسەکانی محەمەد ناڕەحەت بووە، بەحاڵەتی نێوەندگیری وتی:

- محەمەد ئێمە بۆ سەرەخۆشی کردن هاتوین، نەهاتوین کە داخی دڵی فەرزانە خانم تازە بکەینەوە. ڕویکردە فەرزانە:

- خوا سەبرتان بدات. کۆتایی خەمتان بێت. انشاالله لەئاهەنگی مناڵەکانتاندا بێینە خزمەتتان.

محەمەد چەند ساڵێک لەوەو پێش ژنی هێنابوو دوو مناڵی هەبوو. ماوەیەکی زۆربو هاتبو بۆ تاران و سەرقاڵی کارو ژیانی خۆی بوو حەقی بەسەر کەسەوە نەبوو. بەڵام ئەم دورکەوتنەوەیە نەیتوانیبوو هیچ لەڕقی ئەو لەبەرامبەر خاڵەو ڕوباب خانمدا کەم بکاتەوەو وەکو ئاگری ژێر خۆڵەمێش جاروبار بەبیانویەک بڵێسەی دەسەند.



Scanned with CamScanner

# وەرزی سیانزەیەم

لەو کاتەوەی کە لەیلا مردبوو، پێویستی بابە بەفەرزانە لەجاران زیاتر بوبو. بۆشاییەکی لەناو وجودی خۆیدا ئیحساس دەکرد کە تەنها فەرزانە دەیتوانی پڕی بکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە کارەکانی فەرزانە بەئاڕاستەی فراوانبونی شیرکەتەکە زیاد بوبون و کەمتر کاتی هەبوو سەریان لێبدات.هەدیە لەئەصفەهان بوو هودا ئامادەی کۆنکۆرو سەرقاڵی سەعیکردن بوو. پورە ڕازیەش دوای ئامۆژگارییەکی زۆر لەکۆتاییدا ڕازیبوو بە هاوسەرگیری لەگەڵ ئاغای عەلیزادە. ئاغای عەلیزادە یەکێک بوو لەهاوکارەکانی سیاوەش کە چەند ساڵێک لەوەو پێش هاوسەرەکەی لەدەستدابوو. دوای شوکردنی تاکە کچەکەی و ڕۆشتنی بۆ ئەوروپا بۆ درێژەدان بە خوێندن، ئیحساسی تەنهایی دەکرد. سیاوەش پێشنیاری هاوسەرگیری پێداو لەوەی کە هەتا تاکە کچەکەی نەڕۆشتبویە سەر ماڵ و حاڵی خۆی بیری لەهاوسەرگیری نەکردۆتەوە، ستایشی دەکرد. بەڵام بیریشی خستەوە کە ئیتر دەبێت لەبیری خۆیدا بێت چونکە ئەم تەنهاییە زیانی بۆی هەیەو لەکۆتاییدا بەو ئەنجامە گەشتن ڕازیە کە تەمەنی سی و نۆ ساڵەو تەنها شەش ساڵ جیاوازی تەمەنی لەگەڵ ئاغای عەلیزادە هەبوو، باشترین هەڵبژاردن بوو بۆ ئەو.

فەرزانە دایکایەتی نواند بۆ ڕازیە، بەشێوەیەک کە هەموان ستایشیان دەکرد. بەتایبەت مەرزیە خانم کە دوای مەرگی ئومێد توانای هیچ کارێکی

نەبوو تەنها بەعیشقی وجودی مەهسا زیندو بوو. ڕازیە بەمەراسیمێکی سادە ڕۆشتە ماڵی بەخت.

هاوین دوای تاقیکردنەوەی کۆنکۆری هوداو گەڕانەوەی هەدیە لەزانکۆ، سیاوەش داوای کرد کە بۆ نوێکردنەوەی وزەو پشودان یەک هەفتە بڕۆن بۆ ڤێلاکەو دوای ئەو هەمو کارو چالاکیە بەپێویستی زانی هەموو خانەوادەکە بەیەکەوە بن.

وەکو هەمیشە ڕۆژی یەکەم ڕۆشتن بۆ ماڵی بابە. بابە ئەسڵەن پێی خۆش نەبوو بڕۆن بۆ ڤێلاکەیان. دوای پێداگری و بیانوگەلێکی بێ جێ قسەی دڵی کرد:

- ئاخر مەگەر ئێرەش ماڵ نی یە کە دەتانەوێت بڕۆن بۆ ڤێلاکە. هەموو ئەم ئاگرە لەژێر سەری فەرزاد دایە.

- بابە من چ تاوانێکم هەیە؟ فەرزانە وتی پێم خۆشە بۆ خۆم ڤێلایەکم هەبێت بۆ ئەوەی کاتێک دێتەوە ئاسودە بێت.

- ئەها یانی لەماڵی باوکی ئاسودە نی یە!

فەرزانە کە بینیی فـەرزاد بەبێ تـاوان سەرزەنشت دەکرێت، تێوەندگیری کردو وتی:

- ببورە بابە ئەڵێی لەبیرت کردووە کە زەوی ڤێلاکە خۆت داوتە پێمان. فەرزادیش قەبوڵی زەحمەتی کردو سەرپەرشتی کارو کرێکارەکانی کرد.

فاگمهو مەهنازیش لەم بەینەدا دەستیانکرد بەگلەیی کردن:

- بەڵێ ئیتر پورزا ماڵی براکانی بەشیاو نازانێت.

- نا ئیتر خانم ئەندازیار، کچەکەشی ئەندازیارەو مامە سیاوەشیش بەڕێوەبەری گشتی یە ئیتر نابێت تێکەڵاوی ئێمە بکات.

- توخوا ئەم قسانە چین؟ مەهناز گیان ئێستا یەکێک نەزانێت تۆش نەخوێندەواریت و بەهرامیش بەرپرسی هونەری کارخانە نی یە. پورزا بۆ تۆش خەریکم...

لەم کاتەدا سیاوەش هاتە ژورەوە بۆ ئەوەی کۆتایی بەو باسە بهێنێت کە بابە دەستی پێکردو تۆپی خستە ناو یاریگای فەرزانەوە:

- ئەسڵەن بۆچی نارەحەتن؟ وەرن با دانیشین و بەرنامەیەک دابنێین هەر رۆژەو لەماڵی یەکێکمان بین، تەنانەت ماڵی ئێمەش لەنۆبەتەکەدا بێت. رۆژەکانی تریش دەگەڕێین. دوانیوەڕوان دەڕۆین بۆ ئەوەی ئاغا بەهرام و ئاغا فەرزادیش بتوانن بێن لەگەڵماندا. هەموان بەم پێشنیارەی سیاوەش ڕازیبون، بەتایبەت بابەو مناڵەکان زیاتر لەهەموان خۆشحاڵ بون.

ڕۆژێکیان کە نیوەڕۆ میوانی بەهرام بون، مامی مەهناز (ئامۆزای بابە) هات. بەهاتنی ئەو منالەکان کەوتنە بیری هاوینەهەوارەکەو خۆشحاڵ بون. مامە سەری بردە لای گوێی مەهنازو چپەچپێکی کرد کە ئەوانی تر تێنەگەشتن. کەمێکیش لەگەڵ فەرزادو بەهرامدا قسەی کرد. سیاوەش بەگاڵتەوە وتی:

- مامە گیان مەگەر لێرە دوژمن هەیە؟ هەمومان خۆمانەین، نهێنی سوپایی ئاشکرا بکە ئەگەر نا ناچاردەبین لەجاسوسی دوو لایەنە، مەهناز خانم بپرسین.

مامە زەردەخەنەیەکی کردو ئاماژەی بۆ مەهناز کرد کە ئەو بیڵێت. مەهنازیش دوای ئەوەی کە هەوڵیدا سەرنجی هەموان ڕابکێشێت بۆ ئەو قسەیەی کە دەیەوێت بیکات، وتی:

- مامە زەحمەتی کێشاوە بۆ ئەوەی هەمومان دەعوەت بکات بۆ هاوینەهەوارەکە. بەپێی ئەوەی کە من جاسوسی دوو لایەنەم، لێمی



Scanned with CamScanner

پرسی بەیانی بەرنامەیەکیان نی یە؟

بەبیستنی ئەم قسەیە منداڵەکان لەخۆشیدا دەستیانکرد بەهاوارکردن.

فەرزانە بێدەنگی کردن و ڕویکردە مامەو وتی:

- مامە گیان بەڕاستی مەمنونی ئێوەین بەڵام پارساڵ بەئەندازەی کافی زەحمەتمان دان، سبەی دەبێت بە کارەکانی تردا بگەین.

- بوەستە خانم کام کارانە؟ ئەوانی تریش حەقیانە ڕای خۆیان دەربڕن. هەرچەند بۆ مامە زەحمەتە بەڵام من وەک خۆم ڕازیم.

بەنیشانەی ڕازیبونی سیاوەش، مەهناز وتی:

- قسەی تێدا نی یە مامەو ئامۆژن کاتیان ژماردووە هەتا ئێوە بێن و هەمومان بەیەکەوە بڕۆین بۆ هاوینەهەوارەکە. توخوا ئیتر مەڵێن نا.

- ئاخر خۆ تۆ لەوێ نەبویت ئەوەندە مامەو خانەوادەکەی زەحمەتیان کێشا بەڕاستی ئێمە شەرمەندە دەبین دوبارە...

- مامە دەستتان خۆش بێت انشاالله ئێمەش قابیلی ئەوەمان هەبێت قەرەبوی بکەینەوەو دوبارە زەحمەتتان بدەین. ڕویکردە فەرزانە: «چی یە خانم ئەوەندە مۆڕەم لێ مەکە. من ئەم شتانەم ناچێت بە مێشکدا. سەیرکەن توخوا چەند لەژنەکەم دەترسم؟ خۆی دێتە لای خزمەکانی کە خۆش ڕابوێرێت، ئێستا کە ئێمە دەمانەوێت بڕۆین...»

منداڵەکان دەستیاندا بەیەکداو ڕەزایەتی خۆیان بۆ قسەکانی بابە دەربڕی. بابە بەئاماژە هەموانی بێدەنگ کردو وتی:

- ئامۆزا سەربەرزت کردین، ڕازی بەزەحمەت نەبوین. ئێستا کە لوتفت کردووە، مەمنونتین. بەچاوان دێین، بەئومێدی خوا. بەڵام مەرجی هەیە.

- چ مەرجێک؟



Scanned with CamScanner

ئەوەی کە ڕێگە بدەیت من مەڕ بکرم.

- دەستت خۆش بێت، یانی ئێمە بەشیاوی ئەوە نازانن کە خۆمان خزمەتی میوانەکانمان بکەین؟ هاوینە هەوارەکە تەنها هینی من نی یە. خۆشتان لەوێ جێو شوێنتان هەیە. ئیتر پێتان نەڵێمەوە.

فەرزاد وتی:

- بابە ئەمە چ قسەیەکە؟ ئێمە پەروەردەکراوی دەستی مامەین.

بەهرام ویستی بەناڕەحەتییەوە وەڵامی باوکی بداتەوە کە فەرزانە وتی:

- مامە گیان ئێمە نەماندەویست زەحمەتتان بدەین ئێستا کە ئێوە دەفەرمون، ئێمەش قسەیەکمان نی یە ڕاستە سیاوەش؟

- خانم ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئەمەمان دەوت مەگەرنا مامە؟

بەیانی زوو ئۆتۆمبێلی میوانەکان دوای کاتژمێرێک لەکەوتنە ڕێ بەجادە جوانە پێچاوپێچەکاندا زوتر لە خۆر گەشتنە سەر لوتکەی شاخەکەو لەو جێگایەی کە بۆیان ئامادەکردبون، پارکیان کردن. مانگێکی جوان درەختەکانی پێچابوو لەخەرمانەیەک لەخەون. هەموان سەرسامی سروشت و گەورەیی خواوەند بون و سەرمەستی دەستکردی ڕوح نەوازی خوا. فەرزانە کاتێک هەیەجان و شەوقی سیاوەشی بینی، لە ناڕەزایەتیەکەی دوێنێی خۆی پەشیمان بوو. دوای ئەم هەموو ساڵەی ژیانی هاوبەش جاری یەکەمبوو کە بەخۆشی و شادی لەدەوری یەکتری بون، هەرچەند نەیدەتوانی جێگای خاڵی لەیلا کە جاری پێشوو لەگەڵیاندا بوو نادیدە بگرێت.

نزیکی نوێژی نیوەڕۆ بڕیاریاندا بڕۆن بۆ ئیمامزادە، هەم بۆ زیارەت و هەم بۆ خوێندنی نوێژیش. کە بەرەو سەر دەڕۆشتن، هەدیەو هودا

بێدەنگ فرمێسکیان دەڕژاند. فەرزانەو مەهنازو ئامۆژنیش لەپێش ئەوانەوە دەڕۆشتن. ڕوباب خانم لەپێش هەموانەوە نیو کاتژمێرێک دەبوو کە بەتەنها لەکەناری مەزارەکەدا دانیشتبوو. کاتێک ئەوانی تریش ڕۆشتنە ژورەوە بەگۆشەی چادرەکەی فرمێسکەکانیی سڕی و پرسیی:

- بانگی نیوەڕۆیان داوە؟

- نا ڕوباب خانم هێشتا پێنج خولەکی ماوە. ڕویکردە مناڵەکان بۆ ئەوەی پێیان بڵێت نوێژی زیارەت بخوێنن هەتا بانگ دەدات. کە فرمێسکەکانی ئەوانی بینی بێ ئاگایانە کەوتە بیری ئەو دیمەنەی کە هەدیەو هودا لەیلایان لەکۆڵ گرتبوو لەئیمامزادە دەگەڕانەوە. بۆ ئەوەی کە زهنی ئەوان بەشتێکی ترەوە سەرقاڵ بکات، وتی:

- کچینە نوێژی نیاز بخوێنن، بەدڵنیاییەوە بەنیازی دڵتان دەگەن. هەدیە لێرە نوێژی کردو سوپاس بۆ خوا سەرکەوتو بوو، هودا تۆش...

هودا تەحەمولی نەبوو باقی قسەکانی دایکی ببیستێت. هەر بەدەم گریانەوە وتی:

- دایە پورە لەیلاش هەر ئەمەی وت و نوێژی کرد بەڵام نەگەشت بە نیازی دڵی.

ئەمجار ڕوباب خانم دایە پرمەی گریان. فەرزانە وتی:

- کچم هەمیشە زیندو مانەوە گەشتن بەنیازی دڵ نی یە. خوا شیفای لەیلای لەمەدا داناوە کە لەو هەموو دەردو ئازارەی کە دەیکێشا ئاسودە ببێت.

- بەڵام دایە ئەو هیچ خێرو خۆشییەکی لەژیان نەبینی. هەموی نەخۆشی و خەم و خەفەت...

- ڕاستە حەق بەتۆیە. ئەسڵەن بابەتەکە ئەوەیە کە ئەو کچە مەعصوم



Scanned with CamScanner

و پاک بوو. بەدڵنیاییەوە ئێستا لەلای خوایە. ئێمە موسوڵمانین و دەزانین خوا ئێمەی بۆ تاقیکردنەوە ناردووە بۆ دنیا، لەبەرئەوە ئەوانەی کە سەبورن براوەی ئەم تاقیکردنەوەیەن.

- وەکو پورە پەری کە ئەویش مەعصوم و بێ تاوان بوو. بەڵام...

هاتنی ناوی پەری وەک ئەوەی کە خەمی چەند ساڵەی باوەژنی هێنابێتە دەرەوە. بەشێوەیەک دەستیکرد بەگریان کە هەموان سەریان سوڕما. ئایا بۆ پەری دەگریا یان بۆ لەیلا؟

فەرزانە کە خۆیشی تەحەمولی ئەوەی نەبوو کە بیر لەو بەڵایە بکاتەوە کە بەسەر ئەو کچە بێ پەناو مەعصومەدا هات، بەبێ ئەوەی کە وەڵامی هەدیە بداتەوە، بۆ ئەوەی کە لەو دۆخە بێنە دەرەوە بەحاڵەتێکی گاڵتە کردنەوە وتی:

- ڕاستی هەتا ئێستا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە یەک خانەوادەمان لەو دنیا هەیەو یەک خانەوادەش لێرە؟ خۆیشی پێکەنی و ئامادەی نوێژکردن بوو. لەمەهنازی پرسی:

- لێرە بەتەواوی کاتژمێر چەند بانگ دەدەن؟

فەرزانەو ئامۆژن کە هەردوکیان زیارەت نامەیان دەخوێندەوە ڕویان کردەوە بەلای فەرزانەدا:

- کاتژمێر یەک و پێنج خولەک.

فەرزانە سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردو ڕویکردە مناڵەکان و وتی:

- ئێستا دوو هەتا سێ خولەکی ماوە بۆ بانگ. هەستن نوێژی نیاز بخوێنن بۆ ئەوەی خوا خۆشبەخت و سەرکەوتوتان بکات.

یەکەمجار بو کە بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ کچەکاندا دەکردو دەستەکانی بەرزکردەوەو لەناخی دڵەوە وتی:



Scanned with CamScanner

- خوایە لەبەرخاتری گەورەیی خۆت هەمو گەنجان خۆشبەخت و عاقیبەت خێر بکە.

ئامۆژن و مەهناز کە زیارەتنامە خوێندنەوەکەیان تەواو بوبو، لەگەڵ کچەکانداو ڕوباب خانمدا ئیلاهی ئامینیان وت و هەمویان ئامادەی نوێژ کردن بون.

مناڵەکان تێگەشتن نەدەبوو لەبارەی ئەم بابەتەوە قسە بکەن. وە ئیحساسێکی وەکو بەزەیی نەک نەفرەتیان لەبەرامبەر ڕوباب خانمدا پەیدا کرد. هەدیە بەهێواشی چپاندی بە گوێی هودادا:

- ئەمەش چەند بەدبەخت بوو کە لەگەڵ پیاوێکدا هاوسەرگیری کرد کە هاوتەمەنی باوکی بوو.

- ڕاستە. ئێستا خۆمانین هەندێک کات بابە گەورە ئەوەندە کەللە ڕەقی دەکات کە تەنانەت مناڵەکانی خۆیشی ناتوانن تەحەمولی بکەن.

تازە نوێژەکەیان تەواو بوبو کە سیاوەش و فەرزادو بەهرام هاتن:

- خانمەکان زیارەت و نوێژتان قەبوڵ. ئەگەر ڕێگە بدەن بەخوا ئێمەش موسوڵمانین و بێین نوێژ بکەین.

- کەس نەیوتووە موسوڵمان نین. ئێوە ڕۆشتبون بۆ گەڕان ئێمەش هاتین بۆ ئێرە.

- دادە فەرزان ئێمە لەزووەوە گەڕاوینەتەوە خەریک بوین لەکەباب کردنەکەدا یارمەتی ئامۆزاکان و ماممان دەدا. ئێستاش براژنە فاگمە چاوەڕوانە کە یەکێکتان بڕواتەوەو ئاگاداری مناڵەکان بێت و ئەویش بێت نوێژ بکات.

مەهناز وەڵامی قسەکەی ئەوی دایەوە:

- ماشەڵڵا ئەم هەموو پیاوە نەتانتوانی ئاگاتان لەمناڵەکان بێت بۆ





Scanned with CamScanner

ئەوەی فاگمە خانمیش بێت؟

- بەڵام ئەگەر هەڵەم نەکردبێت بڕیارە خانمەکان لێرە دانیشن هەتا بەئاوات بگەن. دروستە؟ فەرزاد بوو کە ئەمەی وت. سیاوەش لەوەڵامی ئەودا وتی:

- ئەڵبەتە ئەم قسەیەی تۆ لەبارەی خانمی بەندەوە دروست نی یە. چون بەئاواتی گەشتووەو هاوسەرێکی وەکو منی هەیە.

فەرزانە سەیرێکی ئامۆژن و ئەوانی تریشی کردو بەئاوازێکی شەرم و توندەوە وتی:

- سیاوەش!

هەموان دەستیان کرد بەپێکەنین. ئامۆژن وتی:

- هیچ کات پێویستی و نیازی مرۆڤ تەواو نابێت. کە خۆی بەئاوات گەشت، سەرەی ئەو ئارەزووانە دەگات کە بۆ مناڵەکانی دەیانخوازێت. ئێستا بۆچی بەپێوە وەستاون! فەرمون دانیشن.

دەمەتەقێکە تەواو بوو دوای نوێژکردن گەڕانەوە بۆ هاوینەهەوارەکە. هەرچەند جێگای خاڵی لەیلا هەموانی ئازار دەدا بەڵام ئەوەندەش لەهەموان بەتایبەت لەسیاوەش بەخۆشی تێپەڕیبوو کە دڵی نەدەهات ئەو هەموو سروشتە جوانە بەجێ بهێڵێت. هەرچەند کە ئەهلی گلەیی و شکایەت نەبوو، دوو سێ جار بەفەرزانەو براکانیی وت کە بۆچی ئەم هەموو ساڵە ئەویان نەهێناوە بۆ ئێرەو ئەوانیش خەتاکەیان خستە ئەستۆی خۆیان کە هەمیشە یەک ڕۆژ یان دوو ڕۆژ هاتون و گەڕاونەتەوە.

ئەم سەفەرە هیچ کات لە زهنی ئەندامانی خانەوادەدا نەسڕرایەوە. سیاوەش زیاتر بەئامۆزاکەی بابە ئاشنا بوو. ئەو پیاوێک بوو خۆش ڕەفتارو ئارام. بەڕای ئەو خانەوادەیەکی بەڕێز بون. لەبەرئەوە داوای لێکردن

هەرکات کە دێن بۆ تاران حەتمەن سەر لەوانیش بدەن.

وەرزی چواردەیەم

چەند ڕۆژێک زیاتر تینەپەڕیبوو بەسەر گەڕانەوەیاندا بۆ تاران، مەهناز تەلەفۆنی کردو وتی ئەگەر ناڕۆن بۆ هیچ جێگایە، ئەوان دێن بۆ تاران. فەرزانە کە ژنی براکەیی بەنزیک دەزانی پێی وت کە بڕیارە بڕۆن بۆ ئاراک و داوای لێکردن هەفتەی ئاینده بێن.

هەفتەی دواتر مەهنازو مامەو ئامۆژنی لەگەڵ ئیحسان بەگوڵ و شیرینیەوە هاتن. فەرزانە ڕویکردە ئامۆژن و وتی:

- بۆچی زەحمەتتان کێشاوە؟ ئێمە چەند ساڵە ئەم خانووەمان کڕیوە. هەر وابزانە گۆڕیشمان.

مەهناز کە خەریکی ماچکردنی کچەکان بوو، پێی وت:

- ئەم گوڵ و شیرینی یە ئیحسان کڕیویەتی.

- پیرۆزە. بەسەلامەتی خوێندنت تەواو کردووە؟

ئیحسان مەزلومتر لەهەمیشە وتی:

- بەڵێ ئامۆزا. ئێستا تەنها سەربازیم ماوە.

- ئەویش تەواو دەبێت انشاالله.

ئامۆژن پرسیی:

- ئاغا سیاوەش کەی دەگەڕێتەوە لەئیدارە؟

- وەڵڵا چی بڵێم. کاری ئەو کاتی بۆ نی یە.

خەریکی دەردە دڵ کردن بون کە سیاوەشیش هاتەوە.

بە بینینی مامە زۆر خۆشحاڵ بوو. یادگاری خۆشی هاوینەهەوارەکەی بۆ زیندو بویەوە، لەبەرامبەر ئەو هەموو ڕێزەی کە مامە لێی گرتبون، لەکۆتاییدا داوای لەخوا کرد کە شانازی خزمەتکردنی ئەوانی پێ ببەخشێت.

دیسانەوە تەواو بونی خوێندنی ئەندازیار ئیحسانی پیرۆز کرد. هەواڵی بەهرامی پرسی. مەهناز وتی:

- ئەو مۆڵەتی نەبوو، نەیتوانی بێتە خزمەتتان. انشاالله بۆ جاری ئاینده. ئێمە کاری گرنگمان هەبوو هاتین. ئاماژەی کرد بۆ مامی بۆ ئەوەی بڕواتە سەر ئەسڵی بابەتەکە.

مامە دوای ئەملاو ئەولاو پێشەکیەک، لەکۆتاییدا مەبەستی خۆی لەم سەفەرە بەسیاوەش وت. هەدیە کە هەتا ئەو کاتە لەلای ئەواندا دانیشتبوو، ئارام و بێدەنگ هەستایەوە بۆ ئەوەی بڕوات، پێی گیرا لە کورسیەکەو، کورسیەکە کەوتە سەر زەوی. هەموان جگە لەئیحسان دەستیان کرد بەپێکەنین.

بابە ڕویکردە هەدیەو وتی:

- بۆ کوێ دەڕۆیت ئەزیزم؟ خۆ غەریبە نین.

هەدیەش گەڕایەوەو دانیشت. هەرچەند کە وا دەردەکەوت فەرزانە زۆر ڕازی نەبوو، دوای ئەوەی کە قسەکانی خۆیان کرد، داوای مۆڵەتیان کرد بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ ماڵی برای خێزانەکەی و پێداگریەکانی سیاوەش بۆ ئەوەی کە بۆ نانی ئێوارە لەوێ بن بێ سود بون. مامە لەوەڵامی ئەم هەمو تکایەی سیاوەشدا وتی:

- ئێمە دەڕۆین ئەگەر پێتان خۆشبو دیسانەوە بێین و ئەم پەیوەندییە دۆستی یە بەردەوامی هەبێت سبەی هەواڵی خۆشمان پێ بدەن. انشاالله هەتا کۆتایی تەمەن دۆستانێکی باش بین بۆ یەکتری.

مەهناز هەستیکرد فەرزانە زۆر خۆشحاڵ نی یە، دوای ڕۆشتنی ئەوان سیاوەش و فەرزانەی دڵنیاکردەوە ئەگەر کەسانی باش نەبونایە هەرگیز نەیدەهێنان بۆ ماڵی خوشکی مێردەکەی.



Scanned with CamScanner

- دەزانیت چی یە مەهناز گیان، هێشتا بۆ هەدیە زووە. خۆ خوا نەخواستە نالێم ئەوان باش نین. سیاوەش وتی:

- ببورە پێوەری تۆ بۆ درەنگ و زوو بونی ئەم بابەتە چی یە؟ بەڕای من باشتر وایە لەخۆی بپرسین. وانی یە؟

- وەڵڵا چی بڵێم نازانم. سیاوەش بۆچی پەلە دەکەیت؟

- من پەلە ناکەم. مرۆڤ کاتێک وەڵامی ڕەد دەداتـەوە کە یان لەگەورە بون و پێگەشتنی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی مناڵەکەی خۆی دڵنیا نەبێت، یان لایەنی بەرامبەر کەسێکی شایستە نەبێت. خۆ تۆ کەسێکی منگقیت ئەزیزم، باشتر وایە ئەوە قەبوڵبکەین کە مناڵەکان ئیتر گەورە بون و دەتوانن بۆ خۆیان بڕیار بدەن. هەدیە کە لەچێشتخانە خۆی بەشتنی قاپ و میوەی میوانەکان خۆی بەسەرگەرم و بێ خەیاڵ نیشان دەدا، لەسەر داوای باوکی ڕۆشت بۆلای ئەوان.

- کچم مامەو ئامۆژن بۆ خوازبێنی تۆ هاتبون بۆ ئیحسان. ئەگەر پێت خۆشە بیری لێ بکەرەوەو سبەی وەڵامێکمان پێ بدەرەوە. باشە بابە؟

هەدیە کە وا دەرنەدەکەوت غافڵگیر بوبێت، بەبێ ئەوەی کە سەری بەرزبکاتەوە، وتی:

- بەچاوان بابە.

فەرزانە کە بینیی بەپێچەوانەی جارەکانی پێشوو هەدیە خێرا سەنگەری دەگرت و پێداگری بۆ تەواو بونی خوێندنی پێش هاوسەرگیری دەکرد، وتی:

- سەیرکە کچم هیچ ناچار نیت بەقەبوڵکردنی ئیحسان لەبەرئەوەی کە ئامۆزای مەهنازە یان خزمی منە. من لەبەرئەوەی کە تۆ وتت دەتەوێت تەنها بیر لەخوێندن بکەیتەوە، هەموو خوازبێنیکارەکانم ڕەدکردەوە.

خاڵۆژن مەهناز ئیحساسی کرد لەوەی کە ئەوانی هێناوە فەرزانە ناڕەحەتە، لەبەرئەوە وتی:



Scanned with CamScanner

- هەدیە گیان بەباشی بیر بکەرەوەو بزانە دەتوانیت بڕۆیت لە جێگای دور بژی؟ سەرباری ئەوەش هاوسەرگیری زۆر سەختە دەبێت ئاگات لەوەبێت کە پەیوەندییە خانەوادەییەکان تێک نەچن و بەکورتی کێشەگەلی خۆی هەیە.

هەدیە کە لەشەرمی بابەو دایەو خاڵۆژنی سەری بەرز نەکردبویەوە، وتی:

- حەق بەتۆیە خاڵۆژن، بەڵام هەر ژیان و پێکگەشتنێک کێشەی تایبەتی خۆی هەیە. دایەو ئەوان دەزانن. سیمای هاوپۆلم خۆی ئەهلی تارانەو لەگەڵ کوڕێکدا یەکتریان ناسی کە دەیوت باوکی بازرگانە خەڵکی تەبریزن و یەک خوشک و بران. دوای ئەوەی کە هاتن بۆ خوازبێنی و خانەوادەکەی هێنا بۆ تاران و هەمو شتێکیان کڕی و لەیەک مارە کران سیماش خۆشحاڵ بو کە پیاوی خەونەکانیی پەیدا کردووە. دوای مارە کردن دایکی دەسگیرانەکەی دەعوەتیان دەکات کە بڕۆن بۆ ماڵی ئەوان. ئێستا کە دەڕۆن بۆ ماڵیان لەلادێ بوو، نەک لە شار. باوکی باخی هەبوو بازرگان نەبوو. حەوت خوشکی هەبوو سیماش هیچی پێنەکرا. ئەگەر ڕۆژێک هاوسەرگیری بکەم، خانەوادەکەشی قەبوڵ دەکەم.

فەرزانە هەستی کرد خۆشەویستییەک بۆ ئیحسان هەیە لەپشتی ئەم قسانەوە. لەبەرئەوە هیچی بەهەدیە نەوت و ئاهێکی لەناخی دڵەوە کێشاو وتی:

- سیاوەش باوەڕ دەکەیت هەردەڵێی دوێنێ بوو کە دایکی خوا لێخۆشبوم هەموو ڕۆژێک لەسەر خوازبێنیکاران و جوابکردنەکانی باوکم بەیەکەوە دەمەبۆڵەیان بوو.

- بەڵێ لەبیرمە خۆت و باوکت چەندینجار ئێمەتان دەرکرد. بەڵام بینیت کە کۆڵنەدانی من بێسود نەبوو.

هەدیە داوای مۆڵەتی کرد کە بڕوات. بابە جارێکی تر داوای لێکرد

بەباشی بیر بکاتەوەو بەیانی ئەنجامەکەیان پێ بڵێت. جارێکی تریش تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئیحسان خانەوادەیەکی باش و بەڕێزی هەیە.

دوای ڕۆشتنی هەدیە، مەهناز وتی:

- تەنها نیگەرانی من ئەوەیە کە مامە کەریم ڕازی نەبێت، هەروەک بەهاوسەرگیری من و بەهرام ڕازی نەبوو.

سیاوەش بەزەردەخەنە وتی:

- ئەگەر مۆڵەت بدەن ئەو بۆ من. نازدارەکەی دەنێرمە لای، هەمو کارەکان ڕێک و پێک دەبن.

نەدا کە لەژورەوە بوو لەکۆتاییدا لەدەستی هودا دەرچوو بەقیافەیەکی داواکارانەوە وتی:

- مەگەر دەتانەوێت دادە هەدیە بدەن بە شوو؟

سیاوەش خۆشەویستە نازدارەکەی لەئامێز گرت و ماچی کرد:

- ئەگەر تۆ مۆڵەت بدەیت گـەورەی خانەدان! ئەگەرنا هیچ هاوسەرگیرییەک ئەنجام نادرێت.

بڕیار لەسەر ئەوە درا کە ئیحسان و هەدیە چەند جارێک بەیەکەوە دانیشن و قسە بکەن هەتا ئەگەر بەڕێککەوتن گەشتن گەورەکان ئاگاداربکەنەوەو بابەتەکە بەشێوەیەکی ڕەسمی بەهەموان ڕابگەیەنن. هەر لەو دانیشتنانەی سەرەتادا هەردولا تێگەشتن کە هاوبەشی ژیانی خۆیان دۆزیوەتەوە. هەتا زیاتر بەیەکەوە قسەیان دەکرد زیاتر پەییان بەگەورەیی و چاکیەکانی یەکتری دەبرد. کاتی ئەوە هاتە پێشەوە کە هەدیە ڕای خۆی بەدایە وت. چونکە لەلایەکەوە نزیکی مانگی ئەیلول بوو دەبو هەدیە بڕواتەوە بۆ ئەصفەهان و لەلایەکی تریشەوە کاتی ڕۆشتنی ئیحسان بو بۆ سەربازی. جارێکی تر فەرزانە وەکو دایکێک لەهەدیەی پرسی:

- کچم بەباشی بیرت کردەوە؟ تۆ هێشتا لەسەرەتای ڕێگەکەدایت. سەیرکە لەگەڵ ماڵداری و ژیانی هاوبەش و ئەو تایبەتمەندییانەی کە

هەیەتی، هەروەها ئیحسانیش دەبێت بڕوات بۆ سەربازی و لەڕوی ئابورییەوە لاوازە، دەتوانیت لەم بارودۆخەدا بەردەوامی بەخوێندن بدەیت؟

هەدیە بە باوەڕبەخۆبونەوە وتی:

- بەپشتیوانی خوا بەڵێ. ئەگەر گەروەکان مۆڵەت بدەن لەیەک مارە بکرێین و ببینە مەحرەمی یەکتر. کە خوێندنی من و سەربازی ئەو تەواو بوو بەئومێدی خوا دەڕۆینە سەر ماڵ و ژیانی خۆمان.

دڵی فەرزانە لـەرزی. نەیدەزانی خۆشحاڵە یان غەمگینە. بەڵام هەستێکی خۆش بوو. نێوچەوانی کچەکەی ماچ کردو وتی:

- ئەزیزم ئێمە ئێستا دەمانویست هەوڵ بدەین لەئەصفەهانەوە بتهێنینەوە بۆ تاران، بەڵام وا دیارە دەبێت ڕابێین بەدوریت.

- دایە بڕیار نی یە بڕۆمە دەرەوەی وڵات یان بەتەنها بەجێتان بهێڵم. وا مەڵێ دڵم ناڕەحەت دەبێت.

- دەزانم تۆ کچێکی عاقڵیت، پێم خۆشە بەوردییەکی زیاترەوە بیر لەبابەتەکە بکەیتەوە.

- بەچاوان دایە.

کە بابەگەورە ڕازیبوو، مارەکردنێکی سادەیان ڕێکخست. سیاوەش پێی خۆش نەبوو بکەونە خەرج و زەحمەت. فەرزانە ئاهەنگێکی دەسگیرانی بچوکی بەئامادەبونی گەورەکانی خانەوادەکان بۆ ئەوان ڕێک خست و ئەوانی تریش دانران بۆ کاتی ئاهەنگی گواستنەوە.

هەدیە زانکۆی بەشەوقی ئیحسان و ئیحسان سەربازیی بەعیشقی هەدیە بەسەر دەبردو تاڵی و سەختیەکانیان بەئومێدی شیرینی دیدار تەحەمول دەکرد. کات وەک با تێدەپەڕی و لەچاوتروکاندنێکدا دوو ساڵ تێپەڕی و سەربازیی ئیحسانیش تەواو بوو باس باسی ئاهەنگی هاوسەرگیری و چۆنیەتی ڕیکخستنی بوو. ئامۆژن چاوەڕوانی هێنانی



Scanned with CamScanner

بوکەکەی بوو، بۆ فەرزانەش دورکەوتنەوە لەهەدیە لەوە سەختتر بوو کە بیری لێ دەکردەوە. ئیحسان ڕۆشتە سەر کار. بارودۆخ بۆ ئاهەنگی گواستنەوە فەراهەم بوو. لەلایەکی تریشەوە هودا ڕۆشت بۆ زانکۆی ئامل و لەبەشی ئەندازیاریی میکانیک دەستیکرد بەخوێندن.

فەرزانەو سیاوەش و نەدا تەنها مابونەوە. بەڵام لەوەی کە دەیانبینی هەدیە خۆشبەختەو هوداش لە بەشی دڵخوازی خۆی دەخوێنێت، خۆشحاڵ بون. جاروبار پورە ڕازیە دەڕۆشت بۆ ماڵی ئەوان و هەندێکجاریش ئەوان سەریان لەو دەدا. ژیان لەڕۆشتندا بوو نەداش ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبوو زیاتر بەرپرسیارێتی وەردەگرت. لەکارەکانی ماڵەوە یارمەتی دایکی دەدا هەموو ئەمانەش کاتێک بو کە بەشی دووەمی شیرکەت کرابویەوە. کاروبار ڕەوتی خۆی وەرگرتبوو بۆ ئەوەی کە ڕەوتی هەمو کارەکان لەژێر کۆنترۆڵدا بێت، فەرزانە هەرچەند بەڕێوەبردنی ئەوی سپاردبوو بەخانم محەمەدی، بەڵام بەهۆی کچە یەک ساڵەکەی و سەرقاڵی زۆری، هەر خۆی سەرپەرشتی هەردو بەشی شیرکەتی دەکرد. خوێندنی هەدیە تەواو بوبو فەرزانە داخی ئەوەی دەخوارد کە بۆچی نزیک نی یە هەتا بەشێک لە کارەکان بسپێرێت بە ئەو.

هاوین کە تاقیکردنەوەکانی هودا تەواو بون، بۆ دایە ڕۆژی جەژن و شادی بوو. هوداو نەدا هەردوکیان یارمەتییان دەدا چ لەکارەکانی ماڵەوەو چ لەکاروباری شیرکەت.

ڕۆژێکی گەرمی هاوین هەدیە تەلەفۆنی کرد بۆ دایکی و وتی بڕیاریداوە دوو سێ ڕۆژێک بێت بۆ تاران. دایە خۆشحاڵ بوو لێی پرسی ئیحسانیش دێت؟ هەدیە لەوەڵامدا وتی ئیحسان، ئامۆژن و مامەش دێن. یەکەمجاربو کە فەرزانە پێی خۆشبو هەدیە بەتەنها بێت و کەمێک یارمەتیی بدات.



Scanned with CamScanner

# وەرزی پانزەیەم

یەک ساڵ بەسەر گواستنەوەی هەدیەدا تێپەڕیبوو. جارێکی تر مامەو ئامۆژن لەگەڵ هەدیەو ئیحساندا هاتن بۆ تاران. ئەمجاریش بەشیرینیەوە. یادگاری گوڵ و شیرینیەکەی دوو ساڵ لەوەو پێش بۆ فەرزانە زیندو بویەوە. پێکەنی و وتی:

- هەدیە گیان شیرینیەکە بکەوە. چا ئامادەیە بهێنە با هەموان بخۆن.

ئیحسان پێکەنی و وتی:

- نا ئامۆزا، مۆڵەت بدەن با ئەشکانیش لەدەرەوە بێت و مامە سیاوەشیش لەسەر کار بگەڕێتەوە. هودا خانم کە چای هێنا، دواتر...

فەرزانە لەسەرسوڕماندا خەریکبوو شاخی لێ دەڕوا.

- چی؟ مەگەر ئەشکانیش هاتووە لەگەڵتان؟ لەکوێیە؟

ئامۆژن خەندەیەکی کردو وتی:

- ئەمان لەدەستی ئەم گەنجانە. چەندە کەم تەحەمولن. ئێستا ئەشکانیش دێت. ڕۆشتووە گوڵ بکڕێت.

- گوڵ بکڕێت؟!

- بەڵێ، دەزانی چی یە فەرزانە خانم؟ خوێندنەکەی ئەشکان زۆری نەماوە. سەرەتا لەژێر سایەی خوا پاشان لەژێر سایەی ئێوەدا دەمانەوێت بیبەستینەوە...

- مامە ئەمانە چی دەڵێن؟ من تێناگەم.



Scanned with CamScanner

- وەڵڵا چی بڵێم کچم! خۆت باشتر دەزانیت. هەدیە ئێمە پێشنیارمان کرد بۆ ئیحسان. هەرچەند لە خوای بو ئێمە قسەی دڵی ئەومان کرد. خوا هیچ باوک و دایکێک شەرمەندەی گەنجەکەی نەکات. بەڵام ئەشکان هەر لەسەرەتاوە کە پێش چەند ساڵێک هاتن بۆ لامان بۆ هاوینەهەوارەکە، خۆی دەیوت من هەڵبژاردنی خۆمم کردووە. دەبێت هودام بۆ بهێنن.

- بەڵام مامە هودا هێشتا ساڵی یەکەمیەتی. زۆری ماوە هەتا...

هەدیە لەبری مامە وتی:

- دایە لەبیرت کردووە منیش تازە ساڵی یەکەمم تەواو کردبوو کە...

- کچم مەسەلەکە جیاوازە.

- من هیچ جیاوازییەک نابینم. توخوا لێگەڕێ باوکم بێتەوە بزانم ڕای ئەو چی یە.

فەرزانە پێکەنینێکی ماناداری کردو وتی:

- وەڵڵا بڵێم چی تۆ بویتە خزمی ئەوان یان کچی من؟ جگە لەوە ڕای هوداش مەرجە. باتێواره لەئامل بگەڕێتەوە ئینجا قسە دەکەین.

- خۆم قسەم لەگەڵ هودا کرد.

- چی؟ قسەت لەگەڵ کرد؟ کەی قسەت لەگەڵ کرد؟

مامەو ئامۆژن و ئیحسان سەیری دایک و کچیان دەکردو گوێیان لەقسەکانی ئەوان دەگرت و خۆشحاڵ بون بەوەی کە هەدیە کاری ئەوانی ئاسان کردبوو.

- تەلەفۆنم بۆ کرد وتم ئەگەر ئەشکان لەدەست بدەیت، زۆر گەمژەی. بەخوا دایە لەئەخلاق و ڕەفتارو قیافە کە بینیوتە هیچ عەیبێکی نی یە.

وە چاوێکی لەئیحسان داگرت و بەردەوام بوو:

- ببورە ها (ئەڵبەتە لەدوای ئیحسان) ئیتر زاوای باشترتان لەو دەست ناکەوێت.

- کچێ ناشیرینە لەلای مامەو ئامۆژن ئەم قسانە دەکەیت.

ئامۆژن وتی:

- ئەسڵەن هیچیش ناشیرین نی یە. بڵێ بوکی گوڵم. بڵێ قوربانی دەمت بم. قسەی دڵی ئێمە بکە بۆ ئەوەی کاتێک ئاغا سیاوەش هاتەوە قسەی ڕەسمی تر بکەین.

ئەشکان لەساری دەیخوێندو هودا لەئامل. هەندێکجار بۆ بینینی یەکتری دەڕۆشتن بۆ ماڵی مامەو هەندێکجاریش ئەشکان دەهات بۆ تاران. یەک ساڵ بەسەر مارەکردنیاندا تێپەڕیبوو کە خوێندنی ئەشکان تەواو بوو بڕیار بو بڕوات بۆ سەربازی.

ڕۆژێکیان سیاوەش و فەرزانە بەتەنها لەماڵەوە بون. نەدا ڕۆشتبوو بۆ لای هاوڕێیەکی. دوای ماوەیەکی زۆر قسەکردن، سیاوەش وتی:

- فەرزانە گیان! ئەگەر ڕازی بیت یەکەم جەژن کەبێت، ئاهەنگی گواستنەوەی هودا بکەین و ئەویش بڕواتە سەر ماڵ و ژیانی.

- چی دەڵێیت سیاوەش؟ هێشتا هودا خوێندنی تەواو نەکردووە. ئەشکان تازە دەیەوێت بڕوات بۆ سەربازی.

- ئەوە خۆ کێشە نی یە. هەدیەش خوێندنی تەواو نەکردبوو.

- ئەم قسانە چی یە؟ مەگەر لەکچەکەت بێزاربوی؟ بە پەلەیت زوتر بینێریت؟

- ڕاستیەکەی بڵێم؟ بەڵێ بەپەلەم.پێم خۆشە بوکێنی هوداش ببینم. بۆ نەداش خوا گەورەیە. دواتریش...

- دواتر چی؟



Scanned with CamScanner

- نازانم. هەستێک پێم دەڵێت دەبێت ئەم کچە زوتر بڕواتە سەر ماڵی خۆی. دەترسم بوکێنی ئەو نەبینم.

- من زۆر ماندوم. ئەمڕۆ بەرپرسی دارایی هاتبووە شیرکەت، بگرەو بەردەیەکی زۆرم لەگەڵ کرد. سەرم لەقسەکانی تۆ دەرناچێت.

- بۆ نا باش تێدەگەیت. کاتێک دیاری بکە بۆ گواستنەوەی ئەو کچە.

- سیاوەش توخوا ئەزیەتم مەدە. شێت بوی؟ من ئەمڕۆ ماندوم. تاقەتم نی یە. ئێستا هوداو ئەشکان دێنەوە بۆ ماڵ.

- باشتر با بێنەوە. ڕای خۆیشیان دەپرسم.

- سیاوەش ئەم قسانە خۆش نین. دەتەوێت بەئەشکان بڵێیت من ئیتر کچەکەم ڕاناگرم و وەرە بیبە؟ ئاخر من چیت پێ بڵێم؟ ئەمڕۆ باش هەڵنەساویت.

کە ئەشکان و هودا لەدەرەوە هاتنەوە، سیاوەش بابەتەکەی پێ وتن. هودا کەمێک ئەملاو ئەولای کرد. بەڵام ئەشکان وتی:

- هەر زۆریـش باشە. کە خولی ڕاهێنانم تـەواو بوو ئاهەنگی گواستنەوە دەکەین.

بەرواری چواری مانگی دواتریان دیاریکردو بڕیاربوو کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. فەرزانە سەری لە کارەکەی سیاوەش دەرنەدەچوو. بەپێی ئەوەی کە دەیزانی سەرخستنە سەری بێسودە، لەبەرئەوە ئیتر هیچ ناڕەزاییەتیەکی دەرنەبڕی.

ڕۆژی دواتر بەیانیەکەی فەرزانە وەکو هەمو ڕۆژێک نەدای ئامادەکرد بۆ ئەوەی پێش ڕۆشتن بۆ شیرکەت بیبات بۆ قوتابخانە. چەندجارێک بانگی سیاوەشی کرد. بەڵام ئەو تەنبەڵی دەکردو هەڵنەدەسا. داوای لەهودا کرد ئاگادار بێت و باوکی خەوی لێ نەکەوێتەوەو ڕۆشت.



Scanned with CamScanner

لەکۆتاییدا سیاوەش لەخەو هەستا. هودا نانی بەیانی بۆ ئامادەکردبوو.
بابە سوپاسی کردو وتی:

- دەستت خۆش بێت پێم ناخورێت. ڕاستیەکەی ئەگەر ئەمڕۆ کۆبونەوەم نەبوایە نەدەڕۆشتمە سەر کار. ئەسڵەن تاقەتم نی یە.

- بابە ئەگەر توانات نی یە تەلەفۆن بکەو بڵێ کۆوبونەوەکە هەڵگرن بۆ سبەی.

- ناکرێت. لەهەفتەی ڕابردوەوە ئەم کۆبونەوەیەیان داناوە. بەڵام ئەگەر دەکرێت ئەشکان هەستێنە با من بگەیەنێتە ئیدارە. توانای شۆفێری کردنم نی یە.

- ئەگەر زۆرت پێ دەچێت هەتا ئەو ئامادە دەبێت با تەلەفۆن بکەم بۆ تاکسی.

- نا درەنگ نابێت. ئەشکان هەستێنە.

ئەشکان ئامادە بوو. سویچەکەی وەرگرت بۆ ئەوەی بابە بگەیەنێتە سەر کار. لەڕێگاداکە دەڕۆشتن بەرەو ئیدارە، دوای پێشەکیەکی کورت، سیاوەش داوای لێکرد کە زۆر ئاگاداری هودا بێت. چون هودا کچێکی زۆر هەستیارە.

- مامە بۆچی ئەوەندە خەمی هوداتە؟ توخوا کەمێکیش ئامۆژگاری هودا بکە کە ئاگای لەمن بێت.

سیاوەش زەردەخەنەیەکی کردو بێدەنگ بوو. ئەشکان پرسیی:

- مامە وا دیارە ئەمڕۆ حاڵت باش نی یە. وایە؟

سیاوەش وەڵامی نەدایەوە. جارێکی تر پرسیارەکەی کردەوە، بەڵام بێ وەڵامبو. ئۆتۆمبێلەکەی وەستاند.

- مامە بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟ توخوا وەڵام بدەوە.



Scanned with CamScanner

کاتێک هیچ وەڵام و کاردانەوەیەکی لەسیاوەش نەبینی، ڕێگاکەی لەئاڕاستەی ئیدارەوە گۆڕی بەرەو نەخۆشخانەی فریاکەوتن. بە هەر موسیبەتێک بوو ئەوی گەیاندە نەخۆشخانە، بەڵام تازە درەنگ بوو. سیاوەش بەکۆتا زەردەخەنەی ئارام و ئاسودە ڕۆشتبوو. ئەشکان خەریکبو شێت دەبوو. نەیدەزانی دەبێت چی بکات. تەلەفۆن بۆ کێ بکات و هەواڵ بدات. بەتەواوی سەری لێ شێوابوو. مەگەر دەکرێت کەسێک هەر بەم ئاسانی یە بمرێت. لەکۆتاییدا تەلەفۆنی بۆ ئیحسان کرد. بەبێ سڵاو کردن وتی:

- توخوا فریام کەوە.

- چیبووە. لەکوێیت؟ باش قسە بکە بزانم چی دەڵێیت.

- لە تارانم. مامە سیاوەش مرد. من دەبێت چی بکەم؟

- مرد؟ حاڵت باشە؟ خۆ شێت نەبوی؟

- نەبەخوا. بەڵام خەریکە شێت دەبم. ئەوم هێنا بیگەیەنمە سەر کار...

- توشی ڕوداوی هاتوچۆبون؟

- نا. خۆزگە توشی ڕوداو دەبوین. لەئۆتۆمبێلەکەدا خەریکبوین قسەمان دەکرد کە مرد. توخوا خۆتان بگەیەنن. من نازانم چی بکەم. چۆن بەهوداو فەرزانە خانم بڵێم.

ئیحسان تەڵقینی دەکرد کە بەدڵنیاییەوە لەهەڵەدایە. لەوانەیە مامە سەکتەی کردبێت و نەمردبێت. داوای لێدەکرد خەمسارد بێت و ئارامشی خۆی بپارێزێت. بەڵام لەکۆتاییدا تێگەشت کە ئەشکان هەڵە ناکات و سیاوەش زۆر سادەو ئارام بارگەی سەفەری بەستبوو.

سیاوەش ڕۆشت و فەرزانە مات و خەمبار مایەوە. هەموان لەئاراک و



Scanned with CamScanner

باکورەوە هاتن. بۆ هەموو کەس باوەڕپێنەکراو بوو. بەتایبەت بۆ فەرزانەو هوداو ئەشکان کە لەکۆتا کاتژمێردا ئەویان بینیبوو. ئەسڵەن پێشبینیان نەدەکرد ئەوەی کە دەیبینن و دەیبیستن واقیعیەت بێت.

لەمەراسیمی ناشتنی باوکیاندا، کچەکان چییان نەکرد. بەڵام فەرزانە بەشێوەیەک مات و بێدەنگ بوبو کە هیچ کەس نەیدەتوانی کارێکی بۆ بکات. نەدەگریا، نەپێدەکەنی، نە قسەی دەکرد. چەندین کاتژمێر چاوی دەبڕییە وێنەکەی سیاوەش کە لەژورەکەدا هەڵواسرابوو. دوای مەراسیمی شەوی حەوتەم مەراسیمێکیان لەئاراک و یەکێکیان لەباکور سازکرد. کاتێک کە گەڕایەوە کارو ژیانی نەوەستاند. چون نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە سیاوەش بەتەنها بەجێی هێشتووەو هەمیشە ئەوی لەکەناری خۆیدا دەبینی. لەگەڵ ئەو هەڵدەساو دادەنیشت، دەڕۆشتە سەرکارو ڕاوێژی دەکرد.

هەموان پێیان وابو فەرزانە صەبورو خۆڕاگرەو غافڵ بون لەدڵی بێتاقەتی و ئەو بۆشاییە ڕوحیەی کە بۆی دروست بوبو. سیاوەش بۆ ئەو تەنها یەک هاوسەر نەبوو، یەک هاوڕێ، دۆست و پشتیوانی ڕوحی ئەو بوو. هیچ کەس نەیدەتوانی جێگەی خاڵی ئەو پڕ بکاتەوە. لەبەر خاتری مناڵەکان بەتایبەت نەدا ئارامگری دەکرد. بۆ هەر کارێک کە دەیویست بیکات،دەڕۆشت بۆ بەهەشتی زەهراو لەگەڵ هاوسەری میهرەبانی خۆیدا ڕاوێژی دەکرد.

ڕۆژەکان یەک لەدوای یەک دەهاتن و دەڕۆشتن، ماڵ سەرتاپا نوغرۆی ماتەم بوو. نەدا ڕۆژ بەڕۆژ لە خەمدا دەتوایەوە. هەر لەبەرئەوەش کاتێک کە قوتابخانە تەواو بوو، فەرزانە بڕیاریدا چەند ڕۆژێک بۆ پشودان بڕۆن بۆ ڤێلاکەو نەدا لەگەڵ پەریادا کەمێک سەرقاڵ ببێت و خەم و ماتەمی



Scanned with CamScanner

کەم ببێتەوە.

ڕۆژێکیان کە نەدا ڕۆشتبوو بۆ ماڵی خاڵە فەرزاد، فەرزانە لەگەڵ خۆیدا خەڵوەتی کردبوو. بیری لە ڕابردوی خۆی دەکردەوەو لەئایندەی مناڵەکان. زەنگی دەرگاکە ئەوی بەخۆیدا هێنایەوە. فەرزاد بوو. دەرگاکەی بۆ کردەوەو دوبارە لەسەر قەنەفەکە دانیشت. فەرزاد بەکەمێک دواکەوتن لەکاتێکدا کە یا الله ی دەوت هاتە ژورەوە. فەرزانە لەدڵی خۆیدا وتی لەوانەیە مامە یان کەسێکی تری لەگەڵدا بێت. خێرا ڕۆشت بۆ ژوری نوستن و لەچکەکەی دا بەسەریدا. کاتێک کە لەژوری نوستنەکە گەڕایەوەو چاوی بەهاوڕێ میوانەکەی فەرزاد کەوت شۆک بو.

- سڵاو ئامۆزا.

بەساردییەکەوە وەڵامی میوانە چاوەڕواننەکراوەکەی دایەوە:

- سڵاو.

دوای تێپەڕینی ئەم هەموو ماوەیە بەسەر مەرگی سیاوەشدا چ کەسێک دەیتوانی جگە لەفەرهاد بێت؟!

فەرهاد کە ڕویکردبوو بەلای فەرزاددا، لەبنەڕەتدا بەفەرزانەی وت:

- ڕاستیەکەی پێم خۆش نەبوو لەبارودۆخێکی ئاوادا بێزارتان بکەم.

- چ بارودۆخێک؟

- بۆ سەرەخۆشی کردن هاتمە خزمەتتان. خوا سەبرتان بدات.

- مەمنون. لوتفتان کرد.

لەڕەفتاری ساردی فەرزانە، فەرهاد دڵی شکاو ڕوخساری تێکچوو. فەرزاد نێوەندگیری کرد:

- ئامۆزا دەتەوێت هەر بەم شێوەیە بەپێوە بوەستیت؟ فەرموو دانیشە.



Scanned with CamScanner

- مەمنون. دیارە حاڵی کچە مام زۆر باش نی یە، باشتر وایە زەحمەت کەم بکەینەوە.

- حاڵی من باشە. بەڵام بەهەر شێوەیەک خۆتان پێتان باشە.

فەرزاد بە ئاماژە خوشکەکەی تێگەیاند کە فەرموو لەفەرهاد بکات دانیشێت و خۆی وتی:

- ئەندازیار لێرە کۆبونەوەی هەبوو. کاتێک بیستی تۆ هاتویت، زەحمەتی کێشاو تەلەفۆنی کرد کە بڕۆم بیهێنم بۆ ئێرە بۆ سەرەخۆشی کردن لێت.

فەرزانە بەبێ ئەوەی سەیری فەرهاد بکات، ڕویکردە فەرزادو وتی:

- ئەندازیار لوتفیان کرد. بەڵام من لەتارانیش ماڵم هەیە. دەتوانن بێن بۆ ئەوێ بۆ سەرەخۆشی.

فەرهاد کە بارودۆخەکەی بە نەگونجاو بینی،پێی باشبوو کە ئەوێ بەجێ بهێڵێت. خواحافیزی کردو ڕۆشت.فەرزاد بە نارەحەتی و سەرسوڕماو لە ڕەفتاری خوشکەکەی-غافڵ لە دەردی دڵسوتێنی ئەو- لەگەڵ ئامۆزاکەیدا ڕۆشت.

دوای ڕۆشتنی ئەوان فەرزانە بۆ یەکەمجار لە ناخی دڵەوە گریاو لەگەڵ وێنەکەی سیاوەشدا قسەی کرد:

- بۆچی بە تەنها بەجێت هێشتم؟ بۆچی دڵی دوژمنمت شاد کرد؟ بینیت دیسان چاوەڕوان بو هەتا ئەزیزێک لەدەست بدەم بۆ ئەوەی بێت بۆ سەرەخۆشی؟ بەڵام من گرنگیم پێ نەدا. وەکو هەمیشە ئارەزوی کردووە لەمەرگی ئەزیزانمدا بێت و دڵم بسوتێنێت...

سیاوەش تەنها زەردەخەنەی بۆ کردو ئەو هەمیشە بە زەردەخەنەیە وەڵامی خۆی وەردەگرت:



Scanned with CamScanner

- باشە. لەبەرخاتری تۆ ئارام دەگرم. هەرچییەک تۆ بیڵێیت.

زۆر لەم دەرگاو لەو دەرگای دا، دوای زەحمەتێکی زۆر لەکۆتاییدا هودای لەزانکۆی ئاملەوە گواستەوە بۆ تاران. ئەو ڕۆژنەی کە هودا نەدەڕۆشت بۆ زانکۆ دەیبرد بۆ شیرکەت لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەوەی هەم لەماڵەوە بە تەنها نەبێت و لەلایەکی تریشەوە دەبوو کارەکانی شیرکەتی بسپاردایە بەکەسێکی دڵنیا.

هەدیە لەبەرکاری هاوسەرەکەی لەساری دەژیا. ژیانێکی خۆش و ئارامیان هەبوو تەنها نیگەرانییان دایە بوو کە لەڕواڵەتدا خۆی ئارام نیشان دەدا. بەڵام نەیاندەزانی ئەم ڕواڵەتە تەنها سیناریۆیەو هیچ کەس ناتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە دوای مردنی بابە دروست بوبو. جاروبار باوکی فەرزانەش دەهاتوو دڵخۆشی دەدایەوەو داوای لێدەکرد کە خۆڕاگر بێت. هەرچەند هیچ کامێک لەقسەکانی ئەو کاریان نەدەکردە سەر دڵی کچە داغدارەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگ دەبوو خۆی ئارام نیشان دەدا. بەڵام لەکاتێکدا کە زۆر ئارام و ئاسایی دەردەکەوت، توشی بێ هێزی و دابەزینی پەستان دەبوو. بەشێوەیەک کە پزیشکەکان ئاگاداریان کردبویەوە ئەگەر بارودۆخەکە هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، دوچاری خەمۆکی توند دەبێت. هەرچەند ئەو خۆی بەهێزو خۆڕاگر نیشان دەداو هەوڵی دەدا جێگای خاڵی بابەش بۆ کچەکان پڕ بکاتەوە کە بۆ هەموان سەخت بوو بۆ نەداش سەختتر.

ڕۆژگار بیر لەئاسانی و سەختی ژیان ناکاتەوەو چەرخی گەردون بەردەوامی دەدات بەخۆی.

وەرزی شانزەیەم

کە نۆ جەژنی سیاوەش تێپەڕی، جلی ڕەشیان لەبەر فەرزانەدا



Scanned with CamScanner

لابرد. بەڵام ئەو ئیحساسی بۆشاییە ڕوحیەو کەمیە عاتیفیانەی کە لەدڵی فەرزانەدا بون هەروەک خۆیان مانەوە. هەندێکجار لەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە ئەمە چ چارەنوسێک بوو کە خواوەند لەتەقدیری ئەودا نوسیی. ئەوکات نەیان پرسی ئایا ڕازیت هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم پیاوەدا بکەیت کە بوبوە هەموو ئومێدو ئارەزوو پشت و پەنای، هەربەو ئاسانیەی کە هات، ڕۆشتیش. لەگەڵ هیچ کەسدا دەردە دڵی نەدەکردو هیچ کات نەیویست کچەکان غەمگین بکات و هەرگیز لەلای ئەوان دڵتەنگی و خەم و خەفەتی دەرنەبڕی و لەکارەکانی شیرکەتدا دوا نەکەوت. بەڵام حەقیقەت ئەوەبوو کە ئەو دڵی شکابوو. هەندێک شەو لەکاتی نوستندا لەبەردەم ئاوێنەکەدا دەوەستاو سەیری ئەو هێڵە کاڵە چرچ و لۆچیانەی کە خەریکبوو جێگەی خۆیان دەکردەوە لەڕوخساریدا، دەکرد. دواتر لەگەڵ سیاوەشدا قسەی دەکردو ڕاوێژی پێدەکردو لەکۆتاییدا شەوشادی لەگەڵ دەکردو دەنوست. هەرکاتێک دڵتەنگ دەبوو، بەبێ ئەوەی کە مناڵەکان بزانن دەڕۆشت بۆ بەهەشتی زەهراو دەگەڕایەوە. تەواوی ژیانی ئەو ئەم کارە دووبارانە پێکیان هێنابوو. ڕۆژەکان بەسەختی و خەمەوە دوابەدوای یەک دەهاتن و دەڕۆشتن. وردە وردە ساڵڕۆژی سیاوەش نزیک دەبویەوە. دایک و مناڵەکان لەسەرقاڵی ڕێکخستنی ئامادەکاری ساڵرۆژدا بون. سێ ڕۆژ پێش ساڵڕۆژەکە، بڕیار بوو هەدیەو هاوسەرەکەی لەسارییەوە بێن بۆ تاران و یارمەتی دایە بدەن. فەرزانە کارەکانیی لەشیرکەت هەماهەنگ کردبوو ئیتر توانای مانەوەی نەبوو. هاتنی هەدیە بۆ ئەوێ بیانویەک بوو کە زوتر بگەڕێتەوە ماڵەوە. کە گەشتە ماڵەوە، نەدا داوای مۆڵەتی لێکرد بۆ ئەوەی بۆ نووسینەوەی مەشقەکانی بڕوات بۆ لای هاوڕێیەکی. ئەویش دوای خۆشتنێک لیستی ناوی میوانەکانی گرت بەدەستەیەوەو سەیری

کرد، ئەوەک کەسێک لەبیرکرابێت. زەنگی دەرگا لێدرا، هەدیە کلیلی هەبوو بەڵام هەمیشە سەرەتا تەلەفۆنی دەکرد. دوبارە زەنگی دەرگاکە لێدرایەوە. فەرزانە لەدڵی خۆیدا وتی دەبێت کەسێکی غەریب بێت. چونکە یەک دوو کاتژمێرێک هەتا کاتی هاتنی ئەوان مابوو. کە گوشی ئایفۆنەکەی هەڵگرت دەستی لەرزی. بەسەختی دەستی نا بەدوگمەی کردنەوەی دەرگاکەدا بۆ ئەوەی میوانە چاوەڕوانەکراوەکەی بێتە سەرەوە. ڕۆشت بۆ ژوری نوستن و بە مانتۆو لەچکەوە گەڕایەوەو دەرگای هاتنە ژورەوەی ماڵی کردەوە. دوای بیست پێنج ساڵ یەکەمجار بوو کە فەرهاد دەهات بۆ ماڵی ئەوان. زۆر هەوڵیدا کەبەسەر خۆیدا زاڵ بێت و لاوازی لەخۆیدا نیشان نەدا.

- سڵاو.

بەساردییەوە وەڵامی دایەوە:

- سڵاو. چەند سەیرە!

- کوێی سەیرە کە کوڕە مامێک بێت بۆ بینینی کچە مامەکەی؟

فەرزانە لەکاتێکدا کە ئاماژەی بۆ قەنەفەکە دەکرد وتی:

- فەرموو دانیشە. ئێستا مناڵەکان دێن.

فەرهاد لەسەر قەنەفەکە دانیشت و کەمێک جوڵەجوڵی کرد هەتا بەئاسودەیی دانیشت و سەری بە دەوروبەردا دەسوڕاند. فەرزانە ڕۆشتبوو بۆ چێشتخانە بۆ ئەوەی چای بۆ بهێنێت.

- دیکۆری ماڵەکەتان زۆر جوانە.

فەرزانە بەبێ هیچ وشەیەکی زیادە هەر لەوێ سەرێکی لەقاندو وتی:

- مەمنون.

- سەلیقەی خۆتە وایە؟



Scanned with CamScanner

- نەخێر. هەڵبژاردنی کەلوپەلەکان و پێشنیاری سوننەتی کردنی ماڵەکە سیاوەش کردی.

- خوا لێی خۆش بێت. دیارە کە مرۆڤێکی بەسەلیقە بووە.

- خوا لەمردوانی ئێوەش خۆش بێت.

بە سینیەک چاو خورماوە هاتەوە. لەسەر مێزەکە دانینان و لەبەرامبەریدا دانیشت و سەری داخست. هیچ حەزی بۆ قسەکردن نەبوو. فەرهاد وتی:

- بێزارم کردی. منداڵەکان لەکوێن؟ حاڵیان باشە؟

- مەمنون. نەدا لەماڵەکەی بەرامبەرمان لەلای هاوڕێکەیەتی. هودا هەتا کاتژمێرێکی تر لەشیرکەت دێتەوە. هەدیەو ئیحسانیش لەڕێگان.

- لە ئیحسان ڕازیت؟

- بۆچی ڕازی نەبم؟ لەکۆتاییدا کەسمە. هەرچییەک بێت وەک پێشینان دەڵێن گۆشتەکەشم بخوات ئێسقانەکەم ناخوات.

- ڕاستە حەق بەتۆیە. دیارە ڕازیبویت کە هوداشتدا بەئەشکان. انشاالله کە خۆشبەخت بن.

- مەمنون. منداڵەکانی ئێوەش خۆشبەخت بن. ئێستا بۆچی دوای ئەم هەموو ساڵە هاتی بۆ بینینی من. ئەویش بە تەنها. بۆ ئەوەی ئەم شتانە بپرسیت؟

- خۆشم نازانم چیبوو کە ماوەیەک لەمەوپێش بڕیارمدا بێم بۆ بینینت.

فەرزانە دوبـارە سەری داخست و چاوی بڕییە گوڵی پەردەی سەرمێزەکە. هەر لەو گوڵەوە ڕۆشتەوە بۆ ساڵانی پێشوو جارێکی تر یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکان لەزهنیدا زیندوبونەوە. ئەو هیچ ئیحساسێکی لەبەرامبەریاندا نەبوو. تەنانەت غەمگینیشیان نەکرد. ئیتر بۆی گرنگ



Scanned with CamScanner

نەبون. کە بێدەنگیەکەی درێژەی کێشا فەرهاد وتی:

- دەزانیت چی یە ئامۆزا؟ لەماوەی ئەم ساڵانەدا زۆر بیرم کردەوە. دەربارەی تۆ، لەبارەی خۆمەوە، ئەوەی کە بۆچی بەم شێوەیەی لێ هات.

- بەڵام من ئەسڵەن بیرم لێ نەکردەوە. بەپێویستم نەدەزانی بیر لەو شتانە بکەمەوە کە تێیەڕیون. گرنگ ئەوەبوو کە لەکەناری خانەوادەکەمدا خۆشبەخت بوم. ئەو شتەشی ڕویداوە خواستی خوا بووەو ئیتر نامەوێت قسەی لەبارەوە بکەم.

- بەپێچەوانەوە، من هەمیشە بیرم لەڕابردو دەکردەوەو پێم وایەو دەمەوێت قسەگەلێکت بۆ بکەم کە گرنگن.

- وتم کە پێم خۆش نی یە لەبارەی ڕابردووەوە قسە بکەم. باشتر وایە تۆش تەشریف ببەیت. ئێستا منداڵەکان دێن و بەڵگەیەکی منگقی نی یە بۆ هەبونی تۆ لێرە.

- بەڵگەی بۆ چی یە؟ من کوڕە مامی تۆم.

- تکات لێدەکەم بڕۆ. دوای بیست و پێنج ساڵ هاتویت کە بڵێیت کوڕە مامی منیت؟ کەمێکیش پێکەنیناویە. ئەی ناڵێن ئەم کوڕە مامە هەتا ئێستا لەکوێ بوو؟ چیبوو لەناکاودا پەیدا بوو، ئەویش شەوی ساڵڕۆژی باوکمان؟ نامەوێت بەم شێوەیە قسەت لەگەڵ بکەم بەڵام هەر لەو ڕێگایەوە کە هاتویت بگەڕێرەوەو سەیری دوای خۆت مەکە. هەروەک من کە ئەم کارەم کرد.

- بەڵام فەرزانە ڕێگە بدە من قسەکانم بکەم.

- قەبوڵی بکە کە بۆ قسە کردن زۆر درەنگە. بەئەندازەی یەک تەمەن درەنگت کرد، دەرگاکەی نیشانداو وتی: «خوات لەگەڵ.»

- من لەماڵەکەت دەردەکەیت؟!

- بەڵێ. هەربەو شێوەیەی کە لەدڵم دەرم کردیت. فەرموو بڕۆ.

- نا. ناڕۆم. چەندین ساڵ لەگەڵ خۆمدا جەنگام بۆ ئەوەی غرورم



Scanned with CamScanner

بخەمە ژێر پێم و بێم ئەو قسانە بکەم کە هیچ کەس جگە لەخوا نایانزانێت.

- بیستنی ئەم قسانە بۆ من هیچ گرنگیەکیان نی یە. لێگەڕێ با لەنێوان خۆت و خوادا بمێننەوە.

- دەتەوێت لێت بپاڕێمەوە. باشە. تکات لێ دەکەم گوێ لەقسەکانم بگرە.

فەرزانە شپرزە بوبو. نەیدەزانی دەبێت چی بکات. هەرچەند هەمیشە حەزیدەکرد قسەکانی ئەو ببیستێت، بەڵام نەیدەزانی بۆچی ئێستا پێی خۆش نەبوو؟ لەوانەیە لەبەرئەوە بوو کە ئێستا خەریکبوو بۆ شەوی ساڵڕۆژی هاوسەرە میهرەبانەکەی ئامادە دەبوو، کاتێکی گونجاو نەبو بۆ ئەم قسانە. لەهەموو ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەبوو کە منداڵەکان بێن و پێی خۆش نەبوو ئەوان شتێک لەم بارەیەوە بزانن. بۆ ئەوەی کە بابەتەکە ببڕێنێتەوە وتی:

- تکات لێدەکەم بڕۆ. ئێستا ئەسڵەن تاقەتم نی یەو بارودۆخەکە گونجاو نی یە بۆ ئەم قسانە.

- دەی بەڵێن بدە کە وەڵامی تەلەفۆنەکانم بدەیتەوە.

- مەگەر تۆ تەلەفۆنت کردووە کە من وەڵامم نەدابێتەوە؟

- بەڵێ زۆر تەلەفۆنم کرد هەم بۆ مۆبایلەکەت هەم بۆ شیرکەت. تەنها پێم خۆشبو کەدەنگت ببیستم بەڵام تۆ وەڵامت نەدەدایەوە.

فەرزانە ئاگری گرت. ئیحساسێک لە وجودیدا بڵێسەی سەند. بۆی سەخت بوو کە تێبگات ئەمە چ ئیحساسێکە؟ نەفرەت، کینە، یان...

فەرهاد ڕۆشت و چەند لەکاتی خۆیدا ڕۆشت. فەرزانە تازە چایە نەخوراوەکەی فەرهادی کردە ناو سنگی قاپ شتنەکەو ویستی پیاڵەکە بشوات کە نەدا لەدەرگاکەوە هاتە ژورەوە.



Scanned with CamScanner

# وەرزی حەڤدەیەم

هەینی ڕۆژی ساڵیادی سیاوەش هات. میوانەکان لەباکورو ئاراکەوە هاتن. دۆستان و خزمان هەمویان کۆبوبونەوە. پیاوەکان لەماڵی دراوسێکەیان و ژنەکانیش لەماڵی خۆیان پێشوازییان لێدەکرا. کاتژمێر یانزە بوو کە ئوتوبوسەکان هاتن بۆ بردنی ئامادەبوان بۆ سەر گۆڕستان. بەهرام و ئیحسان و ئەشکان کاتژمێرێک پێش هەموان ڕۆشتبون و ئامادەکاری مەراسیمەکەیان کردبوو. هەموو شتێک ئامادەبوو ئەوان خەریکی ڕێککردنی کورسیەکان بون کە فەرزانەو سێ کچەکەی گەشتن. وەک ئەوەی کە دوای یەک ساڵ تازە باوەڕیان دەکرد کە ئیتر باوکیان ناگەڕێتەوە، کچەکان شیوەن و ناڵەیان بەرز بویەوە. فەرزانە تەنها لەدڵی خۆیدا گفتوگۆی لەگەڵ ئەودا دەکرد، گلەیی لێی هەبوو:

- قەرارمان ئەمە نەبوو. تۆ هەمیشە هەرکارێک کە پێت خۆشبوو ئەنجامت دەداو من هەمیشە لەبەرامبەر کارە ئەنجامدراوەکاندا خۆم دەبینیەوە. کە لەبیری مندا نەبووی، خۆزگە لەبیری نەدادا ئەبوی. سەیرکە ئەشکان هودا ئارام دەکاتەوە، ئیحسانیش هەدیە. ئەی نەدا؟ ئەوت بەکێ سپارد؟ ئەمە ڕاست نی یە.

لەناکاودا بەخۆی هاتەوەو نەدای لەئامێز گرت بۆ ئەوەی کە ئارامی بکاتەوە:

- ئەزیزم مەگری. بابە بێ وەفا بوو بەڵام من لەلاتم.

دوای هاتنی میوانەکان و بەڕێوەچونی مەراسیمەکە هەموان ڕۆشتن بەرەو هۆڵی نانخواردن کە پێشتر دیارییان کردبوو. دوای نانی نیوەڕۆ زۆرینەی میوانەکان کە لەتاران بون سەرخۆشییان لێکردن و ئەوانی تریش گەڕانەوە ماڵەوە. خانەوادەی فەرزانەو هەموو خزمەکانی هاتبون. پورو مامەکان و هاوسەرەکانیان و خزمەکانی تریش. تەنها مەهناز لەبەرئەوەی کە تازە دووگیان بوبوو دایکی چاودێری ئەوی دەکرد نەهاتبون. لەئاراکیش تەنها پورە مەرزیە نەهاتبو. حەسەن ئاغا لەچاودێری چڕ خەوێنرابوو نەیتوانیبوو بەتەنها بەجێی بهێڵێت. هەموو براو خوشکەکانی سیاوەش و بوک و زاواکانیان بون. دوا نیوەڕۆ هەموان خواحافیزییان کردو ڕۆشتن. تەنانەت پورە ڕازیەش کە دوای خانەنشین بونی ئاغای عەلیزادە ڕۆشتبون بۆ ئاراک.

غروبێکی غەمبار بوو. ماڵ چۆڵ بوبو. فەرزانەو کچەکان و زاواکان، مامە ڕەحیم و ئامۆژن، بابەو ڕوباب خانم لەوێ بون. منداڵەکان ماندوو بێ هێز هەریەکەیان لەگۆشەیەک ڕاکشابون. فەرزانە کە سەری زۆر ئازاری هەبوو لەژورەکەی خۆی پشوی دەدا. زەنگی دەرگا لێدرا. ئیحسان هەستایەوە بۆ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە. دەسکی ئایفۆنەکەی هەڵگرت:

- کێ یە؟

لەکاتێکدا کە دەرگاکەی کردەوە بەسەرسوڕمانەوە ڕویکردە ئەوانی ترو وتی:

- ئەندازیارە!

مامە ڕەحیم ڕویکردە براکەی و وتی:

- وتبوی دێت بەشوێنمانداو دەمانبات بۆ ماڵی خۆیان. وتم کاتێک



Scanned with CamScanner

کەمیوانەکان ڕۆشتن وەرە.

بابەو زاواکان ڕۆشتن بۆ پێشوازی لێکردنی. سڵاوی لەهەموان کردو دوای چاک و چۆنی دانیشت.

- مامە گیان انشاالله خەمی کۆتایتان بێت و ئیتر خەم نەبینن.

- مەمنون ئەندازیار زەحمەتتان کێشا.

- ئەرکی سەرشانمە. کچە مام لێرە نی یە؟

- بۆ نا. سەری کەمێک ئازاری هەبو، حەپی خواردو ڕاکشا. ئێستا دێتە خزمەتت.

- سەرقاڵی قسەکردن بون بەڵام فەرزانە نەهات. بابە گەورە ئاماژەی کردو هەدیە چەندجار ڕۆشت بۆ ژوری نوستن:

- دایە، بابە گەورە دەڵێت وەرە بەخێرهاتنی بکە، ناشیرینە نەیەیت.

- کچم سەرم ئێش دەکات. سەیرکە چاوم ناکرێتەوە.

- دەزانم بەڵام ئەم ئەندازیارە گیرە. هەتا تۆ نەیەیت ناڕوات.

- بەقوربانت بم برۆ بڵێ حاڵی باش نی یە. لەزمانی منەوە داوای لێبوردن بکە.

وەک ئەوەی کە قسەکەی هەدیە ڕاست بوو، ئەو نیازی ڕۆشتنی نەبوو. چەندجار مامەو ئامۆژن وتیان کە ئامادەی ڕۆشتنن و فەرزانەش ماندووە بەڵام گوێی لەم قسانە نەگرت.

ئیحسان بە بیانوی هێنانی چا بەهێواشی ڕۆشت بۆ ژوری نوستن:

- ئامۆزا نوستویت؟

- نا ئیحسان بەخەبەرم. بەڵام ئەوەندە سەرم ئێش دەکات کە حەز ناکەم چاوم بکەمەوە.

- ئێستا کە بەخەبەریت یەک خولەک وەرە ئەندازیار هاتووە. هەتا تۆ نەبینێت نیازی ڕۆشتنی نی یە.

فەرزانە نەیتوانی قسە لە قسەی ئیحسان‌دا بکات. بەچاوی ئاوساوو



Scanned with CamScanner

قورسەوە هەستایەوە. لەچکەکەیدا بەسەریداو ڕۆشت بۆ هۆڵەکە.ب ەبێ ئەوەی کە کەسێکی تایبەت ناو ببات، سڵاوی کرد. هێشتا وەڵامی سڵاوەکەی لەدەمی ئەوانی تر نەهاتبویە دەرەوە کەوتە سەر زەوی. ئیحسان و ئەشکان بەرزیان کردەوەو لەسەر قەنەفەکە دایان نیشاند. هەدیەو هودا ڕۆشتن بۆ چێشتخانەو شەکراویان هێنا. نەدا کە لەژورەکەی خۆیەوە بەدەنگی ئەوان هات بەهێواشی فرمێسکی دەڕژاندو بەدەستە بچوکەکانی دەستە بێ هێزەکانی دایەی ماساژ دەکرد.

ئامۆژن شڵەژابوو:

- دەردت لەگیانم چیبووە ئاخر؟ خۆتۆ هەتا کاتژمێرێک لەمەو پێش حاڵت باش بوو.

ڕوباب خانم وەڵامی دایەوە:

ئەم کچە ئەوەندە کاردەکات خۆی دەخاتە بەرچاوی خەڵک و دەکەوێتە بەر چاوی پیس. با بڕۆم ئەسپەنێکی بۆ بسوتێنم. هەستایەوەو ڕۆشت بۆ چێشتخانە بۆ ئەوەی ئەسپەنی بۆ بسوتێنێت.

هەموان نیگەران بون. هەرکەسەو شتێکی دەوت. لەکۆتاییدا مامە وتی:

- هەروا نابێت. با بیبەین بۆ لای پزیشک.

فەرهاد وتی:

- هەر لەم نزیکانە دەرمانگایەکم بینی. هەر ئێستا دەڕۆم پزیشک دەهێنم.

ئیحسان وتی:

- تۆ زەحمەت مەکێشە. هەر ئێستا خۆم دەڕۆم.

- ئێوە لەلای کچە مامم بن. کاتی تەعارف نی یە. من دەڕۆم و چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد.

دوای دە خولەک لەگەڵ پەرستارو پزیشکێکدا هاتەوە. فەرزانەیان



Scanned with CamScanner

بردبویە ژوری نوستن. پزیشکەکە هەموانی لەژورەکە کردە دەرەوەو تەنها پەرستارەکە لەلای مایەوە. منالەکان بەردەوام فرمێسکیان دەڕژاند.

پەرستارەکە لەژورەکە مایەوەو پزیشکەکە هاتە دەرەوە. هەدیە ڕۆشتە ژورەوە. بابە هەستایەوەو بە نیگەرانی پرسیی:

- جەنابی دکتۆر کچەکەم باش دەبێت؟

- نیگەران مەبن. فشاری دابەزیوە بەخێر تێپەڕی و ڕویکردە فەرهادو بەردەوام بوو:

- بەڕێزم بەداخەوە خێزانەکەت سەرباری کەمخوێنی نەخۆشی خەمۆکی هەیە.

- ببورە کچە مامەو ئاماژەی بەوێنەکەی سیاوەش کرد: ئەمڕۆ ساڵڕۆژی هاوسەرەکەی بوو لەوانەیە لەبەرئەوە...

ئیحسان هاتە پێشەوە:

- جەنابی دکتۆر ئێمە چی بۆ بکەین؟ دایە خانمم ژنێکی مەغرورە لەهیچ کارێکدا مۆڵەت بەیارمەتی کەسانی تر نادات.

- یەکەم کار ئەوەیە بەزوترین کات بیبەنە لای پسپۆڕێکی مێشک و پزیشکێکی دەرونی. دواتریش بۆ لای پزیشکێکی هەناوی بۆ چارەسەری کەمخوێنیەکەی.

پزیشک هاوکارەکەی خۆی بانگ کرد. کاتێک لەوە دڵنیابوو کە دەرزی ئارامبەخشی بۆ کرا، جارێکی تر سەری لەژورەکە دایەوەو داوای لەفەرهاد کرد بیانگەیەنێت.

فەرهاد کاتێک گەڕایەوە داوای لەدایک و باوکی کرد کە ئامادەبن بیانبات بۆ ماڵی خۆیان. مامەو خانەوادەکەی خوا حافیزییان کردو ڕۆشتن. ڕوباب خانم و هەدیەو هودا سوپاسیان کردن و بەڵێنیاندا کە ئاگایان لێی بێت. ئەوانیش لەگەڵ فەرهاد ڕۆشتن. دوای دوو کاتژمێر هەدیە دەرزیەکەی بۆ کرد کە پەرستارەکە پێی دابوو. بە لێدانی دەرزییەکە



Scanned with CamScanner

فەرزانە کە لەخەوێکی قوڵدابوو بەخەبەرهات.

- چیبووە؟ کێ دەزری بۆ کردووم؟

- پزیشک هاتەماڵەوە دەرزی بۆت کرد. پەستانت دابەزیبوو. دایکە جوانەکەم بۆ ئاگاداری خۆت نابیت! کە دڵت بۆ خۆت ناسوتێت لەبیری نەدا بە.

- نەدا لەکوێیە؟ میوانەکان لەکوێن؟

- مامەو ئامۆژن لەگەڵ کوڕەکەیاندا ڕۆشتن. نەدا لەهۆڵەکە لەلای بابە گەورەو ئەوان... بانگی بکەم؟

فەرزانە هێشتا وەڵامی نەدابویەوە کە بابە بەئارامی و بەدەنگێکی بێدەنگتر لەهەمیشە وتی:

- باشی؟

فەرزانە کە لەبەر ڕێزی بابە ویستی هەستێتەوە، بەئاماژەی دەستی بابە دوبارە ڕاکشایەوە:

- سوپاس باشترم. شتێکی وا نی یە.

بابە لەسەر قەراخی تەختەکە لەلای سەری فەرزانە دانیشت و بەسۆزێکی ئاوێزان بەبەزەیی وتی:

- خوا ڕەحمی پێکردی. کچەکەم بۆچی تۆ لەبیری خۆتدا نیت. وەکو ڕووبابە دەڵێت ئەوەندە کار دەکەیت هەم خۆت دەخەیتە بەرچاوی خەڵک و هەم خۆشت لەناو دەبەیت.

بۆ یەکەمجار لەژیاندا لەلای بابەدا گلەیی کرد:

- بابە دەڵێیت چی بکەم. زۆر خراپ تەنها مامەوە.

- ئەمە چ قسەیەکە کچێ؟ خوا لێی خۆش بێت، ئەم خەڵکەت لەدەورە بۆچی تەنها؟ مەگەر من مردوم؟

- خوا نەکات. خوا هەموتان بپارێزێت بەڵام ئەوە قەبوڵ بکە هیچ کەس بۆم نابێتە سیاوەش. خوا لێی خۆش بێت نەیدەهێشت دڵم گەردی

خەم بگرێت.

- ناشوکری مەکە. خوا کچ و زاواکانت بپارێزێت. ئەمەش چارەنوسی تۆ بووەو ناکرێت بیگۆڕیت.

- دەزانم بەدڵنیاییەوە چارەنوسم بووەو ئەگەرنا لەبیرتە هەرکات کەسێک دەهات بۆ خوازبێنی دەتوت دەڕوات بۆ شەر، کچەکەم بێوەژن دەکەوێت؟ حەق بەتۆیە چارەنوسی بێوەژن بونم ڕێک کاتێک بوو کە پێویستم پێیەتی.

بەشێوەیەک هەنسکیدا دڵی بابە ئاگری گرت. بەباشی لەمەبەستی ئەو تێدەگەشت. هیچ وەڵامێکی نەبوو، کار لەکار ترازابوو. لەبەر ئەوە زوو بابەتەکەی گۆڕی:

- سەیرکە کچم بۆ ئەم گلەیی کردنانە تازە درەنگە، تۆ دەبێت ئێستا لەبیری ئایندەی منالەکاندا بیت. سەربازی ئەشکان خەریکە تەواو دەبێت، باوکی داوای لێکردم قسەت لەگەڵ بکەم و تەکلیفی ئەم دوو گەنجە ڕون ببێتەوە.

فەرزانە کە ڕویکردبوو بەلای دیوارەکەدا، ڕویکردەوە بەلای باوکیداو وتی:

- من هیچ قسەیەکم نی یە. هەرکات ئامادەییان هەبوو با بێن.
- یانی بۆ تۆ فەرق ناکات؟
- نا. هەر سبەی ئەشکان دەتوانێت دەستی ژنەکەی بگرێت و بیبات. خۆ وتم من قسەیەکم نی یە.
- دەستی بگرێت و بیبات؟ مەگەر دەکرێت؟ ئەمە چ قسەیەکە؟
- مەبەستم ئەوەیە کە کەلوپەل و جیازیی ئامادەیە. خۆیان کاتێک دابنێن بۆ من فەرق ناکات و ئاهێکی لەناخی دڵەوە کێشا.

هودا هەتا ئەو کاتە لەسوچێکی ژورەکەدا وەستابوو گوێی لەقسەکانی ئەوان دەگرت، وتی:



Scanned with CamScanner

- ببورە دایە هەتا تۆ ڕازی نەبیت من لێرە ناجولێم.

- کچم ئارەزوی باوکت و ڕەزایەتی من لەوەدایە کە ئێوە خۆشبەخت بن. خۆت قسە لەگەڵ ئەشکان بکە. من کەلوپەلەکانتم ئامادەکردووە. دەمێنێتەوە سەر زانکۆی تۆو کاری ئەشکان و ئەوەی کە ماڵی ئامادەبێت. کارەکانی شیرکەتیش خوا گەورەیە.

- زانکۆ خۆ لەتاران دەڕۆم، شیرکەتیش دێم. ئەشکان قسەی لەگەڵ مامە کردووە کە خانووەکەی ئەویٚ بدەن بەکرێ و بێت لێرە ماڵمان بۆ بەکرێ بگرێت. ئەویش لەتاران کار پەیدا بکات.

- هەرچۆن خۆتان بەباشی دەزانن. بەڵام لەبەرخاتری من ئەم کارە مەکەن.

- ئاخر زانکۆو کاری منیش هەر لێرەیە. تەنها دەبێت ئەشکان کارێکی گونجاو پەیدا بکات. ئیتر هەموو شت دروست دەبێت.

- ماوەیەک ئاگاداریمان کردووە بۆ خستنە سەرکاری بەڕێوەبەرێکی تەکنیکی. کەسێکی گونجاوو باوەڕپێکراوم دەست نەکەوتووە ئەگەر پێی خۆشبو با بێت بۆ ئەویٚ.

- باشە دایە هەرچی تۆ بیلێیت. ئەڵبەتە نەمدەویست ئەم قسەیە لەم بارودۆخەدا بکەم.

- کێشە نی یە کچم. وەکو بابە دەڵێت دەبێت زیاتر لەبیری ئێوەدا بم.

بابە سەیرێکی ڕەزایەت بەخشی کچەکەی کرد، هەرچەند نوغرۆی بیرکردنەوەیەک بوو کە فەرزانە لێی تێنەگەشت، لەگەڵ ئەوەشدا وتی:

- مەمنون کچم.

# وەرزی هەژدەیەم

کە هودا ڕۆشتە سەر ماڵ و ژیانی خۆی، کەمێک هەستی بە بارسوکی کرد. بەڵام ئەمە هیچی لەخەم و خەفەتی ئەو کەم نەکردەوە. بەتایبەت ئەوەی کە هەندێک قسەوقسەڵۆکی وەک فەرزانە هێشتا گەنجەو دەبێت شو بکاتەوە. هەرچەند ئەم بابەتە بۆ ئەو هیچ گرنگیەکی نەبوو بەڵام وردە وردە بابەتەکە جدیەتی وەرگرت و جاروبار دۆستان و خزمان خوازبێنیکاریان بۆ ئەویش دەنارد. یەکێک لەئاشناکانی دکتۆر ڕەسوڵی هێنا. دکتۆر پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو. پێنج ساڵ لەوەو پێش خێزانەکەی لەڕوداوێکی هاتوچۆدا لەدەستدابوو لەگەڵ کوڕە دە ساڵانەکەی و دایکیدا دەژیا. سەرباری ئەو ڕێزەی کە بۆ ئەوی دادەنا، تەنانەت ئامادە نەبوو بۆ یەک ساتیش بیر لەم بابەتە بکاتەوە.

وردە وردە لەم قسەو باسانە بێزاربوو. هەرکات کەسێک لەبارەی هاوسەریگری فەرزانەوە قسەیەکی دەکرد، دڵی بچوکی نەدا لەسنگیدا تەنگ دەبوو. بەپێچەوانەوە هەدیەو هودا خۆشحاڵ دەبون. چونکە هێشتا دایکیان لەلوتکەی جوانیدا دەبینی و لەلایەکی تریشەوە خەمباریی ئەو ئازاری دەدان.

ڕۆژێکیان زۆر سەقاڵی کاربوو، مۆبایلەکەی زەنگی لێدا.

- سڵاو. فەرمو.
- سڵاو ئامۆزا. حاڵت باشە؟ ئێستا چۆنی؟



Scanned with CamScanner

بەبیستنی دەنگی فەرهاد دڵی ڕاچڵەکی. پێی خۆش نەبوو قسە بکات بەڵام چارەیەکی نەبوو.

- چەند سەیرە! مەگەر بۆت گرنگە حاڵی من چۆن بێت! ئەگەر بشمردمایە هیچ لەبابەتەکە نەدەگۆڕا.

- خوا نەکات. بۆیە تەلەفۆنم کرد کارم پێت هەبوو.

- فەرموو. چ کارێکی گرنگ کە دوای ئەم هەموو ماوەیە تەلەفۆنت کرد. مۆڵەتت وەرگرت تەلەفۆنت کرد؟

دەنگی فەرهاد بەتەواوی لەرزی:

- ئەمە چ قسەیەکە؟ من بۆ تەلەفۆن کردن لەهیچ کەس مۆڵەت وەرناگرم. ئێستاش بۆ ئەوە تەلەفۆنم نەکرد کە ئەم قسانە ببیستم. دەمەوێت بزانم بیرت کردەوە؟

- لەبارەی چی یەوە دەبێت بیر بکەمەوە؟

- بیستنی قسەکانی من. کەی دەتوانم بتبینم؟

- هیچ کات. پێویست نەبوو کە بیر بکەمەوە. ئەگەر خۆت بەخەتابار دەزانیت ئاسودە بە. ساڵانێکی زۆرە کە من بیر لەهیچ ناکەمەوە. ئەسڵەن بۆم گرنگ نی یە.

- بڵێ بەم کارە دەتەوێت چ شتێک بسەلمێنیت؟ لەچی هەڵدێیت؟

- هەر ئەو شتەی کە بیست و پێنج ساڵ لەمەو پێش لێی هەڵهاتیت.

- یانی دەتەوێت تۆڵە بکەیتەوە.

- نا. ئەسڵەن بەو شێوەیە نی یە. هەموو شتێک تەواو بووە، سەرباری ئەوەش وەکو هەر ژنێکی مێرد مردو ئەرکی خۆم دەزانم و وەفادار دەبم لەبەرامبەر هاوسەرە خوا لێخۆش بووەکەمدا، تکایە ئیتر تەلەفۆن مەکە.

- فەرزانە تکات لێدەکەم، من دەبێت بتبینم.

- بەڵام من ئیتر نامەوێت بتبینم. خوات لەگەڵ.
- باشە دەی ئەمڕۆ ئێوارە دێم بۆماڵتان.
- نا، بوەستە تۆ نابێت ئەمڕۆ بێیت.کچەکان و زاواکانم لێرەن.
- ئەی کەی؟
- یەکشەممەی هەفتەی ئایندە.
- خۆ ئەمڕۆ سێ شەممەیە!
- یانی لەبیست و پێنج ساڵ دورو درێژترە؟! ئەسڵەن لێی گەڕێ.
- نا نا! بوەستە. باشە کاتژمێر چەند بێم بۆ ماڵتان؟

فەرزانە بەسەرسوڕمانەوە وتی:

- ماڵی ئێمە؟ ئەسڵەن.
- ئەی کوێ؟
- ماڵی ئێوە!
- باشە. کاتژمێر دەی بەیانی دێم بەدواتداو دەڕۆین بۆ ماڵی ئێمە.

فەرزانە لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە فەرهاد فێڵێکی لەژێر سەردایە. ئەگەر کەمێک بۆ دیداری ئەو گومانی هەبوو ئێستا دڵنیا بوو. ئیتر هۆکاری بێزاری ناهیدی لەبەرامبەر خۆیدا دەزانی. ئەوکاتە هاوسەری هەبوو بەو ڕق و نەفرەتەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرد، ئێستا کە هاوسەری نی یەو ئەو لەگەڵ ئەندازیاردا ببینێت چ ڕەفتارێکی دەبێت؟ لەبەرئەوە ئامادەی هەر کاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەلایەن ئەوەوە بوو لەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە چ ڕەفتارێکی هەبێت کە شیاوی ئەو بێت.

لەکۆتاییدا ڕۆژی یەکشەممە هاتە پێشەوە. نەدای گەیاندە قوتابخانەو تەلەفۆنی کرد بۆ هودا کە ناڕوات بۆ شیرکەت. هەرچەند هەستێک پێی دەوت فەرهاد تەلەفۆنی بۆ دەکات و داوای لێبوردنی لێ دەکات یان بە



Scanned with CamScanner

تەواوی بڕیارەکە هەڵدەوەشێنێتەوە یان بیانویەک دەهێنێتەوەو شوێنەکە دەگۆڕێت. لەم بیرکردنەوانەدا بوو کە مۆبایلەکەی زەنگی لێدا.

دەنگێک بە میهرەبانی یەوە وتی:

- سڵاو فەرزانە خانم. خۆ درەنگم نەکرد؟

- سڵاو، نەخێر.

- من بەئۆتۆمبێلێکی بی ئێمی سپی لەسەر کۆڵانەکەی خۆتان چاوەڕوانتم.

- مەمنون. من بەئۆتۆمبێلەکەی خۆم دێم. بەڵام بەشێوەیەک بڕۆ کە بتوانم بێم بەشوێنتا.

نازانم ماڵتان لەکوێیە.

کە ڕۆشتە گەراژەکەو دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە، لەناکاودا پەشیمان بویەوەو لەدڵی خۆیدا وتی:

- خوایە! ئەمە چ کارێکی شێتانەیە کە من خەریکم دەیکەم؟ خۆزگە ڕازی نەبومایە بەبینینی یان هیچ نەبێت نەموتایە ماڵی ئێوە! ئێستا بڕۆمە ماڵیان ژنەکەی بەو ڕەفتارانە... ئاخر هەتا نەڕۆم و قسەکانی نەبیستم، ئەو دەست هەڵناگرێت. خۆ پەرست!

کە گەشتە سەر کۆڵانەکە ئۆتۆمبێلەکەی ئەوی بینی. بە چاویلکەی فۆتۆو چاکەت و پانتۆڵی سپی یەوە وەکو ئەمیرزادەکانی لێ هاتبوو. بەئاماژەی سڵاو دەستێکی ڕاوەشاندو وردە وردە کەوتە ڕێ.

بەدوای ئەودا کەوتە ڕێ. لەکاتێکدا ناخی زۆر شڵەژابوو لەلایەکی تریشەوە دەبو ئاگاداربێت و ئەو ون نەکات. لەکۆتاییدا دوای ڕێگایەکی زۆر لەبەرزاییەکەوە سەرکەوتن و لەیەکێک لەشەقامە جوانەکانی زەعفەرانیەدا فەرهاد خێرایی خۆی کەمکردەوەو لەبەردەم خانویەکی گەورەداو بەرەو



Scanned with CamScanner

گەراژی خانوەکە وەستا. لەئۆتۆمبێلەکە دابەزی.

- سڵاو. بەخێرهاتی. دەتوانیت ئۆتۆمبێلەکەت بهێنیتە ناو گەراژەکە.

- مەگەر ماڵتان لەنیاوەران نەبوو؟

- بۆ نا.فەرمو وەرە ژورەوە بۆت باس دەکەم.

دەستی نا بەدوگمەی کۆنترۆڵی کردنەوەی دەرگای گەراژەکەدا. سەرەتا ئۆتۆمبێلەکەی خۆ بردو بەدوای ئەودا فەرزانەش ڕۆشتە ناو گەراژەکەو بەدوایاندا دەرگاکە داخرا.

فەرزانە سەیری گوڵەکانی دەکرد, بەشێوەیەک سەرخۆش و سەرمەست لەگەڵ نەسیمەکەدا سەمایان دەکرد وەک ئەوەی کە هیچ کاتێک خەزان بەژیانی ئەواندا تێپەڕنەبێت.

- فەرموو. بەخێرهاتی.

- مەمنون. ماڵێکی چەند جوانتان هەیە. ناهید خانم لەماڵەوەیە؟

- مەمنون. ناهید لێرە نی یە بەڵام ئەوانی تر لەماڵەوەن. بەدەنگی بەرز کەسێکی بەناوی نێرگز گیان بانگ کرد. لەوەڵامی ئەودا خانمێکی گەنجی هاوتەمەنی هەدیە یان کەمێک گەورەتر هات بۆ پێشوازییان. فەرزانە زۆر حەزی دەکرد تێبگات ئەو کێ یە؟ چونکە دڵنیا بوو کچەکەی نی یە. خانمە گەنجەکە هاتە پێشەوە:

- سڵاو خانم. بەخێرهاتی.

فەرزانە لەکاتێکدا سەرنجی ئەوی دەدا وەڵامی دایەوە:

- سڵاو.

فەرهاد وتی:

- نێرگز گیان ئەمە فەرزانەیە...

هێشتا قسەکەی تەواو نەبوبو کە ئەو خانمەی ئەو بەنێرگز بانگی کرد,



Scanned with CamScanner

یەکسەر فەرزانەی لەئامێز گرت:

- سڵاو خانمی ئەندازیار. زۆر تامەزرۆی دیدارت بوم. زۆر زۆر بەخێرهاتی. وای چەند خۆشحاڵم کە دەتبینم. سەرسوڕمانی فەرزانە زیاتر بوبوو چرکە بەچرکە پرسیارە بێ وەڵامەکانی زیاد دەبون، بەتایبەت بەو هەڵسوکەوتەی کە لەو خانمەی دەیبینی. کەسێک کە تەنها یەکجار ناوی ئەوی نەبیستووەو دڵنیایە کچی فەرهادیش نی یە بەڵام بەبێ هیچ عەباو پۆشەرێک ئاسودەیە...

- فەرموو. بەخێرهاتی بۆ ماڵە دەروێشیەکەی ئێمە. فەرهاد بوو کە ئەمەی وت.

فەرزانە کە هێشتا لەمعمای»نێرگز گیان« تێنەگەشتبوو سەری لەماڵەکە سوڕمابوو، وەڵامی دایەوە:

- خۆزگە ماڵی هەموو دەروێشان بەم شێوەیە بوایە. زۆر جوانە! پیرۆزتان بێت.

- پیرۆزی خاوەنەکەی بێت. هینی خەڵکە چەند ساڵێکە ڕەهنمان کردووە.

- پێم وایە بەپارەی ڕەهنی ئەم ماڵە بتوانیت شوقەیەکی گونجاو بکرِیت. ناهید خانم لەکوێیە؟ لەسەر کارە؟

- نا لەماڵەوەیە، لەقوتابخانەی کەمە نەتەوەکان دەوام دەکات و ئەمرۆ پشویانە.

- ئەی بۆچی شانازی ئەوەمان پێ نادات بیبینم؟

- وەڵلا لەماڵی خۆمانە. نیاوەران.

هەتا ویستی بپرسێت ئێرە ماڵی کێ یە، نێرگز بەسینیەک چاو شیرینیەوە هات و دوبارە دەستیکردەوە بەستایش و پیاهەڵدان:



Scanned with CamScanner

- فەرزانە خانم زۆر بەخێرهاتی. نازانیت چەند خۆشحاڵم کە دەتبینم. ئەوەندە وەصفی تۆم لەئەندازیار بیستووە کە بینینت بۆ من خۆشبەختیەک بوو.

- مەمنون. پێم وایە ئەندازیار لوتفێکی زۆریان هەیە ئەگەرنا...

- نا توخوا وا مەفەرموو. ئێستا بیر دەکەمەوە کە ئەندازیار چ گەوهەرێکی گرانبەهای لەدەستداوە...

کە گەشتە ئێرە فەرهاد تێیگەیاند کە نابێت لەوە زیاتر قسە بکات، هەر لەبەرئەوە پێی وت:

- ئەزیزم تۆ وردە وردە خۆت ئامادە بکەو بڕۆ یاسر لەقوتابخانە بهێنەرەوە.

نێرگز پێشتر تێنەگەشتبوو کە دەبێت بڕوات و بەجێیان بهێڵێت، گوێڕایەڵ و بەئیرادەوە وتی:

- بەچاوان. انشاالله هەتا دەگەڕێمەوە خانم ئەندازیار هەر لێرەیە؟

- نا مەمنون من دەڕۆم. ئەگەر نەمبینیتەوە خوات لەگەڵ.

دوبارە خۆی چەماندەوەو وەکو هاوڕێیەکی دێرین ماچێکی گۆنای فەرزانەی کردو هۆڵی میوانی بەجێهێشت.

هێشتا هەڵم لەپیاڵە چایەکان بەرز دەبویەوە فەرهاد بەشێوەیەک چاوی لێ بڕیبوو وەک ئەوەی وجودی فەرزانەی لەبیرکردبوو. کە بێدەنگیەکەی ئەو درێژەی کێشا، فەرزانە وتی:

- من کاتم زۆر نی یە دەبێت زوو بگەڕێمەوە بۆ شیرکەت. ناتەوێت قسە بکەیت؟

- بۆچی! شیرینیەکان نێرگز دروستی کردون، لێیان نەخۆیت زەرەر دەکەیت و خۆی بەدەستێکی شیرینی و بەدەستەکەی تریشی پیاڵە چایەکەی هەڵگرت.

- سەیرکە من نەهاتوم بۆ ئێرە هەتا چاو شیرینی بخۆم تۆ وتت



Scanned with CamScanner

دەبێت قسەکانت ببیستم، منیش هەر بۆ ئەوە لێرەم.

شیرینیەکەی خستە ناو دەوریەکەو وەکو شتێکی گرانبەها پیاڵە چایەکەی بەهەردوو دەستی توند گرت:

- ڕاستیەکەی نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم.

- دەتوانیت هەر لەم خانمە گەنجەوە دەست پێبکەیت. دەزانم کە نەزەهرایەو نە حورا. خۆ کوڕەکەشت منالەو بوکت نی یە.

- باشە دیارە تۆ ئاماری ئێمەت لایە.

- ئامار؟ پێویستی بەم کارە نی یە بەڵام پێویستە ئەوەت لەبیر بێت کە سەردەمانێک ئێمە خزم بوین!

- ڕاستە خزم بوین و خوانەخواستە...

چایەکەی بەبێ شەکرو شیرینی بەگەرمی خوارد:

- باشە بەڵام مۆڵەت بدە لەسەرەتاکەیەوە دەست پێبکەم.

کەناری لێوەکانی بەکلینێکس سڕی و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو بەردەوام بوو:

- ئەم قسانەی کە ئەمڕۆ بۆ تۆیان دەکەم هەندێکیان تەنها خوا دەیانزانێت و...

- ئەی نێرگز خانم؟!

-پ ەلە مەکە. هەمو شت باس دەکەم. بەڵام پێم خۆش نی یە هیچ کەس ئەم قسانە ببیستێت.

- پێم وانی یە پێویستی بەپێشەکی بێت. دەکرێت بڕۆیتە سەر ئەسڵی بابەتەکە؟

- ڕاستە حەق بەتۆیە، دەڕۆمە سەر کرۆکی بابەتەکە. ئەو ڕۆژەی کە لەماڵی خۆتان لەخانی ئاباد مەحکەمەت کردم لەبیرتە؟ من وتم ئەگەر لەبەر ڕێزی سفرەی باوکت نەبوایە...

فەرزانە بەبێ گرنگی پێدان وتی:



Scanned with CamScanner

- باشە بەڵێ وابوو. ئەو کاتە بێ عەقڵ بوم و بەبێ هۆ شتەکانم جدی وەردەگرت.

- دەمویست ئەو ڕۆژە بڵێم چون لەسەر سفرەی مامم بوم نەمدەتوانی هیچ بڵێم. بەڵام کاتێک لە ئیحساسی تۆ لەبەرامبەر خۆمدا تێگەشتم ئیتر نەمتوانی ڕاستیەکە پەنهان بکەم. لەمناڵییەوە هەرکات بیرم لە ئایندەی هاوبەش دەکردەوە هەمیشە تۆ لەکەنارمدا بویت، وەک ئەوەی کە تۆ گرێ درابیت بە خەونەکانمەوە، تەصەورکردنی هەر جۆرە نەخشەو بەرنامەیەک بۆ ئاینده بەبێ وجودی تۆ مەحاڵ بوو. کە سەربازیم تەواو بوو بەباوکمم وت، سەرەتا کەمێک ئەملاو ئەولای کرد. دواتر کە لەخۆشەویستی من بۆ تۆ تێگەشت، خۆشحاڵیش بوو. هێشتا لەبیری ئەوەدابون کە کەی بێن بۆ ماڵی ئێوە، لە زانکۆ وەرگیرام. پێش ئەوەی کە بێم بۆ ماڵتان ڕۆژێکیان باوکم بەڵێنی لێم وەرگرت هەتا ئەو ڕۆژەی کە لەماڵی ئێوەم ڕێزی نانی سفرەکەی مامم بگرم و هیچ قسەیەک لەبارەی ئیحساسمەوە نەکەم. منیش لەسەر بەڵێنی خۆم مامەوە هەتا ئەو کاتەی کە تۆ قسەی دڵی خۆتت درکاند.

فەرزانە سەری داخستبوو تەنانەت سەیریشی نەدەکرد. فەرهاد ئاهێکی کێشاو بەردەوام بوو:

- دواتریش بینیت کە بە چ شەوق و زەوقێکەوە خوێندنەکەم تەواوکرد. کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بەباوکمم وت من لەسەر بەڵێنەکەم خوێندنەکەم تەواو کرد، تۆش کار بە بەڵێنەکەت بکە. دایکم سەرباری ئەو هەمو خۆشەویستیەی کە بۆ تۆو ئامۆژنی خوالێخۆشبو هەیبوو، سەرەتا ڕازی نەبوو وتی: «دەترسم مامت کچمان پێ نەدات و ناخۆشی بکەوێتە نێوانمان.» باوکم ئەوی دڵنیاکردەوە کە مافی باوکایەتی بەسەر مامەوە هەیەو مەحاڵە وەڵامی ڕەد بدات. منیش بەغرورەوە وتم مامە منی لەفەرزاد خۆشتر دەوێت. لەتۆش دڵنیابوم بەو شێوەیەش کە هاتین

بۆ خوازبێنی. دواتریش خۆت بینیت چی لێهات. ئەڵبەتە من چاوەڕوانم نەدەکرد تۆ لایەنی مامم بگریت و بێ ئومێدم بکەیت. زۆر لێت ناڕەحەت بوم. بەڵام دایە ڕاستی دەکرد کە تۆ کچیت و دەبێت ڕەزامەندی باوکتت هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەئومێد بوم کە لەکۆتاییدا ڕۆژێک مامم ڕازی دەبێت. تا ئەوەی کە ڕۆشتمە ناو سوپاو چوم بۆ جەنگ. کە بریندار بوم بۆ چارەسەر منیان بەفڕۆکە نارد بۆ تاران. دەزانیت لە فڕۆکەکەدا کێم لەگەڵ بوو؟

- من دەبێت لەکوێ بزانم؟

- مەهدی مەهدەوی. دەسگیرانی هاوڕێکەت. هەرچەند کە حاڵی خراپ بوو، پێداگری کرد کەقسە بکات. زۆر وەصفی دەسگیرانەکەی کردو وتی کە ئەوی زۆر خۆش دەوێت و ئەگەر لەبەر خاتری ئەرکی جیهاد نەبوایە ئەوی بەتەنها بەجێ نەدەهێشت. ماوەیەکی زۆر قسەی کرد، هەتا لەناکاودا بێدەنگ بوو. هێشتا نەگەشتبوینە تاران کە لەێمە جیابویەوەو ڕۆشت. منیان برد بۆ نەخۆشخانەی شوهەدای تەجریش و ئەویشیان برد بۆ میعراجی شوهەدا. حاڵم زۆر بێتاقەت بوو کاتێک هاتیت بۆ سەردانم لەنەخۆشخانەو وتت ئەویش ڕۆشتووە بۆ جەنگ، زانیم ئاگادارنیت کە شەهید بووە.

فەرزانە بەهێواشی دەستی برد بەرەو لای جۆگەلە فرمێسکەکەی سەر ڕوخساری کە لەچاویەوە هەتا لای لێوی درێژ بوبویەوە. تازە کەوتە بیری یاسەمین کە دوای مەهدی نەخۆش کەوتوو نەیتوانی بەردەوامی بە خوێندنەکەی بدات و بیستبوی کە توشی نەخۆشی دەرونیش بووە.

- کە باشتر بومەوە ڕۆشتم بۆ بەرەکانی جەنگ لەباشور، هەر ئەو جێگایەی کە خوا چارەنوسی منی تیدا گۆڕی. قوڕگی وشک بوبویەوە.

بەبێ ئەوەی کە سەیری فەرزانە بکات پرسیی:

- چایەکەت ناخۆیت؟



Scanned with CamScanner

فەرزانە سەری بەنیشانەی نەخێر جوڵاند. فەرهاد دوو قوم لەچایە ساردەکەی خواردو بەردەوام بوو:

- لەبیرتە ئەوکاتەی کە موناففیقەکان وەکو ئاژەڵی زیانبەخش لەگۆشەو کەناردا خۆیان مۆڵ دابوو بە خوێنی سەربازو پاسدار تینو بون؟ نەفرەتیانە خۆراکیان ئەوەبوو کە پاسدارێک بگرن و ئەشکەنجەی بدەن و دواتر وەکو مەڕ سەری ببڕن. شەوێکیان هێرشمان کرد بۆ سەربازگەیەک کە چەند دانەیەک لەفەرماندەکانیان لەوێ بون چەند دانەیەک لەفەرماندەکانیان بوو. هەرچەند داوامان لێکردن خۆیان بدەن بەدەستەوە، نەک هەر خۆیان نەدا بەدەستەوە بەڵکو تەقەشیان لێکردین. دوای مەترسیەکی زۆر ناچاربوین بەنارنجۆک ئەو شوێنە وێران بکەین. دڵنیا بوین کە هەمویان لەناو چون.

کە گەشتە ئێرە هەستایەوەو چەند جارێک لەبێدەنگیدا ئەمسەرو ئەوسەری هۆڵەکەی کردو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو دانیشت.

- ئەو شەوە بوو کە چارەنوس و ژیانی من بارەوبار بوو. لەناکاودا شەبەحێک لەشێوەی مرۆڤدا لەپشتی درەختەکانەوە هاتە دەرەوە لەکاتێکدا کە جلی نیزامی لەبەرکردبوو قورئانێکی بەسەر سەریەوە گرتبوو، هاتە پێشەوە. فەرماندەی هێرشەکە دەستوریدا هیچ کەس تەقە نەکات. کاتێک کە نزیک بویەوە لە کەماڵی ناباوەڕیدا بینیمان ئەو مرۆڤە کورتە باڵایە لەڕاستیدا ژنێکەو جلی نیزامی پۆشیوە. کوڕەکان وتیان دەبێت تەسلیمی بکەین. من جامانەکەمم پێدا بۆ ئەوەی بیدات بەسەریدا. پەنای هێنا بۆ من و بەو قورئانەی کە بەدەستیەوە بو سوێندی دام کە یارمەتی بدەم و سوێندی خوارد لەکوشتنی هیچ کەسێکدا دەستی نەبووەو ماوەیەکی زۆر بووە کە بڕیاریداوە خۆی بدات بەدەستەوە، بەڵام ڕێگەی هەڵهاتنی نەبووە. ئەویش بەڵێنی پێمدا لەناساندنی سەرکردەکانی ئەواندا یارمەتیمان بدات. ڕۆشتمە لای فەرماندەکەمان، کاک ئەکبەری و وتم لەبەر خاتری

خوا ئامادەم پارێزگاری لێبکەم.

کاتێک ئەمەم پێ وت، چەند خولەکێک بێدەنگ بوو دواتر پێمی وت: دەزانیت ئەم کارە چ بەرپرسیارێتیەکی گەورە دەخاتە ئەستۆی تۆ؟ بەوپەڕی دڵنیاییەوە وتم بەڵێ. جارێکی تر وتی هەتا بەیانی بیر بکەرەوە ژیان لەگەڵ تۆبەکارێکدا، وەڵامی پرسیارەکانی خانەوادە، ئایندەی خۆت... قسەکانم پێ بڕی بەبێ ئەوەی کە بیر لەو بابەتانە بکەمەوە کە کاک ئەکبەری وتبوی، وتم هەموو شتەکانی قەبوڵ دەکەم. ئەو بەندەی خوایەش بەڵێنیداوە هەر یارمەتیەکی لەدەست بێت بۆمان ئەنجام بدات.

ناهید سوێندی خوارد لەبەرامبەر ئەوەی کە ژیانیان وێران کردو لەخشتەیان بردووە، هەموو زانیاریەکانی خۆی بخاتە ئیختیارمانەوە. سێ ساڵ پێش ئەو ڕوداوە کاتێک بۆ هاوکاریکردنی ئەوان، لەکاتی وەرگرتنی ویزای ئەمریکا ڕۆشتووە بۆ عێراق. بە ئیجباری لەگەڵ یەکێک لەئەندامە پلە بەرزەکانی فەرماندەییەکدا هاوسەرگیری دەکات کە ئەنجامەکەی کوڕێک بووە بەمردویی لەدایک بووە. دواتریش هاوسەرەکەی لەهێرشێکی سەربازیدا دەکوژرێت و هیچ ڕێگەیەکی پێ نادەن بۆ گەڕانەوە.

دوای ئەو ڕێکارە یاساییانەی کە دەبو ئەنجامیان بدەم، ئەوم برد بۆ قائیم شەهر بۆ ماڵی کاک ئەکبەری. باوکی ڕازیبوو کە ڕۆژێک لەگەڵ ئێمەدا بێت بۆ مەحزەرو بەناونیشانی شاهیدی مارەکردنەکە لەوێ بێت و دواتریش کە دەزانیت چیرۆکی هاوسەرگیری من گوازرایەوە بۆ ناو خزمان.

فەرزانە کە تەواوی وجودی بوبو بەگوێ، بەچاوی دیقەتەوە نوغرۆی قسەکانی فەرهاد بوبو. پێی خۆشبو قسەیەک بکات، پرسیارێک بکات هەتا فەرهاد کەمێک هەناسە بدات. لەبەرامبەریشدا فەرهاد تەنها یەک هەناسەی دەدا، وەک ئەوەی بیەوێت هەرچی زوترە ئەو بارە قورسەی کە ئەم هەموو ماوەیە بەکۆڵیەوە بووە دابنێت. لەناکاوێکدا فەرزانە بیری



Scanned with CamScanner

کردەوە ئەم قسانە زیاتر چیرۆکن. نەکا فەرهاد ئەم چیرۆکەی پێکەوە نابێت هەتا خۆی پاکبکاتەوە. بەڵام مەحاڵ بوو ئەو چاوانە درۆ بکەن.

فەرهاد پرسیی:

- چا دەخۆیت بهێنم؟

- نا، مەمنون... باشە ئەی دواتر چیبوو؟

- مۆڵەت بدە چایەک بۆ خۆم تێبکەم قورگم وشکبۆتەوە. ئەمەی وت و ڕۆشت بەرەو چێشتخانەو هەرزو بەپیاڵەیەک چاوە گەڕایەوە. لەم مەودایەدا فەرزانە بەبێ هیچ ئەنگێزەیەکەوە پارچەیەک شیرینی هەڵگرت و خواردی.

- چ شیرینیەکی بەتامە! وتت دەستکردی ئەم خانمەیە؟

- بەڵێ. وتم ئەگەر نەیخۆیت زەرەر دەکەیت.

بەئارامی چایەکەی برد بەرەو دەمی و دوبارە خستیەوە سەرمێزەکە. فەرزانە پرسیی:

- ئەم خانمە گەنجە؟ یاسر؟ ناتەوێت لەبارەیانەوە قسە بکەیت؟

دوبارە پیاڵە چایەکەی هەڵگرت و بەئەندازەی یەک لێو تەڕکردن قومێکی لێدا.

- دەڵێم. خەریکبوم دەموت من و ناهید بەیەکەوە هاوسەرگیریمان کرد بەڵام ژیانکردن لەگەڵ تۆبەکارێکدا کێشەبوو. بچوکترین هەڵە ئەگەری هەبو هەموو شتێک نابود بکات. سەرەتاکەی ئەو بەدبەختە پێی وابوو بەجێی دەهێڵم و لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەبوو کە زوو منالی بوو. تەنانەت کاتێک کە حورا لەدایکبوو لە ڕوی ڕوحیەوە بارودۆخێکی باشی نەبوو. ئیحساسی تەنهایی و بێکەسی دەکرد، لەلایەکی تریشەوە نەیدەویست بگەڕێتەوە لای خانەوادەکەی چون ئەوان پێیان وابوو کچەکەیان لەئەمریکایە.

حورا تازە دوو ساڵ بوو کە زەهراش لەدایک بوو. ئەو وا هەستی دەکرد



Scanned with CamScanner

کە پێی خۆی جێگیرکردووە. کەمێک ئارامشی پەیداکردبوو. لەبەرامبەریشدا من نیگەرانی ئەوو منداڵەکان بوم. ژیانمان زۆر سنورداربوو. هەرکات کۆمەڵەیەک لەمونافیقەکان جوڵەیەکیان دەکرد، خێرا شوێنی ماڵەکەمم دەگۆڕی، هەرچەند کە ماوەیەک بوو کارەکەمم گۆڕیبوو وازم لەسوپا هێنابوو. کە ئەمیر محەمەد هاتە دنیاوە، ئەخلاقی ناهید خراپتر بوو. زۆر هەستیار بوبو. ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە دەزانم خوا چ سەبرێکی پێداوم. هەندێکجار لەسەر بابەتێکی بچوک ئەوەندە کێشەی دروست دەکرد کە بڕیارم دەدا کەفارەتی ئەو سوێندەی کە بۆم خواردبو بیدەم و بابەتەکە تێک بدەم. بەڵام بیرکردنەوە لەمناڵەکانم بوو بەڕێگری ئەم کارە. خوا هەڵناگرێت ئەو بۆ مناڵەکان دایکێکی باشە. بۆڵە بۆڵی بەسەر مندا تەواو نەدەبوو. کارەکەم قورس بوبوو زۆر دەرۆشتم بۆ سەفەر، ئەم کارەش نارەحەتی دەکرد. ئەو بێچارەیە خوێندکاری ئەندازیاری میکانیکی زانکۆی شەریف بوو بەپلەی نایاب. پێشنیارم بۆ کرد بڕوات بخوێنێت. بەم شێوەیە هەم سەرقاڵ دەبوو کەمتریش یادەوەرییە ناخۆشەکانی ڕابردوو ئازاری دەدا، هەم دەشگەڕایەوە بۆ ناو کۆمەڵگا.

بەهەناسە چایەکەی خواردو بەردەوام بوو:

- نامەوێت بڵێم من قارەمان بوم بەڵام خوا خۆی دەزانێت من لەو ماوەیەدا تەنها بەعیشقی مناڵەکان زیندوو بوم. هەموان ڕواڵەتمیان دەبینی کە فڵان چ کەسێکی سەرکەوتووەو لەم قسانە. خۆیشم نازانم لەمساڵانەدا چیم لێ گوزەراو...

فەرزانە لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە، هەرچەند مەرگی دایک و خوشکەکانی چ خەمێکی قورسی کردە ناو دڵی و چ سەختیەکی نەکێشا، بەڵام هاوسەرەکەی پشت و پەنای بوو هەتا ئەو کاتەی کە زیندو بوو نەیدەهێشت گەردی خەم لەدڵی بنیشێت.

- فەرزانە خانم لەکوێیت؟

- ها؟ لێرەم. ئێ دەتوت.

- پێم وایە نیوەی قسەکانمت نەبیست. خەیاڵت لێرە نەبوو.

- بۆچی نا بیستم. لەکۆتاییدا چارەنوس بەو شێوەیە نوسراوە. ئەی دواتر ڕۆشتی و ژنت هێناو یاسریش...

- استغفرالله. ئەمە چ قسەیەکە؟

- لەخۆمەوە ناڵێم. ئەم خانمە گەنجە بەهەموو شتێکی تۆ دەزانێت و لەگەڵ بیرو باوەڕەکانی تۆدا ڕێک ناکەوێت کە سەربازو بەبێ حیجاب و پۆشەرێکی گونجاو...

- حەق بەتۆیە. خەریکبوم دەموت. من و ناهید نوغرۆی کار بوین و سوپاس بۆ خوا مناڵەکان ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبون. حورا حەزی لە هونەر بوو کە کۆنکۆری کرد لەبەشی گرافیکی کۆلێژی هونەری زانکۆی تاران وەرگیرا. لەزانکۆ لەگەڵ کچێکی بەتوانا بەناوی نێرگز ئاشنا بوبو کە زۆر زرنگ بوو. هەموو پێنج شەممەیەک دەهات بۆ ماڵی ئێمەو بەیەکەوە دەبون. ڕۆژێکی هەینی کە لەسەفەرێک گەڕابومەوە. نێرگز لەماڵی ئێمەبوو کە ڕادیۆ زەمین لەرزە ترسناکەکەی بەمی ڕاگەیاند. بەشێوەیەک حاڵی ئەم کچە خراپ بوو بەپێداگری ناهید، من و نێرگزو حورا ڕۆشتین بۆ بەم. لەجەنگدا دیمەنی دڵتەزێنی زۆرم بینیبوو،بەڵام بەڕاستی لەوێ مەحشەرێکی گەورە بەرپا بوبو. تەنانەت پێشبینی کردنیشی مرۆڤی شێت دەکرد. ڕۆشتین بۆ ماڵی خۆیان و هەر جێگایەکیش کە ماڵی خزمەکانی بوو، تەنها گردێک لەخاکمان بینی. بەکورتی دوای گەڕانێکی زۆر بەنەخۆشخانەکانی ئەو دەوروبـەرە، لەو هەموو خانەوادەو خزم و نزیکانەی، تەنها یاسرمان دۆزییەوە کە تەمەنی هەشت ساڵ بوو لەگەڵ مامی کە هێنامانن بۆ تاران، بەداخەوە مامی مرد. یاسر چاک بویەوە بەڵام زمانی بەسترابوو. هەتا ماوەیەک لە ماڵی ئێمە بون ئەمەش هەم بۆ نێرگز کە کچێکی وابەستەبوو بەدین و هەم بۆ منیش سەخت

بوو. هەرلەبەرئەوە ڕاوێژم بە چەند کەسێک کرد، بڕیاردرا مارەکردنێکی ڕواڵەتی بکرێت هەتا نێرگز بە من و ئەمیر محەمەد مەحرەم ببێت. بڕیاردرا لەباوکمی مارە بکەین. سەرەتا کە بیستی زۆر ناڕەحەت بوو بەڵام کچێکی عاقڵەو دواتر ڕازیبوو ئێستا ئەگەر بڵێم لەکچەکانم زیاتر خۆشم دەوێت لەوانەیە زیادەڕۆیم کردبێت بەڵام لەوانیش کەمتر نی یە. وردە وردە بارودۆخی ڕوحییان باشتر بوو. ئەڵبەتە لەحەق لانەدەین ناهید زۆر خۆشی دەویستن. بڕیارماندا ماڵێکی سەربەخۆیان بۆ بگرین. سوپاس بۆ خوا خوێندنەکەی تەواو کرد، یەکێک لەژورەکانی ئێرەی کردووە بەکارگەو شاگردی هەیە. هەرماوەو جارێک پێشانگایەک دەکاتەوەو بەم شێوەبوو کە نێرگز بو بە کچی ئێمە. لەو کاتەوەی کە حورا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بۆ درێژەدان بەخوێندن ڕۆشتون بۆ فەڕەنسا، بەجۆرێک جێگای خاڵی ئەوی بۆ پڕکردوینەتەوە.

فەرزانە ئەسڵەن بیری نەدەکردەوە لەپشتی ڕوخساری خەندانی ئەو کچە گەنجە، بەسەرهاتێکی ئاوا غەمگین هەبێت. بەحاڵەتێکەوە کە نەدەکرا تێبگەیت خۆشحاڵە یان غەمگین پرسیی:

- یانی ئێستا نێرگز هەوێی ئامۆژنە؟ ئامۆژن، ناهیدو ئەوانی تر دەزانن؟

- ئامۆزا توخوا شەڕ دروست مەکە. دایکم نازانێت. تەنها ناهیدو مناڵەکان دەزانن. بەڵام ئەوە نازانن کە نێرگز مەحرەمی ڕازی منە. باسی چیرۆکەکەی خۆمانم بۆ کردووە. بەپێچەوانەی هەموانەوە کە پێیان وایە زۆر خۆشبەختم، ئەو دەزانێت کە لەژیانی تایبەتیدا زۆر بەخراپی شکستم خواردووە. ناشوکر نیم، مناڵی باشم هەن و کاری باش و ئاستی دارایی و کۆمەڵایەتیم زۆر باشەو جێگای حەسرەتی زۆر خەڵکی ترە.

ئاهێکی لەناخی دڵەوە هەڵکێشا. وەک ئەوەی کە بارێکی قورسی دانابوو:



Scanned with CamScanner

- هەموو ئەمانەم وت بۆ ئەوەی کە لەخۆتەوە داوەری نەکەیت و بڕیار نەدەیت.

- باشە لەخۆمەوە داوەری ناکەم، ئەی دواتر چی دەبێت؟ چ کێشەیەک چارەسەر دەبێت؟

- تۆ دەبێت تێبگەیت ئەو ئازامشەی کە لەدەستمدا، دەکرێت جارێکی تر بۆم بگەڕێنیتەوە.

فەرزانە هەستایە سەرپێ و بە توڕەییەوە وتی:

- تۆ مافی ئەوەت نی یە بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ بکەیت!

- مەگەر خوا نەخواستە ئیهانەتم پێت کرد؟ لەو ڕۆژەوەی کە مامم جوابی کردین و لەماڵتان هاتمە دەرەوە هەتا ئەمڕۆ ڕەنگی ئارامشم نەبینیوە. هەست دەکەم ئێستاش کە هەموو شتت زانی هێشتا لێم خۆش نەبویت.

- بۆچی نا لێت خۆشبوم بەڵام بەو مەرجەی کە واز لەخۆم و ژیانم بهێنیت.

- کام ژیان؟ فەرزانە بۆچی ناتەوێت باوەڕبکەیت کە هاوسەرەکەت مردووەو تۆ مافی ژیانت لەگەڵ زیندووەکاندا هەیە. دەزانیت ئەو ڕۆژەی کە لەماڵتان بوم و حاڵت تێکچوو پزیشکەکە چی دەوت؟ دەیوت تۆ خەمۆکیەکی توندت هەیە، دەیوت زۆربەی کەس دوای لەدەستدانی ئەزیزانیان ناتوانن لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا ڕابێن و ئەوەش زۆر خراپە. تۆ دەبێت لەگەڵ زیندووەکاندا بژی.

- دەستت خۆش بێت، یانی دەتەوێت بڵێیت من شێت بوم؟

- بەهەڵە تێمەگە! تۆ دەبێت بەعەقڵ و لۆژیک بژی نەک بەئیحساس. ئەمە ناوی وەفا نواندن نی یە بۆ مردوو، جۆرێک نادیدە گرتنی خۆتەو کێبرکێیەکی سلبی.

- تۆ مۆڵەت بدە من بەکێبرکێی سلبی بەردەوامی بدەم و



Scanned with CamScanner

بەئیحساسەوە بژیم.

فەرهاد هەستایەوە سەر پێ و لەبەرامبەریدا وەستا:

- فەرزانە تکات لێ دەکەم زیاتر بیر لەقسەکانم بکەرەوە. من هەمیشە بیر لە تۆ دەکەمەوە. ئێمە هیچکامێکمان ئەو هاوسەرگیرییەی کە کردمان هەڵبژاردنی خۆمان نەبووەو بێ عەقڵ مەبە ئەگەر تۆ بتەوێت...

- تۆ لەوانەیە لەهاوسەرگیریەکەت پەشیمان بیت بەڵام من بەخۆشبەختی لەکەناری هاوسەرەکەمدا بوم هەرچەند کە قەدریشم نەزانی. ئێستاش لەگەڵ منداڵەکانمدا خۆشبەختم. ئەگەر کارێکت نی یە بەیارمەتی.

جانتاکەی هەڵگرت و سویچەکەی لەگیرفانی دەرهێنا. فەرهاد بەبێ هیچ قسەیەک ڕۆشت بەدوایداو دەرگای گەراژەکەی بۆ کردەوەو هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشا. باری سوک بوبو. هەرچەند دڵی تەنگ بو بەڵام هەستی بەبار سوکی دەکرد.

فەرزانە لەڕێگادا کە دەڕۆشت لەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە ئەو قسانەی کە فەرهاد کردی زیاتر لە چیرۆک دەچوو هەتا ڕاستی. بەڵام هۆکارێک نەبوو هەتا درۆبکات یان چیرۆک دروستبکات، دڵی لەرزی. لەبری ماڵ بەرەو بەهەشتی زەهرا ڕۆشت. بیری کەوتەوە کە مۆبایلەکەی داخستووە. هەرئەوەی کە مۆبایلەکەی کردەوە هودا تەلەفۆنی کرد:

- ئەلو سڵاو دایە، لەکوێیت توخوا خۆ مردم لەنیگەرانیدا.

- سڵاو. خۆ ون نەبوم هەتا نیگەرانم ببیت.

لەبەیانیەوە کە نەهاتی بۆ سەر کار، تەلەفۆن دەکەم بۆ ماڵ لەوێ نیت. مۆبایلەکەت داخراوە، مرۆڤیش نیگەران دەبێت. هیچ نەبوایە بتوتایە بۆ کوێ دەڕۆیت.

- ڕۆشتم بۆ سەردانی هاوڕێیەکی دێرینم. ئێستا چ کارێکت پێم هەبوو؟



Scanned with CamScanner

- لەبیمەوە هاتبون بۆ نوسینگەی شیرکەت و ڕەخنەیان لە لیستەکانی بیمە دەگرت. ئەشکان بەدواتدا دەگەڕا بێیت و وەڵام بدەیتەوە.

- سبەی خۆم دەڕۆم و کارەکان ڕێک دەخەم. بەڵام لەئێستە بەدواوە دەبێت ئەشکان خۆی هەموو کارەکان ڕاپەڕێنێت.

- ئاخر دایە تۆڵەکوێیت؟ بۆچی وەڵامی سەرپێیی دەدەیتەوە؟

- بۆچی وەڵامی سەرپێیی؟ دەڕۆم بۆ کارێک لەگەڵ باوکتدا ڕاوێژ دەکەم.

- دایە توخوا ئێستە کەی کاتی ڕۆشتنە بۆ بەهەشتی زەهرا؟ وەرە بۆ شیرکەت، عەسر بەیەکەوە دەڕۆین.

- دەبێت بە تەنها بڕۆم. نیگەران مەبە کچم. دوایش دەڕۆم بۆ ماڵەوە.

هیچ کەس هەواڵێکی لەفەرزانە نەبوو. کچەکان دەیانزانی دایەو نەدا لەئارامشدا ژیان بەسەر دەبەن و هەمو سەری مانگێک ئەشکان پارەی دەکردە حسابەکەیانەوە. فەرزانە ڕۆشتبوو بۆ شوێنێک کە تەنانەت کەس بیریشی لێ نەکاتەوە. ئیحساسی کردبوو ئەگەر بمێنێتەوە عیشقە پاکەکەی پیس دەبێت. ئەو نەیویست کۆشکی خۆشبەختی خۆی لەسەر حسابی وێرانکردنی ماڵی کەسێکی تر بسازێنێت. حەزی نەکرد هیچ کات ژنی دووەم بێت. ماوەیەکی زۆرە کە ژیانێکی ئارامی دەست پێکردووە. ڕۆژانە سەرەتا نەدا دەگەیەنێتە قوتابخانەی ئێرانیانی نیشتەجێی ئەڵمانیا لە شاری کۆرن، دواتریش خۆی دەڕوات بۆ کۆلێژو دکتۆرای فیزیک دەخوێنێت.

ژیان هەر بەو شێوەیە بەبێ گوێدان بەخەم و شادی مرۆڤەکان لەڕۆشتندایە.

شەهلا ئابنوس

ئەیلولی ٢٠١٠ - ساری



Scanned with CamScanner

# GOLDEN BOOK

بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و بازرگانی گشتی - سنووردار

سلێمانی -نەلاری وشیار قەفتان- بازاڕی کتێب

Asia: 07701598762
Korek: 07501685656 - 07501444434
Turkey: 00905359411919
e-mail: goldenbookcompany@yahoo.com

Scanned with CamScanner



romanî êranî

# kçm îşq qedexeye!

şehla abnus

wergêranî le farsyewe

zryan mehmud

2017

GOLDEN BOOK

Scanned with CamScanner